# نۆرینگ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# نۆرینگ

نووسینی:

**حسام بەرزنجی**



کتێب: نۆرینگ - ڕۆمان
نووسینی: حسام بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٨٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٦٥٩)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

سروه بایەکی ئاونگ هەڵگرتوو، نهێنییە ترسناکەکانی شەوی پێ ڕادەگەیاند، وەک ڕۆژانی پێشوو بەر لەهەموو گیانلەبەری ئاوایی و بەر لەهەموو زێد و زیندەوارێکی دۆڵە کپ و لاپاڵە تێکچڕژاوەکان بێدار بووەوە. وەک بنکەیەکی کەشناسی، کەوتە ڕوانین و سەرنجدانی نیگە ئامێز. لەگەڵ خێزەرەی گەڵا ڕزیوەکان دەدوا...! لەگەڵ شۆڕابەی کانیلەی گوند، کە بەدامێنی کەڤرە درز بردووەکانەوە، تووناوتوون دەچووە خوارەوەدا دەدوا...! لەگەڵ ئەستێرە کزهەڵگەڕاوەکانی ئاسمان، ئەوانەی کە وەک خڵتەی لافاو شەپۆلێکی هاروهاج تێکەڵ بەئاومالکی دەم کەنارەکانی کردبێدا دەدوا...! لەگەڵ تاتە بەردی هەر دەراوێک، هەڵەمووتی هەر



لاپاڵێک، چڵی هەر دارێکی گەڵا وەریو، چیلکەی هەر چەپەرێک چیڤانۆکی هەر سەربردەیەکدا داخاوت...!.٨بینای سەرنجی ڕادەنا بۆ بست بەبستی دەوروبەرەکەی خۆی، دێ بەدێی مەرز و بوومەکەی خۆی... ئەو شوێنەی هەر چەندی سەخت بووایە: بەقەد پاڵ و بێشەیەوە، بەنیهاڵ و لێڕییەوە، بەگەوە و کۆندڕ و بوودڕیەوە، ئەگەر ڕێی هات و نەهاتیش بوایە، تەنها واش و باڵدارە گۆشتخۆرەکان پەیان پێ ببردبووایە...

نەیهێشتبوو لێی ببێتە حەسرەت، یا برین و ناسۆرییەکی بنێساو و نەیگەیشتبێتێ...! لەم ساتە پڕ لە ئاستەنگ و ئەستەمەدا، ئەوانەی هەموو دەهاتنەوە بەرچاو.

داخ و حەسرەتی خەڵکەکەش زوێر و زگاری کردبوو... بەڵام لێی ببوون بەتفی سەرەو هەوراز، نەیدەتوانی دەستبەرداریان بێ... گەڕان و سووڕانی "بەکراغە" و هەڵسوکەوتی پیاوەکانی، باریان قورستر کردبوو...، هەردەم بیری لەمە دەکردەوە، کە خەڵکەکە چیتر دەستی دەستی پێ نەکرێ و هەموو بەیەک دەنگ و ڕەنگ و بەیەک گیان بەرهەڵستی لەم هەڵسوکەوتە نامۆیانە بکەن.

"بابچین گەڕان و سووڕانێ بەم شاخانە بکەین، ئەم جڕ و جانەوەرەی کە بوونەتە شملّی شەڕ و بوونەتە بنێشتە شینکەی سەر زاران... با لەناویان بەرین" کەس گوێی بۆ ڕانەدەداشت. " با وادابنێین ئەمەش هەر کارێکە، خەڵکی گوند بەزبارە بۆ یەکتری دەیکەن" کەس ئاوڕی لێ نەدەدایەوە. " خەڵکینە ئێوە خۆتان چەند کەسێکمان دەستنیشان کەن، چەند کەسێکمان هەڵبژێرن، لەجیاتی هەمووتان دەچین ئەو ناوچانە کێوماڵ دەکەین" بەڵێ بەکێ دەڵێی...! کەس نەبوو لای لێ بکاتەوە... " دەچین، هەرچی بێ، مار بێ، ئەژدیها بێ، هەر دەعبایەکی دەم بەخوێن بێ...، لە هەر کوێ بێ، لەتلەتی دەکەین، پێستی دەگروێنین... ئەو پەرکەمەتان لەسەر دڵ هەڵدەگرین، ئەو ترسەتان لەچاو دەکوژین... " نا... پیاو، ئەمە کاری

نەفامانە... پەرکەمی چی و ترسی چی...؟!

پێکەنینێکی تێکەڵ بەرق و تووڕەیی، ڕوخسارە سەرما بردووەکەی لۆچ لۆچ کرد:

" ئەی خوایە!... ئەم خەڵکە هەر هەندە شتێکی چووە ناو مێشک، ڕاست و ناڕاست... ئیتر ببڕای ببڕ لە مێشکی دەرناچێ...!".

کەوتبووە ناو دەریایەکی پڕ لەتەم و مژ و نیگەرانییەوە...، سەردانی "بەکراغە"، بۆ گوندەکەی ئەوانیش، بڕستی لەبەر بڕیبوون. وڕەی هەموویانی ڕووخاندبوو. ئەو خەڵکانەی کە نانەڕەقیان بەسفرە و خوانی چەور و ڕازاوە نەدەدا، ئەوانەی کە ڕەگ و ڕیشاڵەی دێکەی خۆیان، بەهەموو دەوەنە جاڕ و پیرە دارێکییەوە، لەگەڵ ڕەگ و ڕەگەمای باپیرەی هەرە هەرە گەورەیان تێکئالابوون و هێسک و پروسکیان لەدوو توێی ئەم خاکەدا پڵیشابووەوە...!

لەناو سڕ و سەقەمی ئەو بەیانییە کپەدا، شێوە و ڕەفتاری "بەکراغە" و خەڵکە سام گرتوو و سەرلێ شێواوەکەی دەهاتەوە بەرچاو: "بەڕێزتان عەرز دەفەرموون من کێم، جەنابتان دەزانن، من کوڕی "سەلیم ئاغا"ی "میرە دێ"م هەر لەباپیرەی هەرە هەرە گەورەمانەوە، گوندی "میرە دێ"م بەهەموو دەشت و ئاقار و بەراوییەوە، بەهەموو جۆ و جۆبارێکییەوە، بەهەموو مەرەزە و مەڕدارێکییەوە، بەهەموو پنچە گیا و دار و دەوەنێکییەوە، بەهەموو ڕەز و باغ و سەوزە و میوەیەکییەوە... ئێمە خاوەنی بووین و خەڵکەکەش هەر لەکۆنەوە تا ئێستا، هەر لە قەڵەمڕەوی ئێمەدا بوونە، ئێمە و مانانیان کردۆتە براگەورەی خۆیان و ئێمەش خۆمان کردۆتە خزمەتکار و برا بچووکی هەرە هەرە گچکەیان، منالّی شیرەخۆرەیان...!

هەنکە نا... پاشملە، کەینێ ئەمن لەوێ نەبووم، بڕۆنە "میرە دێ"، ماڵ بەماڵ بگەڕێن، دەرگا بەدەرگا بکەن، لەوردی هەتا درشتی، بەکۆمەڵ



بانگیان بکەن، تاک تاکیان تیی بکەنەوە، ژنیان، پیاویان، شوان و بەرخەوانیان، گاوان و گەدایان، جووتیار و سەپانیان، سوارە و پیادەیان... کوڕە ئاغەم بەتوو سەلامەتدار بی...، تەیر و توویان، سە و گۆتاڵیان... پێیان بڵێن، ئەرێ "بەکراغە" چۆنە لەگەڵتان؟... کووتان خزمەت دەکات...؟! ئەنگۆ ئەوتان داناوە بەبرا گەورە، ئەدی ئەو...؟!! دەڵێ برای هەرە هەرە گچکەیانم، وایە!... خزمەتکارتانە... وایە!... خەم خۆرتانە... وایە!...؟؟

جا بزانە ئەوان چۆن باگۆتان دەدەنەوە، بزانە چتان پێ دەڵێن... بزانە چۆن سەرپاکی گوند، بەدار و بەردیەوە، هەموو دەم دەکەنەوە، بەئەشەدەنبیللا... ئەشەدەنبیللا... دەستم بۆ لەسینگ دەدەن و شایەتی دنیا و قیامەتم لەبۆ دەدەن.

"وەیە دەڵێن ئەوی فیلارە، ئەوی مەکتومە لە "سەید بەبە"ی دەشارێتەوە...! بەخۆ و بە"کەریمە رووتە"ی وڵداشپۆلیسی، کوو دێن ئەوها دەگەڕێنەوە...!...". خۆ بەخۆتان ناوی "سەید بەبە"تان گوێ لێ بووە، هەزار خۆزگە بەکفن دزەکەی پێشوو، ئەوی قامچی ڕەش. لەپیری هەشتا ساڵی و لەمردووی ناو قەبرستانێ، لەمناڵی ناو لانکانیش دەپرسێ، کێیە و کێ نییە، کوڕە یان کیژە، کوڕە خۆی بەکیژ ناونووس کردووە، یا زیندووە بەمردوو ناویان بردووە...! لەو هەموو شتانە دەتۆژێتەوە... یەک یەک لەبن و بنەچەی دایک و داپیر و باپیرە گەورەیان دەکۆڵێتەوە...!... ئەمنیش چ بەرخی دونگ چەور هەیە لەبۆی سەردەبڕم، دەیکەم بەقاورمە و لەپێشی دادەنێم، وەکی کە گەڕاوەش کەڵەبابی سەربە پۆپیتە و قاز و مراوی باڵ کوڕ باڵ کوڕ و توورەگە هێلکەی دوو زەردێنەی بۆ بە تەکەلتووی هێستری ڕەش بۆزدا شۆڕ دەکەمەوە، ڕێ و ڕاست دەگەڕێتەوە، نە لەوی ئەلف و نە لەمن بێ...!.".

چەند سەرنجێکی لابەلای ئاراستەی خەڵکەکەی دەوروپشتی کرد، بەرزتر

کەوتە ئاخاوتن: "کورە خۆتان لەخوا مەکەن، دە بڵێین وا نییە، دەبا یەکێکتان بێتە دەرێ، منداڵ و گەنجەکانتان نا، ئەوانی جوامێر و پیرە ڕدێن سپییە نوورانییەکانتان بێ و بڵێ، "بەکراغە" حاشا و مادوڵڵا ئەو قسانەت هیچیان وا نین، ماڵم قەبرە خیلاف لەقسەکەتدا هەیە. "ئاخر وایە وا... دینی محەمەد بەئاشکرا خۆشە...".

"ئۆمەر ئاشەوان" هەر پێش ئەوەی "بەکراغە" بگاتە ناو ئاوایی، ئەویش لەئاسیاوەکەی خۆیەوە بۆ گوند سەرکەوتبوو، لەناو خەڵکەکەوە کەوتە جووڵە و دەنگ هەڵبڕین: "ئەشەدەن وایە، هیچ قسوورت نییە..." بەدەم ئەم قسانەوە لای لەخەڵکەکە کردەوە، درێژەی بەئاخاوتنەکەی خۆی دا: "ماڵم قەبرە قسەکانت خیلافی تێدا نییە، لەگوێزی ساغ ساغترە..."

خەڵکە کۆکراوەکەش، کە وەک پوورەی هەنگ بەدەوری "بەکراغە"دا شرغیان دابوو، ورد و درشتی ئاوایی، بەنێر و مێیەوە، سەیری دەمیان دەکرد و گوێیان بۆ ڕاداشتبوو.

"جاری پێشوو بەخۆم نەمتوانی بێم، دوو پیاوی خۆم نارده خزمەتتان. ئەو جارە ئەوا بەپێی خۆم هاتووم، مەعیەن دەشزانن کە ئەمن تابیل بەشتێکم و داوایەکم هەیە، بۆیەشە هاتوومەتە خزمەت جەنابتان.

هەنکەش هاتیمە پێتان ڕابگەیەنم، لەسای خوا و پێغەمبەر و هەرچوار یارانی، بەهیممەتی پیر و ئەولیا... "پیر کەرەم" و "پیر شاسوار" و "ئەسحابەڕەش"... ها ها ها ها ها... هەنکە هەر یەکەیان، قوربانی خاک و خۆڵەکەی دەوری گۆڕیان بم... قوربانی لیکاوی ئەسپ و عەبای ڕەشیان بم... بەبەیداخ و بەبەیرەقەوە ئەوا وا لە قۆنگرە و قەلاتی خۆیان... لەبەهەشتێ... وا گوێیان لێمە و ئەرواحیان بوویتە تەیر و تووی سەرکەڵ و بەندەنان، بوونەتە کۆترەکی شینی قەزوانی، بەسەرماندا دەگەڕێن و باڵەفڕە دەکەن...!... لەبۆ شایەدی ئەو قسەیەشم هەر مرید و "دێوانە مەمۆ" یەکمان



هەیە، بیکەمە شایەد..." بەدەم ئەم قسانەوە، بەدەست ئاماژەی بۆ کرد....

"دێوانە مەمۆ" کە ئەم قسەی گوێ لێ بوو، کەوتە کەف و کوڵ. گۆپاڵە کەوەتەکەی چەند جارێک سرەواندە زەوی و بەرزی کردەوە. لەپڕ چووە پەڕگەی قەرەباڵغییەکەوە و بەرامبەر "کەپکی پیر کەرەم" وەستا و دەستی بەلوورانەوە و حایو حۆی کرد. چاوەکانی خستنە سەریەک و لەرزێکی گورچک بڕ هەموو جەستەی داگرت، بەشێوەیەک سەرنجی "بەکراغە" و هەموو خەڵکەکەشی بۆ خۆ بەکێش کرد.

– حەی، حەی، حەی ی ی ی... بەببە، بە، ببە، بە، بە... "بەکراغە" وەک بڵێی گوێی لەبانگ و سەلا ڕاگرتبێ، ئاوا... لەشوێنی خۆیا بەبێ جووڵە وەستا، تا "دێوانە مەمۆ" سارد بووەوە... پاشان درێژەی بەقسەکانی خۆی دایەوە: "خەونەکەی _ دێوانە _ تان..." بەدەست ئاماژەیەکی تری بۆ "دێوانە مەمۆ" کردەوە، ئەویش بەڕەنگ هەڵبزرکاوییەوە سەیری بەرپێی خۆی دەکرد، جار جار بایەکی سارد و بەتەوژم، پرچ و کاکۆڵی دێنایە سەر دەم و چاوی... چاوەکانی زەق ببوونەوە و پێڵوەکانی دێنا و دەبردن... "هەها ئەو دێوانەیە، ئەو بەهەشتییە، ئەو پەپوولەیە، ئەو... تۆبە ئەستەغفیروڵڵا... ئەو نازانم بڵێم چییە... م، لەبۆ مەلای "میرە دێ" کە باو باپیریان هەر مەلا و مەلازادە بووینە، مناڵیان هەر لەسێ ساڵییەوە ڕا فێری سیپارە خوێندن و ئەلفسەرئا و زالبەرزوو دەبێ... گێڕایەوە و گووتم: مامۆستا "دێوانە مەمۆی هەوارە بەرزە"... خوا شاهیدە، هەر کە ناویم هێناو نەهێنا، مامۆستا لەجێی خۆی هەڵسایەوە، وەک داری قەمتەرانێ قیت ڕاوەستا، دەستی موبارەکی لەنێوچەوانی خۆی دایەوە و فەرمووی حەسوودی بەدین و دینداریەکەی دەبەم، خۆزگەم بەچاریەکی ئەو دەبووم... گووتم: جا ئەو فریشتەیە، ئەو پیاوە بەدین و تاعەتە... لەخەونی دا دووکەڵەکی ڕەش ڕەش لە "گەلیە جنە" دا بەرز بۆتەوە، بەگرمە گرم و گۆڵە گۆڵ بەرەو "کەپکی پیر کەرەم" و کوێستانەکانی ئەم دیوی ڕۆیشتووە و لەوێ بوویتە دەعبایەکی

ڕەش ڕەش، وەک ڕەشکەی کا، لەناو ئەو دۆڵ و شاخەدا نیشتۆتەوە...".

"دێوانە مەمۆ" بەدەنگێکی بەرز، لەناخی دڵیەوە هەڵیدایێ: ئەمن ناتوانم بڵێم چ بوو، دەعبا بوو دێو بوو درنج بوو... ئەوهام دەهاتە بەرچاو، جانەوەرێکی کەتەی ڕەشی داخ داخ بوو.

– "بەڵێ بەڵێ خاڵ خاڵیش بوو، ڕموزنەیەکی ورگەستووری پنتک پنتکی شاقەڵ درێژیش بوو...!" بەدەم ئەم قسەیەوە گورزە تیشکێکی پڕ لە سەرنج و سەرسوڕمانی ئاراستە کرد، هەتا هێزی تیابوو کەوتەوە ئاخاوتن: "نە نە پوور مێردین" چیت وت؟! بۆ خۆت کڕ کردووە! بۆ وا دوور وەستاویت؟...

خەڵکەکە، هەر کە خەونی گۆرینیان وەبەر گوێ کەوتەوە، هەموو بوون بەماستی مەییو،... "پوور مێردین"یش، بەبێ هەست و خوست، بێ ئەوەی خشپەی پێی بێ... دەستەکانی لەدواوەی خۆی گرتبوو، بەکووڕە کووڕ، چەند هەنگاوێکی تریش لە "بەکراغە" نزیک کەوتەوە: "گوێم لێتە، دەی... دەمەوێ بزانم کتێبەکەی مەلا چ دەڵێ...". بەهەنگاوە وردەکانی نەختێکی تریشی لێ نزیک کەوتەوە، بۆ ئەوەی قسەکانی مەلای "میرە دێ"، هەمووی بەتەواوی بپێکێ...!

"مامۆستا" دوای پەڕ ئاوا کردن و موتاڵەیەکی زۆر سەری لەسەر کتێبەکە بڵند کرد و فەرمووی: دێوی گۆرین سندمی شکاندووە و لەدەست" پیر کەرەم" هەڵاتووە، ئەوجە خوا دەزانێ داخوا کەینێ تۆق و زۆڵانەی لەمل و دەست و پێ یەکانی دەکرێتەوە..." لەگەڵ ئەم قسەیەدا، هەر کە چاوی خۆی لەسەر یەک دادەنا و ئەم دیمەنە ترسناکەی دێنایەوە بەرچاو، کش و ماتیەک ئەو ناوەی داگرت. هەموو دەتووت پیرەداری سەد ساڵەن، بێ لق و پۆپ... کەسێ سرتەی لێوە نەدەهات. حایو حۆی" دیوانە مەمۆ" نەبێ، کە جار جار وەک ئاوی کولاو بڵقێکی دەدا...؛ بەڵام "بەکرئاغە"، دوای چەند لێو



جولاندن و دوعا خوێندنێک، ڕووی لە حەشاماتە کڕ و بێدەنگەکە کردەوە و بەدەم و چاو، بەدەست و پەنجە و بەهەموو ئەندامێکی لەش داخاوت و دەیکڕاند:

"هاتیمە ئەوەو پێ بڵێم، ئەمن لەو باوەڕەدا نەبووم کە ئێوە بەداوایەکەم سەرگران دەبن. چونکە ئەنگۆ لەبیست لاوە قازانج دەکەن، قازانجی منیش هەر ئەوەندەیە... کە ئەوەندە تەمەنەی ماومە لەخزمەتی ئێوەدا بەختی بکەم" ئەم قسەی دوایی بەگرژینەوەیەکی پڕ ناز و نوازشەوە دەربڕی. لەبەرەخۆیان کەوتنە بڵمە بڵمێک و دەم و لێو جووڵاندن، وەک بڵێی دوعایە بخوێنن... بەڵام نەدەزانرا چی دەڵێن. " ئۆمەر ئاشەوان" نەبێ، بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ: " خوا لە ئێمەت نەکا. لەخوامان داوایە تەمەنت بەتەمەنی دار قسنی پیر و پیاو چاکان بێ...".

بابی من ، چاوی من، دایک و خوشکەکانم. گوێ لە بەکراغەی خزمەتکارتان بگرن. دوور لەگۆڕی پیر و پیاو چاکەکانتان، چ لێرە بەجێ دێڵن!... بەناشوکری نەبێ گوندەکتان هەیە دەڵێی هێلانە حاجی لەقلەقە. نە دەشت و بەراوێکی زۆر، نە کانی و ئاوێکی بەهەڕمێن،... ئاخر... ئەگەر ئەنگۆنە و ئەگەر خەڵکی" لاکەچە"و "ژاژیلۆک" و "زەنگەوار" و "چەمەرە بەفر"... ن، هەتا ماون، دەبێ هەر ئاوا بەزگەک تێر و بەدەیان برسی بن... لەسەر بەردی ڕەق و تەق چ پەیدا نابێ... زستانان هەر دەبێ ئەوها ، هەرنان و هەرزن بخۆن... ئاخر هەر ڕاو و هەر ڕاو...! ئەوە ئەویش نەما ، پیاوم دەوێ، ئەوساڵ خۆی لەم چیاو چۆلە پڕ لەجڕ و جانەوەرە بدا...!".

ئەم قسانە دەم و چاوی خەڵکەکەی گرژ هەڵگەڕاند، بەڵام ئەو بەبێ وەستان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "ئێستاش گوندی "میرە دێ"، بەدەشت و ئاقاریەوە بەگەنج و ڕەنج و مەرەزەیەوە بەپاوان و بەراویەوە، بەئاغە و خزمەتکاریەوە بەئاغەژن و قەرەواشیەوە، بەکرمانج و نۆبەتداریەوە، بەمیر و گزیر و بەگلەریەوە، بەفەقێ و مەلا و سوختەیەوە...

لەخزمەتتان دایە. "میرە دێ" بەئێوەوە پشت ئەستوور و سەربەرز دەبێ... ئەمن دەزانم، دەست ڕەنگین و کاسبکاری وەک ئێوە بێ و ئاو و بەراوی بدەیە و ئەسبابی کاسبی کردنی لەبۆ ڕێک بێخی... هەڵڵا هەڵڵا لەخێر و بەرەکەتی خوا...!. گوند و جێ هەواری گەلێک لە "هەوارە بەرزە" خۆشتر بۆ خۆ پێک دێنن، کە لەخەونیشا نەتاندیبێ.

گوندێ لەسەر ئەو قوتکە چیایە، هەتا بەسەری دەکەوی ئارەقەی ڕەش و شینت پێ دەکا. چۆڕە ئاوێک و ئەو دوو لکە دارەی کە ئەنگۆ بەخۆتان ناوتان لێناوە ڕەز و باغ چیتان بۆ دەکا...!. وەرە ئەگەر ڕەزت دەوێ، ئەگەر باغت دەوێ، ئەگەر ئاو و بەراوت دەوێ، کوڕە بەشەو نۆبەت نا، هەتا مایت و کوڕی کوڕیشت، با جۆگەی لێ هەڵبەستێ و یەک ئامێزە ئاوی پێدا بڕوا... ئەمان مەردی مەردانم دەوێ، عەردی لەبەردا بچێنێ و بەناوی بێنێ. ماشەڵڵا لەبەرەکەتی خوای گەورە... لەبەیتی شێخ فەرخ و ستییانم گوێ لێبووە دەڵێ:

نە هەورازت لەبەر بێ شەقاوێک،
نە کۆڵت پێ بێ گەزە جاوێک،
نە پوول قەرزاری کەس بی، قۆشە دراوێک

جا من با قسەکتان لەگەڵ بکەم، ئەمان قسەی خزمەتکارێک لەبۆ برای هەرە هەرە گەورەی خۆی، لەبۆ کاکی هەرە هەرە خۆشەویستی خۆی. "دەنگی خۆی بەرز هەڵبڕی": لەبۆ دایک و داپیری هەرە پیرۆز و گلێنەی چاوی خۆی... بەخوا بەخوا، هەتا ئەنگۆ لێرە بژین، نە گەزە جاوێکی نوێتان بەچاو دەکەوێ، نە قۆشە دراوێکیشتان دەچێتە گیرفان. لەخدر و ئەلیاسانەوە ڕا، لە چ ماڵێک، مشک بەمشکایەتی خۆی کلکی بەتۆزی ئارد نابێ. ئەوجە زگە قوڕت بەسەر ببە بەلەودەی کا، هەر هەرزن و ترخێنەی تێ هەڵقوڕێنە".



ژاوەژاوی گوندی کەوتەوە یاد. کە دوای ڕۆیشتنی "بەکراغە" هەموو دەمیان تێک نا. ڕاڕایی و دوودڵییەکی زۆریان لەنێو پەیدا بوو. چەند بیریان لەئەگەری ترس و تەلەزگەکان دەکردەوە، دە هێندەش بیریان لەکێڵگە و بەراو و گوندی ئاپوورە و قەرەباڵغ دەکردەوە.

"ساڵح مام شێخ" کە یەک لە پیاوە دیارەکانی گوند بوو، ڕووی لەخەڵکەکە کرد و بەدەنگە نەرمەکەیەوە خەڵکەکەی هێور کردەوە: "ڕاستە گوندەکەمان زەوی و زارێکی زۆری نییە، هەر ماڵە ئەو پەڕەکەی ئەو پەڕەکەی با جێی سێ چوار تەنەکە دەغڵی هەبێ، ئەوەش لەچاو هەندێ گوندی تر بەنەبووە دادەنرێ... بەڵام ئەوەی کە مایەی دڵخۆشییە، ئێمە هەموو بابەلباب ئەلێرە سەری خۆمان پێکەوە ناوە و چ کەشمە و گێرەشێوێنیمان لەنێواندا نەبووە و نیمانە، هەموومان بووین بەخزم و کەسی یەکتر، نە دەوڵەمەندی هێندە نەقۆڵامان تیایە کە لووت لە ئەستێران بخشێنێ، نە یەکێکی وا لات و هەژاریشمان هەیە خێری پێ بشێ...!".

– "لەخوا بەزیاد بێ، ئێمەش ئەوەندەمان بەسە". "دێوانە مەمۆ" بەدەم ئەم قسانەوە لێی نزیک کەوتەوە، لەقسەکانی خۆیا هەر بەردەوام بوو: "ئەی گوایە ئەو خەڵکە چ لەگەڵ خۆی دەباتە قەبر".

– " ئۆمەر ئاشەوان" بەڕاڕاییەکەوە کەوتە وەڵامدانەوەیان: ترسێ دەکەم ئێمەش هەتا سەری ئەوها نەمێنینەوە. تەماحی دنیا زۆر پیسە. لەکۆخەڕەشە و تاعون و ماعوون گەلێ پیس ترە.

– " ساڵح مام شێخ" نەیهێشت درێژە بەقسەکانی خۆی بدا: باوکەکەی باوکم، بۆ لەهیچ و خۆڕایی دەم تێک بنێین. جارێ با بزانین "بەکراغە" بۆ دەیەوێ بمانباتە لای خۆی...!؟

– " دێوانە مەمۆ" پرسیارەکەی لێ وەرگرتەوە و بەرزتر هەڵیدایێ: بۆ دەیەوێ گوندمان پێ چۆڵ بکا؟؟!...

– " ئۆمەر ئاشەوان" ڕووی لەهەردووکیان کرد و وتی: تەنها لەبەر ئەوەیە ئێمەی خۆش دەوێ و ڕێزمان لێ دەگرێ... باوەڕتان هەبێ، گەلێ دڵی بەئێمەوەوەیە، دەیەوێ ژیانمان خۆشتر بکا و گوزەرانمان باشتر بکا... ئەدی بەخۆتان گوێتان لێ نەبوو چی گووت...!

– گاوانی گوند بەدەنگە زەق و زۆپەکەی، سەرنجی هەموویانی بۆ لای خۆی بەکێش کرد: ئەگەر ئەو ئێمەی خۆش دەوێ، دەبا یەکو پارچە زەویمان بداتێ، تا بۆ خۆمان بیکەین بەشکارتە، با ماڵیشمان هەر لەجێی خۆی بمێنێتەوە.

– "ئۆمەر ئاشەوان" : "وونە" ئەو هەڵەپاسییە بۆ تۆ نەهاتووە. خۆت لەشتی وا هەڵمەقورتێنە!

– دەنگێکی تر بەرز بووەوە، قسەکانی "ئۆمەر"ی قوت دایەوە: چ زەوی چاک و بەپیتە، هەمووی بۆ خۆی و بۆ عەشیرەتەکەی دابڕیوە...!

پەیتا پەیتا دەنگەکان زیاتر دەبوون، تاک تاک یان بەکۆمەڵ بەرز دەبووەوە:

– هەر چەند ساڵێکی ترە، وای داناوە نەوەمان هەمووی ببنە خزمەتکار و دەرکەوانیان.

– بەخوا میرەدێم هەمووی لەسەر تاپۆ بکا، پێچکەم ناچێتە ئەوێ، هەر پێشکەیەکی هەندی کلۆیەکە...!

– ئەدی ئاوە ناسازەکەی، لەبەر مەرەزە کەڵکی خواردنەوەی نەماوە، دەڵێی قورقوشمە، ساڵ نییە دە پانزە کەسیان، بەگرانەتا لێ نەمرێ...!

"پوور مێردین" لەدوور خەڵکەکە ڕاوەستابوو، کە خەریک بوون بەدەم ئەم قسانەوە بڵاوەیان لێ دەکرد، بەدەستە لەرزۆکەکانی، ئاماژەیەکی بۆ لای شاخ و دۆڵە دوورەکانەوە ڕانا و، بەدەنگە باریک و زیقەکەیەوە، هاوارێکی پڕ لەجوێن و تەشەرەی لێ بەرز بووەوە:



– هەی خۆڵ و دۆو بەسەر، ئەدی ئەو هەموو دەعبا دەم بەخوێنە کەس نەدیتووانە...!... چیتان لەگەڵیان پێ دەکرێ...!!".

دەست و قاچەکانی لەرزیان کەوتێ. سڕ و سەقەمی ئەو بەیانییە ساردەی بەسەردا باری، بوو بەهۆی کەوتنی وردە خوسار، لەسەر سمێڵ و برۆ درێژ و پڕە سپییەکانی و توێژێکی سپییان لەسەر پەیدا کرد. بەدەم لرفەلرف و بەدڵێک کەپڕبێ لەگڵپەی ئاگرێکی ئەنگێز و هەرگیز دایساوەوە، خۆی کردەوە بەژووردا. ڕووی لەئاگردانە سارد و سڕەکەوە کرد... خێزانەکەی خەریک بوو بەنگ و چڵی و چەند کۆتەرە دارێک لەسەر یەک دابنێ تا خۆی بۆ نان کردن ئامادە بکا. لەم لاوەش سێڵ و فەرشە و تیرۆگ و ناو برێشکە هەڵکroوزاوەکە، هێشتان هەر لەتەک کەندووەکەوە هەڵپەسێردرابوون... تەشتە هەویرەکەش، دەمێ بوو لەشێلانی ببووەوە، بەسەری پەنجەکانی بەدەم بسمیللا لێکردنەوە، مۆری پیرۆزی لەسەر نەخشاند.

ئەوانی لەخوار ئاگردان و کەندووە قوڕینەکەوە، هێشتان هەر پرخ و هۆڕی شیرینی خەویان بوو. هەر دوو تاژی جلکراو و توولە تیسکنەکەی، لەترسی وشکەسڕی ئەم وەرزەوە هێنابووە ژوورەوە و ئەوانیش لەنزیک سەر شۆرکەکەوە لێی وەرکەوتبوون. تەویلەی وڵاغانیش، کە دەرگاکەی یەکسەر دەیڕوانییە ئەم ژوورەیانەوە، دیار بوو هێشتان وڵاغە بەرزەکانی ناوی، هەر لەبەردەم ئاخوڕەکەوە لەجێی خۆیان مۆڵ ببوون... نەپڕمەی ئەسپە بۆر و نە لووشە لووشی ماینە ئاوسەکەی دەکەوتە بەرگوێ.

بەچیلکە دارێک، خرت خرت خۆڵەمێشی ناو ئاگردانەکەی هەڵگێڕایەوە و فوویەکی لێ کرد، لەگەڵیا دوو پەنگرە ئاگر چاویان گەشایەوە... هەردوو دەستەکانی خۆی لێیان نزیک کردەوە، کە تینی گەرمییان گەیشتێ، ناولەپی لەیەک خشاندن و بەدەموچاوی خۆی داهێنا. هەر خێرا خێرا، جگەرەیەکی بۆ دەمی برد، سەری خۆی بۆ پەنگرە ئاگرێ شۆڕ کردەوە و

سییەکانی پڕ لەدووکەڵ کرد. خێزانەکەی بەپەلەپرووزێ هات، دەسکە پووشێکی لەسەر پەنگرەکان دانا، وەک مووشەدەمە، ئەویش کەوتە فوو کردن، تاکو ئاگرێکی خۆش بکاتەوە و بکەوێتە مشووری هەویر پان کردنەوە و نان برژاندن...!

بەدەم جگەرە کێشانەوە، کەوتەوە وەرەورد و لێکدانەوە: کەتنکەر، دەزانیت منداڵەکانی "مینەبەگ" پێڕاگەیشتوون و عەشیرەتەکەی خۆیان، هەموو کۆکردۆتەوە. هەموو ڕۆژێ هەڕەشە و گەف و گوڕت بۆ دەنێرن و خوێنی باوکیان لەمل تۆ شەتاوە. داوای تۆڵە و داوای بەشە موڵکی خۆیان دەکەنەوە، تۆش گەڕای گەست نەدیتەوە ئێمە نەبێ...! تۆش دەتەوێ عەشیرەتەکەت بەئێمە و مانان توند و تەیار بکەیتەوە...! "بەدەم سەر هەڵبڕینەوە مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دەستی دا": پیاوم دەوێ گوندێکی ئاوا ساوێلکە و بەستەزمان لەو ئەژدیهایە دەم گەرمە ڕزگار بکات. مرخت لەم خەڵکە خۆش کردووە، دەتەوێ خۆت بکەی بەخاوەنیان و ببیتە سەرۆک خێڵیان، ئەوانیش ببنە چەکدار و پاسەوانت، بەهەوەس و ئارەزووی خۆت دەستی دەستیان پێ بکەیت...!... دنیا هەر وا بووە و هەرواش دەبێ،... خەڵک هەموو خەڵک یا ڕاوکەرن یاڕاو دەکرێن... تا ئێستا جۆری سێیەم ئەگەر هەشبێ هەر بەقسە هەیە. لەشوێنی خۆیا هەڵسایەوە دەستی بۆ تەشتەکە درێژ کرد، بەقەدەر چوار ئەنگوتکی گەورە، هەویرەکەی هەڵگرت و ڕووی لەتەویلەی وڵاغان کرد. بۆن و برینگی میز و تەرسی وڵاغە بەرزەکان، وێڕای پەرخوڕ و کای کۆن و پووش و پەڵاش و بەڵمە برنجی ڕزیوی سەر زەمینەی تەویلەکە، لەگەڵ دووکەڵی پەنگ خواردوودا تێکەڵ بەیەک ببوون. کە سەری بەژوورەوە داگرت، وەک جاران لووتی زوورایەوە، چاوەکانی پڕ ئاو بوون، لەگەڵ خشپە خشپی هەنگاوەکانی، وڵاغەکان گوێیان مووچ کردەوە، بەغەریزەیەکی خواکرد بەجووتە سەیری لای دەرگایان کرد، کە ئەوساکە دەرگاکە لەبەر چەڕە



دووکەڵ و وەنەوزدانی سووتمانی نێو ئاگردانەکەوە... کە جارێ بەرز و جارێ کپ دەبووەوە... هەروەها لەگەڵ تیشکە لەرزۆکەکانی چرا ڕەشکەکەی دەستیدا، دیمەنێکی تەماوی سەیر هاتبووە ئاراوە، دوای هەنگاوێکی تر، ئەسپە بۆر پڕمەیەکی بۆ کرد و لەسەر هەر چوار پەلی هەڵگیرسایەوە، کەوتە خۆڕاتەکاندن، ئەو زلە پووش و وردەکایەی کە بەتووکیەوە وەنووسابوون هەمووی لەخۆ داوەشاند و خورشتی لەشی دامرکاندەوە. دوابەدوای ئەمیشەوە ماینی کەوێت، دوای چەند تەکاندان و خۆ بەلاداهێنانەوە، لەشوێنی خۆیا هەڵسایەوە، زرم قاچەکانی دا بەزەویدا.

هەویرەکەی دەستی وەک لوولەپ لێ کرد و لە لمووزی ماینەکەی نزیک خستەوە، لەگەڵ جووینی هەویرەکە و خرمەخرمی دەمی، لیکاوێکی خەستتر لەدەستاوی هەویرکەران بەهەردوولا لغاوەیدا دەهاتە خوارەوە، لەجووڵەی دەم و لمووزی ماینە شێ ورد دەبووەوە... بەتام و بۆ و ئیشتیهایەکی بێ پایانەوە، هەویرەکەی دەجوی. وەک وەستایەکی دەست ڕەنگین، کە سەیری هێلمە و گوڵی کاشانێ بکا...، ئاوا لەڕەنگ و ڕوخساری ورد دەبووەوە. لەگوێ مووچەکانی، بژی درێژی، تەنگە و جێپاڵووی، گوانە ڕەشەکانی کە وەک بەڕوو تەقیلەی ورد ورد خەریک بوون پڕ شیر دەبوون... سەیری تەنگە و بن زگە پەنماوەکەی کرد، تووکە سپیەکانی هەموو گڤ ببوونەوە، دەمارەکانی وەک خرێنە بەنێکی ئەستوور لەژێر پێستە پف دراوەکەیدا درێژ ببوونەوە. دەستێکی بەملا و بەولای تەنگەیدا هێنا، بەبزەیەکەوە ڕووی خۆی بۆلای ئەسپەکەوە وەرچەرخاندەوە: "ڕەخشان" لەخوا بەزیاد بێ ئاگردانت ئاوەدانە!". ئەسپە بۆر، کە هەر بەنازناوی "ڕەخشان" بانگ دەکرا، کڕ و کپ، بەمەلوولی لەشوێن خۆیا وەک گەمییەکی سندم کراو لەنگەری گرتبوو. سەری نوازشی بۆ خاوەنەکەی دەنواند. بەهەمان بزە و خەندەی جارانەوە، لێی نزیک کەوتەوە، دەستێکی بەپشت و شوێنی زین و تەکەڵتوو و کەفەڵە قوتکانیە خڕەکەی داهێنا.

بەئەسپایی بەپەنجە زبرەکانیەوە، کەوتە قەشاویش کردنی لامل و سەر و پۆتەلاکی، ئەویش لەخۆشییان سەری خۆی داخستبوو هەردوو گوێچکە خنجیلانەکانی ڕەپ ڕاگرتبوون. تەزوویەکی خۆش و لەش ڕچێن، بەجەستەیدا دەهات و دەچوو، کلکە درێژ و تووکنەکەی بەگەلۆزیدا شۆڕ کردبۆوە، هەندێ جاریش، ناوە ناوە بەڕاست و چەپی کەفەڵە پانەکەیدا دەکەوتە باوەشێن کردن. ژێی تار و کەمانچە ئاسا، نەرم نەرم سرکە سرک و ساز و ئاوازێکی خۆشی لێ هەڵدەسا. بژییەکانی داو داو شانە دەکرد، گەردنە خاڵدار و نێوچەوانە قەشەکەی، بەسەری پەنجەکانی دەخوراند. سەیرێکی دەموچاو و کونە لووتەکانی کرد، کە ئەو دەم پڕ بەسییەکانییەوە هەناسەی پێ وەردەگرت و دەری دەدایە دەرەوە،... وەک مرۆڤێک کە خەم و پەژارەی هەموو بەندیخانەی جیهانی لێ بووبێ بەبارێکی قوڕس و لەسەر پشتی ئەودا خەست بووبێتەوە، ئاوا دۆش دامابوو. یەک دوو دڵۆپ فرمێسکی ڕوون لەچاوە ڕەشە گەورەکانی قەتیس مابوون، بەچاوی بەفرمێسکەوە سەرێکی لێ خوار کردەوە و بەگورشمە تەماشای کرد. خێرا خێرا دەستی بۆ چاوەکانی برد، فرمێسکەکانی سڕییەوە،... بەجووڵەی دەست و پەنجە و سەرنجە کپەکانییەوە، دەیویست تێیبگەیەنێ، کەوا ئەویش وەک ئەم نیگەرانە... ئەوەی زۆر لەناو جێ و بالینگانی خۆی بمێنێتەوە بۆگەنی دەبێ... ئێمە و مانان عەشقی سروشت و سەربەخۆیین... ماڵ و گوند و شوێنی ئاپۆرەمان، وەک بێشکەیەک دێتەوە بەرچاو، کە بەدەسرازەیەکی ڕەنگاوڕەنگ، دەست و قاچمانی پێ شەتەک درابێ.

سەیرێکی ئاخوڕە درێژەکەی کرد، کە بەقەد دیواری خانووە جەزیرییەکەدا درێژ ببووەوە. هەر لەنزیک ئاخوڕی ولاغەکانەوە ڕووی خۆی بۆلای دەرگاکە وەرچەرخاندەوە، دەنگی خۆی هەڵبڕی:

– شاخۆ!...

بەدەنگێ کە بێ ئارامی و بێوڵەتی پێوە دیاربوو، بانگی کوڕی گەورەی



کرد. بەدەم ئەو بانگ کردنەشەوە، بەخۆ و بەچرا ڕەشکەکەی دەستی هاتەوە دەرەوە. دوای هەناسە هەڵکێشانێکی کورت، فووی لەچراکە کرد و چوو لەنێو دەلاقە هیس گرتووەکەی دانایەوە. "شاخۆ" لەگەڵ ئەم بانگ کردنەدا، لەبنەبانێ لەناو نوێنە گەرم و گوڕەکەی خۆیدا هەڵسایەوە و وەک بەرزەکی بانان، لەناو چەڕە دووکەڵەکەدا، بەشان و پیل و لامل خوراندنەوە، لە بەردەم باوکی ئامادە بوو. "ئاوەرە کوڕم جلی "قەلە باڵدار و کرمان"یش بەرە لەناو تێڕکەکەیان دانێ" بەدەم ئەم قسانەوە جلی لەسەر پشتی هەردوو تاژییەکان داکەند، توولە تووک درێژەکەش لەخوار ئەمانەوە وەرکەوتبوو، بەدەم هانکە هانک و هەناسە وەرگرتنەوەدا، دڵەکوتەی پێ کەوتبوو. بستێ زمانی خۆی دەرهێنابوو، تک تک لیکاوی پێدا دەهاتە خوارەوە. ئەویش دەیویست بەسەر بکرێتەوە... هەردوای تۆزکاتێ چەند سەبکە نانێکی کەپەک و ئاردەجۆ خرایە بەردەمیان.

سەرێکی بەدەرەوە داگرتەوە، تا ئەوساش هەر نرکە و یاهو یاهوی "دێوانە مەمۆ"ی دەهاتە بەرگوێ. لەو ساوەی خەونەکەی دیبوو، ماناکەشی لە "بەکراغە" بیستبوو، کە شەو دادەهات دەچوو لەسەر بستییەکەی هەوراز گوند، هەتا خۆر هەڵدەهات، دەستی بەحاڵگرتن و ستایش خوێندن و دەف لێدان دەکرد.

"دێوی گەڕ گەڕ، لەهەرکوێیەک بێ، دەبێ بەسندم کراوی بیهێنمەوە" گەلی جنە". کاتی خۆشی ناماقوڵییەکی وای کردووە، لەدەستی پیر و ئەولیایان هەڵاتووە و سندمی شکاندووە... "دێوانە کەرەم" بەدەف و جەزبەی زکر و تەهلیلە و حاڵگرتن گرتوویەتیەوە. لەبەر ئەوە ئەویش پلە و پایەی گۆڕاوە و بووە بە"پیر"...! ".

هەوایەکی سازگاری هەڵمژت. جووڵە و جووکەی باڵندە تازە لەخەو هەستاوەکان، بوون بەنمایندەی گەشتە ڕاوێک و سەرنجی تیژ و تامەزرۆکانی لەگەڵ شەبەقی بەیان و شاخە بالابەرزەکانەوە تێک ئالان.

لەگەڵ وژە وژی "با" دا، دەنگی "پوور مێردین"ی دەکەوتە بەرگوێ. لەکولانکە چکۆلانەکەدا سەیری "دێوانە مەمۆ"ی دەکرد و سەدان ستایش و دوعای نزا ئامێزی بۆ ڕەوانە دەکرد: "بەراگێڕی دەف و زیکری شەوانت بم، هەر ئەوها دەنگت بێ، لەسەر بستی "هەرمک" نێیتە خوارەوە، چ شەیتانە شینکە و دێو و درنج هەیە هەمووت قەلەزراو کردینە... هەتا ڕۆژ بەتەواوی هەڵنێ، نێیتە خوارەوە..." زەردەخەنەیەکی تەنک دەموچاوی گەش هەڵگەڕاند، بەپانتایی ئاسمانا چاوی گێڕا:

– دەڵێی پشیلە لستیتیەوە!

بەدەم ئەم خۆ دواندنەوە بەدڵخۆشییەکی بێ پایان گەڕایەوە ژوورەوە، زانی تاوە بارانەکەی سەرلەئێوارە وە گەشتەکەی پێ دوا ناخا.

"ئیمڕۆ دەڕۆم، نان و پێخۆری هەفت هەشت ڕۆژمان بۆ دانێ". بەم قسەیە ڕووی لەخێزانەکەی کرد، ئەویش لەم کاتەدا، بەپەلەپەل ئەنگوتکی سەر فەرشەکەی پان دەکردەوە و نانی سەر سێڵەکەشی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد.

– ئەدی ئەو تەشتە هەویرەم بۆچی کردووە.

– بانگی "قومری"ش کە بەڵکو زوو لەنان کردن دەبنەوە.

"بەردەوامی بەئاخاوتنەکەی خۆی دا و پرسی" : ئەی خواردنی تاژییەکان...؟!

– نانی ساردمان زۆرە. لەدوێنێوە هی ئەوانم داناوە. "بەتیرۆکەکەی دەستی ئاماژەی بۆ گۆزە کەسکونە سک پەنماوەکە کرد" : هەر بای دوو سێ ڕۆژ قاورمەمان ماوە. هەق وایە گەلەک خۆت گیر نەکەی.

– چوونم بەدەستەخۆمە بەلام هاتنەوەم نا.

– بەگوتەی خەڵک ئەم ساڵ ساڵێکی گەلەک بەدیۆمە، مامز و نێری هەموو پەراگەندە بووینە...! هەق وایە لەجیاتی ڕاو گیسکە نێرەکە سەر بڕی.



– دڵ لەدڵ مەدە، ئەوەی خوا نەکا نابێ.

"قومری" ئەو کاتە ناو برێشکەکەی لەدەست گرتبوو نانی دەبرژاند، ڕووی لە باوکی کرد و وتی:

– لەسەر کانی، کیژ و کاڵی ئاوایی هەموو دەمم لێ دەکەنەوە و دەڵێن، ترسێ دەکەین ئەوساڵ زستان بەسەر بچێ و حەزرەتمان زیوێڵە گۆشتێک بێ. "بەنگین"ی کیژی "زادۆ" هەمووی زارەترەک کردینە، هەر دەڵێ: کچێ کڕ بن سەرشینینە، ئەو ساڵ ساڵی ڕاو و شەوڕاو نیە... هەر کەس لەگوند دوور بکەویتەوە، دێو و درنج قووتی دەدەن...

***

ئەسپەکەی بەزین و ڕست و ڕکێب و لغاوە دەستەچنەکەی وا ڕازاندبۆوە، وەک دوڕی نەسمراو کە تازە لەدورجەوە دەرهاتبێ ئاوا زاخی دەدایەوە. خۆشی وەک جەنگاوەرێکی دێرین وەک ئەسپ سوارێکی شارەزا و هەردەگەڕ، دیمەنی ئەسپ و تاژییە ڕست کراوەکانی جوانتر کردبوو...! لەپەرژینی ماڵەوە، کە لە دڕیو تووتڕک هەڵچنرابوودا دەرکەوت، ئیتر لغاوی بۆ شل کرد و یەک دوو ئاوزەنگی لەتەنگەی ژەند، چلێپ و چۆپ کەوتە ڕێگا. بەناو گۆمیلکە و زەرداوی جۆگەلە باریکەکەی ناو ئاوایی، کە بەناو سەرە نوێڵک و زبڵداندا ڕێچکەیەکی بۆ خۆ کردبووەوەدا دەچووە خوارەوە.

شوێنی نسار و پەنا و پەسێوی ناو ماڵە بەیەکدا ڕووشاوەکان، سواندەی خانوو گزرەی سەر والای تەک کەڵەگی و بەرسفکەکان...، توێژێکی سپی لەشەختە و خووسیان لەسەر کەوتبوو. جێ سوولاوکە و ئاوڕێژی سەربانەکان، لەهەندێ شوێنا چلوورەی سەهۆڵیان پێدا شۆڕ ببووەوە. بەلام ئەوانەی کە لەنزیک دووکەڵکێشی سۆبەکانەوە بوون، هەندێکیان توابوونەوە و هەندێکیشیان دڵۆپ دڵۆپ ئاویان لێ دەتکایە خوارەوە.

قولفاتگەی ڕستی تاژیە مل بەقەرێتەکانی بەقەلپۆزی زینەکەدا شەتەک دابوو. چەند هەنگاوی تریش بەناو کۆلانە پڕ لەقوڕ و چلپاوەکەدا داکشایە خوارەوە. لەهێکڕا لغاوی ئەسپەکەی گورج کردەوە و لەشوێنی خۆیا سەنگرایەوە. ئاوڕێکی لەدواوەی خۆی دایەوە، بەملا و بەولادا کەوتە چاوگێڕان، بۆ لای مالەوە کەوتە سەرنجدان. دوای هەلوەستەیەک دەستی بۆ دەمی خۆی برد:

"کەچ، کەچ، کەچ، کەچ... مەتان، مەتان، مەتان،... مەتۆ، ئەوە لەکوێی؟! ". لەگەل ئەم دەنگەدا، بەچاو قوچێنێک، توولە مل بەزەنگولەکە، وەک تۆپە ئارمووشێ، بەنووسکە نووسک لەپێشیا گلۆر بووەوە. ئەوسا هەموو بەیەکەوە ملی ڕێگایان گرتەوە بەر؛ بەلام توولە تیسکن، ئەوەندە بزۆز و بەجوولەجوول بوو، لەهیچ شوێنێکا تۆتکەی نەدەگرت. وەک گولئەستێرە بەدەوریانا سووڕی دەدا، یان لەسەر کۆتەرە دار و پەردوو چەپەر و گیا وشک بووەکانەوەدا، هەلبەز و دابەزی بوو. دەم نا دەم، لێیان دوور دەکەوتەوە، لەلاڕێدا، بەژێر دیوارێکدا دەڕۆیشت، یاخود بەسەر کەلەکە بەرد و وشکە چیلەکانەوەدا هەلدەزنا، قاچێکی بلند دەکرد و چۆڕ چۆڕ میزی پێدا دەکرد... کەلپە تیژەکانی لەچۆلەکەیەکی ڕەق هەلگەڕاو گیر دەکرد...، دەمی لە پەڕا مووچەی پەلەوەڕێ دەژەند، ڕیخە چێلێک کە هێشتان هەر هەلمە دووکەی لێ هەلدەستا... لووتی پیا دەکرد، دوایە بەکلک بادانێ بەقورسکە قورسک دەگەڕایەوە بۆ ڕاستە ڕێگاکەوە...!

بۆنی لەتە نانی هەلکڕووزاو و دووکەلی قەلاشکەری و پووش و پەلاشی دەم ئاگردانەکان... لەگەل بۆنە جەفتاوی و هەوا شێدارەکەی ناو کۆلانە پڕ لەزبل و کاوکۆتە ڕزیوەکانەوە تێکەل بەیەک ببوون.

زێد و زیندەواری ناوگوند، بەرە بەرە دەکەوتنەوە جوولە جوول و ژاوە ژاو...! مانگایەکی جێماو... بەگاڕانێکەوە کوتکوت ڕادەدرا و بەگەل گاڕان دەکەوتەوە... گوێدرێژێکی بێ قەڕاسە و کورتان، سەرە گالۆکی تێ دەژەنرا



و لەچیوە و چەپەری مالان دوور دەخرایەوە، بەڕەللای جێ جۆخین و گیا سەرما بردووی لای "لەودە" و "کاکۆ" کانەوە دەکرا...! هەموویان، بەئەسپایی بەلێژ و تەلانی گوندا دەچوونە خوارەوە... زەڕە زەڕی نێرە کەرێک، ناو ئاوایی شلەژاند، لەم ساتەدا، دەنگێکی بەرزەفڕی کەوتە بەرگوێ:

– ئۆغرت خێر؟!...

سەری خۆی بەرز کردەوە، بۆ لای تاکە مالەکەی سەر گردەکەوە سەرنجی ڕانا... لغاوی ئەسپە بۆری گورج کردەوە، بەخۆ بەتاژییە ڕستکراوەکانەوە لەشوێنی خۆیا وەستا. دەمامکی خۆی کردەوە، سەرەو هەوراز سەرنجی ڕانایەوە:

– جب، لەگەل منت بوو؟

بەخۆ بەدەرپێی سپی و سوخمە شۆڕە بە لۆکەکەیەوە، هەر لە بالندەیەکی سپی مل درێژی دەکرد، تەلیسەکەی دەستی دانا، هات و لەسەر لێواری چەپەرەکەدا ئانیشکی دایەوە، بۆ خوارەوە سەیری کرد:

– دەلێم دیارە دوور دەڕۆیت، وەها سەربار و بنبارت لێ بارکردووە؟...

بەدەست ئاماژەیەکی بۆ لای دۆندە بەرزەکانەوە کرد.

– "جب" سەیرێکی ئاسمانی کرد و کەوتەوە قسان : بەخوا منیش کێچم کەوتۆتە کەول.

– تۆ نیازی کوێندەرێت هەیە؟!

– دەچمە شار.

لەم کاتەدا "ئایشە شەل" ، کە ئەویش مالیان کەوتبووە پەڕگەی ئاوایی، دەرگای چەپەری مالەوەیانی لەیەک ترازاند، عەلەشیش و قازەکانی بەڕەللای دەرەوە دەکرد، سەری خۆی بۆ هەوراز بەرز کردەوە، پاشان بەتووڕەیی و بەلێو کرۆشتنەوە سەری خۆی داخستەوە.

– "جب" دەنگی خۆی هەڵبڕی و گوتی:

ئەو ساڵ گۆشتی حەویانم نەخواردووە، گەلەک خۆت گیر نەکەی. دەبێ گەلێک ئاگاداری خۆشت بی. ئەو ساڵە وەک ساڵان نیە... بۆ لای "پیر کەرەم" و "ئاسمان درە" هەڵنەکشێی...!

– هێشتان هەر لەشوێنی خۆیا وەستابوو، توند لغاوی "رەخشان"ی ڕاکێشایەوە:

لەنێوچەوانمان چ نووسرابێ...

– قسەکەی پێ بڕی: ئەتووش هەر شتێکت پێویست بێ ئەوە ڕاوەستاوم! بۆ تۆ سەرم پێوە نیە...!

دوایە خۆشم دەچمە ماڵتان بەوانیش دەڵێم، چییان ویست بۆیان دێنم.

سەری خۆی بۆلای "ئایشە شەل" خوار کردەوە، کە ئەو دەم خۆی خەریکی مەڕە زایەکان کردبوو، ئالیک و ئاوی بۆ دابین دەکردن، بەتەوسێکەوە وتی:

– بەجوان و پیرە دڵ تەڕەکانی ئاواییشم گوتووە، ئێستاش دەیڵێم... کەویی بێلدار، قەسرە مەلیک، یەمەنی ژنان، پاپەجانی بێوەژن و ژنە عەلمۆدان، پارچە کوتاڵی جوان جوان سغ وەک بەڕی ماڵە شوانکاران تەنک وەک باڵی مێش... هەرچیتان ویست بەبێ شەرم پێم بڵێن، لەبن پەڕی هەوریش بێ بۆتان پەیدا دەکەم...!

ئەسپە بۆر خەریک بوو، لمووزی خۆی بۆ جۆگەکە درێژ دەکرد، یەک دوو جار لەقەوچەی دایەوە، سەری پێ بڵند کردەوە... بەبزەیەکەوە سەرەو هەوراز سەرنجی ڕانایەوە:

– جب، کێ ژن دێنێ لەئاواییی؟!

– هێشتان نازانم!

– ئەی کوتاڵ و موتاڵ بەکەلکی چی دێ. بەو زستانە هەر حەلوا و شیرناتیمان بۆ بێنە.



– بەدەنگێکی بەرز و گەپ ئامێزەوە وەڵامی دایەوە :

بەڵکو بەخۆم پێویستم پێی دەبێ!

بەسەرسوڕمانەوە سەیری کرد، بەڵام ئەو درێژەی بەقسەکانی خۆی دا... دیارە لێم ڕانابینی!...

– بەڵێن بێ گەر ڕاست بکەی، یەکێکی لەقەدەرە خۆت بۆ بدۆزمەوە.

– قسەی تۆ لەسەر سەرم، براگەورەی هەموومانی... بەڵام لەئێستاوە پێت بڵێم، ئەمن ژنی سەرەخۆرەم ناوێ، بەدەم ئەم قسانەوە گوشە کایەکەی دایەوە بەئەرزا، لەگوێدرێژەکانی دوور کەوتەوە، ڕووی لەپەرژینەکە کردەوە، سەری خۆی زیاتر بۆ خوارەوە شۆڕ کردەوە، بەهەمان دەنگی بەرزییەوە کەوتە قسە کردن:

– ئەگەر ئەمنیش کچە تیمەکم هەبوایە، هەنکە زوو ژنەکم بۆ خۆم سازاندبوو. ئەی چۆن، پیرەژنێ هەر دەبوو، کوڕەکەی بۆ خۆی ژن بەژنی پێ بکردایە.

"ئایشە شەل" خۆی خەریکی بەرخە ساوا و ئاژەڵەکانی تر کردبوو... وردە نانی دەرخواردی مەڕەزاکان دەدا... لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە بەدەنگێکی نەختێ بیستراوەوە، کەوتە تانە و تەشەرە لێدان:

– هەی کوێری نەعلەتی... شێت و شووری دەم دڕاو... بەپەلە دەستی لەکارەکەی خۆی هەڵگرت. لەشەرمان ڕووی لەژوورەوە کردەوە. بەڵام "جب" لەقسەکانی خۆیا هەر بەردەوام بوو:

– ئەی "قادر حەمک"ی ڕەحمەتیش هەر لەتەمەنی من نەبوو، کچەکەی خۆی بۆ خۆی بەژن دا!!؟...

گوێی نەدا بەم قسەیە، خۆی لێ نەبان کرد. بەئەسپایی ئاوزەنگی لەتەنگەی "رەخشان" ژەند و لغاوی بۆ شل کرد.

دەنگە دەنگ و زەنا زەنای "جب"، "پوور مێردین"ی بۆ لای خۆی بەکێش

کرد. هەردوو دەستەکانی لەپشتە خۆی گرت و بەکوورە کوورە، بەناو زڕ و زبڵ و چڵ و چێوی نێوان کاکۆکانەوەدا، هەنگاوی دەنا. لەم لاوەش سەرنجی دڵنیایی بۆلای "بستی هەرمک" گواستەوە. "دێوانە مەمۆ" ی کەوتە بەرچاو، بەهەنگاوە ورد و نارێکەکانی، لەهەورازەکەوە سەرەو خوار دەهات، دەفەکەی بەلاشانێکیدا هەڵواسیبوو، شیرەکەشی بەلاشانەکەی تری دا.

"دێوانۆکەکەم چەند هیلاک و دەنگ کەوتووی. دەڵێی لەشەڕی سیاوەیش هاتوویەوە، خەو لەچاوەکانت دەبارێ،... قوربانی زڕ و پۆلیەی دەسکی زەرگت بم...، قەی ناکە هەر ئەوها بە، هەر ئەوها بە... بەڕۆژیش بادەستت هەر لەسەر زەرگ بێ... نەکەی لەگوند غافڵ بی...". هەنگاوەکانی زیاتر هەڵێنایەوە بەرزتر هەڵیدایێ: "ئەوەی ئەوشۆ ئەمن دیومە ڕەبی کافر نەیبینێ؟!"؛ بەڵام "دێوانە مەمۆ" وەک بڵێی گوێی لەقسەکانی نەبووبێ، سەرنجەکانی بۆ لایەکی ترەوە ڕانابوو، یەکسەر چوو لە چەقی ڕێگاکەوە وەستا و ڕێک لەبەردەم ئەسپ و تاژییەکاندا سەنگرایەوە. وەک بڵێی ئەویش قسەکانی خۆی بیر چووبێتەوە، بەم دیمەنەی کە کەوتە بەرچاوی ودم گرتبێتی، بەسەرسوڕماوی لەئەسپ و تاژییەکان ڕاما، کەوتە پرسیار کردن: "کەس نەبینێ خوایە، "شێخاڵ" ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟! وەختی هەندێیە؟!..." بەچاوە کزەلۆکەکانیەوە سەیری زەرگاڵ و بەلەک پێچ و پووزەوانە و ڕەخت و خەنجەری بەر پشدێنی کرد: "شێخاڵ، لەگەڵ تۆمە، ئەوە دنیامان بەسەردا کاول دەبێ!... دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆیت...؟".

– بەسەر دوژمنت کاول بێ پوورێ...

"دێوانە مەمۆ" دەستێکی بەلاملی ئەسپەکەیدا دامالی و قسەکەی پێ بڕی:

– دەی "پوور مێردین" چیت دیوە ئەمشەو، زووبە پێم بڵێ.



– بۆ لای تۆ دەهاتم، هەی بەقوربانی ئەڵقەرێزی دەفە و دەسکی زەرگت بم. هاتووم خۆم باوێمە سەر پێڵاوەکانت، "بەکراغە"ی نەعلەتی، ئەوێ ڕۆژێ هەر ناوی تۆی لەسەر زار بوو، کەم کەمە نەبێ، کەسی دی لەبیر نەبوو.

"شێخاڵ" خۆی خستە ناویانەوە: "ئەو بۆ خۆی وتووە، ئەتو داپیرەی هەموومانی، ئەتو قەرەواشی بەهەشتێی...!". "دێوانە مەمۆ" بەتووڕەیی و بڕست لێ بڕایەوە ڕووی لە "پوور مێردین" کرد: "دەی، خەونەکەی ئەوشۆتم بۆ بگێڕەوە... زووبە".

– "پوور مێردین" بەقوربانی داوداوی پەرچەمت بێ، کووت زانی خەونم دیوە...! دەنا دەشزانی چیم دیوە.

– دەمەوێ لەخۆتم گوێ لێبێ.

– "هەوارە بەرزە" ببووە کەڵەکەکی وەک کەڵەکی "زادۆ". وایان ڕادەهەژاند چرکە چرکیان پێخستبوو. چەند کفن لەبەرێ هەموو لەدووڕرا سپی دەچوونەوە... کە چاوم پێ کەوتن زەندەقم چوو... تۆبە ئەستەغفیروڵڵا... خوایە... یەکێکی نوورانیم لێ نزیک کەوتەوە، عەبایەکی ڕەشی قاقمیی لەخۆ لوول دابوو، کەوشێکی شامی لەپێ بوو، دا ا ارەکی ڕەشی مارپێچی لەدەستی خۆی گرتبوو، هات و بەتووڕەیی ئەمری کرد و گوتی: مێردینە شێت، ها، ها...! ئەوەش خۆتان و خەلە و خەرمانتان...!... "

"دێوانە مەمۆ" بەزەردەخەنەیەکەوە، بۆ زەوییەکەی بەرپێی خۆی دەڕوانی، بەوردی گوێی ڕاداشتبوو:

– جا بۆ زەندەقت چوو... ئێ... دەی دەی... کێی تریشت دی؟!...

– گەلێ کەسی تریشم دی... بەڵام نەمدەزانی کێ بوون... چ بوون...! هەر هەندەم زانی "هەوارە بەرزە" یان وەک دارەبازە لەسەر شانی خۆیان دانا...

– "دێوانە مەمۆ" بەپەلە پرسی: بۆ کوێیان برد؟!...

– چووزانم...! هەر بڵند دەبووین، هەر بڵند دەبووین، هەتا عاردمان لەپێش چاو هەندی بێژینگێکی لێهات...

– بەزەردەخەنەیەکەوە سەری خۆی هەڵبڕی : دەی... دەی... ئێی... پیرێژنە چاو بەجیق، بێژنگ یان دەفە!! ؟... ئێی ؟... دوایی...! ؟...

– دوایە، هەموو بەرگ سپییەکان، حەلقەیان بەستا، بووبە دەفە لێدان و زیکر کردن. ئەوی عەبا ڕەشیش، هەی بەقوربانی تۆزەکەی بەرپێی بم... لەسەر سەریان ڕاوەستابوو، ئیدی پاشان بەخەبەر هاتم... دیتم ئەتو لەسەر "بستی هەرمک" زیکرەکت دابەستایە نەبیتەوە. "دێوانە مەمۆ" خنینەوە و زەردەخەنەکەی جارانی لەسەر ڕوخساری هەر مابوو... بەدەم سەرلەقاندن و قژ و کاکۆڵی کراوەوە... لەبەردەم "شێخاڵ" و ئەسپەکەیدا لاکەوت، ڕووی لە "کەپکی پیر کەرەم" کرد و دەستی کرد بەلوورانەوە... پاشان بەرز هەڵیدایێ : "دەمزانی ئەوشۆ بەتەنها نەبووم. گەلێ کەسی ترم لەگەڵ بوو، هەموو بریسکەی چاویان دەهات، هەروات بکردایە بەدەست دەتگرتن...!" ئیتر بوو بەسکڵی کوانوو، دەستی کردەوە بەدەف لێدان. "پوور مێردین" بەهەمان سەرسوڕمان و حەپەسانی جارانەوە سەرنجە ئاوەژۆکانی بۆ لای ئەسپ و تاژییەکانەوە گواستەوە:

– "شێخاڵ" پێت نەوتم بۆ کوێ دەڕۆی ؟...

– گەلێ گیر نابم نا... زوو دەگەڕێمەوە.

– جا بەو ناوەختە... بەو قیامەتە...! ؟

– پوورێ خەمت نەبێ ناچمە جێی بەترس.

بەدەم ئەم قسانەوە لغاوی ئەسپەکەی بۆ شل کرد و کەوتەوە ڕێگا...

لەم بەیانییە ڕوون و بێگەردەدا، دوای ڕادانی گا و گۆتاڵ، مناڵی ئاوایی ڕژابوونە ئەم دەوروبەرەوە. گەرەکیان بوو هەرچی گۆشەگیری و خەم و پەژارەی زستانی بنێساو وخەۆک هەیە، لەگەڵ تیشکی خۆرەتاودا



بیتوێننەوە... هەندێ لەتەک کاکۆ و لەپەنا لەودەکاندا خۆیان مات کردبوو، سەیری فاقەکانیان دەکرد، هەندێکی تر یەک و قونکە گوشیان نووشتاندبووەوە و وەک سەرکڵاو بەسەر سەری خۆیان داهێنابوو، لەپەنا بەردێکەوە، سەرە پەتێکیان بەدەستەوە گرتبوو، هەڵقوت هەڵقوتیان بوو، بەنیگەرانی سەیری تەپکەکانیان دەکرد، ئاخۆ کەی چۆلەکەیە دێ و لەژێریا چینە دەکا... چەندانێکی تر لە دامێنی گوند و باخچە هەڵوەریوەکانەوە... بەپای پەتی، بەدارلاستیک و بەردەقانییەوە، چۆلەکە و تەیر و توویان بەڕەوە هەڵدەسان، تابچن لەسەر فاق و تەپکەکاندا بنیشنەوە.

"شێخاڵ" بەخۆ بەئەسپ و تاژی و توولە قووچڕەوەکەیەوە، نەختێ خۆی لێ لاتەریک کردن، بەڵام کار لەمەدا نەمابوو، نرکە نرکی "دێوانە مەمۆ" و ڕمبە ڕمبی دەفەکەی دەستی، دار و بەردی بێدار کردبووەوە... منداڵان، هەرکەس لەپەنا بەرد و کەڤرەکاندا سڕببوون. بەدڵێکی پڕ لەنیگەرانییەوە، لەچاوەڕوانییەکی بێ هوودەدا بوون...!.

هەر لەسەر پشتی ئەسپەکەی، لای لێ کردنەوە، بەدەنگێکی نەرم ماندوو نەبوونی لێ کردن... هەرکەسە لەپەنا حەشارگەی خۆی دەرپەڕی... وەڵامیان دایەوە... ئەوانی ئەوبەریش، لە کەلێن دارەکانەوە، هاتن و لەسەر تاشەبەرد و کەڤرەکانەوە ڕاوەستان و سەیریان دەکرد... وەک سەرکردە و خەمخۆرێک ماڵئاوایی لێ کرا...!

خۆر خەریک بوو، لەناو دەریا وەنەوشەییەکەی ئاسۆدا، وردە وردە چاوی دەپشکووت. دەموچاو و ڕوخساری مناڵەکان، لەگەڵ هەر چڵە دار و مێرگ و دامێنی بەرزاییەکی کە هەتاوی دەگرتەوە، سوور هەڵگەڕابوو...!

"شێخاڵ" دەیزانی، هەرجارێ کە ئەو ببینن، بۆن و بەرامە و کزەکزی گۆشتی سەرسێڵ و هەڵمی گۆشتاویان وەبیردێتەوە، لەتامەزرۆییان دەمیان پڕ ئاو دەبێ... دیسان ئاوڕێکی لێ دانەوە و وتی: "منیش دەچم

گۆشتتان بۆ دێنم..." بەرزتر هەڵیدایێ: "دوعام بۆ بکەن...!". منداڵەکان ئەم قسەی دواییەیان بەچاکی نەپێکا... یەکەم جار بوو ئەمەیان لێ گوێ لێ بێ...!

لەگەڵ بەرز بوونەوەی خۆر، پەیتا پەیتا ڕەنگی دیمەنەکان دەگۆڕا. هەرچی گوند و نیهاڵ و نەورایی و دۆڵێ هەبوو، پڕاوپڕی تیشکی خۆرەتاوەکە بوون. تاڤگەی تیشک، ئاتەشفشان ئاسا، ئەم ناوەی کرد بەچراخان، خۆر وەک بووکێکی ڕازاوە، بەقەد باڵای شاخەکان، بەئاسماندا بەرز هەڵدەچوو. مناڵ و زێد و زیندەوار و هەرچی دیمەنێ هەبوو، وەک گوڵەباخ دەگەشانەوە.

دۆڵ و گەوە شاخەکان، بەتەواوی کەوتنە بەرچاو. کە هەتاو تینی سەند، تەڕ و تووشی زستان کۆتەڵ کۆتەڵ دەبوو بەتەم و مژ و بەقەد پاڵەکانەوە دەلکان، یاخود دۆند و سمرِیتکەکانیان دەکرد بەجێهەواری خۆیان. تا خۆرەتاو زیاتر بڵاو دەبووەوە، جوانی و قەشەنگی ئەم دەوروبەرە سحرئامێزە چاکتر دەکەوتە بەرچاو.

پێش خۆر کەوتن، "هەوارە بەرزە"ی لەبەرچاوا هەر لە گۆڕغەریبێکی دەکرد. هێلانەی بایەقۆش ئاسا، لەشوێنێکی بەرز و دوور و دەرازەوە هەڵگیرسابووەوە...بەڵام ئێستا...! لەگەڵ گزنگی خۆرەتاودا، جوانی و قەشەنگی ئەم گوندە و دەستە خوشکەکانی تریشی دەکەونە بەرچاو.

ههها... لەخوار ئەم کۆزە ئەسپیندارانەوە، بزنە ڕێیەک دەتکا بەناو دێیەکی ئاپوورەترەوە...، لەسەر کەڤری زارگەلی، دێ یەکی تر کە خانووەکانی هەریەکی لە دوو نهۆم کەمتر نین، هەندێ بەرز و هەندێکیان وەک قازمە نووشتوو قووت بوونەتەوە...

هەر لەسەر پشتی ئەسپەکەیدا... سەرنجی گواستەوە بۆلای گوندەکانی بن گەوە شاخ و شوێنە نسارەکانەوە، هێشتان هەتاویان تێ نەکەوتبوو:... سەیرکە سەیر... ئەوانی قەراخ ڕووبارەکە... دەمئاو و دەمئاو دەڕوا...



لەبینای چاو چوونەتە دەر... چاو دێ چاو... ئەم قەراخ ڕووبارە هەموو هەر ڕەز و باخ و گوندی ئاپوورەیە... پێدەشت و تەختاییەکەی، لای کەنارەکەی تریش لەوان زیاتر... سەیرکە "میرەدێ و نواڵە دڕ و شیوەجان" و چەند گوندی گەورەتری گرتۆتە خۆی...!

بەم پێیە بەچاوە تامەزرۆکانی، دەکەوتە ڕوانینی ئەم دیمەنە سەرنج ڕاکێشانەوە... هەر وای دەزانی لەوەپێشتر نەیدیبوون...! " بەرەکەت دا... شێخاڵ... دەبێ بتوانی بێ ئێرە بژی...؟!". بەدەم ئەم سەرنجدان و قسانەوە، ڕێگای گرتەوە بەر، بەڵام "پوورمێردین" هێشتان گەلێ پرسیاری تری مابوو... لەناو ترس و تۆقین و سەرسوڕمانەوە، بەتەنها مایەوە، بێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی بدرێتەوە...! زوێر و دڵشکاو، هەر لەدواوە سەیری دەکرد و بەدەم تانە و تەشەرە لێدانەوە، لەبەرخۆی کەوتە ناڕەزایی دەربڕین: "ناچمە جێی بەترس!... قەلەندەر دەزانی جێی بەترس لەکوێیە و لەکوێ نییە؟!. خەڵکی ئاوایی بەنێر و مێیەوە، ئەوەی دەستی دار دەگرێ، ناوێرێ سەدە هێسترەک لەگوند دووربکەوێتەوە... ئەوێ ڕۆژێ خۆت لە دار و بەرد دا، بزانە قەت بێ ئەقڵ و کەمزانەکی وەک خۆت دیتەوە، بەگەڵت بکەوێ!... قوڕ بەسەر کە گوتت دێو بڕایەوە، نەک چەکدارەک و دووان و سێیان... هەموو چەکدار و ڕاوچی دنیایە بێن لەڕاست دێوی گەڕ گەڕ بەپووشکەیەک ناچن.... دەچمە ڕاو...!! لەشەرمان ناشوێری بەخەڵکەکە بڵێ... کورە هۆ دەر و دراوسێ و خزمی ئاوایی، ئەوا کەللە ڕەقی و مەعزوورییەک منی گرتووە و هەر بەو دەردەش دەچم...!. کەسێکتان بەگەڵم ناکەوێ و ئەمنیش پێ لە کەلی شەیتان نایەمە خوارەوە، ئەجەل دەمگێڕێ، ئەوجا نازانم لە چ کونە شاخێ کەلەواژ دەبمەوە...! هەی لەخۆت بێ خەبەرێ... چ کۆللارە و کوندەبۆ و خەرتەل و سیسارکە کەچەڵی دنیایێ هەیە، هەموویان، هەر هەموویان، گیانە پیسەکەی دێوی گەڕ گەڕیان پەڕیوەتێ. ئەوجە بزانە هەر سێ و دوو ڕۆژێکی ترە... بزانە کوو دەکەوینە

بەرهێرشی قەلەڕەشەکان. جارێ ئەتو "شێخاڵ" لەوەچەی ئەوانت کوشتووە، قەلەڕەشەکە هەر چاوت دەکوڵن، ئەدی... قەت ئەوە لەبیر دەکەن... دوێنێ پێران بوو، قەلەڕەشەکەی لەتاقی ئاسمانێ ڕا بەردایەوە...! ئەمن دەمزانی، وەکی ئەوم دیت، دڵم خەبەری دا... دەمزانی دێوی گەڕ گەڕ چ ئەزیەتێکی پێ گەیشت. دەمزانی لەتاو ڕوحی خۆی نەک سندم، زنجیری هەزار قەفیش دەپسێنێ... ئەوجا خوا هاوار و خوا تۆبە... خوا لەغەزەبی ئەو دڕندانە بمانپارێزێ... "ئایشە شەل" خۆل و دۆت وەسەر...! قەلەڕەش چاوی تۆش دەردێنن. بەدەنووکە تیژەکانیان دێن، دورچاوت دەکوڵن... گلێنەی چاوەکانت دەخۆن... ئەتو ئەوەت بە"شێخاڵ" کرد. ئەگەر نا ئەو بەستەزمانە ئاگای لەهیچ نەبوو... سەر بەگوێەند، با ئەو ساڵ جووچکەت نەبوایە... نەدەبوو؟ وەها ئاگرت تێبەربوو...!" سەرنجە ئاوەژۆکانی بۆ لای "شێخاڵ" ڕانایەوە : "هی هی، چەند قیت دەڕوا قیت!... لەکنە وی نە بای دێ و نە باران...!"

ئەویش هەر بەدەم سەرنجدان و بیرکردنەوە ملی ڕێگای گرتبووە بەر. وەک لەشکرێکی توند و تیار بەیەکەوە هەنگاویان دەنا. لەنشێوی ئاوایی وەپشت کەوت، سەرەوخوار دەڕۆیشت تا تووڵە ڕێگاکە بەرەو ئاسیاوەکەی "ئۆمەر"ی برد. "ئێستا ئۆمەر، باراشهێرێک لەئاسمان دەقوزێتەوە. لەتەنهایی و لەبێکارییان وەک ڕێوی گەڕی لێ هاتووە..." بەزەردەخەنەیەکی تەنکەوە لەبەرە خۆی کەوتە بیر کردنەوە..." هەر لەدوورەوە بەپیرمەوە دێ، بەدەورما کلکەسووتێ دەکا...، پایزان، لەپوورزا و خوارزای کەمتر پێ بلێی ئاورت لێ ناداتەوە. باراشهێر دەمرن هەندی کوسکێشی لەبەر بکەن... چ مت و مۆری و سەیلاو و بنێشتی ئینگلیزی،... لەلای "جب" نەما، هەمووی بۆ خۆت و بۆ ماڵ و منالت هات... تەنها بۆ ئەوەی برێ زوویان بەرێ بکەیت...". گەیشتە ڕاستەڕێگاکەی نزیک ئاسیاوەکەوە، لغاوی ئەسپەکەی شۆڕتر کرد، خێراتر هەنگاوی نا... "ئەگەر ئاشەوانی هەموو دنیا



بەهەشت ببینێ، ئەو ئۆمەرە گڕەی خۆمان، ئەو نیسکە بێ بەر و پشتە، چاوی پێناکەوێ...! ئەو کۆتکەی کە، مزەی ئاشی پێ وەردەگرێ، لەو سەر دەبێتە پەنگرە ئاگرێ کز کز دۆنت دەتاوێنێتەوە. سەد ساڵ ببیتە مجێوری مزگەوتانیش، لەئاه و ئۆباڵی باراشهێران ڕزگارت نابێ...! هەی بێ ئینساف، ئەو خواردن و توێشە بەرەی کە باراشهێری لاکەچە و ژاژیلۆک و کەورەبان... لەگەڵ خۆیانا دەیهێنن، ئەو سەرکە خورمای لەناو ئارد... ئەو قاورمە، ئەو ژاژی و پەنیرە پڕ لە عەتر و ئەسپونەی ڕەوەندان... هەمووی دەبن بەپارووی چەور و بەگەرووی خۆت و ماڵ و منداڵتدا دەچنە خوارەوە...". بەدەم ئەم خەیاڵ و خۆدواندنەوە، لەگەڵ جۆ و جۆباری ئاشگێڕە وشک هەڵاتووەکە سەرنشێو بووەوە... ئەو گۆمیلکە ئاوانەی کە لەپێچ و لوولی ڕێگای پەنا شاخەکەوە بەستابوویان... خرچ خرچ... سمە خڕەکانی "رەخشان" لەت و پارچەی دەکردن و هێمنی و تەنهایی ئەو شوێنە نسارانەی دەشڵەقاند... تا لەئاسیاوەکە نزیک دەکەوتەوە، دەنگی سم و لۆقە لۆقی ئەسپە بۆر بەرزتر دەبووەوە. لەڕاست بەڕاستی دارکلۆرە شەش حەوت گەزیەکەوە، ئەو دارەی هەموو جار ئاوی بەخوڕ پیا دەهاتە خوار بۆ سەرپەڕی بەرداشە زل و زەبەلاحەکەوەدا... هەڵپڕوانی... سەرنجی دا... هەر لەدوورەوە بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ : "داروبەردی ئاشەکەت کەڕووی دەرداوە، چاو دێ چاو... هەموو دەلێی سەربە دۆنە و گوڵە مەندیلانەی لێڕواوە...! ". "ئۆمەر ئاشەوان"، لەم کاتەدا سەیری تەختە و ئاسن و پەرەکانی تۆپەکەی ژێر بەرداشە گەورەکەی دەکرد، وەک کۆلارەی برسی لەناو ڕەهەنی ئاسیاوەکەدا ڕاپسکایە دەرەوە، توند و تەنگاو باگۆی دایەوە: "ئەی زستانان هەروا نییە... هەروا بەقوڕ ناگیرێ...!!؟؟... گەرماڵ و قۆناخێکی خانەدان و بەمیوانی وەک ئێوە و مانان نەبێ، کێ هەیە لەو وەختەی ساڵێ بێتە ئاش!...". دیمەنی کراس و دەرپێ سپییەکەی، خەندەیەکی سەرسوڕماوانەی لەسەر ڕوخساریدا پەیدا کرد. بەدەمێکی

بەپێکەنینەوە لای لێ کردەوە: "ئیستاش هەر بۆنی ئاردت لێ دێ". بەدەم زەردەخەنەیەکەوە نەختێ خۆی داوەشاند و زیاتر خۆی لەناو پاڵتۆکەیەوە لوول دا... پاشان بەرەو ڕووی چوو، وەک فیشەکە شێتە کەوتە ماندوو نەبوون و چاک و چۆنیەتی... بەپەلەپەل و هەناسە سواری کەوتە پرسیار کردن: "بارت جۆیە یان مزاش، هەر خۆتی یان هی تریش بەدواوەن؟..." لەگەڵ ئەم قسانەیدا، هەر دوو کوڕە گوێن و زگ دەرپەڕیوەکانی، وەک کودەڵە بەرازی نێو گەوڕان، لەگورگە پشت و کەلارەی ئاسیاوەکەدا هاتن و لەنزیک ئەوانەوە هەڵگیرسانەوە، دیار بوو دەمێک بوو کەسیان بەلادا تێنەپەڕیبوو، زۆر بەسەرسوڕماوی سەیریان دەکرد. "ئۆمەر" درێژەی بەقسەکانی خۆی دا: "چابوو زوو هاتی، هەر سێ و دوو ڕۆژێکی ترە، منیش چۆڵی دەکەم، دەگەڕێمەوە هەوارە بەرزە. خۆت دەزانی لەجێیەکی ئاوا سارد و سڕ بی و بێکار و دەست بەتاڵیش بی، گەلێ لەشەڕ ناخۆشترە." ئەوەندە تێنووی قسەکردن بوو، وەک سوارە دڕە یاخە و بەرۆکی گرت، دەستێکی بۆلای شاخە گەردن کەشە دوورەکانەوە ڕانا: "ئەو زستانە، خەڵکی ئەو بنارە، هی گوندەکانی لاکەچە و ژاژیلۆک و چەمەرە بەفر و کەورەبان... لەبرسان دەمرن. ئەمن دەزانم لەپاییز چەندیان هاتوون و ئێستاش چەندیان ئارد ماوە. هەموو قەلەزراو بووینە... دەڵێی جەردە هاتوون لێی کردوون بەدەوەن بەئاش... جاری خەڵکی "لاکەچە"م چەند مانگێ دەبێ نەدیون... ڕاوچی و چەکدارەکانیان هەر ئازان لەپێش خەڵک سنگ دەردەپەڕێنن، من ئەوەندە مامزم ڕاو کردووە، هێندە و هێندە شقری قۆچ درێژم لەخرتۆڵێ وەرداون... گورگ و کەمتیارم کوشتووە، هرسم لەکونێ دەرهێناوە...!... ئەدی کوا...!؟ ئێستا لەکوێن؟... بۆ وا بوون بەبەردی بن گۆم...!؟ بۆ ئێستا یەکیان دیار نین...!؟ تفەنگە ڕەشکە و کچکچاپ و جامبێزاری سەرشانیان چی لێ هات...؟! ڕەخت و فیشەکدان و ڕێشمە و لغاوی ولاغە بەرزەکانیان چی لێ هات!... مشک خواردی، مۆرانە لێی



دا...؟!... نازانم ئەو خۆ هەڵکێشانە بۆ وا شوونبزر بوون، "سەید بەبە" قۆڵبەستی کردوون، یان " عەلی قامچی ڕەش" جۆماژۆی کردوون...؟! نازانم ئەو نیشانە شکێن و ڕاوچییە سمێڵ بابڕانەی کە ناو و شۆرەتیان بەنۆ نێرەکەر هەڵنەدەگیرا، بۆ وا بوون بەفسی ناو ڕانک...! "خانە بەگ و برایم شەوارە و میر مەحمەل و لەشکر" و... چەندان و چەندانی تریش، بۆ وا خۆیان بزر کرد...! مناڵە سەرکە و بنکەکانیان لەبرسانیشا بمرن چما دەوێرن لەماڵ دەرکەون، باراش بێننە ئاش؟... چما هەموو کەس هەوارە بەرزەیین...!؟".

"شێخاڵ" نەختێ سەری خۆی بەرز کردەوە، گەرەکی بوو شتێ بڵێ، بەڵام ئەو، ماوەی پێ نەدا، لەگەڵ هەڵکردنی کزەباکەدا، پاڵتۆکەی دیسان لەخۆ لوول دایەوە و کەوتەوە قسە کردن: "ئەو میر مەحمەلەی لاکەچە، حەرام و تەرام خۆڕێکە نەبێتەوە... ئەگەر بۆی ڕێککەوێ لەسەر گۆشتی سەگیش پاز نادا... ئەوێ ساڵێ بەهەزار درۆ و دەلەسە و دەردەسەری، گوێچک و لووتی چەند بەرازێکی بەدەست کەوتبوو، وەک بەلەچەک هەمووی لەناو توورەگەیەک دانا و بەخۆ و بەخانەبەگی ئامۆزای، ها ئەلێرە... لە "جب" دەپاڕانەوە، ئێمە و مانان گەر کەر بترێ دەڵێین بەگونی "جب"... ئەوان کەوتنە سەر پێڵاوەکانی کە دەیانوت "کاک جبراییل" شەهد و شەکەریان لەدەم دەباری...!... تا لەگەڵ خۆی بیانباتە شار، بیانباتە لای قومێسەری پۆلیسان، تا هەندێ پارە بەگوێچکە بەرازەکان وەربگرن...!

"شێخاڵ" نەدەپرژا سلاوی لێ بکا یان وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. بەدەنگێکی بەرز کە نارەزایی پێوە دیار بوو، قسەکانی پێ بڕی : "منیش نە باراشم پێیە و نە داناش...!".

بەم قسەیە لەشوێن خۆیا وشک هەڵگەڕا، بووبە ئاوری ئاو پێداکراو... بەچەند قسەیەکی هەڵبزرکاو و پچڕ پچڕەوە کەوتەوە قسان: "وات فێر کردبووین، هەموو جارێ بێی و هەر باراش و داناشێکت هەیە، لێرە جێی

بێڵێ و منیش بکەی بەوەکیل و مزە وەرگری خۆت، هەتا لەڕاو و شکار دەگەڕێیەوە، بەخۆ بە"هەیبەت"، هەمووت بۆ تاوتوێ بکەین...".

– "منیش کەلەشێکی چەورتان بۆ جێ بێڵم...!". بەدەم ئەم قسانەوە دەستی کردەوە بەڕۆیشتن. ئەویش وەک دەمی کلۆم دڕابێ، بەڕەنگێکی هەڵبزرکاو و پەشۆکاویەوە، سەرنجێکی پڕ لەتیر و توانجی ئاراستەی خەڵوار و باروبنە لەیەک لوولدراوەکەی پاشکۆی زینەکە کرد. پاشان سەری خۆی لەهەردوو تاژییە ڕستکراو و توولە بزۆزەکە خوار کردەوە، بەچاوێکی ئەبڵەقەوە پەنجەکانی خۆی گەستەوە، بەرز هەڵیدایێ:

– کاکڵە گوێزەکمان هەیە بەلێوان دەخورێ!... "هەیبەت"یش دەچێ شەکر و چامان بۆ دێنێ. چایەکی بەتام و شام و قەندەهاریت بۆ لێدەنێین.

– پرسیارێکی کتوپڕی ئاراستە کرد: "جب" ئێوەشی فێری چاخواردنەوە کرد؟؟!...

– جا کێ ماوە ئەو سەگسارە فێری چاخواردنەوەی نەکردبێ...! "دوای هەڵوەستەیەک گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "ئەستوورکە بەکسکەمان هەیە، ژاژی و پەنیر، لۆری مەڕەزاو... حەز دەکەم گەورەمان کەیت، نانێکمان لەگەڵ بخۆیت.

– هەر لەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە ئاوڕێکی لێ دایەوە: نانی چ وەختی؟!...

کزەبایەکی لەش ڕچێن، لەبنار گەوەشاخ و شوێنە نسارەکانەوە هەڵی کرد، سینگ و بەرۆکی سارد کردەوە، پاڵتۆکەی زیاتر لەخۆ لوول دایەوە... لەبەر خۆی کەوتە ئاخاوتن:

– بەگەورەیی و گچکەیی نییە... ئێستاش هەر بەتەمەنی منداڵی دەمیزی...! چاو دێ چاو، ئەو هەموو هەیت و هووت و تڕەکەڵەکەی لەخۆ بار کردووە...! "بزەیەکی پڕ لە تان و تەشەرە، لەسەر ڕوخساریا بڵاو بووەوە، پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی" : بەڵێ باروبنەی قۆچ



عوسمانە، هەمووی هەر دراو و زێڕ بێ...! هەی پیری ئاخر شەڕ، ڕاوچی و نیشانەشکێنی وا لەو گوندانە هەن، پەنجای وەک تۆ دەبەنە سەر ئاو و بەتینوێتی دەیهێننەوە، تازە تۆ چیت لەچیدا ماوە...؟! کامە ڕاوچی چاوتیژ و نیشانەشکێنە...، ئەوڕۆ ناوێرێ خۆی لەدار و دڕی ئەو شاخانە بدا، چ دڕندەی خودا هەن، وا لەو ناوە بڵاو بوونەتەوە... "دەنگی خۆی بەرز کردەوە" : گورگ، بەراز، هرس، کەمتیار... هەمووی بەڕەوە دیتراوە، لەبرسان شەوان دێن، لمووزی خۆیان لەسواندەی گەوڕ و تەویلە و کۆزی کارو بەرخان هەڵدەخڕێنن،. وەک ئەوێ ساڵێ، دەڵێن دیسان ئەو شقر و نێری و بزنە شامی... هەیە، یان خوراون یا بۆ گەرمێن هەوار گۆزیان کردووە... "دوای ساتێ کڕ بوون و دۆشدامان، لەبەرە خۆی کەوتەوە منگە منگ و تڵمە و بۆڵە": ئەو ساڵ وەک چەند ساڵە نییە، کە لەشی نێری و مامزی قۆچ ڕەش بێنیەوە "هەوارە بەرزە" لەبۆ ئافەرینەکی " ساڵح مام شێخ" یان "خدر خەندان" و بەسەر ماڵاندا دابەشی بکەی...! هەتا بڵێین ئەوە چییە، وەڵڵا هێشتا هەر خورتە، پیریەتی کاری لێ نەکردووە، توخوا هەر لەکۆتکە مزەی من و هەر لەچەقۆ تیژەکەی تۆ...!؟ ئەو کۆتکەی کە هەقی خۆمی پێ وەردەگرم، هەموو جارێ دێ و بەچاوم دا دەدەیتەوە، دنیات لێم پڕ کردووە، هەندی بڵێی زیاد وەردەگرێ. بەوەی باشە چ ئاسیاوی تر لەو دەوروبەرە نەماوە، ئەگەر نا منیشت وەک "زادۆ" دەخستە سەر ساجی عەلی،... دەستخەڕۆت دەکردم. قوڕ بەسەری، لە بەر گۆشتی بەلاش، کەس بەپوولێک ماسی لێناکڕێ...!"

ئەسپ و تاژییەکانی لەبەر چاو ون بوو، بەرە بەرە " شێخاڵ" بەڕێگا سەرنشێوەکەدا دەچووە خوارەوە. تا تینی تیا بوو بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ :

– بەخێرچی، ئینشاڵڵا بەسەلامەتی دەگەڕێیتەوە. "دوای هەڵوەستەیەک درێژەی بەقسەکانی خۆی دا": ڕێ گۆڕی نەکەی، هەتا ئەتۆ نەگەڕێیەوە،

ئەمن لێرە نابزووم. "زادۆ" شم لەگەڵە، هەندێ شەو لای ئێمە دەمێنێتەوە، بەدووان چاوەڕوانت دەکەین....

"شێخاڵ" بەدەم بڵمەبڵمێکەوە ئاوڕێکی لێ دایەوە، بەڵام نەیزانی چی وت. "ئۆمەر" هەر بەدەم سەیر کردنیەوە لەشوێنی خۆیا ڕاوەستابوو. گوێ وشتەکانی دابووە بەر کزەبا ساردەکەوە. ئەویش پەیتا پەیتا بەنشێوەکەدا دەچووە خوارەوە و لەبەرچاوی ون دەبوو... لەپڕدێنی بەرەو خوار، پشت و شەپکەی پیلی، پاشان تەنها سەری وەکو خاڵێک لەناو دەوەن و دارە ڕووتاوەکاندا بەدی دەکرا، ئەوەندەی پێ نەچوو، ئەویشی لەبەرچاوان ون بوو. هەتا زیاتر لە هەورازەکەوە دادەکشایە خوارەوە، شوڕ و هۆڕی ئاوی ئاشگێڕ و جۆگەی بەرکانییە بەهەڕمێنەکەی "هەوارە بەرزە"ی دەکەوتە بەرگوێ. بەخوڕ بەقەد پاڵەکەدا، بەقەڵبەز شۆڕ دەبوونەوە و تێکەڵ بەئاوی "خڕی دووبەندان" دەبوون. کە لە نشێوە ڕێی هەورازەکەوە دەربازی بوو، کەوتە پێدەشتە ڕپن و سوورەبانەکەوە. وەک پارچە ئارمووشێک بەناو ئەم دۆڵەدا درێژ ببووەوە، ڕووبارە لیتاوییەکە کردبووی بەدوو بەشەوە. هەر جارێ "ڕەخشان" لە ڕێچکۆڵەکەی لادابوایە، سمەکانی لەناو خۆڵە تەڕ و شێ هەڵگرتووەکەدا ختم دەبوو... بەزۆرە زۆر پێی دەکرا بگەڕێتەوە بۆ ڕاستە ڕێگاکەوە.

لەنزیک ڕووبارەکەوە دەنگە دەنگی "زادۆ"ی کەوتە بەرگوێ. بەر لەوەی ماندوو نەبوونی لێ بکا، بەدەم گلە و گازاندە کردنەوە ڕێگای پێ گرت: "نازانم ئەوساڵ بۆ وا ڕسقمان سوار بووە. هەها تەماشای، لە دوێنێوە داوم داناوەتەوە.!" بەخۆ بەسەوڵەکەی دەستیەوە، لەتەک کەڵەکە شەق و شڕەکەی کە لەچەند شەبکە دار و کودیلەیەکی لەیەک بەستراودا دروست کرابوو، لەقەراخ ڕووبارەکەدا بەکێلیژە دارێکەوەی گرێ دابوو، دوو سوورە ماسی، تازە لەداوەکەی کردبوونەوە،... لەناو دەپکەی کەڵەکەکەدا هێشتان هەر هەڵبەز و دابەزیان بوو.



دیسان بەدەم پرتە و بۆڵە و ناڕەزایی دەربڕینەوە، درێژەی بەقسەکانی خۆی دا: "قسەکانی ئۆمەرم گوێ لێ بوو، لەکونی کاڵەک ڕاستترە". بێ ئەوەی هیچ برەوێ بەقسەکانی بدا، هەر تەنها ماندوو نەبوونێکی لێ کرد و، لێی ڕابورد. بەڵام "زادۆ" چەند هەنگاوێکی تریش، لەقەراخ ڕووبارەکەوە دوور کەوتەوە، بەدەنگێکی بەرز و بڕست لێبڕاو، کەوتەوە قسە کردن: "کورە بەخوا نەک هرس و بەراز... دێوی گەڕ گەڕ و نازانم بڵێیم چی و چیتریش لەپێستی پڵنگ دیتراوە. ئەمن ئەوڕۆ سێ ڕۆژە تەیراوڵم نەپەڕاندۆتەوە... ئۆمەر...!... کورە بابە "سەید بەبە"ی چی و "عەلی قامچی ڕەش"ی چی...؟ خەڵک هەر کەسە لەناو گوندەکەی خۆی، خۆیان لە بۆسەو نۆڕینگان ناوە، ئەوشۆ نا شەوێکی تر، هەر دیتت هرس و بەراز و گورگی دەم بەخوێن و پڵینگی باڵدار... بەناو ئاوایی وەربوون... ئەگەر وانەبوو، بزانە من نەماسیگر و نە کەڵەکوانم...! ئەدی باوکم، خەڵک بۆ خۆی ئازایە، وەک هەوارە بەرزەیی نین...!..."

بۆلای ڕووبارەکە وەرچەرخایەوە، دەستی ڕاستەی بۆ داوەکە درێژ کرد، ماسییەکی تری لەچەشنی ئەوانی پێشوو، بەکلک کوتان و خۆ ڕاپسکاندن هێنایە دەر و شلێپ فڕەی دایە سەر ئەوانی ترەوە. بەدەم بۆڵە بۆڵ و خۆ دواندنەوە کەوتەوە ئاخاوتن: "تۆ پشتت شکاندووم، ئەگەرنا، توخوا ئەو ماسیانە هی ئەوەن، وا هەرزانفرۆشی بکرێن...! دەزانی بە چ دەردەسەرییەک ڕاویان دەکەم؟... بەخوا هەر یەکی بەڕبە گەنمەکی قەندەهاری کەمتری نادەم... ئاخ!... چ بکەم بەخت و نێوچەوانێکی وایان هەیە." بەدەم سەیر کردنی "شێخاڵ"ەوە... "گۆشتێکی تەڕ و تازەیان، بەخۆڕایی بۆ دێتە بەردەرگایماڵیان... کێ بیر لەگۆشتی ماسی دەکاتەوە؟!... وەڵڵاهی ئەگەر وانەبێ ، ئەو "جب"ە سەگسارە وا دەترێنم، لەباتی هەر ماسییەک دەبێ قەندە شەکرەک و دوو عوربە چای لێوەربگرم." بەتووڕەیی دەستی لەکارەکەی خۆی بەردا، بەپەلە سەرکەوتەوە قەراخ

ڕووبارەکە. هەتا هێزی تیابوو دەنگی خۆی هەڵبڕی: "ئەم ساڵ ساڵێکی گەلێک بەدیۆمە، وەرە ناوی خوای لێ بێنین، با بەدووان بگەڕێینەوە ئاوایی...". "شێخاڵ" نەختێ سەنگرایەوە، ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە و بەدەنگێکی بەرز وتی:

– ئەوەی خوا نەیکا نابێ.

– بەڵێ بەڵێ وایە، هەمموو شت بەئەمر و ئیرادەی ئەوە... بەڵام ئەوەندەش نەباوەڕ مەبە. "ئۆمەر" مرد و سووتا، بڕوات پێی نەکرد، ئێ بەخوا منیش ڕاستییەکەت پێ دەڵێم.

– هەر بەدەم ڕۆشتنەوە، دەنگە بەرزەکەی "شێخاڵ" قسەکانی "زادۆ"ی قوت دایەوە: لەلای هەموو کەس وەسیەتم کردووە. با تۆش گوێت لێبێ، لەکوێ مردم لەوێ بمشارنەوە...!

– لەکوێ مڵتم لەوێم بشاڵنەوە...! پیری ئاخر شەڕ... لەکوێ مڵتم لەوێم بشاڵنەوە...! بۆ چما پشکە گۆشتەکت، لوولاقەکت دەمینێ هەتا لەبن گڵی بنێین...! کە برسێتی زۆری هێنا، بەخۆت و بەئەسپ و تاژی و تووڵەکەتەوە لەورگی ئەو دڕندانەدا دەخوسێنەوە و دەبن بەسەخوڕ... هەر بڵێ پیر بووم، گۆشتم ناجوورێ، تا ئێستا پاڕانەوە لەگەڵ بنیادەم دادی نەداوە، جا لەگەڵ دڕندان...!!. لەساڵێکی ئەوها جینگە ساڵیش...!! "بەدەم هزر و بیر کردنەوەیەکی قووڵدا بەبێدەنگ وەستا، پاشان لەپێشە خۆی کەوتەوە قسە کردن: "وای کوو دەعبایەکت لێ پەیدا نابێ، لەسەرڕا بێ و قەڵاندۆشکانت بێ...!" لەپڕ تەپەیەک ڕایچەڵەکاند و لەگەڵیا ڕەوەکەوی ژێر درەخت و تەڕاشەکانیشی خستە فڕین... دەنگێکی بەرز و بەپەلە هەموو گیانی پڕ لەترس و لەرز کرد: "خۆمانین خۆمانین، زادۆ... دڵت چ نەکا...!" بەدڵێکی پڕ لەترس و نیگەرانییەوە لای لێ کردەوە:

– ئۆمەر...!! ئەە ماڵت بەقوڕ نەگیرێ، زراوت بردم...



– لێم مەگرە، لەخەفەتان خەریکە پەڕ و باڵ دەرکەم...!

"هەنگاوەکانی زیاتر هەڵێنایەوە" : خوێن بەری چاوی گرتووە، دەلێی گەڕێ، بەڵکو ئەو زستانە خۆی بەپەلێک دادەدا... هەینێ ئێمەش ئیسراحەت دەکەین.

هەر بەدەم ئەم قسانەوە لە"زادۆ" نزیک دەکەوتەوە. پاڵتۆ شۆڕەکەی بەدوادا دەخشا، هەندێ جاریش لەخۆی لوول دەدایەوە.... "زادۆ" تا ئەوساش، هەر لەشوێن خۆیا دڵەکوتەی بوو. بەسەرسووڕماوی وەستابوو. چەند جارێ تفی قورگ و دەمی قووت دایەوە، بەرە بەرە بۆ بارە ئاسایییەکەی خۆی گەڕایەوە. بەچاوە کز و بچووکەکانیەوە لای لە "ئۆمەر" کردەوە:

– هەر جارێ ئەوهای دەبینم سەرم زۆر لێی ئەستوور دەبێ.

– کورە هەر ئەستوور بوون، هەر ئێش و ژان...!

– چ ئەو ئاخر شەڕە بچێتە ڕاو...، چ لەسەر کەپکی پیرە کەرەمم هەڵدێرێن...! لەلام وەکو یەکە.

– وتراوە کەنگر و ماست بەوادەی خۆی... ئەمن بووم بەشەست و یەک ساڵ، ئەودوو جۆخینیش لەمن گەورەترە.

– "زادۆ" خەریکی پێچانەوەی جگەرەکەی بوو... دوای ساتێ کڕ بوون و بیر کردنەوە..." : خەتای گوندیشی تیایە. هەتا "ساڵح مام شێخ" و "خدر خەندان" بەخۆ بەزمانی لووسیەوە بەشان و باهۆیدا هەڵبڵێن و ئەو شێتە بەدەفە و ناورانەوە دوعای بۆ بکا و... خەون و زیندەخەونی پڕ و پیرەژنەکانیش هەر هیچ...! بەخوا لەوەش خراپتر دەکا.

– جا ئەو پیرەژنە شێت و شوورە، خەونی بەکێ نەدیوە...! دار، بەرد، عارد، ئاسمان، باو باران، تۆخمی بەشەر... یەکەکەم بۆ ببینەوە، سەدان خەونی کەسک و سووری پێوە نەدیبێ.

– هەر کاتێ حەزی لەگۆشت بێ، کوت کوت دەچیتە لای، خەونێکی بۆ دەگێڕێتەوە. پار ئەو کاتەی ساڵ بوو، لەگەڵ "شێخاڵ"، لەبەر دەرگای ماڵیان ڕاوەستابووین، "پوور مێردین" هات... "بەدەم لاسکە کردنەوە و قسەی گەپ ئامێزەوە، کەوتە گێڕانەوەی قسەکانی" : شێخالۆکەکەم، قوربانی زین و سەرزینە بەگوڵ و ئەنگێزەکەی ئەسپە بۆرت بم، بەحەیرانی ئاوەزێنەی قایش و قوروشی برنۆی سەرشانت بم. ئەمشەو خەونێکم پێوە دیبوویت. چوومە لای دێوانە شێتۆکەکەی خۆمان،...

– "ئۆمەر" لەجێی خۆی، بەدەمێکی بەپێکەنینەوە قسەکانی بۆ تەواو کرد: مەمیلە سەر بەگوڵوازە و سمێڵ و ڕدێن ماشی و برنجەکەم... دەسکە زەرک بەزڕ و پۆلییەکەم. "دوای نەختێ پێکەنین، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی": ئەدی ئەتۆش وەک ئەو ڕاوچی نی "زادۆ"...!؟... ئەدی ئەتۆش ئەو هەموو ماسییە پوولەک ڕەنگینانە ڕاو ناکەی... زادۆ...؟!... هەر یەکی هەندی قەندە شەکرەکی عەجەمانە...! بۆ ڕۆژێک خەونەکی بەتۆوە نەدی؟... بۆ جارێ سواری چەرخ و فەلەکەکی نەکردی!!... "هەردوو بەدەنگێکی بەرز دایانە قاقای پێکەنین، "زادۆ" هەر بەدەمی پێکەنینەوە پەنجەکانی خۆی دەجووڵاندن وەک بلێی پارە بژمێرێ، وەڵامی دایەوە":

– ئاخر هی من وێری تێدایە وێر... خالّی خۆم...!...

– بەوەی باشە، ئەوساڵ پیرەژن خەونی خۆشی بیر چۆتەوە. باوەڕت هەبێ، لەوەتی خەونەکەی "مەمۆ"ی گوێ لێ بووە، هەر بەیەکجاری زیلکی ڕژاوە.

– قسەکانی بەکراغەشی هاتە سەر.

– ئۆمەر بەدەمێکی پێکەنینەوە، قسەی بەزادۆ بڕی : نەک هەر هی ئەو، چۆکی خەڵکەکەشی شکاندووە!... بەخوا هەر سێ و دوو ڕۆژێکی ترە، بزانە کوو هەوارە بەرزەیی، دێنە لامان، مادەلاییمان لەبەر دەکەن، تا بچین لە "میرە دێ" جێیان بۆ بکەینەوە و لەوێ دایانمەزرێنین. ئەوجا با کەسانی



وەک "ساڵح مام شێخ و خدر خەندان" و "مەمە شێتی" سەر بە ڕشک و ئەسپێ، وەکو قەل با هەر لەوێ بقڕن.

– یانی دڵم ئیسراحەت بکا...!؟ کارەکەمان سەر دەگرێ...!؟

– سەری گرتووە و زیاتریش.

– دەی چاوی خێل کەینێ فرمێسکان دەکەی!؟...

– دوای کڕ بوون و نەختێ ورد بوونەوە، "ئۆمەر" چەند پرسیارێکی لەدەم دەرفرتایە دەرەوە: ئەتۆ ناتەوێ ببیە میراوی گوندەکی گەورەی وەک "میرەدێ"...؟

– با...

– ئەتوو ناتەوێ سەد ئەوەندەی عاردە خێڵۆکەکەی ئەو کاول بووە... ی هەوارە بەرزە، زەوی و زارت هەبێ و بەناوی بێنی...؟

– بەدەم زەردەخەنەیەکی بەردەوامەوە : با...

– ئەتوو ناتەوێ لە "رنەی مەندان"ێ کە بەحرە ئاوەکە بۆ خۆی... خوا دەزانێ لەکاتی گاقۆڕاندا، لەچڵلەی هاوینێ، دوو حوشتر لەسەر یەک دابنێی، هەردووکی لێ دەخنکێ... ئائەلەوێ... بەخۆ بەکەلەک و داو و هەموو سموتە دارکەکەوە... ڕاوی لێ بکەی...؟

– بەخنینەوە و زەردەخەنەی پڕ لە هەوەس و ئارەزووەوە، بەرز وەڵامی دایەوە: با... بەرێ وەڵڵا... دەمەوێ...

– ئێ، دە هەمووی پیرۆز و موبارەکی خۆت بێ...! کاکی من، بابی من... قسەی "بەکراغە" نەخشی سەر بەردە. نە لەشتان پەشیمان دەبێتەوە و نە شتێکی بەقەد زلەپووشێ لەبیر دەکا...!

– بەقوڵپی خەندە و پێکەنینێکی قووڵەوە، پرسیارێکی کەل و شکاوی ئاراستە کرد: ئەدی، ئەدی... ئە ئە ئەتوو... ئاشە عەنتیکەکەی دەتگۆت... ئەوت بۆ دادەنێ؟

– ئاش چ ئاش. ئاشی ئاگر، كە لەگەڵ شیرەی نێرەكەر، هەر لەكازیبەی بەیانییەوە هەتا شەو ڕادەشكێ، هەر نركەی بێ... بەقسەی ئاغا، هەر یەک ئاشی تر لەو ماركە لەشاری هەیە... باراشهێری هەر چوار ئیقلیمی دنیا بێن، هەموویان بەچاوقوچێنێک بەرێ دەكەم. جا ئاردێ لێ دەكا، چ ئارد...! های هو، كلی چی و زرومباتی چی...؟!

– من دەڵێم، ئەگەر بەگوێی خزمەتكاری خۆت دەكەی، هەر لەئێستاوە با بار بكەین...

– نا نا نا... زادۆ... نا... جارێكی تر قسەی وات بەسەر زاریدا نەیەت...! دەڵێی لەگوێی گادا نووستووی. هەتا هەوارە بەرزەیی لەگەڵ خۆمان ڕانەپێچین، ئاغا جێی بستە عاردەكمان ناداتێ. لەكوێ نووستووی...؟؟! "خانەبەگ"ی "لاكەچە"، هەموو ڕۆژێ دەچێ خۆی داوێتە سەر پێڵاوەكانی؛ بەڵام ئەو دەڵێ، نا... برۆ هەموو گوندی "لاكەچە"م بۆ ڕازی كە لەوێ بار كەن، ئەوجا هەینێ دەمت بكەوە و بخوازە ماڵی دنیایێ...! جا ئیشەكە ئەوهایە براڵە. ئەگەر ئیشی"بەكراغە" هەر بەمن و بەتۆ، یان بە خانە بەگێک پێک بهاتایە، ئێستا حەفت زەمان بوو پشتی خۆی لێ كردبۆوە...!

– جا دەبێ چۆن ئەو كارەمان بۆ مەیسەر ببێ؟...

– ئەگەر بمانتوانیبوایە "مەمۆ" ڕازی بكەین، گەلێ شتمان پێ دەكرا...! بەو دوو سێ ماڵەكەی تر... بەو كەتە و كوتانە، چ ناكرێ. لەئەنجاما ئەوانیش بۆ جێی تر سەری خۆیان هەڵدەگرن...

– زادۆ، قسەكەی پێ بڕی : خەڵكەكەی تریش هەمووی دێنە ژێر بار.

– بەخوا، هەموویان جۆماژۆ دەكەین...!!

***

كەنار و كەنار دادەكشیایە خوارەوە، تا پێدەشتاییەكە تەختتر و بەرینتر



دەبووەوە، خورەخوڕی ڕووبارەكەی كەمتر دەكەوتە بەر گوێ... لەنێو هێمنایی ئەم دەشت و نەوراییەدا، هەستی بەمێشک هەسانەوەیەكی بێ پایان كرد. بینای سەرنجەكانی لكا بە"گەلییە جنە"وە، لە هەڵەمووت و پەنا و پەسێو و زنجیرە شاخەكانی ئەملا و ئەولایدا، ورد ورد دەیڕوانی... جۆگەلە ئاو و كانیاوە چاو گەشەكان، ئەوانەی كە بەقەد و باڵای ئەم گەلییە داشكاوەدا دەهاتە خوارەوە، زیندەگانی بەم گەلییە چڕگەن و دوور و دەرازەوە دەبەخشی. ئەمجارە بینای سەرنجەكانی بۆ ڕێگای "كۆچەریان" گواستەوە، كە هەندێ جار مرۆڤ بەهەزار ماندوو بوون و نكە نكەوە پیایا هەڵدەگەڕێ، هەندێ جاریش باڵی پێ دەگرێ...، تیشكی سەرنجەكانی لەگەڵ لوول و پێچی ئەم ڕێگایەوە خستبووە جووڵە و لڤلڤین. زەنگی زەنگوڵە و كۆڕە كۆڕی ئەسپ و جوانوە بەر هەڵدراوەكانی لەگوێدا دەزرینگایەوە. زەختە تێژەندنی پێتاو و پووزەوانە لەپێ و هەچە هەچە و لێخوڕینی كاروانچییان، دەنگە دەنگ و هەرا و زەنازەنای عێڵ و مەڕداری هەركی و حەیدەرانی و خەیلانی... كە وەک ڕێچكەی مێروو لووتیان بەیەكترەوە دەژەند...ی دەهاتەوە بەرگوێ... ئەمانە دەبوون بەزەمزەمەیەک، دار و بەردیان بێدار دەكردەوە، سەرڕاو و بن ڕاویان لەڕاوچییان تێكدەدا.

لەدووڕیانی "كۆچەرییان"، كە بەهاران هەمووی بەگیاكەڵە و سێ پەڕە دەپۆشرێ، هەڵوەستەیەكی بۆ كرد. لەجێی لادانی كۆچەر و ڕەوەندەكاندا، پشوویەكی دا. كەوتەوە ڕوانینی ناو هەڵەمووت و گەوەشاخەكان. ورد ورد دەشت و جۆم و كونە ڕێوییەكانی زارگەلی جنەی دایە بەر تیشكی سەرنجدان. لەبەر خۆیا كەوتە قسە كردن: "ئەمساڵ لەوەڕتان خۆش دەبێ، گەر مێش و مەگەس هەراسانتان نەكا، هەتا حەوتەیەک دەتوانن سووكە دەواری لێ هەڵدەن، بەخۆ و بەماڵاتەكانتانەوە لێی بمێننەوە." بەدەم ئەم ئاخاوتنەوە تیشكی سەرنجەكانی كەوتە سەر بەردە زل و زەبەلاحەكەوە. وەک كەللەیەكی زلی كونجر كونجر و داڕووشاو، لەبەردەم "گەلییەجنە"وە

قوت ببووەوە. لەگەڵ تەڕاویلکەی تیشک و سەرنجەکانیەوە، پەیتا پەیتا ئەم بەردەی لەبەرچاوا هەر زل دەبوو هەر پان و بەرین دەبوو هەر دەپەنما...:" دەڵێی قورقوشمی هەموو جیهانت بەسەردا تواوەتەوە... تۆ بوویت بەچیرۆک و چیڤانۆکی دەم ئاگردان، بوویت بەلوورەی گورگ، بوویت بەمیاوە میاوی پشیلەی چاوسوور...! تو گرمە گرمی گەواڵەیت، قرەقرِی کۆلارەی جووجەڵە خۆریت، هاڕەی ڕووباریت، خشپەی مار و مێروو زەردەواڵەیت، ورشە ورشی ڕەشەبایت، پڵنگی دەم بەخوێنیت،...! تۆ بوویت بەدێوی پڕ و پیرەژنان، ناویان لێت ناوە دێوی گەڕ گەڕ و بوویت بەدایکە دێو و چەند ناونیشانی تریش...! لەشەوە درێژە تاریک و نووتەکەکاندا پەیدا دەبی، خەو لەچاوی جوان و مناڵان دەتارێنیت، پیر و پەککەوتان هەراسان دەکەی، دێوانە و دەروێشان دەخەیتە هەلەکە سەما، لەنۆڕینگ و سپێران سەرما بردوویان دەکەیت... ؛ بەڵام من هەستت پێ ناکەم و هەست بەبوونی تۆش ناکەم، ئەگەر هەشبیت تەنها لەکلێشەی کەسانی وەک "بەکراغە"ت دەبینم...! پشتیوان بەخوای مەزن، گەر لەهەر شوێنێکا بیت، لەهەر کلێشەیەکا بیت... گەر بشێم، سەرڕاو و بن ڕاوێکت بۆ دادەمەزرێنم، دەتکەم بەنێچیرێک و پێستەکەت دەگروێنم، لەسەر "بستی هەرمک" داتدەنێم... جا ئیتر باهەموو مناڵ و خەڵکی ئاوایی بێوەی بن. ئۆخەی بکەن. شەوی زستان بەخۆشی بەسەر بەرن... چیتر بەئەستۆی خەڵکدا نەبیت بەتەوقی عەزازیل... چیتر لەناو دڵیان نەبیت بەترس و لەرز، لەبەر چاویان نەبیت بەتەڵەسم...!" ورد ورد ئەم بەردە زلەی دابۆ بەر بینای سەرنجەکانی، لەهەموو لاو پانتاییەکەیدا دەڕوانی: "شەوان شملێ شەڕێکیت، ئەم گەلییەت کردووە بەماڵە دێو. هەموو کەس زات ناکا بەتەنها بیکات بەڕێبازگەی خۆی... دەعبایەکت گرتۆتە خۆ، لەئەزەلەوە لەگەڵ چاک و پیران، هەر شەڕ و گەڕی بووە. مرۆڤی ڕفاندووە، لەو گەلییە جنەیەدا کەل و پارچەی کردووە، ئاسک و کەروێشکی بنار شاخەکانی



کردۆتە قاوەڵتی... زستانان ڕەنووە بەفری بەسەر چەندان گوندا ڕماندووە. دەماودەم پشتاوپشت، لەباپیرەوە بۆ باوک، لەباوکەوە بۆ نەوە... ئەم چیرۆکە هەر دەگێڕنەوە و هەر دەیلێنەوە و هەر بەسەریەوە دەنێن... لەسەردەمی "پیروەیس"ەوە شارەزای حاڵ و باری دێوەن... شەو سندمی شکاندووە دایکێشاوەتەوە ناو شاخ و داخ، لەدوای ئەویشدا "پیر کەرەم"ی سوختە و شاگردی، کە لەسەرەتاوە دێوانەیەکی هەردەگەڕ و خەڵوەتنشین بووە، لەگەڵ مامزان لەوەڕاوە... دوای ئەوەی دێوەی بەند کردۆتەوە، دەستووری پیریەتی پێ دراوە..." سەری خۆی بۆ لای "هەوارە بەرزە" وەرسووڕاندەوە: "دێوانە قوڕ بەسەر و خەیاڵ پڵاوەکەی خۆشمان هەر لەهەوڵ و کۆششێکی وا دایە، ئەویش بەدوای پلە و پایەیەکی وادا وێڵ و سەرگەردانە..."... بەدەم ئەم قسانەوە دیسان ملی ڕێگای گرتەوە بەر.

لەبنار و هەوراز و نشێوی ئەم دەوروبەرەدا وەپشت کەوت، بەرەو بڕی "گابەر" کەوتنە گورگە لۆقە. "ڕەخشان" کە گەیشتە ناو ڕووبارەکەوە، لەشوێن خۆیا چەقی. دەمی بەئاوەکەوە وەنا. ئەویش وەک کۆرپەی ساوا بەدەم فیکە فیک کردنەوە، کەوتە لاواندنەوەی. کە سەری خۆی بەرز کردەوە، لەگەڵ پڕمەیەک، دەم و لمووزی خۆی پاک کردەوە، هەرچی پڕووشکە ئاو و گەردیلەیەک هەبوو هەمووی دەرفرتاندە دەرەوە.... ئاوزەنگی لێدا، چلێپ و چۆپ ئاوەکەی شێلوو دەکرد... ئیتر لە بەردەڵانە لووس و خلیسک بردووەکانەوە دەربازیان بوو...، "مەتان" نەبێ، ماوەیەک کەوتە بەر شەپۆلە خوڕەکانەوە، چەند هەنگاوێ لەدوور ئەمانەوە، بەنووسکە نووسک و خۆڕاوەشاندن دەربازی بوو.

بەهزر و خەیاڵێکی جەنجاڵەوە، سەیرێکی دەشتی سوورکان و ئاسۆ لێڵ و هەڵبزڕکاوەکەی کرد. توێژە هەورێکی سپی بووە تارای بووک بەسەر ڕوخساری ئاسمانە هەڵبزڕکاوەکەوە هەڵکشابوون... سێبەر و هەتاو تێکەڵ بەیەک ببوون، کەوە ڕۆژێکی سووسارد و لەشرچێن، دەست و پەنجە و

پێستی کورژ هەڵگەڕاند. دەنگێ لەقووڵایی ناخیەوە ڕایچەڵەکاند: "شێخاڵ، چیت دەوێ ئیتر، گەیشتیە ڕاستەڕێ، پێ هەڵێنە با درەنگت بەسەردا نەیە...! زستان جێی متمانە نییە!...". لەگەڵ ئاوزەنگ لێدان، ئاوڕێکی لەتاژیەکەی دایەوە... بەدەنگێکی بەرز لای لە "ڕەخشان" کردەوە: "دەی شێریێ من، با بڕەک خۆمان گەرم کەینەوە." لەگەڵ ئەم دەنگەدا، "ڕەخشان" گوێ مووچەکانی خستە جوولە، کلکی خۆی قیت کردەوە... تەوێڵی پێدەشتایی و قەدپاڵەکانی دایە بەر چەپۆکان. لەگەڵ شنەی بادا، وەکو پەلیک کەوتە قوشمە و ڕاکردن.

"ڕەخشان" بەپڕمە پڕم و بەخێسە خێسی لغاو و سەرکەڵە و زینی بەسوورمە و ئاوریشمی نەخش کراویەوە... تاژی و توولە بەهانکە هانک و نووسکە نووسکەوە... "شێخاڵ" بەهزر و بیری جەنجاڵەوە... تەقڵەکوت، بەو بەیار و چەقێن و هەوراز و نشێوەدا هەڵدەبەزینەوە، بەرەو شاخە بەرزە تێکچڕژاوەکانەوە هەنگاویان دەنا. هەندێ جار سەراوژێر، هەندێ جاریش سەرو ژوور، پەیتا پەیتا لەگەڵ زەوییەکەی دەوروبەریدا بەرز دەبوونەوە. تا ڕێگاکە گەیاندنی بەقەد لووتکە شاخێکی بەرزەوە. لەوێدا وچانێکی دا. ئاوڕی لەدۆڵ و دەشت و ڕووباری دواوەی خۆی دایەوە. گوندەکانی وەک داشی شاخمات دەهاتنە بەرچاو. سەرنجی بۆلای "هەوارە بەرزە" گواستەوە، یەک یەک لوولە دووکەڵی سەربانەکانی ژماردن...!: "ئەی خوای مەزن، هەر وا بەسەربەرزی بیهێڵیتەوە...". بزەیەکی کەوتە سەر لێوەکانی: "ناو و ناوبانگت دە ئەوەندەی خۆت گەورەیە... مەڕداری پسپۆڕ، ناڵبەندی شارەزا و دەست ڕەنگین، ڕاوچی چاوتیژ و ناودێر... هەموو دەڵێی دەست پەروەردەی سیمرخن...! هەی هەی هەی...! خوا بەخێری بگێڕێ... لەچاو و زار و پیلانگێڕ و تەڵەکەبازان بیپارێزی...". کزەباکە دەنگ و زەنا زەنای دەفەی "دێوانە مەمۆ"ی چرپاندە بن گوێ: "ئەو جارە خەونەکەی ـ پوور مێردین ـ یشی هاتە سەر. بەخوا ئەم خەونە بگاتەوە ـ میرەدێ،



بەباریکان و بەئەستووران دەیرێسن و دەیچننەوە. ئەوەش هەر لەبەخت ڕەشی هەوارە بەرزەییانە... ئەگەرنا کەی خەونی وا بەکلک و گوێ دیتراوە...!" دوای ساتێ کڕ بوون و دۆشدامان، سەری خۆی بۆلای دۆڵ و ڕووبار و دەشتە سوورە بانەکەی ئەملا و ئەولا شۆڕ کردەوە، هەر بەم هەست و جەنجاڵییەوە سواری "ڕەخشان" بووەوە و کەوتە ڕێگا. لەگەڵ سرکە سرکی چەولینگ و دار و دەوەنەکانەوە دەنگێکی ئەزموون ئامێز و پڕ لە ورشە و ئاواز دەهات و بەرز دەبووەوە: "شێخاڵ... ئەم عاشقە، ئەم سەودازەدەیە، دەبێ چ کانییەکی چاوگەش بشڵەقێنێ و چ کەوییە بەفرێ بکێڵێ...! دەبێ لە چ ڕووبار و بارانێ ئاو بخواتەوە، لەبەر چ بەربەڕۆچکەیەک دا بای باڵی خۆی بدا... خوێنی مەییوی بخاتەوە جووڵە... چ ئەشکەوتێ بکا بەهۆگر و هەوار، چ نیهاڵ و قوتکەشاخێ، بکا بەمیل و نۆڕینگ...!... هۆ شێخاڵۆ...! ڕێڤینگە تۆلازە ساڵخوردەکە! دەیان ساڵانی گوڵی تەمەنت لێ وەریون، ئێستاش لەگەڵ خیزەرەی هەر گەڵایەکدا، لەگەڵ هەر پایزە هەناسەیەکدا... تاڵە ڕەشەکانی خۆزگە و خواستەکانت لێ سپی دەبن...؛ بەڵام لەگەڵ پشکووتنی هەر گوڵە نێرگزێ، لەگەڵ قاسپە قاسپی هەر کەوێ، مرقە مرقی هەر کەڵەکێوییەکدا، تەمەنت نوێ دەبێتەوە، دەبیتەوە بەمرۆ خورتە سیی ساڵییەکەی جارانت...!".

نشێوەرکەکەی ڕێگا، دەنگە قووڵ و دەروونییەکانی کپ کردەوە. گەلیە شاخێکی وشک و برینگ خستیە ئامێزی خۆیەوە. قوتکە شاخ و بەرزاییەکانی دواوە، بوون بەدیوارێک، دوو جیهانی دژبەیەکی لەیەکتر جوێ کردەوە.

"ڕەخشان" چرقەچرق، بەسەر بەرد و تەموخی ئەم گەلییەدا دەڕۆیشت. دەتوت لەسەر ڕێگای پۆلابەندا هەنگاو دەنێ. تاوێ بەسەر درزەکاندا بازی دەدا. تاوێ شەخەڵە دارە تاک و تەرایەکانی دەکرد بەپێخوست. لەگەڵ هەر هەنگاوێدا، لەشوێن خۆیا وەک بزمار دەچەقییەوە، چرکە

وچانێکی دەدا، خۆی بۆ هەنگاوی داهاتوو ئامادە دەکردەوە. "قەلە باڵدار و کرمان"، کە دوای هەڵبەزین و دابەزینەکەیان، لەشیان وەک شەمێ و ڕۆنی لێ هاتبوو،... چاویان بەهەر بۆراییەک دەکەوت، گوێی خۆیان لێ مووچ دەکردەوە، خەدەنگی تیشکی چاوەکانیان ئاراستەدەکرد... دەتوت چاوەڕوانی پێشهاتێکن کە رووبدات... ئاوا... هەر بەم ئاوایە ڕەفتاریان دەکرد...!

"مەتان" بگەیشتایە ڕاست بەڕاستی هەر بنە تەڕاشێ، بنە ڕوولکێ، هەر درەختیلەیەکی پەڕتیژ... ئەوانەی لەناو زەندۆڵە شاخەکانەوە ڕوابوون... ئەوانەی کە لەدامێنی گەلییەکەوە وەک پەڕی سیخوڕ دەرپەڕیبوونە دەرەوە... دا... لووتی لێ دەژەند، لەپڕ ڕەوە کەوێک دەیانکرد بەفڕەفڕ و لەشەقەی باڵیان دەدا... وەک تاوی تەورداس، قەڵەمبازی جێ دەنووک و کوڵکە نەرم و نۆڵە هەڵوەریوەکەی ژێر سک و باڵیان دەبوو...! خشپە خشپی زەردەواڵەی نێو بەنگە ڕزیوەکان، قاسپەیەکی دوور و بەرزەفڕ، ڕنەی چڕنووکی سوێسکەیەک کە بەکەڤرەکاندا هەڵدەگەڕا، جووکە جووکی هەوێردەیەکی سەرمابردوو، خێسەخێسی سمۆرەیەکی تووکنەرم، کەلەسەر تلۆفکی دارێکی بەرزی قەدپاڵەکەدا هەڵبەز و دابەزی بوو... لەگەڵ قروسکەی تاژی و نووسکە نووسکی توولە و چرقە چرقی سمی "ڕەخشان"، تێکەڵ بەیەک ببوون...!... وەک ئاوازێکی بێ کۆتایی، وەک سمفۆنیایەکی نەمر، لەگوێی "شێخاڵ" و هەر ڕێبوارێکی تر کە سەراسووی ئەم دەڤەرەی کردبوایە... سەدایان دەدایەوە...!

تاکە ڕێگاکەی "گەلی ڕەوەزۆک"ی گرتەبەر، لەکۆتایی گەلییەکەوە، تەوێڵی کرد بەتەوێڵی هەورازەکەی "نکەڕۆ"... ڕێگایەکی خوار و خێچ، وەک مار، بەسەر قەد و باڵایدا پەپکەی خواردبووەوە، وەک قاڵدرمەیەکی زل و زەبەللاح ئاسا، تەڵیشە شاخ و تاتە بەردی نارێک نارێک، ببوون بەپەیسک و پایە... لە "ڕەخشان"دابەزی، دەستێکی بەسەر بار و بنباری



سەر پشتییەوە گرت و لەگەڵ هەورازی "نکەڕۆدا"، کەوتنە دەستەویەخە.

بەگفتوزارێکی نەرم و شیرینەوە، دەنگی ئەسپە بۆری دەدا و تانی لێ دەدا... هەردووکیان بەزۆرە زۆر بەسەر تەلانە ڕکەکەدا سەردەکەوتن، ئارەقەی ڕەشوشینیان دەردابوو، پشووسوار و ڕەنگ هەڵبزرکاو... لەسەربانە پان و پۆڕەکەوە، کزەبایەکی سارد و لەشڕچێن، ئارەقەی جەستەی لێ وشک کردەوە. هەتا چاوەکانی هەتەری دەکرد، لەم بانە پان و پۆڕەدا دەیڕوانی. تاقڵان و پانتاییەکەی سەری، وەک پێدەشتاییەک بەسەر زنجیرە شاخەکەدا درێژببووەوە، کە هەر بەدرێژایی ئەم شاخەدا، هەر هەڵدەکشێ تا لەنزیک بێرمی "زەل وزیل" ئادگارەکەی دەگۆڕێ و لەنگ و لۆری دەکەوتێ...! سەیری پەنا بەرد و شوێنە پەنهانەکانی دەکرد... بڕکە وشک هەڵگەڕاوەکانی نەرگزە جاڕ و سەرنخوینی تەک ڕێواسە سەر بەگوپکە ڕەق هەڵاتووەکان، لەگەڵ هەناسەی شاخ لارە لاریان بوو، لەگەڵ ڕەشکە و پێشکەی چاوەماندووەکانیدا هەر لەجوولەی کەروێشکێکی خڕ و خەپانی خەوزڕاویان دەکرد...!

ئیتر لەوێوە پێهەڵ، پێویستی بەزەختە تێسرەواندنی "ڕەخشان" نەکرد. هەنگاوی هەڵێنایەوە، لغاوەکەی گرت بەدەستەوە. دوای ماوەیەک لە ڕۆیشتن، "ڕەخشان" هەنگاوەکانی خۆی گران کرد. ئەوەندەی پێ نەچوو لەشوێنی خۆیا وەستا، کەفەڵ و پاشی خۆی نەختێ نەوی کرد، کلکی خۆی لەلا ڕانی دوورخستەوە: پلێپ، پلێپ.... دوای ساتێ بۆنی تەرسێکی تەڕ و شێداری بەلووتی "شێخاڵ" دا پژاند... دوای ساتێکی تر، هەر دوو قاچەکانی خۆی لەیەک کردەوە،:... میزێکی وەک زەرداوی کێمی ڕژاندە سەر دڕک و داڵەکەوە و کەفێکی سپی پەیدا کرد... ئەویش لەگەڵ وەستانی ئەمدا، وچانی دا و کەوتە چاوەڕوانکردن... هەتا هەر با و بژ و پاشەڕۆکێکی مابێ، هەمووی لەگەڵ ژان و برکی هەورازە ڕێگاکەدا باوێژێتە دەرەوە...!

ئیتر هەنگاویان هەڵێنایەوە، ئەم دەشت و بانەیان بڕی، تا لە هەواری "قۆڕتاسە دۆم" پشوویەکی تریان دا. ئەم هەورازەی وەک داشی دامە دەهاتە بەرچاو، جێ جێی بەقەدەر پانتایی چادرێکەوە بەدەست خۆش کرابوو، دەوروبەرەکەشی هەمووی پاشماوەی پەرژین و جۆگەی بچووک بچووکی پێوە دیاربوو. دەیزانی کە ئەم شوێنە خۆش کراوانە، زۆربەی زۆری ڕووکاری ئەم هەوارەی گرتۆتەوە و تا چاوی هەتەری دەکرد، هۆبە هۆبە بەلا پاڵی بانەکەدا لێژ ببوونەوە، هەر بەم ئاوایە دەڕۆیشت، تا دەگەیشتە ئەم شوێنە نەپەن و پەنایانەی کە ڕەشەبا و تاوە بارانی گەواڵەی بەهاران نایانگرێتەوە.کوچکە ئاگرە بەتەنیمۆک و شوێنی هەمبانە دەف و ماسیدڕەی جێ ئاگردانە هیس گرتووەکان، ناخیان ورووژاندەوە، یاد و یادەوەرییەکانی ئەم هەوار و کەلاوە و پاشماوەکانی، هزر و بیریان گەڕاندەوە بۆ چەند ساڵێ لەمەوبەر: ئەم بانە پان و پۆڕە، وەک شارێکی جەنجاڵ جمەی دەهات، لەلایەک چەقۆتیژ دەکرایەوە، لەلایەکی تر کێرد و دەمە داس دروست دەکرا... لە هۆبە و هەواری ترەوە چەند سەنعەتکارێکی شارەزا و دەستڕەنگین، دەمە تەوشوو و بیور و گاسنیان دەمە زەرد دەکردەوە... چەند تاڵە موویەک کە لە دڕک و داڵەکانەوە ئاڵابوون... سەرنجی ڕاکێشا...، لەگەڵ شنەی کزە با کەدا دەجووڵانەوە... دوای نەختێ کڕبوون و قووڵبوونەوە، هەتا هێزی تیابوو، کردی بەچەپڵە و تان لێدان: "دەی، کسکسکسس... سەگە چاو ڕەش شەرمەزارم نەکەی... دەی سەگێ من، وەک گورگ دەوگەرم بە، وەک پڵنگ چەپۆک باوێ...!". جغزەی خەڵک و ئاپۆرای خاوەن کەوەکانی هاتەوە بەر چاو:

– "کەو ئەو کەوەیە بەرامبەر کەو بخوێنێ.

– ئەوە ئەمن کەوی خۆم لە قەفەز دەرهێنا ، دەبزانم هی تۆ چ دەکا ؟!...

– شەرتە گەرمت نەکردبێ، هۆباب!...



– قەوچە قەوچ... مەیکە بەبڕ و بیانۆ، زووبە بیهێنە مەیدان، بەڕەڵای کە...

– کورە کوو ئەوی من...!!"

بەدەم ئەم هزر و بیرانەوە، سەرنجەکانی بۆ دوور ڕانا ، بۆ پەنا و پەسێوی بنار و سەر کەوییە بەفرەکان، بۆ شوێنە چەقێن و هەتاو گرەکان... بەڵکو نێچیرێکی بکەوێتە بەرچاو و بیکا بەبەرقەرەوڵی گەشتە ڕاوەکەی...!

تا دەهات تینی هەتاوەکە کەم دەبووەوە. شنەی با زیاتر وە جووڵە دەکەوت و دەشنایەوە،... ئیتر سەرما زۆری بۆ هێنان، ئەسپ و تاژییەکانی برد لە پەنایەکەوە ڕایگرتن،... پاشان چوو چەند چڵ و چێو و کۆلکە و کۆتەرە دارێکی هێناو لەنزیک ئەوانەوە ئاگرێکی خۆشی کردەوە... پێت و بڵێسەی هەموویانی بۆلای خۆی بەکێشی کرد و هەموو بەدەوریاندا بازنەیەکیان دروست کرد.

پەیتا پەیتا تینی گەرمی کاری لە جەستە شووشەییەکەی "ڕەخشان" دەکرد. ملی خۆی بۆ گوڕیە ئاگرەکە درێژ کردبوو، چاوەکانی خستبوونە سەر یەک. جار جار کلکی بەملا و بەولای گەڵۆز و کەفەڵیدا دێناو دەبرد. یاخود گوێیەکانی مووچ دەکردنەوە. "شێخاڵ" هەموو خورد و خەیاڵێکی خۆی کۆ کردبووەوە و لەقوولایی ناخیا سەیری دەکرد. سەرنجە ئەندێشاوییەکانی، بەرە بەرە بوون بەچەند پەیڤێکی خەندە ئامێز: "تۆم لەخۆم خۆشتر دەوێ. بریا منیش بمتوانیبوایە تۆم هەڵگرتبا... ئەوەندە چاو بەرە ژێر و شەرمەزارت نەبوومایە...!".

"مەتان" چەند هەنگاوێ لەدوور ئەمانەوە هەڵقونجابوو، جارجار قروسکەیەکی لێ بەرز دەبووەوە... دوای ماوەیەک کردی بەچەقەلوولانێ، وەک دڕکە زەردە هەدادانی نەدا... "شێخاڵ" بەرزە پێ لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، دیمانەی کاروانێکی کەوتە بەرچاو، هەنگاوە پەلەکانیان بۆلای ئەو دەنا... هەر سەیری دەکردن... هەموو هەتا کلاوەی چۆکان، خۆیان

هاویشتبووە ناو زەرگاڵ و گۆرەوی و بەلەکپێچان. دەتووت بەرینگاری لەگێژی ئەسکەندەر دەکەن، هەموو توند و تەیار و چەک لەشان بوون... لە ڕاست بەڕاستی ئەودا بەهۆشە هۆش، وڵاغەکانیان ڕاگرت.... دوای ماندوو نەبوون و چاک و چۆنی،... بەدەنگێکی بەرز پرسیارێکی ئاراستە کردن:

– لە "لاکەچە"ییم چ خەبەر؟!...

– بەم جینگە ساڵە زۆر ناگوزورین. کەوتووینە بن بارێکی خەمان.

– بە چی دەزانن؟... هێشتان زستانێکی دوور و درێژمان لەپێش ماوە.

– مەبەستمان لەتەڕ و وشکی ساڵ نییە... ؛ باپیرانمان جەرباندوویانە، هەرساڵی دەعبا لەچیا زۆر بێ، ساڵەکە شووم و بەدیۆم دەبێ...

– جا کەی چیا بێ دەعبا بووە؟!...

– بەڵێ ڕاستە، بەڵام مەبەستمان هەموو دەعبایەک نییە... ڕاوچییەکانی لای ئێمە بەخۆیان دەڵێن، هەندە شەو گوێمان لە نەڕەنەڕێکی گەورە دەبێ، لەدوورەوە دێ...!

دوای نەختێ بێدەنگی، بەردەوامی بەقسەکانی خۆی دایەوە: بەقسەی "برایم شەوارە و خانە بەگ و مەجید بەیرەم" و کەسانی تر بێ... دەبێ دیسان دەعبایەکی زۆر لە "دۆڵی واش" و دەوروبەریدا پەیدا بوویێتەوە. "نەختێ لە _ شێخاڵ _ ورد بووەوە، پاشان پرسیارێکی ئاراستە کرد": ناکا بچی بۆ ڕاو؟...

– بەدەمێکی بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: ئەدی چارچییە، کە وەختی ڕاو هات، ئەگەر نەچم لیرم لێ دێ...

– دەنا ڕاوچییەکانی لای ئێمە،... ئەگەر "میر مەحمەل"ە ئەگەر "خانەبەگ"ە... ئەگەر "برایم شەوارە"یە... هەموو ئومێدبڕ بووینە. خۆیان لەکونی ژوورەوە پەستاوە، لەو ساتەوەی دەعبا ملی لە مێگەلی گوند ناوە، هیچ دەرنەکەوتوون. دەڵێن بشچین، هیچمان بەدەست ناکەوێ. وەک ئەوێ



ساڵێ، هەر ماندوو بوونمان بۆ دەمێنێتەوە.... "بەدەم ئەم قسانەوە، ئاماژەیەکی بۆ هاوڕێ جوامێرەکەی تەنیشتی کرد" :

ئەم ساڵ وەک ساڵانی پێشوو نییە، تا چ قەوان و فیشەکی چرووک هەیە، هەمووی ببا بۆ شار، تا "وەستا ئەسوەد" بۆیان داگرێتەوە.

هاوڕێکەی بە سەر لەقاندنەوە قسەکەی پشتڕاست کردەوە و گوتی:

– بەڵێ "میر مەحەل" و "خانەبەگ" و گەلێ کەسی تریش، پارەیان پێ داوم، بۆ فیشەکی کارخانە ڕایانسپاردووم.

– شێخاڵ : جا گەر ساڵ وابڕوا، "وەستا ئەسوەد"یش نانی دەبڕێ، کەسێ قەوانی پێ داناگرێتەوە... مەڕدارەکان شەوین و شەو بەکێو نەکەن و... "دوای نەختێ کڕ بوون و بیر کردنەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی": ئەو ئەشکەوتانەی کە دەبنە زستانە هەواری ماڵە شوانکارە و مەڕدارەکان... باوەڕ ناکەم "وەستا ئەسوەد" بتوانێ، وەک جاران بۆ خۆی وەقفی بکا.... ساڵان کە هەوا دەگۆڕا، لە سەرو بەندی نەورۆزەوە، ئەو پاشەڕۆک و سڕەو تەپاڵەی ناو ئەشکەوتەکان، لەگەرمان هەموو کەڕوویان دەردەدا، ئەوجە تۆزە سپییەکەی، هەموو بەژنان کۆ دەکردەوە. لەگەڵ گۆگرد و خەڵووز شۆڕەی لێ دروست دەکرد...

– دەبا لەم زستانە ڕزگارمان بێ، خوا کەریمە بۆ زستانێکی تر.

"شێخاڵ" دوای نەختێ وەستان و بیر کردنەوە، پرسیارێکی ئاراستە کردن:

– جا نازانن چ دەعبایەکە، وەها هەراسانی کردوون؟!

– بەخوا سەریان لێ شێواوە. یەک دەڵێ گورگە، یەک دەڵێ پڵنگە...

– شوانەکە بەخۆی دیتبووی؟...

– ئەو هەر ئەوەندەی زانی بوو، شتێ وەک باڵی پێوە نووسابێ، وەک برووسک هاتبوو، مێگەلەکەی بڕ کردبوو، هەندێکی بردبوو، هەندێکی کەل و کرۆم کردبوو... پاشان بزر ببوو...

– ئەدی شوانە ؟!

– بەقسەی خۆی گوایە گەلەک چاوی گێڕابوو، بەدوایدا گەڕابوو، نەیزانیبوو، عارد قووتی دا، عاسمان هەڵیکێشا...!

– ئەی ئێوەو مانان چ دەڵێن؟

– چ بڵێین...!؟ ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین، کە ئەمساڵ وەک پارو پێرار نیە، پێدەچێ ساڵێکی گەلێ بەدیۆم و بێ خێر بێ...!

– ئەی کەوایە، ئێستا بۆ کوێ دەڕۆن؟

– باراشمان پێیە و ناچارین... هەموو دەستمان لەسەر دڵمانە، هەر دەڵێین ماندوو بووغان بەفیڕۆ نەچێ.

– بەدەنگێکی بەرز پێکەنی. پاشان وتی: "ئۆمەر ئاشەوان" باراشهێڕێک لەدار دەتراشێ...!

– کە ئەم قسەیان گوێ لێبوو، هەموو خۆیان گورج کردەوە، پێش ئەوەی ئارەقەی ڕێگایان لێ وشک بێتەوە، کەوتنەوە ڕێگا و بەهەورازی "نکەڕۆ"دا سەرنشێو بوونەوە.

***

تویژاڵە هەورێکی سپی، زەردەپەڕی خۆری هەڵدەمژت... بەشێوەیەک هیچ هەست بەتینی گەرمی نەدەکرا. کزە بایەکی سارد، لە سەهۆڵبەندانی سمرتیک و بەستەڵەکی نسرم و سێبەرەکانەوە هەڵی کرد، هەموو باڵندەی ئەم شوێنەوارەی گەڕاندەوە بۆ هێلانەی خۆیان و لەشوێنی خۆیانا هەڵکورمانەوە. بەڵام ئەم، هەروەک ڕاوچییەکی کۆنەکار و شارەزا، هەردەم دڵی سایەد بوو... ، لەبنار و بن کەڤر و نێو پنچک و قۆپەنە گیا وشک هەڵگەڕاوەکانی دەڕوانی. ورد ورد سەیری دەمبەست و پەناگە و کۆندڕەکانی ئەملاو ئەولای دەکرد، بەڵکو خوا و ڕاستان نێچیرێکی خڕ و خەپان... کەروێشکێکی خەوۆک، لەپەنایەکا لێی نووستبێ یاخۆی حەشار



دابێ،... یاخود ڕێویەکی کلک درێژ، لەکونەکەی خۆیەوە دەرکەوێ و منەی خواردنی مەلێکی پەککەوتە، یان کە لەشێکی گەنیو بکا...! لە "رەخشان" و تاژییەکانی دوور کەوتەوە، هەر بەدەم سەیر کردن و پاریز سەندنەوە دەڕۆیشت، تا لەسەر قوتکە شاخێکا، لەنزیک بێرمەکەی "زەل و زیل"ەوە سەنگرایەوە. چەندی سەیری دەوروبەری خۆی کرد، هیچی نەکەوتە بەرچاو، سەرنجێکی حەسرەت ئامێزی بۆلای "رەخشان" ڕانا: "ساڵ وابڕوا، دەمان بەزیوێڵە گۆشتێ ناکەوێ. بەخۆ بەقەلە باڵدار و کرمان و تووڵە تیسکنەوە، چۆن هاتووین دەبێ ئاوا بگەڕێینەوە. قەت جینگە ساڵی وا بێ خێر و بەدیۆمم نەدیوە...!" ورده ورده بەدەم ئەم قسانەوە بەناخی خۆیدا قووڵ بووەوە: "ئەی چی بەمنداڵ و کاڵی ئاوایی بڵێم...؟!... بڵێم منیش ترسام، قەلەزراو بووم...؟!... ئەوەی وتراوە هەمووی ڕاستە...؟!.... هەموو جارێ بەپێخواسی و زگی ڕووتەوە، لەنیوەی ڕێ بەرایيم لێ دەگرن... باشە ئەگەر من نەبم کێ کاڵەک و پێتاویان لەپێستی شوور و کەڵەکێوییان بۆ دروست بکات...!؟ ئێستا دەزانم، هەموو ڕۆژی هەتا خوار ئاسیاوەکەی " ئۆمەر"ەوە دێن و شۆڕ دەبنەوە... تا بەپیرمەوە بێن...! ". لەم کاتەدا ساڵی بەفرە زۆرەکەی هاتەوە بەرچاو، کە دوو شووری قەڵەو، هەریەکە بەقەد گاجووتێ دەبوو ،... نێریەکی قۆچ پەرپەڕی بەقەد گایەک ڕاو کردبوو... ئەوانەی هەموو لەسەر کێشەیەک دانابوو، لەسەر بەفرەکەدا ڕایدەکێشا، بزنە شامیەکی قۆچ ڕەشیشی بەتەکەلتووی "رەخشان" دا هەڵواسی بوو، بەهەزار ناری عەلی، گەیشتە دەم ڕووبارەکەوە... کە مناڵان هەستیان بەهاتنی کرد، هەموو تێیوڕووکان، نەیزانی چۆن ئەم کەلەش و دەستکوژانە گەیەنرایەوە ئاوایی...!

لەگەڵ ئەم هزر و بیر کردنەوەدا، دەستی چەپەی وێک هێنایەوە و بۆ دەمی خۆی برد، بەدەستی ڕاستەشی شەق، شەق... لەدەستی چەپەی دەدا، لەگەڵ ئەم دەنگەشیدا، هەتا هێزی تیابوو دەستی کرد بەهەڵە هەل و هەیدێ

لێکردن...بەدەم ئەم دەنگ و چەپڵە کوتانەشەوە، بەهەر چوار دەوری خۆیا خولی دەخواردەوە...!... هەڵقوت هەڵقوت و جوولە و ڕەفتاری تاژییە ڕست کراوەکانی... بووبە مایەی سەرنج و ڕامانی... بەدەم گوێ مووچ کردنەوە دەستیان کرد بەقروسکە قروسک... وەک بڵێی هەستیان بەنێچیرێ کردبێ، خۆیان بۆ ڕاوەدوونانی ئامادە بکەن... خێرا خێرا "مەتان" بەرەو جۆماییەکە گلۆر بووەوە، چاوی دایە قۆپەنە گیایەکی وشکەوە بوو... ئیتر "شێخاڵ" زیاتر کەوتە هات و هاوار و دەنگە دەنگ... کاتێ، لەپڕ کەروێشکێکی گوێ قیت، وەک تێزی تفەنگ لەنێو پووش و پەلاشەکەدا دەرپەڕی... "مەتان"یش بەهەمان گوڕ و تینەوە، لەشوێنی خۆیا ڕاپسکا، بەویرە ویڕ بەدوای کەوت... "شێخاڵ" لەسەر قوتکە شاخەکەوە بەچەپڵە لێدان و دەنگە دەنگەوە، کەوتە تان لێدانی:

"بە خولامی چاوی ڕاوچییانم پێی دەڵێن دیاردی..." "دیا ا ڕدی،... دیا ا ا ا ا ا ڕدی..."

هەر بەدەم چەپڵە کوتانەوە، دەنگی خۆی بەرزتر کردەوە... دۆڵاو دۆڵ ئەم دەنگە دەرۆی و نواڵە و نواڵ دەنگی دەدایەوە:

دیاردی... دددیا ا ا ا ڕددی...!

ئەهە ئەهە مەتە چاوڕەش باتڵی نەکەی...!

کەروێشکی تەنگەتاو و خورێن، وەک تۆپێکی پڕ با بەرەو هەواری "قۆڕ تاسە دۆم" بەقەدپاڵەکەدا هەڵزنا... دەتوت باڵی گرتووە، لە تەنگەتاوییان، کەمێکی مابوو، خۆی بخاتە بن لمووزی تاژیە ڕستکراوەکانەوە،... هەر لەدوورەوە لێیان دەمراند و قەستیان دەکرد ڕست و قەرێتەی ملیان هەڵپچڕێن و بەتووک و پووکەوە قووتی دەن... کەروێشکە بۆر، کە چاوی بەوان کەوت، لێیان دوور کەوتەوە، بەسەر گۆڕاییی پانە سەرەکەدا دەرۆیشت و هەڵدەقۆزییەوە... لەسەر قوتکە شاخەکەی ئەملاشەوە "شێخاڵ"



هەر هەراو هۆریای بوو، تانی لە تووڵە تیسکن دەدا: "هەها ماڵم... هەها چاوم... شینکەی ناوقەد باریکە قوتاری نەکەی... دەی چاو ڕەشەکەم... دەی... دیاردی... دیا ا ا ڕدی... مەتە چاوڕەش دیا ا ا ڕدی..." وەک بڵێی بەخۆ بەرەخشان و تاژییەکانەوە، سەرڕاو و بنڕاویان لێ گرتبێ، تا لەگۆشەیەکی تەنگا ئابلۆقەی بدەن...! کەروێشکە بۆر وەک تیری تەهەمتەن لەمیشی لادا، ڕووی لەچەولینگ و شەخەلاتی بێرمی "زەل و زیل"ان کرد... بەلام "مەتان" وەک تیسکەی تفەنگ هەر بەدوایەوە بوو... کە بەهەورازەکەدا سەرنشێو بووەوە، چەند جارێک بەسەر دەستە کورتەکانیدا گلۆر بووەوە، تا لەئاکاما پەکی کەوت... "مەتان" کردی بەگلۆڵە موویەک، بەحاڵە حاڵ چەقۆی بەسەر ڕاگەیشت.

***

هۆ موسڵمانینە،... هۆ خەڵکینە، مناڵینە... هەوارە بەرزەی خۆتان تاجی سەرتانە، بەیداخ و بەیرەقتانە، ئەستێرەی سەرشانی پیر و ئەولیا و پیاو چاکانە...! خەڵکەکە هەمووی هەر هەمووی بووینە پەپوولە و فڕ فڕ لەسەر شان و ملی ئەولیایان فڕە فڕ دەکەن و بۆ بەهەشت دەچن... با دەنک دەنکەی زیوانیشی تیابێ، ئەوانیش هەر لەگەڵ گوڵە گەنمە ڕوو سوور و پاکەکان، ئەوانەی بۆنی بەهەشتیان لێ دێ... ئاو دەخۆنەوە و دەژین...!. پازدە شەو لەوە پێش پێم گوترا و بەچاوی خۆشم دیتم، دێوی گۆرین سندمی شکاندۆتەوە و کەلەپچەی دەستە تووکنەکەی بەپەنجە ئەستوور و نینۆکە درێژ و پڕ لە قرێژ و چڵکنەکانی، وەک داوە موو پسپس کردووە و لەدەست پیر و ئەولیایان هەڵاتووە... ئەگەر باوەڕیش بەکەس ناکەن، خۆ باوەڕ بەمەلا نوورانییە دوازدە عیلمەکەی "میرەدێ" دەکەن...؟ ئەمن لە هەینێوە لەسەر بستی "هەرمک" ڕۆژم کردۆتەوە، بەدەورتان دا بەدەف لێدان و دوعا کردن، نۆبەتتان لێ دەگرم و زیکر دەکەم...!". "دێوانە مەمۆ" بەناو گوند دا دەهات و دەچوو، ئەم قسانەی دەوت و دەوتەوە. دەمنادەمیش

وچانێکی دەدا و دەستی بەدەف لێدان دەکردەوە، دوایەش دەگەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی.

"پوور مێردین" کە ئەوساکە، لەبەر دەرگای ماڵەوە وەستابوو، دەم و دوە پێکداقوپاوەکانی دەجوولاندن، لەبەرە خۆی کەوتە قسەکردن: "هەی بەقوربانی چاوە ڕەشە گچکەکانت بم، هەنکە چەند حەزیان لە خەوە، بەخوای وایە... لە ڕۆژ گیرانەکەش ئەوهات کرد... هەر زکرت کرد هەر دەفت لێ دا، هەر ناورایەوە هەر ناورایەوە... هەتا ڕۆژت هێنایەوە جێی خۆی، ڕووناکیت خستە دڵی هەموومان...! لەساڵی بەفری سوور، منداڵ و کاڵی گوندی، نیوەی بەکۆخەڕەشە چوون، هەینێش ئەتوو بەهانامان هاتی، هەر ئەوهات دەکرد، خواش ستری کردین...! هەی بەقوربانی ئارەقەی بن هەنگڵ و هەڵاوەی دەمت بم، کە بۆنی بەهەشتیان لێ دێ...! مەمیلەکەم، دەبی ئەوجارە گوندت پێ قورتار بکرێ...؟! ئەوە تەمەنم لە سەتی لاداوە، قەت ڕۆژە ڕەشێکی ئەوهام بەچاو نەدیوە. دەروێشە کەشکوڵ لەشان و بەهەشتییەکەم، هەر لەبەر خاتری من لەبستی "هەرمک" مەیە خوارەوە، شەو بیری لێ مەکە... بەرامبەر "پیر کەرەم" هەر بلوورێنە و هەر بناورێوە... دەفە لێدە زکر بکە، دوعا و نزایان بکە... هەتا بەئاگا دێتەوە... پێی بڵێ : پیرەکەم، ئەتوو هەوارەبەرزەییت لەبیر کردن!... بڕۆ خزمەتی، خۆت باوێ سەر یەمەنییە سوورەکانی... ئەوجە دەستی موبارەکی بگرە و بیبە "گەلیە جنە"، لەپێش بەردەکەی ڕاگرە... قوربان ئەوەتا ماڵە دێو... ئەوەتا دایکە دێو... هەها ئەلێرە، زنجیری دەست و پێی پس پس کردووە،... هی، هی، هی، هی... بەو دەرەزانەدا هاتۆتە دەرەوە و دزەی کردووە...! ئەو کاتە ئەویش گۆپاڵەکەی دوو جاران لەعاردی دەدا... دێوی گەڕگەڕ، ئەگەر لەبن پەڕی هەوران بێ، لەبن عارد بێ، لەناو بەحران بێ، حەز دەکا خۆ لەناو چیکلڵدانەی مەل و مەلیچکەکانی "دۆڵەواش" بێ، بەشەپەشەپ شاقەڵی لێک دەدا و بەگۆڵە گۆڵ دێ و، دەستی بەخۆیدا شۆڕ دەکاتەوە... وەک



کارەموو بئاخنیە ناو کونە بەردێک...، ئەویش ئەوها دێ و دەگەڕێتەوە جێی خۆی، داخوا بۆرەیەکی لێ هەڵدەستێ یان نا...؟! ئەوجە هەینێ "پیر" دەچیتەوە سەر کەڵ و باڵەخانەی خۆی و دێوانەی خۆشمان، مەمیلە نورانیەکەم، بەدەف لێدان و یاهو یاهوی ڕەببانی دێتەوە ناو ئاوایی، دڵی هەموومان خۆش دەکا...! هەموو بەئیسراحەت خەومان لێدەکەوێ...! ئەمنیش نەزرم لەخۆم گرتووە، ئەو هەردوو گۆزە تەڕەسازەی کە لەقوون ئاگردانەکەدا، لەبن سەوەشیرەکەم داناوە، چەند ڕۆژە هەتا تەنگەیان لەعاردیم ختم کردوون، دەچم جل و جۆڕی سەریان لادەبەم... سەریان دەکەمەوە، یەک کۆتک لەو تەڕەسازە مزرەت لەبۆ دێنم، هەر بۆنی کەی لەدوورەوە دەوت پڕ ئاو بێ،... ها... دێوانە... ئەوە بەشی خۆت و بەشی پیرت...!". کەمێکی مابوو بگاتە "پوور مێردین"، دیسان هەڵوەستەیەکی کرد، دەستی بەدەفە لێدان کردەوە، لەگەڵیشیا هاواری دەکرد و دەیچریکاند: "هۆ عالەمینە، بەهەشتینە، پیرۆزباییتان لێ دەکەم، مزگێنی بێ، ئەنگۆ هەموو پیاوچاک و بەرخوردارن..." لایەکی لە "پوور مێردین" کردەوە و پاشان، بەدەنگێکی بەرز گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "ئەوشۆ داپیرەی تۆبەکار و خەڵوەت نشینمان، کە داپیرەی هوورد و درشتمانە، ئێسقانی لەسەر بەرماڵ ڕزاوەتەوە، ڕووناکی چاوەکانی لەسەر ڕۆژووی ڕەمەزان و شەشەڵان و نۆمینە و سێ مانگە داناوە، ئەو نێوچەوان پاکە... ئەو تەزعێب سەت و یەک قلە موبارەکە،... ئەوشۆ هەوارەبەرزەی دیت، بڵندیان کردبوو، لەسەر شانی موبارەکی خۆیان دانابوو" لەگەڵ ئەم قسەیەدا چۆکی چەپەی گەیاندەوە سەر زەوی و دەستی ڕاستەشی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە :

"ها، ها، ها، ها... هەر بڵند دەبوون، هەر هەڵدەکشان... های هووو... کورە حەفتەوانەی چی و لەیلە و مەجرومی چی و ڕێی کاکێشانی چی...؟!". سێ چوار دڵۆپە فرمێسکی ڕوون، بەچاوە قووڵە بێ

برژانگەکانی "پوور مێردین"ەوە دا بازرەقەیان بەستا:

"هەی بەقوربانی دەو و زارت بم، ئەوها بوو... ئەرێ بەخوای، کووم دیتووە ئەوهای دەگێرێتەوە،... دەڵێی بەخۆی لەگەڵیان بووە...! دێوانە شێتۆکەکەم، بەخوا دەزانم لەخۆتەوە ئەو قسانە ناکەی... ئەوەندە سڕ قایمی بەئێمە و مانانی ناڵێی، ئەگەر نا ئاگات لەهەموو شتێک هەیە...!.

***

قۆناغی شەوی خستە ئەشکەوتی "هۆڵەمەڕ"، لەبەردەم دەرگا پان و بەرینەکەی ئەم ئەشکەوتەدا، لەشوێن خۆی سەنگرایەوە. بەسەرسوڕماوی کەوتە ڕوانین و بیر کردنەوە "... ئەم ئەشکەوتە ڕێبازگەی کۆمەڵە گوندێکی ئاپۆرە و مەرداره، یەکەم جارە وا چۆڵ و بەتاڵی ببینم. لەشەوە درێژەکانی پاییز و زستاندا، هەر کاتێ هاتبم مۆنجەی هاتووە لەمەڕ وماڵات و شوانەوێڵەی لاکەچەیی و کەڤرۆکی... یا بنکرێ کوێستان و گەرمێن کەران... سەیرە تەنانەت بۆ شەوین و شەو بەکێویش، باوەڕ ناکەم ماڵە شوانکارەیەک هاتبێ، شەوان خۆی تێ ئاخنیبێ...!" بەدەم ئەم گومان و بۆچوونانەوە، سەری بەژوورەوە داگرت. بۆنی سڕە و تەپاڵەی پارو پێراری لێوە دەهات. توند کونە لووتی خۆی گرت، دەستێکی بەچاوە فرمێسک تێزاوەکانیەوە ماڵی: "خۆزگەم بەخۆت نەکا "وەستا ئەسوەد"...! وابزانم ئەو هاوینە بێتەوە، ناتوانی ئیتر چللە برێ لێ بکەیت...! ئەمساڵ بەسەر دەچێ و باوەڕ ناکەم مێگەلە مەڕێکی تێدا مۆڵ کەن... ئەو هاوینە دەبێ هەر ئاسنی سارد بکوتی. چنگە شۆڕەیەکت دەست ناکەوێ قەوانی پێ داگریتەوە...! مەگەر ئەو ساڵە هەر سەودا بەتفەنگی کچکچاپ و چەکەو باسمەکان بکەیت...؟!". لەو کاتەدا قسەکانی "بەکراغە"ی بیر کەوتەوە، کاتی کە "وەستا ئەسوەد" و هەموو قاچاخچییەکانی شاری ڕاسپاردبوو "تفەنگەکی برنۆی وەک تفەنگەکەی ئەمی بۆ بکڕن،... گوللە نەخوا... خانەپان، دەرزی نیشان...!" لایەکی لە تفەنگەکەی سەرشانی کردەوە،



زەردەخەنەیەکی تەنک کەوتە سەر لێوەکانی... سەری "ڕەخشان"ی ڕاکێشا، بەخۆ بەتاژی و توولەوە، بۆ هەوراز هەڵکشا...!.

ناو ئەشکەوتەکە ئەوەندە بەدڵ و داو ماڵڕابوو، دەتوت بەزمان لێسراوەتەوە، ئەوەی پاشماوەی سڕە و پاشەرۆک و جێ هەوێزی مەڕ و ماڵات بێ، پێوە نەمابوو...؛ بەڵام لەبەر بۆن و برینگی گڵمخاو و شێدارەکەوە... و لەبەر پندی سەر دیوار و بن میچی ئەشکەوتەکەوە... هەراسانی لێهەڵسا... خێرا خێرا چوو چەند چڵ و چێوی کۆتەرە دار و گزرەیەکی هێنا، ئاگرێکی ئەنگێز و بڵێسەداری کردەوە. دووکەڵێکی چڕ وەکو هەور، لەناو ئەشکەوتەکەدا، بەهەموو درز و کون و کەلەبەرەکانیەوە پەنگی دایەوە. وەک لەشکرێکی چاو شکاو و بەزیو، لەهەر شوێنێ دەرفەتی بوایە لێی دەچووە دەرەوە... هەندێکی بەدەرگای ئەشکەوتەکەدا، وەک تۆز و با تێکەڵ بەهەوا ساردەکەی دەرەوە دەبوون، ئەوی تریش وەکو تەم و مژێکی خەست، لەگەڵ لەشکری پند و کێچە زەبر وەشێنە بێ دەنگەکان، قۆپەن قۆپەن، بۆتە پانەی بنی دەکشا و بەلوول و پێچەکاندا ڕێگایەکی بۆ خۆی دەدۆزیەوە... لەهەندێ لای تریشا گێژەنەی دەخواردەوە،... بەناو بوودڕ و درزە شاخە هەزار بەهەزاریەکەی پشتیدا دەچووە دەرەوە...، لەم کاتەدا، لەبنەبانی ئەشکەوتەکەدا، بووبە جووکەجووک و فڕەفڕی پۆلە شەمشەمەکوێرەیەک، وەک با هاتن و فڕ فڕ دەرپەڕینە دەرەوە...

ناو ئەشکەوت گەرم داهات، باری سەرپشتی "ڕەخشان"ی داگرت... زین و بەرزین و ڕێشمە و لغاوی لێ داماڵی... وەک بووکی دەریا، بای باڵی خۆی دا، کەوتە سمکۆڵ و مل بادان... ئیتر لەناو زەمینەی ئەشکەوتەکەدا، کەوتە خۆ گەوزاندن.

هەموو هەستیان بەبرسییەتی و ماندوو بوون دەکرد. "مەتان" و "کرمان" و "قەلە باڵدار"یش هەر بەم ئاوایە، هەموو لەشوێن خۆیانا بەکری لێی وەرکەوتن.

"شێخاڵ" لەگەڵ هێمنایی ئەشکەوتەکەدا تێکەڵ ببوو. جوورەیەک لەبن هەناویەوە هەڵسا و لەسەرووترەوە بووبە قڵپێنەیەکی ترش، دەری فرتاندە دەرەوە... ڕووی کردە ئەم جۆگە ئاوەی کە لە "بێرمی زەل و زیل"ەوە دەهاتە خوارەوە و بەبەردەم ئەشکەوتەکەدا دەڕۆیشت. کەروێشکەکەی لەسەر تاتە بەردێ دانا، بەچەقۆ تیژەکەی، پێستەکەی داماڵی. ڕیخۆڵە و ناو هەناوی... هەرچی هەبوو هەمووی فڕێ دایە بەردەم "مەتان"ەوە... پاشان هەموو گۆشتە لەت و پارچە کراوەکانی خستە نێو مەنجەڵێکەوە و بۆ ناو ئەشکەوتەکە گەڕایەوە... توولە تیسکن، بەکلک بادان بەدوای کەوتەوە. مەنجەڵەکەی خستە سەر ئاگرەکەوە، دەستێکی بۆ سەر سەری کەروێشکەکە برد: "سەر بۆ سەرداره، "مەتان" ئەوجارە تۆ بوویت بەسەرلەشکر... سەر حەڵاڵی تۆیە..." وەک خڕکە بەردێ هاویشتیە بەردەمیەوە. هەر لەهەواوە ئەمیشی قۆستەوە. تاژییەکانیش لەشوێن خۆیانەوە هەڵسانەوە، کەوتنە گوێ مووچ کردنەوە، بەدەنگێکی نەرم و خەندە ئامێزەوە لای لێ کردنەوە: "ترسێ دەکەم ئەمساڵ دەست خەڕۆ بین. ئەو قسەی خەڵک لێی دەکا، دەبێ بەکلکە حوشتر بڵێین جززە...!" بەدەم ئەم قسانەوە یەک و لاپیل و چەند وردە گۆشت و ئێسقانی خستە بەردەمیانەوە... دەستی بۆ هەگبەکە برد و چەند سەبکە نانیشی بۆ دەرهێنان.... مەنجەڵۆکەکە خەریک بوو هەڵمەدووکەی لێ هەڵدەستا... بۆن و بەرامە و چزە چزی گۆشت، پەیتا پەیتا بەناو ئەشکەوتەکەدا بڵاو دەبۆوە، بەڕاکە ڕاکە چوو کتلیە ئاوێکی لەجۆگەکەوە هێنا و هێندێ ئاوی بۆ زیاد کرد... هەر بەدەم کارەکەیەوە لای لە"ڕەخشان" کردەوە... دوای دامرکاندنەوەی خروشت و خاری جەستەی، لێی ڕاکشابوو هەرچوار پەلی بەسەر زەمینەی ئەشکەوتەکەدا درێژ کردبوو... ئارەقەی هەورازە ڕێ و قۆشمە و ڕاکردنی لێ وشک ببوونەوە... سەیری ڕەفتار و جوولە جوولی "شێخاڵ"ی دەکرد، بۆ هەر لایەک بڕۆیشتایە، سەرنجی بۆلای ڕادەنا و گوێکانی مووچ دەکردنەوە... "شێخاڵ" لەقووڵایی



ناخیا کەوتە خەندە و ئاخاوتن : "ئێ ئێ... ئەوە دێم ئەوە دێم... تۆشم لەبیرە" بەدەمێکی بەپێکەنینەوە، تووڵەگەی کاو جۆ و هەندێ وردەنانی ڕەقیشی لەگەڵ تێکەڵ کرد و بەسەر سەریدا هەڵیکێشا... ئیتر ئەویش کەوتە کرمە کرم...

بەدەم جگەرەکێشانەوە، کەوتە نێو دەریای هزر و بیرکردنەوە. لەگەڵ تەنهایی و کش و ماتی دەوروبەرەکەیدا، پرسیارێکی ئاراستەی خۆی کردەوە: "دەبێ چ نێچیرم پێ ڕاو بکرێت؟ لەگینە مناڵ و کاڵی ئاوایی، وەک جاران لەچاوەڕوانی مندا بن تا دەستکوژیان بۆ بەرمەوە... ڕەنگە وابێ. چونکە دەزانم گەلێ تامەزرۆی گۆشتن... ئەی خوایە چ نهێنییەکە ئەمە... ترس و ئازایەتی، درۆ و ڕاستی، خەون و حەقیقەت، هەموو تێکەڵ کراون، کەس نازانێ کامەی کامەیە...! چ وەستایەک چ کابانێک هەیە ئەوەندە کارامە و شارەزا بێ، لێکیان هەڵاوێرێ... سوڕ دەزانم ئەوەی دەوترێ وانییە، سوڕیش دەزانم ئەمساڵ ساڵێکی ئاسایی نییە... گەر وانییە ئەی کوا ڕاوکەرانی تر... بۆ وەک چەند ساڵە دیار نین...!؟؟" مژێکی قووڵی لەجگەرەکەی دەستی دا، سەیرێکی دەوروبەرەکەی خۆی کرد... "ڕەخشان"، قەلە باڵدار، کرمان، مەتان... هەمووی لەجێی خۆیانا مۆڵ ببوون، خەو کردبوونی بەجەستەی بێ گیان ئاسا، وەک پەمۆی پەڕەکراو بەسەر ڕووکاری زەمینەکەدا خاو ببوونەوە... بەشێوەیەک، نووستنێکی تەمەن دوور و درێژی سەدان ساڵەیان دێنایەوە بیر مرۆڤ...!" سەرێکە هێناومە و نایبەمەوە. ڕاوی ئەوجارەم وەک دەهۆڵ دەنگ دەداتەوە. باراشهێڕی "لاکەچە" بگەڕێنەوە...، "خانەبەگ و برایم شەوار"ە و ڕاوچیەکانی تر... ئەو خەبەرەیان گوێ لێبێ، شەو لەخەفەتان خەو ناچێتە چاویان... ئەو جارە چ بەو خەڵکە دەڵێین!... پار و پێرار دەیانگوت "شێخاڵ" کۆنە ڕاوچییە، وەستایە، کاتی خۆی وا و وا بووە...؛ بەڵام ئێستا بەناوساڵ کەوتووە، کەڵکی ئەم کارەی نەماوە، تاژییەکانیش هەموو دەم

سارد و وەستۆک بووینە، بەو چاوی کەمبینا و دەستی لەرزۆکیشەوە، نیشانە ناگیرێ، تا وەک جاران چ شوور و کەڵەکێوی هەیە، یەکەو گوللە لەقەد چیاڕا سەرەونگومی کا...!. ئەوە نەمردم ئەو جارەش ئەو هەنجەتەم بڕین. ئەنگۆش ئەگەر پیاون ئەوە مەیدان!... کەس ڕێگای لێ نەگرتوون" ئەم قسانەی دوایی بەپێکەنینەوە دەربڕی "پشتاوپشت ڕاوچی لێرە هەر هەبووینە، هەنکە باس هەر باسی چەند کەسێکیانە، ناو و ناوبانگییان بۆتە وێردی سەرزمان. ئەوە "پیر کەرەم"، چیایەکی بەرزی بەناو کراوەتەوە، گۆڕەکەی بووە بەمەزارگەیەک هەزاران دەرد و نەخۆشی چاک دەکاتەوە. ئەوی تریان ئەشکەوت و دۆڵەشاخێکی هەزار بەهەزاری بەناو ئەو هەڵدەدەن... کە وتت ئەشکەوتی "گۆڕ بزر" ئیتر بڕایەوە، کەس نییە زیارەتی نەکردبێ، خەڵک و دەوروبەر هەموو هەر دەڵێن و دەڵێنەوە... قسنە، پیاوچاکە،... هەر لەچۆڵ و بەڕیا ژیاوە، ڕاوچییەک بوو، بەتیر و کەوان چۆتە ڕاو، ئەوەندە نیشانەی ڕاست بوو، دەرزی هەڵگرتووە... دوایەش نەزانراوە عەرد قوتی داوە، ئاسمان هەڵیکێشاوە،... هەر لەسەر خەونی چەند پیر و پیاوچاکێک، لەپێش ئەشکەوتەکەدا چەند بەردیان کوچک و کەڵەک کرد و ناویان لێ نا "گۆڕ بزر"... بەدەنگێکی بەرز پێکەنی : "ئەدی – مەحمودی سەنان – ، چونکە گورگە کوێر خواردوویانە، ئێستاش شایەر و لاوک بێژ، حەیران و بەستەی بەسەردا هەڵدەڵێن...!".

بەدەم ئەم هزر و بیرانەوە، کەوتە چڕینی چەند بەندە لاوک و حەیرانۆکێ، بەڵام پەیتا پەیتا دەنگەکان دەتوت بەبەنج دەرزی ئاژن دەکران، خەونێکی قووڵ هەمووی قوت دایەوە...

***

هێشتان داوی ڕەش و سپی لێک نەدەکرایەوە، بەدەم کزەبایەکی وەک گوێزانەوە... بەپەنهانی بەخۆ بەئەسپ و تاژییەوە چاوی دایە نۆڕینگەکەی نزیک کانی "وەکازە"وە، کە لەسەر بستییەکی بەرز، بەکوچک و کەڵەک



هەڵنرابوو، سواری بەولاغەوە تیا بزر دەبوو و لەناو درزە بەردەکانەوە، کەوتە خۆ دانووساندن وچاوگێڕان. "ئەگەر چ مامز لێرە مابن دەبێ بێنە سەر ئەو کانییە. لەدێر زەمانەوە بیستراوە، "کانی وەکازە" سەراوای مامز و کەڵەکێوییانە. ئەگەر ویستت بەدەستی خاڵی نەگەڕێیتەوە بڕۆ سەر "کانی وەکازە"، لەوێ پارێز بستێنە...". سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، شلیپاوی چاوە فرمێسک تیا قەتیس ماوەکانی سڕییەوە...! بەیانییەکی سووسارد و شێدار بوو، بەری ئاسمان بەرە بەرە ڕەنگی دەکرایەوە. مێرابی هەورە سپییە لپرلپرەکان، وەک کولێرەیەکی زێدە برژ، پەیتا پەیتا سوور هەڵدەگەڕا. دیمەنی ئاسمان و نۆڕینگ و کانی وەکازە، ڕۆژانی زووی هەرەتی لاوی هێنایەوە یاد.

هەر لەتەمەنی "شاخۆ"ی کوڕی دەبوو، نێرینەی بەهار، کاتی کەڵە هەرزی ئاسکان، کەوییە بەفر و سەوزە گیای قەدپاڵەکان تێکەڵ بەیەک ببوون...، ڕەوەی مامز، تیپ تیپ دەهاتن و لەپێدەشتاییەکاندا دەلەوەڕان. هەتاوە قوڕسەکەی بەهار، خوێنی وەجۆش هێنا بوون، هەمووی خەوالۆ و گێژ کردبوو. نێو قۆپەنە گیایەک، یان سەرشارە مێروولەیەکیان دەکردە شوێنی نووستن و هەسانەوەی خۆیان، پاشانیش ڕوویان لەو کانیە دەکرد، کە هەر لەکۆنەوە جێ نەزەرگە و ڕێبازگەی مێگەلی کێوییان بووە... کەوڵە مامزەکەی هاتەوە بەرچاو، کە باوکی پڕ کای کردبوو، لەسەرکانی وەکازەی دانابوو... ئەوانیش بەخۆ بەماینی کەوێت و تاژییەکانیانەوە، خۆیان لەنێو میل و نۆڕینگەکانەوە حەشار دابوو، ڕەوەی مامز دەهاتن، کە چاویان بەڕەنگ و شێوەی مامزەکە دەکەوت، بەبێ ترس دادەورینە سەر کانییەکەوە. باوکیشی ڕستی لەملی تاژییەکان دادەکەند و بەقریوە قریو، دەکەوتە تان لێدان و دیاردی لێکردنیان... هەرجاری چەند دانەیەکیان لە مێگەلی مامزان دادەبڕی و لەبن دەست و پێی خۆیان دەنان... ئەو ڕۆژی زیاتر لە پازدە کەلەشیان بردەوە "هەوارە بەرزە".

هەر بەیادی ئەو ڕۆژەوە، چاوی لەچاوە گەشەکەی "کانی وەکازە" بڕی بوو...! لەدوورەوە دیمانەی ئاسکێکی کەوتە بەرچاو، دەتوت لەسەر شارە مێروولە بەستراوەتەوە، بەچاوی بەخەوەوە، بەلارە لار دەهات. لەهەوراز "کانی وەکازە" هەڵوەستەیەکی کرد، بەگروشمە سەرنجێکی بۆ لای خۆرهەڵات و نۆڕینگەکەوە ڕانا.

ئەویش زیاتر خۆی لێ مەڵاس دا. لغاوی "ڕەخشان"ی توند کرد، بەئەسپایی تاژی و تووڵەکانی سەرکوت دەکردەوە: "بەستە زمانێکی بە هەستە، چاکە بایەکەش بۆ لای ئەو ناڕوا، نەبادا بۆنی جگەرە بکا... پارێزم لێ بپەڕێنێ...". بەدەم چاوەڕوان کردن و خۆ دانووساندنەوە، بەرە بەرە جیهان ڕووناک هەڵدەگەڕا، کزەبای بەر بەیان، تووکە سوورە سپی واژەکەی سەر پشتی دەجوولاندەوە. هەندێ جاریش لەبەر تەوژمی باکەوە ڕووی خۆی بۆلای تر وەردەگێڕا... بن زگی سپی و دوو هێڵی قاوەیی کە بەدرێژایی پێستی سەر پەراسووەکانی ڕایەڵ ببوو، لەگەڵ تووکە تێکچرژاوەکەی سەر کڵاوەی چۆکی، بەجۆرە دیمەنێکی زۆر قەشەنگ و نایاب خۆی دەڕوانی... دڵ و دەروونی خستە خورپە و ڕاچەنین: "دایکم بەقوربانی چاوە ڕەشەکانت بێ بزنە شامی!..."... بەڵام ئەو، وەک بڵێی لەهەرچوار دەوری خۆیدا دڵنیا بووبێ، بەهەنگاوی ورد ورد، کەوتە ڕۆیشتنێکی ناز پەروەرانە. لەسەر چاویلکە ڕوونەکەدا، کە وەک زەنگوڵ دەبریسکایەوە، هێشتان ئاوەکەی نەشڵەقابوو... سەنگرایەوە... لەگەڵ دەم پێوەنانیا، تووکە درێژەکەی ژێر چەناگەی نوقمی ئاوەکەوە ببوو... "بەقوربانی سنگ و گەردەنت بم... زۆر ئاو بخۆرەوە... دەی هێشتان نۆشی کە، تا زۆر ماندوومان نەکەیت..."... تیشکی سەرنجەکانی کەوتە سەر قلیچکە قۆچەکانی، کە دەتووت کلچووکن، تازە لەنێو کل دەرهاتوون.... کە تێری ئاو خواردەوە، سەری خۆی هەڵبڕی، چەند جارێ پڕ ماندی... تک تک ئاوێکی ڕوون بەسەر لمووزە تووکنەکەیدا دەهاتە خوارەوە...



دەستی بۆ گەردنی تاژیە مل بەقەرێتەکان درێژ کرد، بەئەسپایی ڕستەکەی لەمل داکەندن. پەپانە دزە بەخۆ بەهەردوو تاژیەوە ڕۆیشت. بەهەردوو دەستەکانی توند قەریتەی تاژیەکانی گرتبوو، لەکەلێنە بەردەکاندا نێچیرەکەی بۆ دەستنیشان کردن... ئیتر ڕێگای بۆ کردنەوە، یەک و دەستی بەپشتی داماڵین و هەیدێی لێ کردن... هەردووک وەک پڵنگی برسی، لەشوێنی خۆیانا ڕاپسکان، ئاسکەکەش بەهەمان گوڕ و تینەوە، وەک تێزی تفەنگ، فرتکەیەکی بۆ کرد و، بەسەر تەپۆڵکە و هەورازی سەر کانیەکەدا هەڵزنا.

قریوە قریو و هەرا و هۆریای "شێخاڵ"، هێمنایی ئەم دەشت و کێوانەی شڵەقاند. بەهەڵە داوان بۆلای شوورەو پەرژینی نۆڕینگەکەوە وەرچەرخایەوە، سواری "ڕەخشان" بوو، کەوتە ئاوزەنگ لێدان و دەنگە دەنگ:

– "دیا ا ا ڕدی... دیا ا ا ا ا ا ڕدی... دیا ا ا ا ڕدی"

بەناو نشێو و هەورازی لاپاڵەکان دا ڕەدووی کەوتن. سەرێک هەتا گەلی "ڕەوەزۆک" یان هەڵبڕی، دوایە لەوێ سەرەو هەورازیان کردەوە، بەسەر پانەسەر و هەورازی "نکەڕۆ" و "بێرمی زەل و زیل"دا بۆلای دۆڵ و پێدەشتاییەکەی "کانی وەکازە"یان سەرنشێو کردەوە. لەم شوێنەی کە بەشە تەختاییەکە بەدرێژایی دۆڵەکە، لەبەردەم ئەشکەوتی "هۆڵە مەڕ"ەوە بەرین دەبێتەوە، تا شێوەیەکی نیمچە بازنەیی بۆ خۆی وەردە گرێ، لەوێدا "قەلە باڵدار و کرمان" وەک باگەڕ و باهۆز خولیان پێ دەخواردەوە؛ بەڵام نیشتەی قوڕ و لیتە و خاکە داماڵراوەکەی قەد پاڵەکانی دەوروبەر، لەخێرایی مامزەکەی کەم کردەوە، سمە تیژەکانی لەقوڕ و لیتەکە ختم دەبوون... ئەوەندەی نەمابوو بەکەلبە تیژەکانیان پاشەڵی سوور کەن، دوای تەکانێکی کتوپڕ گڕوتینی هێنایەوە بەرخۆی، کەوتە سەر چەقێنەکەوە، ئیتر وەک با بەتەک "شێخاڵ" دا ڕەت دەبوون و "مەتان"یش دوور و نزیک، وەک گوڵ

ئەستێرە، تووکە سپیەکەی دەبریسکایەوە:

"هەی ماڵم، هەی کەس و کارم... دەەەەی... قەلە باڵدار قوتاری نەکەی...!"

لەگەڵ ئەم دەنگ و هەرایەشیا، "ڕەخشان" دەتووت باڵی لێ دەرپەڕیوە، بەسەر گابەرد و نشێو و هەورازە ڕێگاکان دا بازی دەدا...

قەدپاڵ و قەدپاڵ بەدوایان دا ڕای دەکرد، بازی دەدا و چەپۆکی دەهاوێشت...! دیسان کەوتەوە دەنگە دەنگ و تان لێدانیان:

"ئەهە ئەهە ئەهە... قەلە باڵدار، کرمان... نەیەڵن بکەوێتە ناو چەم و چوغردان..."

دیا ا ڕدی... دیا ا ا ا ڕددی ی ی... دیا ا ا ا ا ا ڕ ددد ی ی ی ی... بەقوربانی چاوی ڕەشی منداڵانم، پێی دەڵێن، دیا ا ا ڕدی دیا ا ا ا ا ڕدی... دیا ا ا ا ا ڕددی ی ی...

"قەلە باڵدار" کە نرکەنرکی خاوەنەکەی و پرمە پرمی ئەسپەکەی دەکەوتە بەرگوێ، ئەوەندەی تر گڕ و تینی دەهاتەوە بەر... لەهوڕژم و تیژڕەویان بازێکی هاوێشت بەسەر مامزەکەدا ئاودیو بوو، نەیتوانی هەر لەشوێن خۆیا وەرچەرخێتەوە، "کرمان" گەیشتە سەری و لەو خێراتر پشتی لێ گرت... پێش ئەوەی لەناو چەولینگ و هەڵەت و تیشە شاخەکانەوە ون بێ، کەڵبەیان لەپاشەڵی گیر کرد و لەخرتۆڵێیان وەردا... بەپرەپڕ چەقۆی بەسەر ڕاگەیشت. بەچاوی پڕ لەئاو و کونەلووتی ئاوساو و بەهەناسە سواری و ئازاری برین و ناسۆربەکانیەوە، لەناو خوێن و خێزاوی خۆیان گەوزاند، کەوتە ئاویلکەی مەرگ و کرخە کرخی دوا هەناسە.

***

"بە هەر سێی جزمی قورعان کە فەقێ و مەلا سەریان پێ کردووە، بەگۆڕ و مەزارگەی هەموو پیر و پیاوچاکان، بەغەوسەکەی ماڵ لەبەغدا، بەگیانی



پاکی چ فریشتە و پەری و پەریزادەی لەعارد و عاسمانێ هەن، وە بەووە تریشە...! ئەوەی وتراوە و ئەوەی گوێمان لێ بووە و ئەوەی دیتراوە، هەموویان وان و لەکونی کاڵەک ڕاستترن...!" "ئۆمەر ئاشەوان"، هەر پێی لەدانگی ئاوایی نا، هەتا هێزی تیابوو، دەنگی خۆی بەرز دەکردەوە و ئەم قسانەی دەوت و دەوتەوە. لەسەرەتاوە تووشی بوو بەتووشی کۆمەڵە منالێکی بەردەقانی و دارلاستیک بەدەستەوە، بەم ناوەدا پەرش و بڵاو ببوونەوە. لەسیلەی چەپەرە بەرز و دڕکاوییەکەدا "ئایشە شەل" ڕاوەستابوو. بەم قسانەیەوە سەرنجی ئەوان و سەرنجی پۆلە کچە عازەبەکانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا... کە هەموو گۆزەیان لەسەرشانی بوو، بۆ سەرکانی شۆڕ دەبوونەوە.

"ئیش لە خەون و مەون و کتێب گرتنەوەدا نەماوە، ئەوەی "دێوانە" دیوبەتی، بەخۆی ناوی ناوە خەون،... ئەوەش هەر لەبەر سڕەکی ئیلاهییە. ئەگەرنا، هەنکە بڕۆ دەستنوێژەکی پێ هەڵگرە و قورعانەکی لەپێش دانێ... "دێوانە": دە بڵێ بەو قورعانە دەستم بەپڵنگە باڵدار نەکەوتووە...؟ "دێوانە"؛ دە بڵێ بەو قورعانە گوێم لە هەناسە و لە مشەمشی دێوە باڵدار نەبووە...؟!... دە بزانە سوێند دەخوا...؟! بزانە هەینێ چۆن خۆی لە گێلی دەدا: هائا، ئا، ئە، ئەمن ئەمن... ئا ئا ئاخر... نا نا نازانم بڵێم چی... دە ئەوەندە ناوی مەینێ، بەنەعلەتی کەن...! ئەوها هەر ئەوها بەو قسە پچڕ پچڕانە سۆزگت دەکا، هەر پرسیارێکی لێ بکەی خۆی لەوسەر دێنێتەوە، قسەیەک لەوێ و یەک لەوێ، لەبیرە خۆی دەباتەوە...!.

ئەمن ئەوە لەباتی ئەو سوێندەک دەخۆم و دەڵێم، وەڵڵا یەکە، بیللا دووە، تیللا سێیە، پێی گۆتراوە دێوانە نەڵێی ها...!!... نەکەی ئەو تۆق و تەڵەسمە بشکێنی، نەکو ئەتو لەجێی ئەو سندم دەکرێی!..." ڕووی لە "ئایشە شەل" و کچە عازەبەکان کرد: "لەئاوایی دوور کەوتنەوە ئیشەکی پڕ لەخەتەر و ختوورەیە. هەر دیتت باڵدارەک لەتاقی عاسمانێ پەیدابوو،

وەک باشووکە هات و خۆی لەدووانتان سێیانتان... ڕوو کرد و، بەنۆکە تیژەکەی، هەڵیگرتن... ئەوجە هەینێ هەوارە بەرزەیی قەلەندەر چیمان پێ بکرێ...! ڕوو لەکێ کەین... هانا ببەینە بەر کێ...؟!..."

"ئایشە شەل" کەوتبووە ژێر تەوژمی ترس و تەلەزگەیەکی بێ ئەندازەوە. دەیخواست هەردوو دەستەکانی "ئۆمەر ئاشەوان" لەسەر سەری خۆی دابنێ، خۆی بەراگیێڕی کات، بەڵکو چارەیەکیان بۆ دەدۆزێتەوە... ئەو ئاشەوانە، دنیا دیتەیە، خەڵکی زۆر بەسەرەوە دێن...! کچەکان لەو پەشۆکاو و شێرزەتر بوون. بەدەستی لەرزۆکەوە، گۆزەی سەرشانیان دانا و بەهەڵەداوان، هەر کەسە ڕووی لەماڵی خۆی کردەوە... "ئۆمەر" هەر بەم ئاوایە، بەناو گونددا دەڕۆیشت و ئەم قسانەی دەوت و دەوتەوە. هات و هاوار و دەنگە بەرزەکەی، سەرنجی هەموو خەڵکی بۆ خۆ ڕاکێشا، ئەوەی گوێی لەدەنگی بوایە، یەکسەر بۆ لای دەچوو... کە گەیشتە ناوەڕاستی ئاوایی، لەنزیک ماڵی "دێوانە مەمۆ" سەنگرایەوە و خەڵکەکەش دوور و نزیک بەدەوریدا جغزەیان کردبوو.

"دێوانە مەمۆ" هەر لەزوویەکەوە، هەستی بەهاتنی کردبوو، گوێی لەهەموو قسەکانی ببوو. لەبەردەم دەرگای چەپەر و پەرژینەکەی ماڵەوە وەستابوو، بەناز و فیزێکەوە نەختێ بای باڵی خۆی دا، وەک پەیکەری سەرکردەیەکی براوە و سەرکەوتوو ڕاوەستابوو. جارجار لای لەملاو لەولای خۆی دەکردەوە. گوێی بۆ قسەکان شل کردبوو. چاوەڕوان بوو شتی تریشی لەبارەوە بوترێ.

"دێوانە، خەڵک ئەزیەتدان باش نیە. ئێمەی قەلەندەر گوناحین... دەوجە بابەس بێ... ئەوەی لەلای خوا هاتووە خۆشی هاتووە. دە ڕاستییەکەمان پێ بڵێ، پیازەکی سپی کراومان لەدەستی نێ، کاکە ڕاستییەکەی ئەوەیەو ئەوەیە و ئەوەیە... ها ا ا ئەە... ئەوکاتە ئێمەش هەر ڕوو لەتۆ دەکەینەوە و دەڵێین، دێوانە ڕووتە سەرمان لەڕێتە...! سەری خۆت بۆ لایەکی تر



هەڵدەگری ئێمەش بەگەڵت دەکەوین، نەخوازەڵا بەگژ شاخ و داخ و عارد و عاسمان دادەچی ئێمەش لەدواتین" دەنگی خۆی زیاتر هەڵبڕی: "ئەگەر گوندیش بەجێ دێڵی ئێمەش لەگەڵ تۆدا بەجێی دێڵین و هیچ سێ و دووی لێ ناکەین...!".

ئەم قسانە بوون بەسیخورمەیەک و سرەوایە "دێوانە مەمۆ"، دڵی لەگەڵیا ڕاجفری. لەشوێن خۆیا کەوتە کەف و کوڵ، تا هێزی تیابوو دەنگی خۆی هەڵبڕی و "ئۆمەر ئاشەوان"ی دەمکوت کردەوە:

"هەرچی بڵێی دەڵێم ئا، دەڵێم وایە... هەموو قسەکانت پەسند دەکەم... ئەوەیان نا...! " خەڵکە سەر سوڕماو و حەپەساوەکە، هەموو بەسەرسامی لایان لێ کردەوە، ئەویش درێژەی بەقسەکانی خۆی دا: "باپیرە گەورەی دێوی گەڕ گەڕیش، ئێرەم پێ چۆڵ ناکا...!".

"ئۆمەر"، لەشوێن خۆیا هەڵوەستەیەکی کرد، ڕەنگی هەڵبزڕکا، هەتا دەمێ لەشوێن خۆیا دۆش داما. وەک بڵێی گوێی لەم قسانە نەبووبێ، هیچ خۆی لەگوورە نەبرد، دیسان ڕووی لە "دێوانە مەمۆ" کردەوە و گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:

"کورە هۆ خەڵکینە، هەوارە بەرزەیینە... ئەمن بەناوی خۆم و بەناوی هەمووتان، ڕوو لە "دێوانە" دەکەم و دەڵێم: دێوانە، هەندەم سوند و کەلامە، ئەگەر ڕەنگی دەعبایە، پڵنگە باڵدارە... نازانم چییە... کەمان پێ نەڵێی، نە ئێستا دێوانەیت و نە دەبیت بەپیر و پیاوچاکیش!...".

بەم قسەیە "دێوانە"، کەف و کوڵی داکەوتەوە. لەشوێن خۆیا سارد بووەوە. دوای نەختێ دۆشدامان و بیر کردنەوە، بێ ئەوەی سەیری خەڵکەکە بکا، بەدەنگێکی نزم وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە:

چەند جارە وتوومە، ورگەستوورێکی خاڵخاڵ بوو، بەلای بۆریدا دەیڕوانی، ئەوەندە زل و زەبەلاح بوو دەتگوت ڕەشکەی کایە. "ئۆمەر"

دەنگی خۆی هەڵبڕی و بەرز هەڵیدایێ : "تووکەکەمان پێ پیشان دە، هەتا بەچاوی خۆمان بیبینین، دەزانم کوو پەلامارت دا و ئەویش لەبەر دەستت هەڵات... پێت بەرزەفت نەکرا..."

"پوور مێردین" وەک بڵێیی لەبیر کرابێ، چەند هەنگاوێ لەئاپۆرای خەڵکەکە هاتە دەر و خۆی لێ نزیک کردەوە: "ئۆمەرە، کوڕم، خێرە ئەوە... چ بووە، چ خەبەرت گوێ لێ بووە...؟؟!".

"داپیرە گۆشت و ئێسقان لەئاگر حەرامەکەم، ئەدی ئەگەر شتێکم نەبیستبێ... ئەوها لەخۆمەوە ئاگرم تێبەر دەبێ...! ئەگەر نەزانم گوندە قشتیلانە بابەلباب ڕێک و پێک و هەوا سازگارەکەم لەناو چ ترس و تەلەزگەیەکدا دەژی، قەت ئەوها شێت و شوور دەبم...!".

بەدەم ئەم قسانەیەوە "پوور مێردین" سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقاند. ئەویش ویڕای خەڵکەکەی تر، بەسەرسوڕماوی لەشوێنی خۆیا وەستا بوو سەیری دەمودووی دەکرد و گوێی بۆ ڕاداشتبوو. دوای پشوویەکی کورت و گەروو پاک کردنەوە، دوای نەختێ سەرداخستن و ورد بوونەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "دوێنێ باراشهێڕی لاکەچەیی، خۆیان و تەنی گیانیان لەسەر دەستیان دانابوو، بەناچاری هاتنە ئاش. خۆزگە هەنکە ئەوان بەخۆیان ئەلێرە بوونایە، بەزمانی خۆیان ڕووداوەکەیان بۆتان بگێڕابوایەوە..." لەگەڵ ئەم قسانەدا، هەندێ جار بەدەنگێکی نزم قسەی دەکرد، هەندێ جاریش تا هێزی تیابوو دەنگی خۆی بەرز دەکردەوە؛ بەڵام ئاپۆرای خەڵکەکە هەموو کڕ و کپ لەشوێن خۆیانا وەستابوون. ترس و نیگەرانی، ناو دڵ و مێشکیان دەرزی ئاژن دەکرد: "داخی ئەوەم ناچێ، هەتیوێکی دەمڕووتی زلحیزیان لەگەڵ بوو... دەبینم دەڵێ "مام ئۆمەر" ئێمەش بەئاگری ئێوەوە سووتاوین... وڵداشەکانی گەلێکم لێ پاڕانەوە، ئەگەر نا لەسەرینی ئەو قسەیە، دەبوایە سیکتری لێ بکەم، ڕێ و ڕێ بەخۆ بەباراشەوە بینێرمەوە" دەنگی خۆی هەڵبڕی: "حەرامزادە، هەوارەبەرزەیی



چییان کردووە!؟ توخمە سە، هەتا "هەوارە بەرزە"، هەوارە بەرزە بوو ئێوە و مانان لەکوێ دیاربوون... دەنگتان، ڕەنگتان، گوندتان، جێ و ڕێتان، ناو و ناتۆرەتان، دەستڕەنگینیتان...!!؟ ئاخر بەچیتان دا هەڵبڵێیم؟... ئاوا دەمت لێمان دەکەیتەوە... ئێمە و ئێوە کوجا مەرحەبا، عەرد و عاسمانمان فەرقە، بەڵام چی لەگەڵ غەزەبی خوا دەکرێ...!!". خەڵکەکە هەموو سەیری دوڕ دەمیان دەکرد، تا هەموو پەیڤ و وشەکان بپێکن. هەموو ترس و تووڕە بوون و بێزارییەکی زۆریان پێوە دیار بوو. بەدەم چرقە چرقی تەزبیحی دەستیان، مات و حەپەساو و دۆش دامابوون... بەڵام "شاخۆ" کە لە ڕیزی پێشەوە وەستابوو، لەگەڵ "باغۆ"ی برای... لەهەموویان زیاتر نیگەران و شپرزەتر ببوون. "ئۆمەر" دوای سەرنجدان و سەیر کردنیان، بەڕەنگ و ڕوخسارێکی خەمناکەوە، لای لێ کردنەوە: "باوکتان، پیاوماقوولی گوندە، گەورەی هەمووومانە... گەلەک لێی دەهری بوویمە، گەلێ گازاندەم لێی هەیە... بەڵام چەندی دەکەم، زارم هەڵناپچڕێ چی لەبارەوە بڵێیم...! هەی بەخولامی زینی موڕسەت و ڕکێبی ناڵدۆزی ئەسپەکەی بم، بەقوربانی ڕێشمە و لغاوی حەوێزە مرواری ئەسپەکەی بم...!... لەگەڵ باراشهێڕان لێک ڕاست هاتبوون، گوتیان "وەستا" مردین و سووتاین بەگوێی نەکردین و نەکردین... کورە هەی چاوەکەم بەئاسمان و بەفرە کەمەکەی ئەوساڵ هەڵمەخەڵەتێ... کورە هەی بابەکەم ئەوساڵی زستان وە پاش بدات پێت پەسند نەبێ، کورە هەی کاکی گەورەمان، وەرە لەگەڵ ئێمە کەرەم کە و بگەڕێوە ناوماڵ و مناڵی خۆت... ئەوە ئێمە و مانان برسیەتی ناچاری کردووین، ڕێی هات و نەهات بگرین، ئەدی ئەتوو...؟!! هی ئێمە لەبرسانە، کە وتت برسییەتی بڕایەوە، ڕێییەکی لەهارییە... ئەتوو بۆ...!؟ ئێمە دەزانین چ ڕاوچییەکی... چ تەماڵ و نێچیر گرەکی...؟ خەڵک و خواهیش چ ئازیزە و پایزەیەکت بەسەردا هەڵدەڵێن... چ سوار چاکێکی بەکیرد و کەمبەرە و چەکمە داری...؟!... بەڵام ئەو ساڵ ساڵی ڕاو و شکار

نییه... ئێمه ئەگەر له قوڕبەسەری و له بێچارەییمان نەبوایه، بیانکردباینه میر و ئاغه و بەگیی مامەش و مەنگوڕان، کوێستانی "گاگەش" و "باوەمەڕ" یان لەقەبەڵ کردباین... لەماڵ دەردەکەوتین...! برا بەکێ دەڵێی... هەرچەندی هەوڵمان دا، هەرچەندی لەبەرمان خوێند... پێی له کەلی شەیتان نەهێنایه خوار...!".

"شاخۆ و باغۆ" ڕەنگ و ڕوخساریان وەک پیازی کوشراوی لێ هات، مات و پەشۆکاو... گوێیان گرتبوو. "پوورمێردین"یش بەم قسانەوە، کۆڵه گروویەک قوڕگ و هەناسەی گرت... لای لێ کردنەوە: "هەی دایکتان بمرێ!... من لەپێشی بوومه کتکی خدری زنده، مردم و سووتام هەندی لەبەری بخوێنم... بەگوێی نەکردم و نەکردم..." "ئۆمەر" بەدەنگێکی بەرز گەڕایەوه سەر قسەکانی خۆی: "گوتیاان... ئەوێ ێ ڕۆژێ ێ، شوانی گوندی، بەهەناسه بڕکێ و بەڕەنگی هەڵبزرکاوەوه، به هەڵەداوان له ئاقار گەڕایەوه... تاک و تەرا... بەتەنها... سەرکۆت، پێخواس، نەکەڕکی، نەگۆپاڵی، نه دووزەله و نەشمشاڵی... نه هەگبەی خواردنی... هیچ هیچ هیچ... هەمووی لەوێ جێ هێشتبوو..." دەستی خۆی بەرز کردەوه: "ئەوها، ئەوها... وەک پەڕەسێلکەیەکی بێ پەڕ و باڵ، هەناو پڕ لەترس و لەرز، لایەکی مردوو، لایەکی زیندوو...! لاکەچەیی هەموو هۆپەکیان لەخۆدیت، دەوریان لێدا... پاشی چەند پرسیار و چ بوو چ بوو، چی ڕووی داوه، چ قەوماوه، بۆ بەتەنهایی، بۆ وا شپرزه و شەپرێوی، بۆ نوتقت نییه، کێ ڕووتی کردووی، کێ ڕاوی ناوی...؟؟!!... پاش ماوەیەک له هانکه هانک وهەناسەبڕکێ... بەهەزار ناری عەلی، دەمی لەیەک کردەوه و کەوته گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی: خەڵکینه، لەلای "دۆڵەواش" و "ئەشکەوتی موراد"ەوه، هاشه هاشەکم کەوته بەر گوێ، هاشه هاش، هەر هات، هەر هات، هەر زیاد بوو، هەر لێم نزیک کەوتەوه، تا وای لێ هات، کەڕ و کاسی کردم. چیتر خۆم پێ ڕانەگیرا، لەسەر چینچکان دانیشتم، توونت



دەستم بەگوێی خۆمەوه گرت... مەڕەکانیش، بەستەزمانانه هەموو پاڵیان بەیەک دابوو، هەموو ببوون بەتۆپه خورییەک و بەیەکەوه دوورابوون. له دوورەوه لەعاسمانێ تەیرەکم دیت، تەیر چ تەیر... نەفرەجایەک بوو بۆ خۆی، هەرهات هەرهات، هەر گەورەبوو، هەرهات، هەر گەورەبوو...!... تەپ...! کاتەک وام هەست کرد خۆی لەنزیکم بەعەردی دادا... ئەه برا... ڕوح له جێیەکی قایمه نایەته دەرێ...!" بەره بەره بازنەی قەرەباڵغی خەڵکەکه بچووک دەبووەوه، کەمێکی مابوو "ئۆمەر" لەناویان بزربێ، هەتا هێزی تیابوو دەنگی خۆی هەڵبڕی: "بۆن دێ بۆنی بێگانان دێ..." دوای کەمێ وەستان، درێژەی بەقسەکانی خۆی دایەوه: "توخمی عینسان، ئەوه چ دەکەی لەو عارد و مەکانه...!؟ هەر بێگانەیەک بێته شانشینمان، هەر له دوورەوه بۆنی دەکەین... بۆ جێنەزەرگەی باپیرانمان لێ پیس دەکەن... تەمای چیتان هەیه، بۆ له هیچ و خۆڕایی سەری خۆتان له دیوار دەدەن...؟؟!!.

چەندی دەمکرد و تانم دەدایه خۆم، نەدەوێرام تەماشای کەم... هەر هەندەم زانی نەڕە نەڕەکم گوێ لێ بوو، ئەو ناوەی، بەدۆڵ و بەشاخەوه لەگەڵ دەهەژایەوه... پاشان بووه کش و ماتییەک، دەتوت فڕێیان داومه ناو بیرێکی چل گەزەوه... که چاوم کردەوه، نه باڵدار ما و نه نازانم چییەکه، ما... فڕی، عارد قووتی دا، خۆی شاردەوه، چووه پێستی مەڕ و بزنان، بوو بەبەرد بەدار نازانم...؟!... ئەنگۆش هەڕوون مەڕەکانتان بێننەوه و بەسەریان بکەنەوه، بزانن چەندی بزره چەندی ماوه، چەندی کەل و کرۆم کراوه...؟! ئەمنیش، هاااا ئەه... بەس ئەوجاره خوا قوتاری کردبم نه شەرته شوانی و نه دەستگرم لێتان دەوێ... له برسانیش بمرم جارێکی تر ڕوو له ئاقار ناکەمەوه... کار له کار ترازا، له قەوامی ئێمه و مانان دا نەماوه...! شوانەی بەستەزمان، که ئێواره داهات لەرز و تایەکی پێوه نووسا، ئەمان لەرز و تا...! ئێستاشی لەگەڵ دابێ، لەجێی خۆی دەبنێسێ و هەر وڕێنه دەکا، ئەوەی زادبێ نەیخواردووه، بەلۆکه ئاوی له دەم دەکەن...! " خەڵکەکه

هەموو، وەک جەستەیەکی بێگیان، دەمیان کلۆم درابوو، سرتەیان لێوە نەدەهات. "ئۆمەر ئاشەوان" بەدەست هەڵشەقاندن و سەر جوولاندنەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "ئەوجە بزانن ئیشەکە چۆنە، چەند گەورەیە... برای من، بابی من، بەخولامی چاوە ڕەشە زەق و زیتەکانی منداڵەکانتان بم، خودا بمکاتە بەراگیڕ و خزمەتکاری داوە سپییەکانی نەنک و داپیرۆکە بەهەشتییەکانم" لەگۆشەی چاوا سەرنجێکی خێرای ئاراستەی "پوورمێردین" کرد: "ئەوانەی لەبێ گوناحی خۆیان، خودا تەمەنی درێژی پێداون، هەموو خەڵک دەزانی پایەیان چەند بڵندە، جێیان کوێندەرە... جێ یان ناوەندی بەهەشتە، هەر دوڕ بەهەشت..."

"پوورمێردین" هەر دوو دەستی لەسەر نێکە کرچ و کاڵ و قوپاوەکانیدا دانابوو، هەر دوو چاوەکانی خستبوونە سەر یەک. هێواش هێواش سەری خۆی لەگەڵ ئەم قسانەدا دەلەقاندەوە.

"ئۆمەر ئاشەوان" لەقسەکانی خۆیا هەر بەردەوام بوو: "غەزەبی خوا، ئەگەر لەبەر یەکێ بێ یان لەبەر سەد کەس بێ، کە هات... کە باری بەسەرمان دا... هەموومان دەگرێتەوە. ئەدی خۆ کارە بێشکە نییە، پێی بوترێ، هۆ: گوناحبار... لەکوێی هەتا بەسەرتدا ببارم...!؟... چرک، چرک، چرک... گوند، ئەوها چرکە چرکی بێ...!؟... نەک وەک قایەغەکی خراپ و خەرپووشۆکەش، بڵێ وەک کەڵەکەکەی "زادۆ"... ئەی لەوە زیاتر... خوای تەعالان چیترمان پێ پیشان دا...!"

"پوورمێردین" لەناکاو سەری خۆی هەڵبڕی، بەسەرنجی ورد ورد، لە "ئۆمەر ئاشەوان" ڕاما. زەردەخەنەیەکی تەم و مژاوی دەم و چاوی داگرت؛ بەڵام زۆر بەچاکی هەستی پێ نەکرا، لەدڵی خۆیا کەوتە قسە کردن: "ئۆمەرە قوچڕەو، ئەی هەتا ئێستا لەکوێ بووی،...؟ لە ئاسیاوەکەت ئاش و بۆشتری، زوو زوو شتان لەبیر دەکەی... تۆ بڵێی خەونەکەی منت پێ گەیشتبێتەوە... یان هەر لەخۆتەوە پەرتاوان دەکەی...؟! "



"ئۆمەر ئاشەوان" قسەکانی پێشووی دیسان دووبارە کردەوە: "چرک، چرک، چرک... پیر و ئەولیا هەڵت گرن، بۆ کەشکەڵانی ئاسمان بڵندت کەن...! ئەی چیتر، باوکم... دەبێ ئەوە مانای چی بێ... پیر و ئەولیا و پیاو چاک، وا بەبارە بارِ پێمان دەڵێن، کورە، هۆ گەلۆرینە، نەفامینە... حاڵ لەمە و حیکایەت لەمە... ئەوجە زووبن، دەستوبرد بکەن، چارەیەک لەخۆتان بکەن...! ئێمەی نەزان و خەمساردیش، هەموو دەڵێی جادوومان لێ کراوە، بەو جێیە پڕ لە شمروشەڕ و پڕ لە دێو و درنجەوە دووراوین... بەتۆپی کەللەش ناجوولێینەوە...".

"دێوانە مەمۆ" هەر بەدەم گوێ ڕاداشتن و بیر کردنەوەوە، کەف و کوڵی دەهاتێ... بەرە بەرە ڕق و تووڕەییشی زیاد دەبوو. لەشوێن خۆیا گڕی سەند، بەدەم حاڵ گرتنەوە، سەرنجی هەموو دەوروبەرەکەشی بۆلای خۆی ڕاکێشا. چەند ڕەفتارێکی نائاسایی لە جوولە و هەڵسوکەوتەکانیەوە، هێنایە ئاراوە... شیرەکەی هەڵکێشا، بەملاو بەولای خۆی دا دەیجوولاندەوە... پاشان، هەتا توانی دەنگی خۆی بەرز کردەوە و کەوتە جەزبە و ڕاچەنین: حەی... حەی ی ی، حەی ی ی ی.... "پوور مێردین" یەکسەر بەدەستە لەرزۆک و بێ هێزەکانیەوە، کەوتە ئاماژە کردن: چەقە چەق... گوێ بگرن نەفامینە، بزانن "دێوانە" چ دەڵێ...!

– حەی، حەی، حەی ی ی...

بەدەم شیر هەڵشەقاندنەوە، بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ: باکەس خۆی لەکاری وا هەڵنەقورتێنێ... هەوارە بەرزەیی بەمن گەیشتن... پڵنگە باڵدار بێ، دێوی دەم بەخوێن بێ، دەعبا بێ... هەرچی بێ... دەبێ تۆق و زۆڵانەی بخەمەوە مل... خۆی بکا بەقولەشینشایەری ئەجندانیش، هەر دەبێ سندمی بخەمەوە پێیەکانی، بیگێڕمەوە ناو قەفەزە بەردەکەی خۆی...!

***

تەپە و تەلان و دۆند و سمڕیتکەکانی کرد بەپەیسک و پایەی ژێر چەپۆکەکانی "رەخشان". وەک با وەک پەیژە ئاوازێک کە لەژێی ئامێرێکەوە دەربچێ، ئاوا بەخۆ بەکەلەشی مامزەکەی سەر پاشکۆی زینی... لەئەشکەوت و قەدپاڵەکان و کانی "وەکازە" وەپشت کەوت. بەرەو هەوراز، بەرەو زنجیرە شاخە بەرزترەکان، بەرەو لووتکە سەر بەهەورەکان... کەوتنە هەنگاو هەڵێنانەوە.

پەیتا پەیتا، لەگەڵ هەنگاوە خێراکانیاندا، کەش و هەواکەش دەگۆڕا، ئاسمان چاوی دەکرایەوە، هەڵیدەبرینگاند، ئەم توێژە هەورەی کە ڕوخسارە شینکاڵەکەی ئاسمانی شاردبووەوە، کەوتە بەر بابەرزە فڕکەوە، هەر بەشێکی بۆ لایە فڕاند، تەخشان و پەخشانی پێ خستن. لەگەڵ لەنگ و لۆری دیمەن و هەوا بەرزەفڕەکەدا، پەڕەی دڵی دەکرایەوە، گڕ و تینی زیاتر گەشەی دەسەند. ورە بەرز و دڵ پڕ لە ئەوین... نێچیری چەور و ناسک، تاژی خۆش بەز و دەم گەرم، کە دەتووت کەڵبەکانیان تازە دەمەزەرد کراونەتەوە...!..."چیتر لەمە زیاتر...چ شتێ هەیە لەمە خۆشتر...!" بەخۆ بەیاوەرەکانیەوە... وەک کۆمەڵگایەکی هەمە چەشنە و هەمە ڕەگەز،... شێواز و ڕەفتاریان لەگەڵ سروشت و هەوای ئەم مەڵبەندەدا ئاوێتەی یەکتر ببوون...

هەموویان بەکۆمەڵ دەڕۆیشتن، هەنگاویان دەنا، هەڵبەز و دابەزیان بوو، هەر ئەوەندە مابوو باڵ بگرن... نەیانزانی چۆن ئەو هەڵەت و پەڵەتەیان بڕی...؟ گەلێ لە "رەخشان" خورتتر و بەهورژمتر بوو...! هەر دەڕۆیشتن، هەر سەردەکەوتن... تا لەسەر قوتکە شاخێ خۆیان دۆزییەوە...! ئیتر لەوێوە پێهەڵ، توولەرێی ڕێڤینگ و دەواران، لەناو تووتڕک و گیاکەڵە و بنەگوێنی و هەڤرسە وشک هەڵگەڕاوەکاندا شوون بزر دەبێ و دەکەوێتە ژێر کەوییە بەفر و بەستەڵەکی دۆند و قەدپاڵەکانەوە...! جار جار پاشماوەی بزنەڕێ و جێ سمی شوور و ئاسک و جێ چڕنوکی گورگ و ڕێوی و



کەروێشکە ڕاو نراوەکان... لەهەندێ شوێن دا وەک ڕەگی دار بەم دەوروبەرەدا بڵاو دەبنەوە، لەهەندێ قەدپاڵی ڕک و بەرزیشا، ڕەگاژۆیان بۆ سەر سمریتک و قوتکی سەر بەبەفر و بەستەڵەک دەڕوا... هەر دەڕۆن و ڕەگ دادەکوتن، تا لەبینای چاو وون دەبن... وەک بڵێی لەوێوەش بۆ پانتایی ئاسمانا درێژ دەبنەوە و دەبن بەرێبازگەی شینە شاهۆ و هەڵۆ و باز و باڵندە بەورشە و ئاورینگەکان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم ڕووکارە سەخت و تێکچڕژاوە، نە لەم و نە لە "رەخشان" شتێکی تازە کار و سەرسوڕێنەر بوو...! لەم شوێنە بەرزەدا، هەر لەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە، لایەکی لە هەرچوار دەوری خۆی کردەوە، بۆنێکی هەوا شێدار و مازووی کۆن و بەڕوو و گەڵا ڕزیوەکانی بەلووتا پژا : "ئای کە چەند ئازادم، چەند ئاسوودەم...!" لەگەڵ درکاندنی ئەم پەیڤەدا، بەرامبەر "کەپکی پیر کەرەم" ڕاوەستا. ئەو دەم خۆر تەواوێ بەرز ببووەوە، تیشک و پریشکی هەتاو ئەم کەپکەی خستبووە ناو ئاورینگان، وەک گۆمەزی بلوور دەهاتە بەرچاو، وەک قەڵایەکی بەرز و بازنەیی پڕ لەقوڵغ و سەنگەر و سپێر، ببوو بەکەڵوویەکی کریستاڵی، لەهەر لایە بەتەرزێ خۆی دەڕوانی...!

هەر بەم ئاوایە، لەسەر پشتی ئەسپەکەیدا کەوتبووە سەرنجدان و وردبوونەوە، جارجارەش سەری بۆ لای کەلەشەکەوە وەردەچەرخاندەوە... ئاخۆ هێشتان هەر تکەی خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە، یا وشکی کردووە... لەپێودانگی ئەم وەستانەیەوە، لایەکی لە "کرمان" و "قەلە باڵدار"یش کردەوە. دی هەردووکیان، لەسەرمان خۆیان کورژ کردۆتەوە، هەردوو چاوەکانیان ببوونە کونی دەرزی و پێڵوە تووکنەکانیان بەسەردا هەڵکێشابوو. ماندوو بوون و سڕ و سەقەم کاری لەپاشەڵ و پایان کردبوو، هەموو دەتوت کەوەڕێ بووینە... وا بەلەرزە لەرز کەوتبوون. هەر خێرا خێرا، لەپشتی ئەسپەکەی دابەزی. جلەکانی لەنێو بارەکەوە دەرهێنا و هەردووکیانی جل کرد. ماوەیەکی تریش تێهەڵچوونەوە، بەقەدپاڵەکەدا

هەڵزنان تا بەربەرۆچکەیەکی نەپەن و با نەگرەوەی دۆزیەوە و وچانێکی تریان دا، کەوتە ڕوانین و سەرنجدانی دیمەنی دەوروبەرەکەی خۆی، "دۆڵەواش"ی بەتەواوی کەوتە بەرچاو... ڕووبارێکی مارپێچ، لووزەوە ئاوێکی ڕوونی بەناودا دەڕۆیشت. لەهەندێ شوێنا خوڕ و لەهەندێ شوێنیشا قووڵ و مەند، ئاوێکی زوڵاڵ، وەک چاوی مار، لەگەڵ وردە بەرد و سوورەماسیەکانەوە گێژەنەیان دەخواردەوە. گەوەشاخ و نسرم و سێبەری قەراخ ڕووبارەکەش، پڕ لەبەفر و بەستەڵەک ببوو، هەتا نێرینەی، بەهاریش، هەر ئاوا بەم شێوەیە، ئەوەی ببارێ بەسەریا دەبێ بەسەهۆڵ و بەستەڵەک.

بە ئەسپایی بەسەر لێوارە چڕگەن و بەرزەکەی "دۆڵەواش"دا دەستی بەڕۆیشتن کردەوە... بەدەم خۆ دواندنەوە سەیری دەکرد و لێی ورد دەبووەوە: "ئێرە ڕێبازگەی ڕەوەی گورگانە، لەزستانی سارد و شەختە و بەندەردا، هەموو بەم دۆڵەدا دادەکێشنە لای گەرمێنەوە و بەدەوری کەڵەکێوی و مامزاندا مڵوما دەکەن...". بەدامێنی قوتکە شاخێدا ڕابوورد، چەند بنەگوێنی و هەڤرسی سەر بەگۆپکی ڕزاوە و داڕووشاوی کەوتە بەرچاو، ببوون بەدارێکی ڕەق و باریک، لەناو بەفرا ختم ببوون و لەسەر پنجەکانی خۆیانەوە وشک هەڵگەڕابوون. لەسەر ڕووکاری کەویە بەفرەکەدا، چەند جێ پێیەکی کەوتە بەرچاو و بەفرەکەی تێکشێلابوو...! لای لەدەستە ڕاستی خۆی کردەوە... کەلاکێکی نیوە خوراوی گورگە گەرۆڵێکی کەوتە بەرچاو. لاسەرێکی کەوتبووە سەر تاشە بەردێکەوە، دەم و کەڵبە و کەللەی سەری هەلا هەلا ببوو. خوێنی ووشک بووەوەی، هێشتان هەر بەسەر گابەردەکانەوە قەتماغەی بەستابوو. "مەتان" بەنووسکە نووسک، بۆی دابەزی و بەسەر کەلاکەکەیدا کەوتە وەڕین و حەپە حەپ و هەدای نەدەدا... سەرنجی "کرمان" و "قەلە باڵدار"یش بۆ خۆ بەکێش کرد... ئەوانیش بەقروسکە قروسک، لەگەڵ دیمەنەکەدا کەوتنە چاوزلکانێ و خۆ



ڕاتەکاندن... ئەویش، خێرا خێرا لەسەر پشتی ئەسپەکەی دابەزی و بەخوارە پێچە بۆی شۆڕ بۆوە، بەسەریا نووشتایەوە، دوو برینی گەورەی بەمل و لاگوێچکەکانیەوە بەدی کرد: "هەر دوای هێرشکردنە سەری، کەوتۆتە پەلکوتان و لاقە فرتێ، یەکسەر پێش ئەوەی گیانی دەرچووبێ دەست کراوە بەخواردنی...!" بەدەم هزر و بیر کردنەوە، لەبڕکە گوێنی و بەفری قەدپاڵەکەی ئەملاوەی ڕوانی: "دەبێ کەڵەکێوییەکی قۆچ پەڕپەڕی لێ پەیدا بووبێ، قۆچ تیژ وەک سەری نێزە... بەگوڕ و تاو هاتبێ و لەهێکڕا بروسکە زەبری خۆی وەشاندبێ...! لەترسی گیانی خۆی، قۆچی لەتەنگەی گیر کردووە، دوایەش کەللەی سەری و قورگ و قوڕقوڕاگەی داوەتە بەر سەرەقۆچان، هەر بەم هێز و گوڕ و تینەوەش بڵندی کردووە و هەڵیدێراندووە...!"، بەملا و بەولایدا ڕوانی، دیسان گەڕایەوە سەر بۆچوون و لێکدانەوەکانی خۆی: "گەر وابێ، دەبێ گورگە کەوتبێتە مڵ و مای نێچیرێکی تر و کەڵەکێوییەکەش لەلایەکی ترەوە هێرشی بۆ هێنابێ، ئەگەر نا گورگێکی وا خورت و بەهەست، ئەو پارێزەی نەدەدا... وای بەسەر بێ...! سەیرە!... ئەی کە لەشەکەی... چی خواردوویەتی... باز، هەڵۆ، داڵاش...؟! گەر وایە بۆ لەهیچ شوێنێ جێی ڕنۆک و جێی چڕنوکیان دیار نییە...؟ پەڕەمووچەیەک، تووکێ... هیچیان لێ هەڵنەوەریوە...!...".

دوای نەختێ لێکدانەوە و وردبوونەوەی ئەزموون ئامێزەوە، ئەگەرێکی تری بۆ هات: "گەر وا نەبێ... مانای وایە دەعبایەکی زۆر لەم دڕندەتر و بەهێزتر پەلاماری داوە...!" بەدەم ئەم قسانەوە هەڵسایەوە سەر پێ، بەهەر چوار دەوری خۆیدا ڕوانی، بۆلای ئەسپ و تاژییەکان گەڕایەوە. لەسەر پشتی ئەسپەکەی دا بەدەنگێکی بەرز کەوتە قاقای پێکەنین... لای لەتوولە و تاژییەکان کردەوە: "بەڵێ وایە، ئەوەی لەدارستانا بژی دەبێ یاسایەکەشی پەیڕەو بکا... هێز و وریایی هەموو شتێکە، دەمخۆی یا دەتخۆم...!...".

ئیتر لەم هەوراز بۆ ئەم هەوراز، لەم تەلان بۆ ئەو تەلان... دەڕۆیشتن... بۆ هەر لایە بینای سەرنجی شل دەکرد، هەموو هەر سڕ و سەقەم و سەهۆڵبەندان بوو، بەسەر ڕووکاری بەفر و بەستەڵەکدا دەڕۆیشتن، قرپ و قۆپ لەژێر سمەکانی "رەخشان"دا دەشکان و درزیان دەبرد.

"شێخاڵ" پڕ بەتیشکی چاوەکانی، سەیری "ئەشکەوتە مراد"ی دەکرد، وەک کونە مێروولە بەقەد شاخەکەوە ڕەش دەچووەوە... لە هەوراز ئەمیشەوە، "کەپکی پیر کەرەم" لەبەر زەردەی هەتاودا ببووە چلچرایەکی تیشک پڕژێن. وەک بووکی ئارایشکراو بەزێڕ و زیو، دەوروبەری خۆی ئەبلەق کردبوو. لەسەیر و ڕوانینی ئەم دیمەنە قەشەنگدارە تێر نەدەبوو. هەموو یاد و یادەوەری و... ئەوەی خەڵک وتوویانە، ئەوەی شایەر و گۆیندە بەلاوک و حەیران وتوویانە... لەگەڵ هەموویانەوە تێکەڵ ببوو...!

"کەپکی پیر کەرەم" لەخەیاڵی خەڵک و ئاکنجی بووانی شاخ نشیندا، لەقووڵایی هەست و نەست و دەروونیاندا... بروسکێکە لەگەڵ گروپی خوێنیاندا تێکەڵ بووە. تەزوویەکە هەموو گڕ و تین و تاو و تابشتی لەگەڵ خۆیا هەڵگرتووە. ئەو پیاوەی لەسەرەتاوە دێوانەیەکی خەرقە پۆش و هەردەگەڕ بووە. مژوولی خواپەرستی و ڕاو و شکار بووە، دوژمنی باوە کوشتەی جڕ و جانەوەر و دڕندەکان بوو... دۆستی مامز و کەڵەکێوی و باڵدارە بەورشە و کۆتری پەڕشین و تەیرە حەبارە بوو. لەئاکاما بوو بە ئەشکەوت نشین و شەو و ڕۆژی بەخەڵوەت و خواپەرستی بەسەر دەبرد. تا وای لێهات وازی لەهەموو جۆرە چەورایییەک هێناوە، لەگەڵ مامزان لەوەڕاوە... کە مرد گیانی بووبە کۆترە کێویلکەیەک، بەسەرچیاو دۆڵ و دەشت و گونداندا باڵەفڕەی دەکرد و دەخولایەوە. تەرمەکەشی، مامز و کەڵەکێوییان هەڵیان گرت و بردیانە سەر ئەم کەڵە بەرزەی کە ئێستا بەناوی ئەو کراوەتەوە، نێری و کەڵەکێوی، بەقۆچە درێژەکانیان، گۆڕیان بۆ هەڵکەند...! پشتاو پشت هاتوون و لەهێز و تین و دەسەڵاتی ئەو پیرەیان



هەر زیاد کردووە و هەر بەسەریانەوە ناوە. "پیر کەرەم" فەرهەنگێکی هەمەڕەنگ و هەمە چەشنەیە...! دێوانە و دەروێشی سەرگەرم، پیرەژنی کەنەفتە و کۆنەساڵ، ئافرەتی خاتوون و خانەدان، کچی قەیرەی ژێر و مێرناس یا تازە هەڵچووی ڕووکەش و سەرەڕۆ... ئاغا و میر و خوا پێداو و خاوەن بەرژەوەند... کەسانی سەربە گۆبەند و شەڕئەنگێز... خەڵکی سادە و ساکاری دڵ و دەروون بێ گەرد و... هی تر و هی تریش... هەر یەکە بەجۆرێ دەیخوێنێتەوە و بەجۆرێ واتای لێک دەداتەوە... هەر یەکە بەگوێرەی بۆچوون و بیروڕای خۆیەوە، تێیدەگا...!" تیشکی سەرنجەکانی گواستەوە بۆ زنجیرە شاخەکانی پشت ئەم لووتکە شاخەوە، لەوێدا کەلی "ئاسمان دڕە" وەک قازمە نووشتوو، بەئاسمانا هەڵچوبوو. لایە نسارەکەی شین شین، لایەکەی تریشی سپی سپی دەیڕوانی. بەهێواشی بەناو لەنگ و لۆر و ماسیدڕەی هەڵەت و گردۆڵکە و تەپە و تەلانەکاندا دەڕۆیشت... دەترسا لەوەی کە ئەسپەکەی بەخۆ بەهەموو بارو بنەیەوە، بکەوێتە زەندۆڵێ، یا هەڵدێرێتە ناو کەلەنە شاخێکی ژێر بەفر کەوتووەوە... هەتا چڵلەی هاوینیش بەسەر بچێ کەلەشەکەی نەدۆزرێتەوە. هەر بەم شێوەیە، بەپارێز دەڕۆیشت، تا گەیشتە بانی "ورچە بۆر". ئەم بانە بەرامبەر "کەلی پیر کەرەم"، لەسەر زەوییەکی ڕاستان، لەشێوەی گردۆلکەیەکی پان و بەرین، وەک پشتی ماسی درێژ بۆتەوە. کونە ورچێکی زل و زەبەلاح بەرەو خۆرهەڵات دەمی کردۆتەوە،... سێ چوار زەلام بەیەکەوە ببەستی، پێیەوە دەڕوا... بەقسەی ڕاوچییان، ئەم کونە لەناوەوە، چەند لقێکی تری لێ دەبێتەوە و هەر دەڕوا و هەر ڕوو دەچێ، بەرەو ڕووبارەکەوە، تا لەژێرەوە دەبێتە ڕۆخانەیەک و لەلایەکی ترەوە، لەشوێنێکی بزری کەنار ڕووبارە مارپێچەکەوە، لەسەر شێوەی چەند کون و کەلەبەرێک سەر هەڵدەداتەوە. ئەم دیمەنە سەرنجی بۆ ڕۆژانی ڕابردوو گێڕایەوە... ئەو کاتە لەهەرەتی لاویدا بوو... دیمەن و ڕەفتاری ئەوساکەی، بەدەنگ و ڕەنگی خۆیەوە هاتەوە یاد:

"– نازانم بەم سەروبەندی پایزە، ئەو هەموو مقۆ مقۆ ترسناکە چییە سەری هەڵداوە؟...

– باوکە، گوایە دەڵێن، ورچ پەیدا بۆتەوە.

– زەرەری داوە؟

– دەڵێن، هەر شەوە مل لە مێگەلێ دەنێ!"

بەدەم ئەم یادەوە، دەنگ و بۆڵژنگی ورچەی دەهاتەوە بەرگوێ. ڕەنگ و شێوە و ڕوخساری، هاتەوە بەرچاو و شێوەی جیاجیای بەخۆوە دەدیت. نەزیلە و مەتەلۆکی خەڵکی هاتەوە یاد... هەموو لەترسان تۆقیبوون... شەو نۆبەتیان لەگوند و مەڕ و ماڵاتەکانیان دەگرت: "هرسی کیژ ڕفێن و گاڕفێن پەیدا بووە... هرس نیە، لەشێوەی هرسە، باڵدارە، نەبۆلژنگی هەیە نە بۆڕە بۆڕ... شەوان هاشەی دێ و بەسەر ئەم گوند و دێیانەدا دەفڕێ و ئارەزووی لە چی بێ وادەکا... حەزی لە چی شتێ بێ شەو بۆ خۆی دەیبا. بەرشەو و پاش شەوی بەگۆشتی کەباب دەکاتەوە، خورێنی خۆی بەکاکڵە گوێز دەشکێنێ. ئافرەتی لەنێو نوێنی گەرم و گوڕدا فڕاندوون، بەچاو قوچێنێ بردوونی، لەناو کونێکی تاریک و بۆندڕندا حەشاری داون... دەستە و نەزەر لەخزمەتیان ڕادەوەستێ، ڕۆژێ سێ جار بن پێیان دەلێسێتەوە، لەگەڵیان جووت دەبێ، زاوزێ دەکەن... هەنگوینی پڕ لەشەمێ و هێزەی ڕۆن و گیسکە مەرەز لەماڵان دەفڕێنێ، تێشت و قاوەڵتی پێ دەکاتەوە. خۆی بەکەرە و فەریکە ڕۆنی کەیبانووان چەور دەکا... کێڵگە و داری بەبەرو مشتاغی مێوژان تێکدەشوێنێ، کۆزە ئەسپیندار قرچ و بڕ دەکا...!"

ترس و تەلەزگە و ئەژنۆ لەرزینی ئەم ڕۆژەی هاتەوە یاد. کە لەکونەکەوە نزیک کەوتەوە، تەزوویەک سەراپای جەستەی داگرت، لەشوێنی خۆیا تاسا. وای دەزانی هەر ئێستا نا ئێستا، ورچێکی باڵدار، لەنێو کونەوە لێی دەردەپەڕێ، وەک کۆللارە خۆی تێ ڕوودەکا. بەڕنۆکە درێژەکانی



هەڵیدەگرێ، دەیبا بۆ بن هەوران. بەڵام قسەکانی باوکی کەوتەوە یاد، گوڕ و تینی جارانی وەبەر هێنایەوە: "گەرمن" برایم سەیدۆک بم... دەبێ بۆ باپیرە گەورەی هەموو دەعبا و دڕندەیەکت ئاقڵ بکەم، وەبی جارێکی تر نەچییە ناو مێشک و خەیاڵی هیچ کەسێکەوە، دەبێ بتکەم بەکەوڵە ڕەقێکی وا، چاوی هەموو خەڵک و ئاواییت پێ بکەمەوە...!" خێرا خێرا، باوکی، بەدەم ئەم قسانەوە، بەخۆ بەتفەنگە ڕەشکەکەی دەستییەوە، سەرێکی بەکونەکەوە داگرت. پاشان چەند کۆتەرە دارێکی هێناو لەگەڵ چڵ و چێوی وشکەوە بوو، ئاگری تێبەردان و فڕێی دایە ناو کونەکەوە... دوای ماوەیەک... بڵمەو بڵم و بۆڵژنگیان کەوتە بەر گوێ... باوکی لەنزیک کونەکە خۆی لێ خستە بۆسەوە: "شێخاڵ، هەشیاری خۆت بە... تۆ دوورکەوە...!" گوڕوە ئاگرەکە، قرچ قرچ دەسووتا. زۆربەی زۆری دووکەڵ و هەڵاوەکەی بۆ ژوورەوە دەچوو، هەندێکیشی بۆ دەرەوە دەگەڕایەوە... دیسان باوکی چوو، چەند چڵ و چێو و کۆتەرە دارێکی تری هێنا، بەدارێکی درێژ، بەئاگر و پشکۆکانەوە بۆ ناو کونەکەی ڕەوانە کرد. دوای چاوەڕوانییەکی پڕ لە نیگەرانی و مەترسییەوە، کاتێ... چ سەرکە بزۆت و کۆتەرە داری سەربەئاگر بوو، هەموو دەرفرتایە دەرەوە، دوابەدوای ئەمانیشەوە، ورچە لمووز چەورێکی تووکن، تەشک و دامان خۆڵاوی، دەرپەڕییە دەرەوە. هەندێ پشکۆ و پۆلیەی ئاگر، بەتووکە درێژ و چەورەکانیەوە لکابوون... وەک جانەوەرێکی فێ لێهاتوو، کەوتە بۆڵژن و بۆڕە بۆڕ... بە هەلینگ دان ڕۆیشت، دەیویست لەسەرڕا خۆی هەڵدێرێنێتە ناو ڕووبارەکەوە، بەڵام ئەو لەم بەدەست و ڕستتر بوو، گوللەیەکی نا بەتەختی نێوچەوانیەوە... وەک میزراح لەشوێن خۆیا دەسووڕا و دەیبۆڕاند... تا کوڵ و کۆی دامرد هەر سووڕ و داسووڕی بوو...!

بۆنزووری پێستی هەڵکڕووزاو و بۆ چرووکی گۆشتی هەڵقرچاو، ئەم دۆڵ و نواڵەی پڕ لەبۆن و برینگان کرد...". ویتە ویتی مەل و چیچکە ئێسک

سووکەکان، لەم هزر و بیر و یاد و یادەوەریەیان بێدار کردەوە... هەموو لەسەر تلۆفکی درەخت و لکەدارە بەژن کورتەکانەوە، باڵەفڕەیان بوو. لەبەر تیشکی خۆرەتاوەکەدا لەهەڵبەزین و دابەزینێکی بەردەوام دا بوون.

هەر لەسەر پشتی ڕەخشانەوە، لەڕاست بەڕاستی "ئەشکەوتە مراد"ەوە، سوورێکی بەهەر چواردەوری خۆی دا... بۆلای "هەوارە بەرزە" و دۆڵ و پێدەشتاییەکانەوە سەرنجی ڕانا... یەک پارچە لەتەم و مژ و تەڕاویلکەی کەوتە بەرچاو. ئاسمان و زەوی لەیەک جوێ نەدەکرایەوە، هەمووی لەبەر چاوان ببوو بەدەریایەکی نوستوو.

***

هەموو بەدوودڵی پەرتەیان لێکرد. شل و شێواو بەهەنگاوی ورد ورد و بەسەر و کەللەی پڕ لەتاسە و گومانەوە، هەر کەسە ڕووی لەماڵی خۆی کردەوە. کەوتبوونە نێو گێژەلووکەی دڵەڕاوکێ و بێ ئارامییەوە. هەموو پەرۆش و نیگەرانی چارەنووسی گوند و دوارۆژی خۆیان بوون. نەیاندەزانی کار بەکامە لا دادەکەوێ. ئەوەی "ئۆمەر ئاشەوان" دەیلێ و... گەر بەقسەی ئەو بێ... ئیمڕۆ لەسبەی باشترە، هەر کەس بار و بنەی تێک بنێ و، گوندە پڕ لەشمر و شەیتانەکەیان جێ بێڵن، بەدەستی خۆیان هەموو خانووبەرەی بەسەر یەک داتەپێنن و کاولی کەن، هەرچی ئاگردان و چاویلکە و کانیاوەک هەیە، هەمووی کوێر بکەنەوە...! ئەوەی "دێوانە مەمۆ"ش دەیلێ و دەیکا، نەیاندەزانی بەکردەوە، سەری بە چ ئەنجامێ دەگاتەوە...!

"شاخۆ و باغۆ بەڕەنگی هەڵبزرکاو و بەمات و مەلوولییەوە،... زوێر و زگار... پەیتا پەیتا بەرەو ماڵ دەبوونەوە، ئازار و بێزارییەکی زۆریان پێوە دیار بوو. "پوور مێردین"یش کوت کوت، لەدوای ئەمانەوە، هەمان هەوێڵی گرتبووە بەر، پێی هەڵێنایەوە، خێراتر بەدوایان کەوت لێیان نزیک کەوتەوە، دەستی بەئاخاوتن کرد: "چاوی دایکتان کوێر بێ، هەی کورە



بەورشە و ئەنگێزەکانم...". هەر دوو ئاوڕیان لێ دایەوە... نەختێ هەنگاوەکانیان سست کردەوە... "گەلێ ئاگاتان لەخۆ بێ، زۆر هەشیاری خۆتان بن"... "شاخۆ" بەزۆرە زۆر زەردەخەنەیەکی هێنایە خۆی : "چ نابێ پوورێ، ئەوەندە خۆت تەنگاو مەکە...!...". "چ خۆم تەنگاو نەکەم؟!... پاشی چی؟... ئەوەی لەقسەی من بچێتە دەر، ئەوهای بەسەر دێ... دەزانی چەند لەبابتان پاڕامەوە، چەندم پێ وت...! چونکە خوا ئیرادەی لەسەر بوو، دڵی ئەوەندە ڕەق بوو، هەر ئاوڕیشی لێ نەدامەوە...!... هەنکەش چ نەبووە و چش نابێ، خوا بەخێری دەگێڕێ ئینشاڵڵا...!" هەر سەریان بەژوورەوە داگرت، ئەوەندەی نەخایاند، "ساڵح مام شێخ" و "خدر خەندان"یش خۆیان کرد بەژوورا. هەردووکیان دڵ توندی و تووڕەبوونێکی زۆریان پێوە دیار بوو. خەمیان لەم خەڵکە سادە و ساکارە دەخوارد...! هێندێکیان بەتەواوی وورەیان بەردابوو، هاتبوونە سەر ئەم ڕایەی، کەوا دەبێ چارەیەکی خۆیان بکەن...

"نەبوونی باوکت، کەلێنێکی زۆر گەورەی پەیدا کردووە" _ "ساڵح مام شێخ" ئەم قسەیەی ئاراستەی "شاخۆ" کرد. "خدر خەندان"یش هەر لەم بارەیەوە، بەچەند قسەیەک گوزارشتی لەبیر و بۆچوونەکانی خۆی کردەوە: "بەڵێ، بۆتە مایەی نیگەرانییەکی زۆر گەورە. لەرۆژێکی وادا، گەر لێرە بوایە، کار بەلایەکی تردا دەکەوتەوە". ساڵح مام شێخ: "ئەو دەزانێ لەسۆنگەی چییە وا لەم خەڵکە دەکرێ، دارو دەستەکانیش باش دەناسێ". "خدر خەندان: "ئێمەش دەیانناسین." ساڵح مام شێخ: بەڵام خەڵکەکە زیاتر بەقسەی ئەو قنیاتیان دێ..." بەدەم ئەم قسانەوە، ڕووی لەهەموویان کرد. سەیری دایکی "شاخۆ"ی کرد، کە لەنزیک کوانووکەوە بەکزی دانیشتبوو. پاشان سەرنجی بینای گواستەوە لای "قومری"، هەر دوو دەستی خستبووە ژێر چەناگەیەوە، چەند وردە فرمێسکێک لەچاوەکانیا قەتیس مابوون. ئەم جارە بەسەرنج و ڕوانینە تیژ و پڕ

لەنیگەرانییەکانیەوە، ڕووی لە "شاخۆ" کردەوە: "من نازانم قسەکانی "ئۆمەر"، ئەوەی کە لەدەمی "لاکەچە"ییان دەیگێڕایەوە، چەندی ڕاست بوون و چەندی بەسەرەوە نابوو... ئەوە گرنگ نییە... ئەوەی گرنگ بێ ئەمەیە کەوا پلانێ لە ئارادایە و خەریکە بگات بەئەنجام...!" دوای نەختێ کڕ بوون و وردبوونەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی : "من وای بەباش دەزانم، لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا، گەر خۆی نەگەڕایەوە، ئێمە بەدوایدا بچین...". "خدر خەندان" زوو قسەکەی پەسند کرد: "منیش وام پێ باشە، شەش حەوت کەسی خورت و چەکدار بچن...". "شاخۆ" بەپەلە وەڵامی دانەوە: "ئەوەی ئەمن بزانم، ئەو جارە هەر بۆ ڕاو نەچووە...". "پوور مێردین، تا ئەوساش هەر بەپێوە ڕاوەستابوو، هیچ خۆی لەگوورە نەدەبرد، بەڵام ئەم قسەی "شاخۆ" ڕایچەڵەکاند... وەک فیشەکە شێتە پرسیارێکی توند و شڵەژاوی لەدەم دەرفرتایە دەرەوە: "ئەدی بۆچی چووە، ئەو هەشبە...؟ پرسیارەکەی پێ تەواو نەکرا، چ هەوای نێو سییە کورژ و سینگە پەنماوەکەی هەبوو، پەنگی خواردەوە و لێی کرد بەکۆخەیەکی توند، دەندەڵەی سینگە ڕەق و تەقەکەی خستە جووڵە و لڤ لڤین. وەک بڵێی تووشی سنگە کوشییەکی گورچک بڕ بووبێ...! دەستوبرد "باغۆ" چوو جامە ئاوێکی بۆ هێنا، دواییش دەستی بۆ خەرواڵە بەتاڵەکەی سەر کەندووەکەوە درێژ کرد، کردیە سێ چوار قەد و "پوور مێردین"ی لەسەر دانیشاند. دوای پشوودان و چەند هەناسە دانەوە و هەناسە وەرگرتنێک، گەڕایەوە سەر بارە ئاساییەکەی خۆی... لەجاران تووڕە و تەنگاوتر، ڕووی لە "شاخۆ" کردەوە، پاشان ئاوڕێکی زەق و زۆپی لەدایکی دایەوە، بەچاوە سوورە بێ برژانگ و ڕووتاوەکانی، توند توند تێیڕوانی: "کچێ ئەتوو بۆ قسە ناکەی...؟... هێی لەگەڵ توومە، ئەدی لەبۆچی چووە، لە ڕاو زیاتر چی تر هەیە؟...".

"دایکی شاخۆ" هەر بەمات و مەلوولی و دۆش داماوییەوە، بەساردی وەڵامی دایەوە: "هەر بۆ ڕاو چووە، ئەدی بۆچی چووە؟...". "سالّح مام



شێخ" لەشوێنی خۆیا هەڵسایەوە، لەگۆشەی چاوا لای لە "شاخۆ" کردەوە: "ئێمە وا دەڕۆین، هەروەک وتمان وا دەکەین". "خدر خەندان"یش لەگەڵ ئەودا ڕووی لەدەرەوە کرد و "شاخۆ"ش هەر لەگەڵیانا، هەتا دەرەوە بەڕێی کردن. "سالّح مام شێخ" چەند قسەیەکی تری چرپاندە بن گوێی: "ئۆمەر ئاشەوان و زادۆ، ماوەیەکە پێیەکیان لێرەیە و پێیەکیان لە "میرەدێ"یە، جا نازانم چییان لەبن سەرە...!؟". "خدر خەندان": "ئەوەی ئاموشۆی "بەکراغە" بکا پێت پەسند نەبێ...!".

ئەم ڕۆژە لە"هەوارە بەرزە" بوو بەقەرەچواشەم. هێشتان زەردەی خۆر لە کەل و یالان ئاوا نەببوو، خەڵکی ئاوایی هەموو ڕوویان لەماڵەوە کردبووەوە، لەدەوری ئاورگ و پەنگری داری قەڵاشکەریدا جغزەیان بەستابوو. کەڕ و کاس دانیشتبوون شەویان لا ببووە دێوەزمەیەکی زل و زەبەلاح، باگەڕ و باهۆز و شمر و شەیتانی بەسەردا دەباراندن. بەر لەوەی خۆر ئاوا ببێ، شەو لەهەموویان داهاتبوو، تیشک و ڕووناکی لەچاوەکانیانا مردبوو.... دڵی خۆیان، تەنها بەحای و حۆ سەرگەرمانەکەی "دێوانە مەمۆ" و ڕنگە ڕنگی دەفەکەی دەدایەوە، کە لەدوای نوێژی شەوانەوە، دەچوو لەسەر بستی "هەرمک" دەستی پێ دەکرد، هەتا گەردی بەیانی، لەگەڵ ئەستێرە و سڕ و سەقەمی زستان و شەختە و بەندەری هەڵوەریودا، دەکەوتە کێشە و ململانێ.

وەک ئەسپسوارێکی بێ هاوتا، بەدەفە و نێزە و شیرە ژەنگاوییەکەیەوە، مەیدانی دەخواست، بێ ئەوەی کەس هەبێ شان لەشانی بدات.... هەڵبەت شەوی ئاوا تاریک و نووتەک و پڕ لەترس و لەرز، هەموو کەس شل و خاو و کالیوە دەکا... تەنها دێوانە و دڵدار و ڕاوچی کۆنە کار و هەردان گەڕ نەبێ...! تاریکی باڵی بەسەر گوندا کێشابوو، دوای نوێژی خەوتنان، دەنگە خۆشەکەی "ونە"ی گاوان، هێمنایی گوندی شڵەقاند، زاد و زێدەواری گوندی بێدار کردەوە، دەنگە بەرزە فڕ و پڕ لەساز و ئاوازەکەی،

لەگەڵ چراوەی سەگان تێکەڵ بەیەک بوون:

مێگەلە و مێگەل، تۆزی پاش باران
دەبۆڕێ لەدوور، ئاوگەلەی گاڕان
خانمێ دەست دا دار: گاوانەی گوندی
هەی نمەک حەرام، هەی نەدی و بدی

"پوور مێردین" لەشوێنی خۆیا ڕاجفری: "هەی سندان لە خۆت و لە دەنگیشت...، گەر لەبەخت ڕەشیمان نەبێ، گاوانی چ گوندەک، هەتا ئەو وەختەی شەوێ هەر لەکۆڵانان دەگەڕێ...!؟ سەر بەگۆبەند، نابی شەو بیری لێ بکەی؟... دەبا ئەوشۆ لەتەنیشت کەڕەی دایکت دانیشتبای...!... خووت پێوە گرتووە، هەموو شەوێ دەبێ ئەوها لەگەڵ سەگان بکەویە چەقە لوولانێ...!؟... وەڵڵا بابە باش، هەر ئەو بەیت و بالۆرەمان کەم بوو!..."؛ بەڵام، دەنگە بەرز و زوڵاڵەکەی "ونە"، پرتە و بۆڵە و بڵمە بڵمی "پوور مێردین"ی قووت دایەوە:

ئاد بێ بۆت نێمە پەنا و پەسیوان
تا چێڵەبازیی و گۆلەی سمت پان
لەبۆم نەینیەوە، لەکەند و جۆمان

هەتا زیاتر دادەکشایە ناو ئاوایی، حەپە حەپ و چەقە لوولانێی سەگەکانیش زیاتر دەبوو،... بەڵام ئەو دەربەست بەهیچ نەبوو، ئەم گۆرانییەی هەر دەوت و دەوتەوە:

مێگەلە و مێگەل، هەی گورگان خواردوو
ئاشقە گۆجەکەی، ماڵ بێ ئاور و دوو

هەر بەم ئاوایە، وردە وردە هەنگاوی دەنا و، بەئاوازێکی خۆش، ئەم بەندانەی دەوت، کە کۆتایی پێ دەهێنا، دیسان تێهەڵدەچووەوە.

دەرگای هەموو ماڵێ لە "ونە" ئاوەڵا بوو، دەم و جەمی بۆ نەبوو، ڕووی



لە هەر ماڵێ کردبوایە، وەک ئەندامێکی خێزانەکە جێگای خۆی هەبوو،... نیگاداشتیان دەکرد. ئەو نەبوایە کەس نەیدەتوانی، ببێتە گاوانی گوند و بەدەرامەتێکی کەم قنیاتی پێ بکات...! هەر لەمناڵییەوە دڵتەڕێکی قسە خۆش و ڕوو بەپێکەنین بوو. لەمناڵییەوەڕا خووی بەم کارەوە گرتبوو. هێشتان بەتەواوی دەستی داری نەدەگرت، هەر لەپێشە خۆیەوە دەستی دەکرد بەهڕڕڕە. و... و... ه س س ە... لێکردن... وای دادەنا، کە ڕانە مەڕێکی گەورە، یا گا و گۆتاڵێکی زۆری پێش خۆی داوە و بۆ ئاقار ڕای دەدا...! هەندێ جاریش لەگەڕی یاری و زەنازەنای مناڵانی ئاوقەرانی خۆی، دوور دەکەوتەوە و دەچوو لەسەر بەردێ دادەنیشت، شووڕکە دارەکەی بۆ دەمی خۆی دەبرد و دەیکرد بەبلوێر... دەنگی خۆشی وەک دەنگی بلوێر باریک دەکردەوە، هەندێ جار بەرز و هەندێ جار نزم... لەم ئاکامەشەوە، لەگەڵ ژەندنی دارە بلوێر ئاساکەیدا، چ تف و لیکاوی دەم و دووی هەبوو،... تک تک پیایا دەهاتە خوارەوە...!. لەهەر شوێنێکیش بوایە، گەر بۆی هەڵکەوتبا، چەند گرمتە خۆڵێکی خاوێنی لەسوورکەڵانی ڕۆخ ئاوایی دادەڕنی و وەک ترش و شیرین دەیکرۆشت...!. هەڵبەت کەسانی وا ڕەفتار سەیر، لای هەموو کەس گەلێ ڕوحپەرە و خۆشەویست دەبێ... لەگەلێ گومان و ڕق و تووڕەییش دوور دەکەوێتەوە...!.

لەگەڵ کڕ بوونی "ونە"، سەگەکان لەژاوە ژاو کەوتن... گوندیش پەیتا پەیتا لەناو دەریای تاریکیدا، کڕ و کپ... نقوم دەبوو...!... بەئەسپایی، لەژێر باڵی ئەو بێ دەنگییەدا، بۆڵای ماڵی "خدر خەندان"خزی... دوای هەڵوەستەیەک، بەپەنادزە، خۆی لە چەپەرەکەوە ئاودیو کرد، لەپەنا گەوڕی ڕەشانەکاندا، کەوتە دڵەکوتێ و چاوەڕوان کردن...! ئەگەرچی شەوێکی ئەوەندە سارد بوو، گلێنەی چاو جامی دەکرد...؛ بەڵام ئاگری ناو خوێن و دەمارەکانی، ئارەقەی ڕەش و شینیان پێ کردبوو. هەندی بڵێی یەک و دوو، خشپەیەک هات، ئیتر دوای تۆز کاتێ، لەهەمان جێژوانا، هەردوو،

وەک شەتڵە لاولاو تێک ئاڵان... ماچ و مووچ و کەف و کوڵ جۆش سەندنەکەیان، لەگەڵ پسکە پسک و شەرمە خەتیلکەی ژوان ئامێزەوە تێکەڵ بەیەک ببوون:

– بۆ وا زوو هاتی؟ خۆ زووش جێم ناهێڵی؟!

– پێش ئەوەی مانگ هەڵبێ، دەبێ بڕۆم.

– سبەی شەویش دێیتەوە؟

– نازانم... ئەگەر هاتم دیسان داوە بەنەکە بەملی جوانەگاکەتانەوە دەبەستم... ئەگەر نەشهاتم لەملی مانگا ڕەشەکەی دەکەم.

– چەند دڵخۆش دەبم، کە داوە بەنەکە بەملی جوانەگایەکەوە دەبینم... ئەو ئێوارە لەخۆشییان نانم پێ ناخورێ... "توند خۆیان ئاخنیەوە باوەشی یەکتر... سەری خۆی لەسەر شانی دانا، درێژەی بەقسەکانی خۆی دایەوە": دوێنێ شەو درەنگ گوێم لە دەنگت بوو. هەتا گەردی بەیانی هەر ئەودیو ئەو دیوم کرد، ئەوەی خەو بێ نەچووە چاوم...!.

"دەمی خۆی لەدەمی نزیک کردەوە":... باشە... بۆنی خۆڵت لەدەم نایە.

– نا، نا... سێ مانگیش دەبێ دەمم پێیی نەکەوتووە...

ئەدی ئەتوو... هێشتان هەر بۆنی جغارەت لێ دێ... ئەدی هەرێت پێ نەدام...؟!.

– لەو شۆوە ڕا هەرێت پێ دەدەم، ئاد بی، هەتا ماوم دەوی بۆ نەبەم...

ئارەزوو و ئالۆشی سالآنی قات و قڕی تەمەن، خۆی لە نۆبەرەی جێژوان و جۆش و خرۆشی پەیوەندییەکی سادە و دۆزەخ ئامێزدا دەدۆزییەوە...!. هەر دوو وەک هەڵووژەی سەرما بردوو، کورژ هەڵگەڕابوون، بەزۆر لەخۆ کردنەوە توانییان لەیەک جوێ ببنەوە... "ونە" ڕێ و ڕێ بەشوێن خۆیدا بۆ ماڵەوە گەڕایەوە، دەتوت قورقوشمی لێ بار کراوە... گۆد دەڕۆیشت، خەو لەچاوەکانی دەباری، دەبۆرژا، ڕادەچەنی... شل و شێواو بەلای ڕاست و



چەپدا ڕەتی دەبرد... لاکەی لێوە دەهات... وەک ئاوری کەف و کوڵ دامریو، سارد و سڕ و سەرما بردوو... بەڕێگادا دەڕۆیشت... تازە مانگی تەبەش پان، لەپشت شاخەکانەوە، تیشکی زەردباوی بڵاو دەکردەوە، پەیتا پەیتا وەک پاپۆڕێکی بێ گیان، بەرز دەبووەوە... لوورە لووری سەگە بێدارەکانی دەکەوتە بەرگوێ...!.

لەنزیک ماڵە چکۆلانەکەی "پوور مێردین"ەوە، سەگی دراوسێکەیان لەسەر پای پاشی هەڵقونجابوو... بەرامبەر مانگدا هەر لوورە لووری بوو... کە دەنگە زیقەکەی "پوور مێردین"ی کەوتە بەرگوێ، سڵی لە هەنگاوەکانی خۆی کردەوە، یەکسەر خۆی خزاندە پەنا دیوارەکەوە... لەملاوە، بەدەم ئاخاوتنەوە بەردێک بەگوڕ هەڵدرا، سەگەکەی لە لوورانەوە خست: "هەی سندا ا ا ن...! نەعلەت لەخۆت و لە لوورەشت بدا. چیت دیتووە بەم شەوە، مانگە و بۆخۆی هەڵدێ. دەعبایە، جانەوەرە، خوانەکەرانێ دێوە... چییە ئاخر...؟! وا خەوت لەچاوم حەرام کردووە؟!...". لەرزە لەرزی شەوبا ساردەکە، خەریک بوو بڕستی لێ ببڕێ... دوای خۆ مەلآسدان و چاوەڕوانی، دەرفەتی بۆ خۆ ڕەخساند و ئیتر وەک پشیلە، ڕووی لەماڵەوە کردەوە، بەئەسپایی خۆی خزاندە نێو نوێنە شەق و شڕەکەیەوە.

***

بەر لەوەی مانگ هەڵبێ، جیهانی کەل و بەندەن و دۆڵ و قەدپاڵەکانی دەوروبەری "ئەشکەوتە مراد"، وەک کونە زەردەواڵە تاریک هەڵگەڕابوو. مەل و مەلیچکە و باڵدارە گۆشت خۆرەکان...، هەر یەکە ڕووی لەهێلانەی خۆی کردبووەوە و تیایا هەڵکورمابوون. پێت و بڵێسەی ئاگری نێو "ئەشکەوتە مراد" سەرنجی گەلێ لەکۆترە کێویلکە و مەلیچکە دەنگ زیقەکانی نێو گەلی و شوێنە پەنهانەکانی بۆ خۆ بەکێش دەکرد. ئەوانی کە لەنزیک ئەشکەوتەکەوە بوون، لەگەڵ بڵێسە بەهەڵبەز و دابەزەکەوە دەکەوتنە جووڵە جووڵ... خش خش... لەسەر سنگە کوڵکن و کلکە گوێ

مەقەسیەکانیانەوە دەخشین و دەهاتن لەزارکی کولانەکە و هێلانەی خۆیانەوە، بەجەستەی خاو و خەو داگرتوو بەچاوە خەوالۆکانیان، کە وەک کوژەکەی سەوز دەبریسکانەوە... دەکەوتنە سەیرکردن و تێڕامان.

هەر سەرلە ئێوارەوە، لەگەڵ ئاوابوونی خۆر، نێو ئەشکەوتەکە گەرم داهاتبوو. "رەخشان" زین و لغاو و ڕست و ڕکێبی لێ داماڵرابوو، هەر چوار پەلی بەسەر زەمینەی ئەشکەوتەکەوە لێ ڕاکێشابوو. دەم نا دەم سەری خۆی خوار دەکردەوە، دەمی بەتێکەڵەی کا و جۆ و ورتکە نانەکەوە دەنا و لەگەڵیا خرمخرم دەکەوتە کاوێژ کردنەوە. "قەلە باڵدار و کرمان" لەبەرامبەر ئەمەوە، لەسەر زگ لێی کەوتبوون، ملیان لەسەر زەوویەکەوە درێژ کردبووەوە... لەبەر پشکۆ و پۆلووە ئاگرەکەوە، چاوەکانیان سوور دەچوونەوە. لەنزیک ئەمانیشەوە، "مەتان"، هەندێ لەزەمینەی ئەشکەوتەکەی نەختێ کۆڵیبوو لەناویا وەرکەوتبوو، هەندێ جاریش بن گەردن و لاتەلۆکی خۆی دەخوراند... چەند هێسک و پروسکێ کە هێشتان هەندێکیان گۆشتیان پێوە مابوو، لەزارکی ئەشکەوتەکەوە لێرەو لەوێ پەرش و بڵاو ببوونەوە.

ئەویش لەلایەکی ترەوە، لەنزیک زارکی ئەشکەوتەکەوە، پشتی خۆی بەزین و بار و بارگەکەیەوە دابوو... لەولای تریشەوە ڕست و جلە تاژییەکان بەیەکەوە لوول درابوون... کیسەی تووتن و دارجگەرەکەی، لەتەک تفەنگە عەنبار پڕ لەفیشەکەکەوەی لەسەر یەک دانابوون، چەند لەتە گۆشتێکی تەڕ و ناسکی لەشیشەکەی تفەنگەکەوە هەڵکێشابوو، لەسەر پۆلووە چاو گەشەکانەوە کزە کزیان لێوە دەهات. تک تک چەورایی و ئاوێکی خەست و بەتام و بۆی لێ دەتکایە سەر پشکۆ ئاگرەکانەوە. جار جار هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکرد،... بۆ چڕووکی گۆشتی برژاو و دووکەڵی بەز و چەورایی سووتاوی نێو ئاگرەکەوە، بۆن و بەرامەیەکی بەتام و چێژی بەلووتی هەموویانا دەپژاند. ڕەنگە ئەم بۆنە بەتام و بۆیە بۆ دەرەوەش چووبێ و با



لەگەڵ خۆیا هەڵیگرتبێ، تامەزرۆی گەلێ دڕندەی گۆشت خۆریشی هەڵساندبێ و لیکاو بەلا شەویلاکەیاندا هاتبێتە خوارەوە.

هێمنایی شەو باڵی بەسەریانا کێشابوو، نووسکەیەکی "مەتان" یا قروسکەی "کرمان" یا مڕەمڕی "قەلە باڵدار"، کە لەدوای خواردنێکی چەور، وەک بڵێی قلپێنە بێننەوە خۆیان،...! ئیتر بەزگی تێر و تەسەلەوە سەرخەوی بۆ بشکێنن...!... ئەمانە هەمووی لەجێی حەوانەوە و پشوودانێکی ئەشکەوت ئامێزدا کەوتبوونە ئاراوە...! شەوێکی هێمن و لەسەرخۆ، بێ جوولە و سرتە سرت... بەڵام، جار جار کزە بایەک دەشنایەوە، حەپە حەپی سەگێکی قووچڕەوی لەئاواییە نزیکەکانەوەی دەچرپاندە بن گوێ.

لەژێر باڵی ئەم شەوە مەکس و هێمنەدا، لەگەڵ خودی خۆیا تێکەڵ ببوو. جگە لە دەوروبەرەکەی خۆی، هیچی تری نەدەکەوتە بەرچاو. هەرچی دیمەن و دیمانە بوو، لەناو دەریای تاریکیدا نقوم ببوو... بەڵام دوای ماوەیەک شەوەزەنگی ئەنگوست لەچاو بەرە بەرە ڕوون هەڵگەڕا. مانگی ڕووکەش، خەریک بوو شاپەڕی زیوینی بەسەر ئەم دەوروبەرەشدا، پەرش و بڵاو دەکردەوە. هەوای گەرم و هەڵمە دووکەی ناو "ئەشکەوتە مراد"، پەیتا پەیتا تینی دەسەند... لەم دەریای کڕ و بێدەنگییەدا، شەمشەمە کوێرەیەکی باڵ ڕەش، لەبن ساپیتەی ئەشکەوتەکەوە، بەدیار کەوت و کردی بەباڵە فڕە کردن. بەگروشمە سەیری باڵە ڕەق و گوێ مووچەکانی کرد: "تەمای کوێندەرێت هەیە، لێرە گەرمتر نابینیتەوە...! تۆش وەرە وەکو ئێمە لەشوێنێکا خۆت بحەسێنەوە...!" لەم کاتەدا شەمشەمە کوێرەکە خۆی بەدیواری ئەشکەوتەکەوە هەڵواسیبوو، قوت قوت سەیری خوارەوەی دەکرد... پاشان لەهەڵاوەی ئاگرەکەوە نزیک کەوتەوە... بۆ هەوراز هەڵکشایەوە... دیسان بۆ خوارەوە دابەزییەوە... دوایە فرتکەیەکی کرد و بۆ دەرەوە هەڵفڕی. بەدەمێکی بەپێکەنین و بەدەنگێکی بەرز، وەک بڵێی

لەگەڵ جگەر گۆشەیەکی خۆیا بکەوێتە گفتوگۆ: "کێوە... کێوە... بەم بەفر و بەستەڵەکە، بەو شەختە و بەندەرە، بۆ کوێ دەڕۆی...!؟" بەپەنجە هەڵشەقاندنەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "ئەگەر ئازای ناگەڕێیتەوە، بزانە چۆن دەبیت بەچلوورە؟!...". بەدەم ئەم قسەیەوە شیشکەی تفەنگەکەی لەدەمی خۆی نزیک خستەوە، پشکە گۆشتێکی لێ داڕنی... کە سەری خۆی بۆ هەوراز هەڵبڕیەوە، هەمان شەمشەمە کوێرەی کەوتەوە بەرچاو، بەلەرزە لەرز گەڕایەوە، بەگوڕ خۆی کوتایە نێو ئەشکەوتەکەوە...! قاقا پێکەنی، بەرز هەڵیدایێ:

"... ها... ها... گەڕایتەوە. نەموت حەوجەمان دەبیتەوە...! لەشوێنی وادا، لەئێمە دۆستتر و خەمخۆرترت دەست ناکەوێ... هاوڕێ، خانەخێیەکی چەند خراپیت...!".

هێشتان قسەکانی تەواو نەکردبوو دیسان لەبەر چاوی ون بووەوە... یەکسەر بۆ ساریجە و پشتیری ئەشکەوتەکەوە هەڵفڕی، بەگەڵ ڕەوەکەی خۆی کەوتەوە و چوو لەتەکیانا هەڵکورمایەوە... ئەم شوێنە کڕ و نەپەنە، کە وەک ژوورێکی گەورە و فراوان بەناو زگی شاخەکەدا ڕووچووبوو، کردبوویانە هێلانە و هەواری خۆیان... ژوورێکی کون کون و نارێک... پڕ لەستوونی گەچی هەمە چەشنە و هەمە قەبارە بوو، هەندێ سەرەو ژوور، هەندێ سەرەو ژێر، وەک مێخ داکوترابوون، هەر یەکە ببوون بەتۆمارەوەری هەزاران هەزار ساڵی لەمەو پێش، هەریەکەیان باسی جۆرەها تەمەن و مێژووی ئۆقیانووسی وشکەوە بووی "تشی" و کیشوەری "گۆندوانالاند" و کۆنترین مرۆڤی بۆ دەگێڕایتەوە...! ئەو پۆلە باڵندەیە، ئەم شوێنەیان بۆ خۆ کردبوو بەهێلانە و هەوار،... وەک بلێیی خۆیان کردبوو بەمیراتگری دایناسۆڕە باڵدارەکان و هەموو ڕۆژێ گوێڕاداشتی تۆمارەوەرە مێژووییەکان دەبوون.

گوڕی ئاگر هەر نێڵە نێڵی بوو... ناو ئەشکەوتەکە ڕووناک ببووەوە، زاد



و زێدەواری دەوروبەرەکەی، جەستەیان گەرم داهاتبوو، زۆربەیان کەوتبوونە خەوێکی قووڵەوە. کتلیە ڕەش داگەڕاوەکەی دەم ئاگرەکە، پڕ بەلوولە باریکەکەیەوە هەڵمەدوکەی لێ هەڵدەسا... خێرا خێرا دەرکەوت، چوو تۆپەڵە بەفرێکی تریشی هێنا و تێی ئاخنی، تا پێش ئەوەی لەشکری خەو هێرش بۆ ئەویش بێنی، چایەکی خەست و خۆڵ و پڕ لەبۆن و بەرامە، گەدە پڕ گۆشت و تێر و تەسەلەکەی هێور بکاتەوە، پەیتا پەیتا، مانگی ڕووگەش، بەئاسمانا بەرز دەبووەوە، تیشکە کپ و بێدەنگەکەی دەباراندە سەر دەشت و دۆڵ و کێوە بەرز هەڵچۆکانەوە... سەرێکی بەدەرەوە داگرت، هەر دەتوت سروشت، کەوتۆتە قاقای پێکەنینێکی جاویدانی. قەدپاڵی زەق و بەفراوی و شوێنی ڕاست و سەر گابەردە تیشک گرەکان... هەموو دەتوت پێت و بلێسەی ئەستێرە چاو گەشەکانیان پەڕیوەتێ... سەرنجی خۆی بۆلای نسرم و سێبەری بنار "بانی ورچە بۆر" ڕانا. گردۆلکە سەر تیژ و قوتکە شاخی زنجیرە پێچاوپێچەکان... لەپشت ئەمانیشەوە ئاسۆ ڕوون و گەشاوەکەی لای "هەوارە بەرزە"، کە دەمێ بوو مانگ لەوێدا، پڕشنگی زیوینی خۆی پەخش و بڵاو کردبووەوە... هەموو ئەم دیمەنانەی کە دەکەوتنە بەرچاو....!، دەتوت کەڵبەی دێون بەئاسمانا گڕ بوونەتەوە...!. فڕێکی لەنگێزی لە چا شیرینە خەست و خۆڵەکە دا... لەگەڵ هەناسەدانەوەدا، بۆن و بەرامەی بەنێو کونە لووتەکانیەوە دەرفرتاندە دەرەوە... دوابەدوای ئەمیشەوە، دارجگەرە درێژەکەی بەدەستەوە گرت و مژێکی قووڵی لە جگەرە بۆندارەکە دا... هەر لەبەر خۆیدا، بەدەمێکی بەپێکەنینەوە کەوتە قسە کردن : "یاخوا دەستەکانت خۆش بێ "جب"، لەگەڵ خۆت و چای بۆندارت، لێت ڕانابینم، ئەگەرنا نەمدەهێشت، هەروا بەڕەبەنی بمێنیتەوە... بەڵام دەزانم ئەو قسانەی دەیکەی، هەمووی هەر فشەفش و خۆ هەڵکێشانە، هیچی تر نییە...!". "کرمان" لەگەڵ ئەم قسانەدا سەری خۆی بەرز کردەوە، مۆڕەیەکی لێ کرد، "رەخشان"، سەرنجی بۆ بلمە بلم و

پێکەنینەکەی ڕانا و وردە وردە چاوە خەواڵووەکانی دەترووکاند.

"مەتان"ی خەوزڕاویش، هەر بەم ئاوایە بەکلک بادان هەڵسایەوە و لەشوێن خۆیا هەڵقونجا... "شێخاڵ" وەک منالێکی ڕوحپەرە و ناز پەروەر بدوێنێ، ئاوا لای لێ کردەوە و لەگەڵیا کەوتە زارگەمە: "پ س س ت، پست، پست..." هەردوو گوێچکەکانی لێ مووچ کردنەوە، زمانە سوورەکەی تەواوێ دەرهێنا و بەملا و بەولای شەویلاکەی خۆیا سڕییەوە... "جزە دەخۆی؟ یان هێشتا برسیت نەبووە...؟"... لەگەڵ ئەم قسەیەدا، ئاماژەیەکی بۆ ئێسقانە تووڕ هەڵدراوەکانی زار ئەشکەوتەکەوە کرد. ئەمیش لەقوولایی ورگە تێر و تەسەلەکەیەوە... پڕ بەقوڕگی کەوتە مڕەمڕ و قروسکانەوە، پاشان سەری خۆی داخستەوە: "دە بنوو بنوو... ئەی ئەم هەڵقوت هەڵقوتەت لەچییە...!؟ گۆشت زۆر خواردن گەلێ پەسند نییە، زگتان پێ دەچێ...!". بەدەم ئەم قسانەوە، هەموویانی بەچاو دابێژت "نازانم چۆنتان بدوێنم، بەچی زمانێ قسەتان لەگەڵا بکەم...!" لای لە "ڕەخشان" و تاژییەکانیش کردەوە: "کۆمەڵە ڕێبوار و هاوڕێی یەکین، کەس لەگەڵ کەس قسان ناکەین...!". دوای هەڵوەستەیەک بەدەمێکی بەزەردەخەنەوە درێژەی بەقسەکانی خۆی دا: "لێرەو پاش چ کارم پێتان نابێ، هەتا لێرە بین ماندووتان ناکەین..." لایەکی تری لە "ڕەخشان" و لە تفەنگ و فیشەکدانەکەی کردەوە: من و "ڕەخشان" دەچین گۆشتتان بۆ دێنین. ئێوەش بۆ خۆتان هەر بخۆن و بنوون. ئەگەر بۆ هەوەسی خۆتان بەگەڵمان کەوتن. ئەوە لەچاکی خۆتانە...!".

دوای چەند هزر و بیر کردنەوەیەک، کتوپڕ، پێکەنینێکی یادگار ئامێزی لەدەمدا تریقایەوە: "ها ها ها..." پشتی خۆی قیت کردەوە، نەختێ لەئاگرە پڕ لەسکڵ و پۆلییە چاو گەشەکان دوور کەوتەوە، هەر بەدەم تریقەی پێکەنینە بەرزەکەیەوە، درێژەی بەئاخاوتنەکەی خۆی دا: "ئەدی "ونە گۆج"... ها، ها، ها... ئەو شێت و شوورە لەسەر ئاو و ئاگرە...!"... تەنهایی



و بێدەنگی ئەشکەوتەکەی ڕەواندەوە، بۆ ناو کێشە و ڕووداو و کۆڕ و ئاپۆرای "هەوارە بەرزە" گەڕایەوە... : "دیارە بەتەواوی مرخی لەو نێرەمووکە خۆش کردووە!... سەر لەئێوارە، کە زانی من نیازی دەرکەوتنم هەیە، ئۆقرەی لێ هەڵسا. سێ جار هاتە لام، یاخە و بەرۆکی گرتم... ئەو جارە کە گەڕایتەوە دەبێ چارەیەکم بکەیت. هەتا هەرێی لێ وەرنەگرتم وازی لێ نەهێنام. "ساڵح مام شێخ"یشی لەسەرما کرد بەشایەد.... خوا پشتیوان بێ دەبێ هەتا ماڵوەدەرانێ لەیەکیان مارە بکەم..." دوای نەختێ بێدەنگی و بیرکردنەوە، پرسیارێکی ئاراستەی خۆی کردەوە: "تۆ بڵێی گوند ڕاست بکا، نێرەمووک بێ!؟... بەخوا باوەڕ ناکەم... هەر لەبەر ئەوەی کاتی خۆی جل و بەرگی پیاوانی لەبەر کردووە، بۆیە ئەم ناوەی بەدوا کەوتووە... ئەگەرنا، دەمێکە دەیبینم بۆتە کچە عازەبێکی وا لووس و پووس، هەر لەت وابێ ئەوەی جارانیش نییە...! بۆتە کەسێکی تر...!" دیسان لەبەر خۆیا کەوتەوە پێکەنین، بەدەم سەربادانەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "ئەە عەمەلت بزر بێ گاوانە گۆج. ئەوەی تۆ دەیکەیت، باوکی بزانێ پەل پەلت دەکا... تەتەر و قاسیدێکی باشت بۆ خۆت دۆزیوەتەوە...! خەڵک بای شەماڵ و گوڵ و خونچە و بولبول و کارمامز... دەکا بەپەیکی خۆشەویستی، تۆ... جوانەگا...!... ها ها ها ها... بەخوا ا زیرەکیت...! خۆزگەم هەموو کەس ئاوا وەک تۆ لەپیشەکەی خۆیا سەرکەوتوو با...!".

پێکەنین و قروسکە قروسک و خرمە خرم و کاوێژ کردنەوە... شەو و ئەشکەوتیان بێدار کردەوە. ئاگردانی پڕ لەپشکۆ و داری قەڵاشکەری دایسایەوە... ئەم دەنگانە هەموو لەگەدە و هەناوی تێر و پڕ گۆشتەوە سەریان دەکرد... دیسان هەموو لەشوێن خۆیانا مۆڵ بوونەوە، کەوتنەوە هەوڵدان بۆ نەختێ خەو... ئەو نەبێ، لەو شەوە سارد و بەستەڵەکەدا، لە دوو توێی دیواری تەنیاییدا گڕکانی عەشقێک دەیسووتاند. شەبەنگە

وێنەی ڕۆژانی ڕابردووی خۆی و تریفە خەماویەکانی چاوە ماندوو و خەواڵوەکانی مناڵانی لە چاواندا دەبریسکایەوە...! لەسەفەری ئەو جارەیدا... هەموو هاتن... بەکر و کاسی، بەسەرنجە کش و ماتەکانیان دایانبێژت، لێی ورد بوونەوە... بەڕێیان کرد...! چاوی لە چاوە سکڵ و پۆلوەکان بڕی بوو، ئەوانیش خەواڵو ببوون، وەک بڵێی ئارەزووی سەرخەوێ بکەن...! لەبەر خۆیا دامابوو، کەوتەوە نێو تەڕاویلکەی هزر و بیر کردنەوەکان: "یەکەم جارمە ئاوا بەنیگەرانی لە گوند دەرچووبم و دڵم لایان جێ مابێ...! ئەوەی ئاواتمە "هەوارە بەرزە" هەروا بەبەرزی بمێنێتەوە، لەتڕ و تیتۆڵی ناپاک و دووڕووان دووربێ." دوای هەناسەیەکی قووڵ: "ئەو "بەکراغە"یە، گەرچی ناتوانم دەستی ببڕم، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ماچیشی ناکەم. ئەگەر بۆم هەڵکەوێ بەهەموو هێز و توانامەوە بەرینگاری دەبمەوە... زەلامێکی گەلێ ناپاک و دڵڕەشە، خوا دەستم بدا نایەڵم بەر و بوومی درۆ و فڕ و فێڵەکانی بخوا...". پەیتا پەیتا ئاگرەکە دادەمریەوە، زۆربەی بشکۆکان وەک ڕەز ڕەزۆک، دەتوت کەڕوویان دەرداوە... وەک لێوی بارلەسەرکەوتوو، سیس و ژاکاو دەکەوتنە بەرچاو. بەشیشکەی تفەنگەکەی "خرت، خرت..." بشکۆکانی سەراوبن کرد، لەگەڵ فوو لێکردندا، توێژاڵە سپییەکان بوون بەگەردو تۆز، بەملا و بەولادا نیشتنەوە. ئاوات و خەونەکانی، دڵیان خستەوە خورپە و ڕاچەنین: "گوندێکی ئاوەدان و ڕێکوپێک، ئاگردان گەرم، مناڵی زیت و زیرەک... دەشت و کێو و ئاقاری بەر بەرەڵڵا و سەربەخۆ...!"... ئەم هزر و بیرانەی هەموو لا تێکەڵ بەیەک ببوون، وەک پەپوولە پاییزە، ڕەشکە و پێشکەی بەچاوەکانی دەکرد.

لە سوێی ئازار و ئەشکەنجەکانیەوە، لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، دوو کۆتەرە داری تەڕ و گەورەی هێنا و لەسەر پشکۆ ئاگرەکانەوەی دانا، لەگەڵیا ناو ئەشکەوتەکە تاریک هەڵگەڕا... تەنها تیشکی مانگ وەک تاڤگەیەکی خوڕ، پڕ بەدەرگاکەوە دەڕژایە نێویەوە و پانتاییەکی زۆری



لەناو ئەشکەوتەکەدا ڕووناک کردبووەوە.

ئەمیش وێڕای ئەمانی تر، ئارەزووی گورگە خەوێک بەکێشی کرد. تفەنگەکەی خستە باوەشی خۆی، نەختێکی تریش جێی خۆی خۆش کرد، تا بەتەواوی پاڵی بەباروبنە و شمەکەکانی پشتیەوەدا و جەمەدانییەکەی خستە سەر چاوەکانی...! لەناخیدا مرۆڤە کۆنە ئەشکەوت نشینەکانی لەگەڵ ڕاکشابوو. خەون و زیندە خەونی هەر لەگەڵ دڕندە و کەڵەکێوی و مەڵ و مەلیچکەکان بوو...!.

***

تاریک و لێڵی ئاسۆ، پەیتا پەیتا ڕوونی دەکەوتێ و خۆی سپیواژ دەڕوانی...! کەمێکی مابوو، زەردەی هەتاو بڕژێتە ناو گوند و دۆڵ و قەدپاڵەکانەوە...! هەتا ئەوساش "ونە" وەک بەرخی تێر شیر، لەپڕخ و هۆڕی شیرین خەوێکدا بوو نەبێتەوە، خوشکە ئیفلیجە دژخەوەکەی لەزوویەکەوە بەئاگا بوون. هەر لەشوێن خۆیەوە بانگی کاکی دەکرد؛ بێ سوود بوو، هیچ خۆی لەگورە نەدەبرد... ئەگەرچی بێدار ببووەوە، بەڵام وەک ماری قەسەر هەر لەناو نوێنەکەی خۆیدا گینگڵی دەخواردەوە. ئەم جارە دایکی بەدەنگێکی بەرز و تووڕەوە بەسەریا دابەزی: "دەڵێی خەو پەڕچاوەت گرتووە، دە زووبە هەڵسە، بە ملی شکاوت"، "ئێ ئێ دایە، ئێستا هەڵدەستم" لەگەڵ ئەم قسەشیا جوولەی لەخۆی بڕی، لەسەر زگ خۆی بەسەر نوێنە شەق و شڕەکەیدا دایەوە.

– ئەوە نیوڕان داهات، ئەدی کەینێ هەڵدەستی؟!

– ئەوڕۆ کێ لەخەمی گاڕان و گاوانە!؟ بووە بەڕەشبگیرێک، خەڵک هەموو خۆڵ و دۆیان بەسەردا باریوە...

– دایکی بێ ئەوەی گوێی لەم قسانە بێ، دیسان لای لێ کردەوە: ئەوە نیوڕان داهات، ئەدی کەینێ گاڕان ڕادەدەی؟! گوێت لێ نییە؟

– هەر لەسەر زگ هەڵسایەوە سەر دەست و قاچەکانی، بێ ئەوەی

سەری خۆی هەڵبڕێ، بەتووڕەیی وەڵامی دایەوە: "با با، من گوێم لێیە خۆ وەک تۆ نیم"... دیسان بەگوڕ خۆی بەسەر نوێنەکەی دادایەوە و جاجمەکەی بەسەر خۆیدا هەڵکێشایەوە، لەگەڵیا بۆنێکی تیژ و گرمخاوی بەلووتا پژا. دایکی هەستی بەجووڵە و جموجۆڵەکەی کرد، بەڵام کە دیتی دیسان خۆی ئاخنییەوە ناو جێ،... دەستی دایە دارجووتەکە و یەک دوو سەرەداری سرەواندە لا تەلۆکی. بەمل و لاشان هەڵخڕاندنەوە، وەک پەلیک لەشوێن خۆیا دەرپەڕی، نوێنە شەق و شڕەکەی، هەر پارچەی تووڕ هەڵدا بەلایەکەوە.

تووێژە ئارەقەیەکی هەرزەکارانە هەموو جەستەی داگرتبوو... کە دەرکەوت لەرزێکی گورچکبڕی بەجەستەیدا هات. دەستێکی بۆ ناو پیستێری درێژ کرد، خەریک بوو شێی بەردەدا و لەگەڵ کزە با ساردەکە، وردە وردە وەک هەمبانە کۆنی نەغاردراو ڕەق هەڵدەهات، دەتوت جەوی پێدا وشک بۆتەوە...! بەرامپیلە خماوییەکەی لەمل کرد و بەبەرۆکی خۆیدا شۆڕی کردەوە. دەستی دایە دارجووتەکە و ڕووی لەماڵان کرد. کڕ و کپی ئەم بەیانییە درەنگ وەختەی شڵەقاند. بەدەنگە بەرزەکەیەوە تا هێزی تیا بوو چەند جارێ هاواری کرد: "نانی گاوان! نانی گاوان"... کە دەگەیشتە بەر دەرگای هەر ماڵێکەوە، سەگەکان تێیدەوڕووکان، دەیانکرد بەچەقەلوولانێ... دوایەش نانێکی گەرمی دەئاخنییە نێو بەرامپیلەکەوە. لەبەر دەرگای ماڵی "خدر خەندان"، دیسان بەدەنگێکی بەرز و دەمارگرژیەکەوە هاوارێکی لەدەم دەرچوو: "– نانی گاوانی!". دوای نەختێ چاوەڕوانکردن و خۆگیرکردن، سەگەکەیان هات و یەکسەر لەبەردەمیا وەرکەوت. وەک دۆست و هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی لەیەکتر ڕادەمان...! لای لەملاو لەولای خۆی کردەوە، چەرەدووکەڵی ناو ناندینەکەی کەوتە بەرچاو بەئاسمان هەڵدەچوو. دەنگی سێڵ و ناوبرێشکی دەکەوتە بەرگوێ. کاتێ لەپڕ نوردووە نانێکی گەرم لەگەڵ چوار هێلکەی برژاوی ئاخنرایە نێو



بەرانپیلەکەیەوە. ئەویش هەتا هێزی تیا بوو ڕەوانەی خوارەوەی کرد، هەر لەناو بەرامپیلەکەوە، تاوێ دەستی یەکتریان گوشی و لەگەڵیا کەوتە زارگەمە:

– کۆچەر خەوێکی خۆشت کرد؟

– کڕ بە شێت و شوور، دەستم بەردە، ئابڕووت بردم.

– هەتا پێم نەڵێی دەستت بەرنادەم.

کتوپڕ دەستی خۆی لەدەستی ڕاستاند و چەند هەنگاوێ لێی دوور کەوتەوە.

– ئەی ئەی کچێ، هێواش، بۆ وا لێم ڕەوییەوە؟

– هێسک گران، تەمای چیت هەیە؟!

– حەز دەکەم بزانم ئەوشۆ چۆن نووستی؟

بەدەم زەردەخەنەیەکی تەنک و چاوداخستنەوە، ئاماژەی بۆ خەوێکی قووڵ و فراهەم کرد. بەڵام خەمێکی گورچکبڕی پێوە دیار بوو. خۆی لێ نزیکتر کردەوە، پرسیارێکی بەپەلەی ئاراستە کرد:

– ئاگات لەگوند نییە؟

– با، بۆ... چی بووە؟

– کار وابڕوا، ڕیسەکەمان لێ دەبێتەوە خوری، ئەوەی بەتەما بووین لەماڵ وەدەرانێ بۆمان بکرێ... ترسێ دەکەم نەیبینم.

"ونە" بەم قسەیە دڵی داخورپا. بەرە بەرە هەمان خەم و پەژارە و ترس و تەلەزگەکان، لەناخی ئەویشدا سەری هەڵدا... زانی ئەو شەڕ و گەڕەی لەئارادایە، ڕیشی ئەوانیش دەگرێتەوە!...

بەهەنگاوی دوودڵییەوە، لەیەک جوێ بوونەوە. ماڵی "ئایشە شەل" مابوو، کە کەوتبووە پەرگەی ئاوایی، خەریک بوو بیبوێرێ... بەدڵێکی شکاو و بەکەڕ و کاسییەوە ڕێ و ڕێ بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە... لەدوورەوە

لەگەڵ زەردەی خۆرەتاوا، "زادۆ"ی کەڵەکوانی کەوتە بەرچاو، بەرەو ئاوایی دەگەڕایەوە، چوار کودیلەی بەستراوی بەملاو بەولای شانی خۆیدا شۆڕ کردبۆوە. چەند شەبکە دار و سەوڵی لەبن هەنگڵی خۆی نابوو... وەک یەکێ کۆلە گرویەکی توند قورگی گرتبێ... سەری خۆی بۆلای بستی "هەرمک" هەڵبڕی، تا ئەوساش "دێوانە مەمۆ"، بەقژ و کاکۆڵی سەری و بەخۆ بەزەرگی بەرپشتیەوە دەفەی دەکوتا... لەگەڵ سەر هەڵشەقاندن و مل بادان، ڕیش و پەرچەمە بەگلۆوازەکەی تێکەڵ بەیەک دەبوون. هەموو ئەندامی جەستەی، هەر لەبنی پێی تا تەوقی سەری، لەگەڵ ئاواز و نزمی دەفەکەیدا، دەلەرزاندەوە!... دووبارە "زادۆ" سەری خۆی بەرز کردەوە، بەدەنگ هەڵبڕینەوە کەوتە قسە کردن: "لێدە بابم لێدە، بەخولامی خۆت و تۆبەکارییەکەت بم. لەخوام داوایە هەروا بەو جەزبە و حاڵگرتنەوەت ببینم، جومگە و گرێژنەی ئێسقانەکانت لەخرتکە نەچن... دەزانم ئەو کارەی تۆ عیبادەتە، بەڵام چ لەخەڵکانێ دەکەی، کە بەهیچ شتێکەوە دەربەست نەبن... لە بەلاش نەوتراوە خوا هەتا کێو نەبینێ بەفری ناوێتێ..." دوای نەختێ کڕ بوون، بەدەست ئاماژەیەکی بۆلای شاخەکانەوە کرد و گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "خوا دەیکرد ئەو چیا و چۆڵە هەموو دارماڵ دەبوو لەبەفر، تەیراوڵی لێ قورتار نەدەبوو... لە بەلاش نیە دێوی گەڕ گەڕ بۆتە قاندڕمان...! ". هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە سەرنجێکی بۆ لای "ونە" ڕانا: "گاوانە گۆج... چیتە وەک کەڵەبابی ناوەخت، ئاواییت خستۆتە زەقزەقە...! ". پاشان ڕووی لە چاقری و ڕەشانەکان کرد، کە وەک جاران لە دەوروبەری لەودە و کاکۆکاندا مۆڵ ببوون، چوو بەنێویان کەوت، هەر یەکەی بۆ بەر دەرگای ماڵی خاوەنەکانیانەوە ڕاو نا: "ئیمڕۆ ڕۆژی گاڕان ڕادانە...! ؟ "... خەڵک بۆ ئەوەندە دەبەنگ و بەستەزمانن؟ ؟!...". "ونە" دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو. بەسەر سوڕماوی سەیری جووڵە و ڕەفتار و قسەکانی دەکرد. دیسان لای لێ کردەوە و بەتووڕەیی هەڵی دایێ: "کەرە گۆجەی بێ ئەقڵ و



نەزان، نەخۆت و نە خەڵکیش بەسۆدرە بەرە. بڕۆوە ماڵی خۆت تۆش وەک ئەو خەڵکە چاوەڕێ بکە، بزانن خوا بە چی ئەنجامێکمان دەگەینێ...؟! ".
تا دەهات بەدەنگە گڕەکەیەوە، کشوماتی ئەو بەیانییە سارد و سڕەی دەشڵەقاند و، هەر هات و هاواری بوو: "ئەدی ئەمن لەبەرچی کەڵەک و قایەغی خۆم دێنمەوە ماڵان... گوایە لەخۆشی خۆمە؟!... یان لە بێچاری و قوڕبەسەریمە...!" بۆ لای "ونە" وەرچەرخایەوە: "تۆ چیت، پیری، پیاو چاکی، شێخی سەنعانی، کەشف و کەرامەتت هەیە...! یان ڕۆستەمی زاڵی وەها مەیدان دەخوازی...! ئەوەی بەسەر شوان و گاوانی گوندەکانی دی هاتووە، نیو ئەوەندە بەسەر تۆ بێ، لەترسان شەرواڵت پڕ گوو دەکەی...! ئەوجە بڕۆوە بە ملی شکاوت لە تەنیشت کەڕەی دایکت دانیشە...! ".
"ونە" هەر لەوساوەی کە قسەکانی "کۆچەر"ی بیستبوو پێ و قەدەمی شکابوو، "زادۆ"ش ئەوەندەی تر غەم و پەژارە و قەهر و تووڕەیی هەڵسان. بەدەنگێکی بەرز باگۆی "زادۆ"ی دایەوە: "زناحم لەگەڵ دایکی خۆم کردبێ، نەترساوم و نەدەشترسم!... ". "زادۆ" نەیهێشت قسەکانی تەواوبکا، بەتوڕەیی دەمکوتی کردەوە: "کڕ بە هەی کەری سەر شێت، ئاگات لەدەمت بێ، دەزانی تۆ چ دەڵێی...؟!" "ونە" چیتر ناخاوت. بەخۆ بە بەرامپیلی پڕ لەنانی گەرمەوە، بەرەو ماڵ بووەوە. بەسارد و سڕی هەنگاوەکانی هەڵدێنایەوە، بەڵام "زادۆ" هەتا دەهات، دەنگی خۆی زیاتر هەڵدەبڕی: "ڕۆژی حەشر جەژنە لەچاو ئەمڕۆ. گوند پڕ بووە لە شمر و شەیتان. هەروا نیشان و عەلامەتمان پیشان دەدرێ...! کورە باوکم با کەس سەری لەماڵ نەینێتە دەر، هەر کەس لەلای خۆیەوە، بکەوێتە دوعا و ناورانەوە. ڕەنگ نییە پیاو دەرکەوێ...! بەڵکو خوا مەرحەمەتەکمان پێ دەکا، دەرگایەکمان لێ دەکاتەوە... نەبادا تووشی ڕۆژە ڕەشێک ببین، حاکمی مەراغەش بەمەنگوڕانی نەکردبێ...!...". گوندی دوودڵ و قەلەزراو، هەموو لەگەڵ هەرا و زەنازەنای "زادۆ" بێدار بوونەوە... لە ناوەڕاستی گوند هەڵوەستەیەکی

کرد، قسەکانی پێشووی "بەکراغە" و "ئۆمەر ئاشەوان"ی دەوتەوە... بەباریکان و بەئەستووران پێیدا دەچووو دەهاتەوە.!

***

سەر لەبەیانیەکی ساف و سوو سارد و زەردە هەتاو و دەشت و ڕاستان و "هەواره بەرزە" و هەموو گوندەکانی تر، لەگەڵ هەڵم و هەناسەی پێچ و لوولی دۆڵە شاخ و تەڕاویلکەی دارستان و بنارەکاندا تێکەڵ بەیەک ببوون. "ئاسمان دڕە" و گەوە و گردۆلکە و "پیر کەرەم"... کەوتبوونە دەریای پڕیشک و پشکۆی ئاورینگان. "دۆڵە واش" بەدار و بەردیەوە، بەباڵداری پەڕ ڕەنگین و بەرزە فڕیەوە، بەمەل و مەلیچکەی دەنووک ئاڵ و تووک نەرمیەوە... هەموو بەجارێ کەوتبوونە باڵە فڕ و جووکە جووک... هەڵۆیەکی باڵ کووڕ، لەنێو هەڵەمووت و شوێنێکی سەختا، وەک تەشوێڵە، بەرەو قوولایی "دۆڵەواش" ڕووچوو، پەڕە بەڵەک و سپییەکانی سەر پشتی، لەگەڵ کەوییە بەفری نێو کەڤران جوێ نەدەکرایەوە... هەر بەم گڕ و تینەوە ژێهەڵ چووە خوارەوە، پاشان باڵەکانی لەیەک کردەوە و بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە. لەبەر تیشکی خۆرەتاودا. پەڕەکانی دەبریسکانەوە، وەک دەسەڵاتدارێکی بێ پەروا و دڵڕەق، دەگەڕا و دەسووڕا. سڵی لەهیچ شتێ نەدەکردەوە. بەچاوە تیژەکانی، لەبەرزایی ئاسمانەوەدا، بۆ قووڵترین شوێن دەیڕوانی. جارجار لەگەڵ تەوژمی با ساردە بەرزە فڕەکەوە، خۆی وەردەگێڕایە سەر تەنیشت، وەک بروسک فرتکەیەکی دەکرد و لەبەرچاو ون دەبوو...! هزر و سەرنجی لەگەڵ ئەم دیمەنانە تێکەڵ ببوو، بەدەم سەرنج و تێڕامانەوە ورد ورد هەنگاوی دەنا و بەرە بەرە لە "ئەشکەوتە مراد" دوور دەکەوتەوە... "قەلە باڵدار و کرمان" جارجار لەشوێنی خۆیانا، دەردەکەوتن و دەکەوتنە جلیتانێ، یا لەگۆڕەپانی بەردەم ئەشکەوتەکەدا، بەقروسکە قروسک یەکتریان دەشێلا... دوایەش خێرا خێرا دەچوونەوە ژوورەوە، "ڕەخشان"یش ناوە ناوە کۆڕژنی شەوێکی خۆشی پڕ لە خەو و خورشتی لێ



بەرز دەبووەوە... بەڵام "مەتان"، پێ بەپێ لەگەڵیا دەڕۆیشت، یا لە دەوروبەریا، وەک گوڵەژەن هەر هەڵبەز و دابەزی بوو.

سەرنجی ئاراستەی "دۆڵەواش" کردەوە. سەیری ئاسمانی کرد، هەڵۆکە لەتاقی ئاسمانەوەڕا، باڵەکانی جووت کردن، وەک بروسک، تیژو تاو هات و پەلاماری تەیرە حەبارەیەکی دا، بەچڕنووکەکانی گرتی، هەر لەئاسمانەوەڕا دایە بەر دەنووکە تیژەکانی، هەر بەم گڕ و تینەوە، بەرەو خوارەوە هات، لەناو بەفر و بەستەڵەک و هەڵەمووتە هەزار بەهەزارییەکەدا ون بوون... لەملاوە سەرنجە تێنووەکانی لکا بەبازێکەوە،... کەوتبووە ملۆما کردن... نەوی نەوی دەفڕی، هەر ئەوەتە سنگی بەتەڵیشە بەرد و لقە درەختەکانەوە زامار نەدەبوو. بەدەنگێکی بەرز کەوتە هاندانی:

"دە گەورە، دە گەورە، دە گەورە... ئە هە ئە هە ئە هە..." بەرزتر هەڵیدایێ: "قەیسەر قوو... هەیدێ، هەیدێ گەورێ، قەیسەر قوو...!".

لەخوار ئەمەوە پۆڕێ کەوتە جوولە و خۆ حەشاردان،... ئەویش هەر لەشوێن خۆیا وەک قوشچییەکی شارەزا و خاوەن ئەزموون دەنگی خۆی بەرزتر کردەوە: "ئەوەتە، ئەوەتە، ئەوەتە... قەیسەر قوو، قەیسەر قوو..." دەستی بۆ دەمی خۆی برد: "ئەهە، ئەهە، ئەهە، ئەهە،... دەگەورە، دە گەورە... قەیسەر قوو...!" لەگەڵ ئەم دەنگ و تان لێدانەدا، بازەکە بەرز بووەوە،... پاشان وەک تاوی باران، سەر بەرەو خوار بووەوە و هێرشی بۆ سەر پۆڕەکە هێنا، ئەویش هەر لەگەڵ ئەم تین هێنانەدا کەوتەوە دەنگە دەنگ و هاندانی: "دەگەورە، دەگەورە، دەگەورە... قەیسەر قوو..." بەچاو قووچێنێ هەر دووکی لەبەرچاو ون بوو...!...

پەیتا پەیتا خۆر وەک خەپڵەیەکی ڕوون و تیشکدار، بەڕووی ئاسمانا بەرز دەبووەوە؛ بەڵام وەک کولێرەیەکی زێدە برژ، لە سەرمان کەڕووی دەردابوو، وەک بڵێی چلوورەی سەهۆڵبەندان بووبێت بەپڵپڵە و بەهەر چوار دەوری چێوە خەپڵەییەکەیدا شۆڕ بووبێتەوە...!... لەگەڵ هەناسە

وەرگرتندا، بایەکی تەزیو هەر لە لووتە سوور هەڵگەڕاوەکانیەوە تا قوڕگ و سییە و سیکڵدانۆچکەکانی پڕ لە لەرز دەبوون... کە هەناسەی دەدایەوە، هەڵمە دووکەی ناو دەمی وەک کادووی دووکەڵ کێشەکان تێکەڵ بەسرِ و سەقەمەکەوە دەبوو...

قرەقڕی قەلەڕەشکەیەک سەرنجی چاوە سەرمابردوو پڕ لەفرمێسکەکانی ڕاکێشا. چەند چاوی گێڕا ڕێ بەدی پێ نەبرد. دوای چاو گێڕان و خۆ دانووساندن، لەهیکەوە مەلێکی گەورەی باڵ ڕەش هات، بەسەریا هاشەی هات و ڕابرد، سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی: "ڕەشی نەگریس، هیچ شتێ وەک تۆ هەراسانم ناکا..." هەر لەئاسمانا سوور و داسووڕێکی دا، دیسان بەسەر ئەودا گوزەری کردەوە: "بۆ کوێ، بۆکوێ، کەول ڕەقی پەپاغ ڕەش!... چاوت لە چی چڕ کردۆتەوە؟... جووجەڵەی ئاوایی نەما نەیخۆن، ئەمجارە ڕوو لەکوێ دەکەیت؟..." لەبەرچاویا ون بوو، دوای ماوەیەک، دیسان لەپەنا شاخێکا دەرکەوتەوە. باڵەکانی خۆی خاو کردنەوە، لەسەر بەردێکا هەڵنیشتەوە: "بۆ سێرە گرتن بەرماتی خۆشە" بەماتە ماتە پارێزی لێ سەند، پەنجەوانەکەی لەدەستی ڕاستی داکەند، لوولەی تفەنگی ئاراستە کرد... گرمەی لێوە هێنا... لەگەڵ ڕقێنی تفەنگەکەیدا، بوو بە جوولە جوول و باڵە فڕەی باڵدارەکان، ناو گەوە و قەدپاڵ و ڕەوەزەی تیشە شاخەکان پڕ لەجووکە جووک و فڕە فڕ بوو. لەناو ئەم دیمەنە پڕ لە جموجۆڵەوە، بەرەو "ئەشکەوتە مراد" گەڕایەوە. "مەتان"یش هەر بەدەوریا هەڵبەز و دابەزی بوو، بەڕەفتارە سەیر و سەمەرەکانی گوزارشتی لە ڕۆژێکی خۆش و فراهەم دەکردەوە. وەک خاوەنەکەی هەردەم لە سەیرکردن و لەچاوەڕوانی پێشهات و ڕووداوە ناکاوەکان بوو...! لەدوورەوە دوو کۆترە کێویلکەی خڕ و خەپانی کەوتە بەرچاو، دەنووکیان لەنێو دەنووکی یەکتر نابوو، گۆڕەپانی بەردەم ئەشکەوتەکەیان کردبوو بەجێژوانی خۆیان، لەم ناوەدا ڕەدووی یەکتر دەکەوتن و قەڵەمبازی یەکتر دەبوون... کە لەزارکی ئەشکەوتەکەوە نزیک



کەوتنەوە، "مەتان" بۆیان کەوتە قروسکە قروسک، خەریک بوو پەلاماریان بدا و خورێنی خۆیان پێ بشکێنێ. بەتوندی تێی ڕاخوڕی: "گزززز..." بەدەم ئاوڕ دانەوەوە بۆی کەوتە مرەمڕ و کلک بادان... "تووله تیسکن، چلێس مەبە". لەگەڵ ئەم ئاخاوتنەیدا، دەستی بۆ توورەگەکە درێژ کرد سەبکە نانێکی فڕێ دایە بەردەمی.... ئەویش بەدەم سەیر کردنی کۆترە کێویلکەکانەوە کەوتە خەیاڵ و بیر کردنەوە: "تا ئێستا دێڵە گورگ و گۆڵە گورگێکم نەدیوە، ئاوا ڕامووسانی یەکتر بن...! بۆ چما گورگ و براگورگێکم دیوە بەیەکەوە هەڵیان کردبێ...؟! تەنها کەلەشی مردار و گۆشتی گەنیو کۆیان دەکاتەوە، یاخود بەفر و بەستەڵەکی زستان دەیانکات بەبرابەشی یەکتر...!...".

هەتا دانگی نیوەڕۆ، بەخۆ بە" ڕەخشان" هەموو قەدپاڵ و هەڵەمووتی دەوروبەری "ئەشکەوتە مراد" و "پیرکەرەم"یان کێوماڵ کرد... هیچ نێچیرێکی نەکەوتە بەر چاو: "تۆ بڵێی شوور و کەڵە کێوی نەمابن، سەیرە... ئەمساڵ نە وەک پار بەفرێکی زۆر باریوە و نە وەک پاریش تەڕ و تووشە... پار ئەم وەختە، پێش ڕۆژهەڵات، هەر لەسەر کانی "وەکازە" کەلەشی چەند نێری و گا کێویم ڕاو کردن و بۆ ئاواییم بردنەوە". بەدەم ئەم قسانەوە، "ڕەخشان"ی ڕاکێشایە بەر بەرِۆچکەیەک و مێخزنجیری لێ داکوتا، خۆشی دوور و نزیک، لە پەنایەکا وچانی دەدا، تووله و تاژیەکان، جار جار لەبەر چاوی ون دەبوون، لەقەدپاڵێکی ترەوە ڕەدووی یەکتر دەکەوتن و هەڵبەز و دابەزیان بوو، هەندێ جاریش بۆ زارکی "ئەشکەوتە مراد" دەگەڕانەوە، لەنێو کەویە بەفر و شوێنە وشکانییەکان دا یەکتریان دەشێلا...!.

هەموو هەستیان بەبرسێتی دەکرد. "ڕەخشان" دەمی بۆ ژێر کەڤر و گا بەردەکانی دەوروبەری درێژ کرد... تاژییەکان، لووتی خۆیان بەزەوییەکەوە دەنا و دەکەوتنە بۆنکردن و زمان لێدانی هەرشتێ کە سەرنجیانی بەکێش

کردبوایە و دەچوونە بەردەم ئەشکەوتەکەوە و دەکەوتنە بۆنکردنی ئێسقانە وشک هەڵگەڕاوەکان، یاخود کەڵبەیان لێ گیر دەکرد... جار جاریش دەچوون نزە نیگایەکیان ئاڕاستەی "شێخاڵ" دەکرد و گوێیان لێ مووچ دەکردەوە. ئەویش هەر بەم ئاوایە، لە جموجۆڵ و دیمەنەکان ڕادەما... پەنا و پەسێو و گەوە شاخەکانی بەتیشکی سەرنجەکانی داغان دەکرد... ئەویش وێڕای ئەوان هەستی بەبرسییەتی دەکرد، جار جار جوڕەیەک لەبنی زگیەوە دەهات...! سەرنجەکانی لکا بەشوێنە گەچراو و ڕەش هەڵگەڕاوەکانی بەردەم "ئەشکەوتە مراد"ەوە. هەر جاری کە کۆمەڵی ڕاوچیان بگەیشتبانە یەک، لەوێ کۆدەبوونەوە، خواردن و چێشتی بەتامیان دروست دەکرد... ئەو ڕۆژەی هاتەوە یاد کە لەگەڵ "خانە بەگ و برایم شەوارە..." کەڵە کێویەکی قەڵەویان کەل و پارچە کرد، ورگیان بەدیوی دەرەوە دا هەڵگێڕایەوە و پڕ لە گۆشت و بەز و پیازیان کرد و خوێ و بیبەریان پێدا کرد، وەک توورەگەیەک دەمەکەیان بەستا، هەر لەناو پێستەکەی خۆیەوە قۆرتێکیان بۆ هەڵکەند و لەنێویان دانا، دوایەش بەخۆڵ سەریان پۆشی. چەند کۆڵە پشتێ لە کۆتەرە دار و درەختیان لەسەر دانا و ئاگرێکی گەورەیان لەسەر کردەوە، تا سەری پڕبوو لە پۆلیە ئاگر و سکلێ چاوگەش... ئینجا خۆیان بۆ ڕاووشکار دەرچوون، کە گەڕانەوە سەری قۆرتەکەیان کردەوە، پێستەکە وەک کوورەی ئاسنگەر سوور ببوەوە، کە خواردنەکەیان لەناو دەرهێنا، هەموو گیانی ئەم ورگە کولاوە، ئاو و زلزلە و چەورایی دەردابوو. نان و خوانیان دانا، هەموو بەزگی برسی و هەناوی بەتاڵەوە، کوزیلکەیان بەهەر چوار دەوری دابەستا، بەچەقۆیە شەقیان کرد، ئەم ناوە پڕبوو لە بۆن و بەرامەیەک، دەمی هەموویانی پڕ ئاو کرد.

چرقە چرقی سمی ئاژەڵێکی قەلەزراو و تەنگەتاو، کە لەقەدپاڵی لووتکە شاخەکەی بەرامبەریەوە دەهات، لە زنجیرەی یاد و یادگارییەکانی



پچڕاند، تا دەمێ گوێی خۆی ڕاداشت، هەستی ڕاگرت... دەنگەکە زیاتر لێی نزیک کەوتەوە، گورج خۆی خستە سەر چینچکان، بەئەسپایی تفەنگەکەی ئامادە کرد... سێ چوار خڕکە بەرد لەسەر ڕا گلۆر بووەوە، بەپەلە خۆی خستە پەنا بەردێکەوە، سەری خۆی نەوی کرد... بەڵام چەند هەستی ڕاگرت هیچ دەنگێکی تری نەکەوتە بەرگوێ... سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی، سەیری خۆری کرد، لەبەر خۆیا بڵمەبڵمێکی لێ هەڵسا: "دەبێ هەڵەتە بووبێ، یا زۆر ماندوو و هیلاک بووبێ، ئەگەر نا بەم وەختەی ڕۆژێ پارێز نادا..." بەماتە ماتە بەملەکەوە هەڵگەڕا، بزنە کێویەکی لە هەوراز شاخەکەوە کەوتە بەر چاو، کونە لووتەکانی فش ببوونەوە، وەک بلێێ ی دڕندەیەک پەلاماری دابێ و خوا و ڕاستان لێی قوتار بووبێ... ئاوا بەم شێوەیە هەناوە کوتەی پێ کەوتبوو. ترسێکی کوشندە لە چاوەکانی دەبریسکایەوە.... خۆی لێ مشتوماڵ کرد، باقە نەجمەی لێ وەرگێڕا، سێرەی لێ گرت... : "گەر لەم قورتار بووبیت، چۆن لەدەستی من ڕزگارت دەبێ ئاوا ئاوا، بۆم ڕاوەستە..." بەئەسپایی پەنجەی خستە سەر پەلاپیتکەی... یەکە و گوللە لە پەل و پۆی خست... یەک پێ بۆ لای ڕای کرد، پێش ئەوەی مردار بێتەوە، بەخۆ بەخەنجەرەکەی لەسەری ئامادە بوو. چاوی لە چاوە زەرد کاڵە تەماوییەکانی بڕی، "ئەی وڵداشەکەت، دەبێ ئەو بۆ کوێ هەڵەتە بووبێ... یان هەر بەتەنهای؟!..." لەناو خوێن و خێزاوی خۆی پەلی دەکوتا، بەدەم چاو گێڕانەوە بەملا و بەولا دا، چاوەڕوانی دەکرد... تا لە جوولە و قاچ کوتان کەوت، ئیتر لە قاچەکانی ڕا گرتی و بەسەر بەفرەکەدا ڕایکێشا... "خوا دەیکرد دەی تریشت بەدوادا دەهات. لەو چۆڵەوانییە گەر مەرگی ئێوە نەبێ، چۆن ژیانمان بۆ مسۆگەر دەبێ...؟! " بەحاڵە حاڵ خستیە پاشکۆی ئەسپەکەیەوە،... بەدەم ڕۆیشتنەوە لایەکی لە "رەخشان" کردەوە: "باش بوو ماندوو بوونمان بەفیڕۆ نەچوو... ئەم نێچیرە هەموو خەم و پەژارە و

برسیەتییەکی لەبیر بردمەوە...!" دەستێکی بەباڵ و بژی داهێنا، بەدەمێکی بەپێکەنینەوە، دەنگی خۆی هەڵبڕی: "ڕەخشۆ، تۆش وەک من دڵخۆشی، یان هەروا بەخۆڕایی ملت بادەدەی...؟! "

***

زستان و سڕ و سەقەم، گوندی خستەوە ناو قەفەزی گۆشەگیری و بێ کارییەوە... لە جموجۆڵ و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خستن. ناو ئاوایی چۆڵ و بێ دەنگ، سارد و سڕ... سەربانە یەک لەدوا یەکەکان، وەک شەمەندەفەری سەدە کۆنەکان، پڕ بەلوولەی سۆبەکانەوە، دووکەڵیان لێ بەرز دەبووەوە. هەر ماڵە بەدەوری ئاگردانی گەرم و گوڕدا کۆزیلکەیان بەستابوو... گاوان و شوان و خاوەن پیشەکانی تر، چاوەڕوانی وەرزێکی خۆشیان دەکرد... هەندێ بێزار و پەژموورده، هەندێ خەمبار و کالیوە... هەندێکی تریش قەلە زراو ببوون. "پوورمێردین" و چەند کەسانێکی تر دڵ پڕ لەترس و لەرز...

لە سووری بەیانییەوە ڕا دیسان ناو ئاوایی شڵەژایەوە و پڕ بوو لە مقۆ مقۆ... "زادۆ" دیسان وەک برایمۆکی سەرما بردوو، چەند کەلوپەل و کەرەسەیەکی تری ڕاو و پاشماوەی کەڵەکە هەڵوەشاوەکەی لەسەر شانی خۆی دانابوو. وەک ڕۆژی پێشوو دیسان بەناو ئاواییدا، بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆیشتەوە. بەدەنگە گڕ و بەرزەکەیەوە گوندی خستەوە زەقزەقە و داچەڵەکین.

"پوورمێردین" بەدوای سۆراغی دەنگەکەدا بۆ ناو ئاوایی داکشایە خوارەوە. "ئایشە شەل" کەوتە چاوە چاو. "پوورمێردین" هێشتا نەگەیشتبووە "زادۆ"، هۆپەکی لەخۆی زانی: "ویسمیللا،... بۆ بەو شڕ و وڕییەوە هاتۆتەوە...! بۆ بەو قوڕگی پڕ گریان قسان دەکا...؟!." ئەم دیمەنەی هێندەی شپڕزە کرد، بەچ گڕوتینێ هاتبوو، بەهەمان شێوە بۆ کونجەکەی خۆی گەڕایەوە. هەر لە دوورەوە "ئایشە شەل" بەربینگی لێ گرت و پرسیارێکی شڵەژاوی ئاراستە کرد: "چییە دیسان بۆ وا دەڵێی ڕاویان



ناوە؟... ". "پوورمێردین" چەتیوێکی لەدەم دەرچوو، بەدڕدۆنگی، هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە لای لێ کردەوە: "چاوت نابینی، هی هی بزانە کوو بەخۆ بەکەڵەکەکەیەوە، خۆی لە ماڵێ دەکوتیتەوە... لەچی دەپرسی... چانییە نەخوراوە... کێ دەڵێ ئەویش بەگۆبەندی شوانەی "لاکەچە" نەچووە؟!..." " ئایشە شەل"، چەند پرسیارێکی تریشی ئاراستە کرد. بەڵام ئەولای تری لێ نەکردەوە... ورد ورد هەنگاوی هەڵێنایەوە، سەری بەژوورەکەی خۆی داگرتەوە، لەبەر خۆیا کەوتە ترمە و بۆڵە بۆڵ: "ڕەنگ نیە لەگوند دوور بکەویتەوە، دەلعازی لرف دەکرێ ی...! هەی لەو ڕۆژە ڕەشە، هەر سبە و دووەکە، بەناو ئاواییش وەردەبن...! ". دەنگە دەنگی "ونە" قسەکانی پێبڕی، لە دوورەوە دەهات و بەرز بووەوە: "کەسیرەت کردم، هەی سندانت لێ بدا... بۆ ڕێ داناگری... ".

– "یاحافیز، ئەو هەڵەپاسە چیتی دیسان؟!... ".

– "هەچچە، هەچچە دەی، دەڵێی بزمشکی سڕ هەڵگەڕاویت!". سێ چوار پشتە پێی سرەواندە تەنگەی، نەقیزەیەکی لە ملی ڕا کرد: "هەچچە،... لەگەڵ تۆمە، دەی پێ هەڵێنەوە"... کوت کوت زەوی دایە بەر سمە خڕەکانی، چەند هەنگاوێکی هەڵێنایەوە، پاشان لەشوێن خۆیا وەستایەوە... "دەڵێی ڕۆیشتنت بیرچۆتەوە"... زوێر و زگاری کردبوو،... لەگەڵ یەکتر دا کەوتبوونە کێشە و ڕکابەری. بگەیشتایە هەر بنە بنچکێ، هەر گاشە بەردێ، گوێی بۆ دەلەقاند، لمووزی خۆی بۆ درێژ دەکرد و،... بەتوندی لە قەوچەی دەدرایەوە. لەبەر دەرگای ماڵی "پوورمێردین" چەند جارێکی تریش ئەم ڕەفتارەی دووبارە کردەوە،... "ونە"ی داهێزراو و بڕست لێبڕاو، لە گوێدرێژ و لە خۆی و لە گوندەکەی... سەرنجێکی دەوروبەرەکەی خۆی دا: "ئەی خوایە دیسان گوند مەرگەمووشیان کەوتەوە ناو،... تەیر و تواڵیش بەئاسمانەوە نابینرێ...!. هەچچە دەی، پێ هەڵێنە، بۆ وا گۆد بووی! ؟...". سێ چوار داری تری سرەواندە لاملی: "کافرم مەکە، بێمە

خوارەوە هەنجن هەنجنت دەکەم، هەی دایکەکەی دایکی ماخۆت... ". دەنگێکی زیقی پڕ لەتانە و تەشەرە، قسەکانی پێ بڕی: "ئەو پێی عەیانە، ئەمان ئەتوو کەری تێ ناگەی... کێوە وەها دەڵێی حالۆری بووی؟!..." هەر لەسەر پشتی گوێدرێژەکەیەوە، سەرنجێکی ڕانا، هیچی نەکەوتە بەرچاو... "هەچچە... دەبڕۆ دەی، بجووڵێ... با لەبن داران نەتتۆپێنم".

– "شێت و شووری نەدی و بدی، لەگەڵ تۆم نیە...! یان ئەتووش وەک دایکە سەر شێتەکەت گوێت گران بووە...؟ ". بەم دەنگە جۆرە سەرسوڕمانێک سەراپای دەموچاوە سەرما بردووەکەی داگرت، سەری خۆی بەکولانکەی ژوورەوە داگرت: "بەڵێ ێ...!! داپیرە پوورێ، ئەوە تۆی؟! لەگەڵ منت بوو؟..." نەختێکی تریش لەشوێن خۆیا سەنگرایەوە: "پیرە ژنی وا زوو زوو غەیب دەبن... کە وتت هەوارە بەرزەیی بڕایەوە، بەو دوا دواییە هەر بەیەکجاری لەتامیان بردۆتەدەر...! ". لای لەملا و لەو لای خۆی کردەوە... "ئای... دەبێ دەنگی ئەو بووبێ، یان شتێ هەر لەخۆیەوە لەناو مێشکمدا دەزرینگێتەوە...! " دیسان کەوتەوە دار تێوەژەندن.

"دایکە کەڕە سەر بەهەشەکەت، دیارە تۆی لەسەر گووفەک هەڵگرتۆتەوە، وا تۆی بەدەرناوە...!" بەدەم ئەم سەرزەنشت و جوێنانەوە، هات و لەبەر دەرگای چەپەرەکەوە وەستا، دوو دەرزی ئەستووران و سێ چوار دانە کۆترۆکەی کەسک و سووری بەهەر دوو لا یاخەی خۆیدا شەتەک دابوو... کوتوپڕ بەم دیمەنەوە کەوتە بەرچاو.

هەر لەسەر پشتی گوێدرێژەکەیەوە قا قا پێکەنی. بەڵام ئەو هەر لەقسە جوێنئامێزەکانی خۆیەوە نەکەوت: "وەڵڵاهی بگەمە ئەو دێڵە سەگە دەبێ چی خراپە ئەوی پێ بکەم...! ئەو ڕۆ ڕۆژی ئەوەیە خەڵک لە ماڵ بێتە دەر!... ". هەر بەدەم قا قای پێکەنینەوە، لە گوێدرێژەکەی دەخوڕی و زەختەی لێ دەژەند و نەقیزەی لێ دەدا: "دەڵێی مست لێ بارکراوە".



– کورە هەی سەی لەبابێ سەگ، کەرەکەت لەتۆ ئاقڵترە، بۆ وا لەو بەستەزمانە دەکەی؟...

کوو نەغەزری... کوڕێ من، بابێ من، هۆشەک بینەوە بەرخۆت، بزانە دنیا چ بەحسە، چ قەومایە، چ دەقەومێ...!.

– ئێ ئێ داپیرە دەزانم، دەزانم،...! ئەوە بۆ دەترسێ... نە گورگ دەیخوا، نە ئاو دەیبا، نە هەندەش ئاقڵە بڕوا بەهەموو شت بکا...!

– هی ی پ...!

بە هەر دە پەنجە لەرزۆکەکانی گەشکەی پێ گرت و بەدەم و چاوێکی مڕ و مۆچەوە، سەری خۆی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە: "تۆبە خوایە، تۆبە... شەیتان کەڕ و کوێر کەی..." سەری خۆی داخستەوە، بەمەلاشووە سواوە و دەم و لێوە بەیەکدا قوپاوەکانییەوە تفێکی خوار و خێچی بۆ هەڵدا: "... لەخۆت و لە فەساڵت، دەڵێی لە تفنگی شەیتان بەپاش کەوتووی...!" هەر بەم ڕق و کینەوە، بەقووڵایی چاوە سەوزە وردیلەکانیەوە، لێی ورد بووەوە، سەیری ڕاوییە ئاوە بەتاڵەکەی کرد... ورد ورد، هەر لەسمی گوێدرێژەکەوە تا تەوقە سەری "ونە"ی ڕوانی و هەمووی بەچاوان دابێژت: "ملی خۆت بشکێنە، لێرە دوورکەوە بەدیۆم، غەزەبمان بەسەردا مەبارێنە... تۆبە خوایە، تۆبە... هەر هەندەی لێ دەزانی...! ". بەدەم ئەم قسانەوە بۆ ژوورەوە گەڕایەوە. جامە ئاوێکی هێنا بەبەر دەرگای داکرد: "س س میللا، غەزەب بچێ و خێر و بەرەکەت بێ ، س س میللا، بەڵا بڕوا خێر و خۆشی بێ...". ئەمجارە وەرچەرخایەوە، دەستی بۆ گۆزە ئاوەکە برد،ئەویشی لەبەردەم دەرگاکەوە قلێپ کردەوە: "خودایە غەزەب بڕوا، دەرد و بەڵا بڕوا، خێر و بەرەکەت و ڕوناکیمان بۆ بێنی...! ". بەدەم ئەم قسانەوە، بەکووڕە کووڕە، سەری خۆی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، بەدەم دەست هەڵشەقاندنەوە، کەوتە وێرد و سەڵاوات خوێندن.

"ونە" بێ ئەوەی متەقی لە دەم بێتەدەر، هەر بەم ئاوایە بەجێی هێشت.

بەدەمی بەپێکەنینەوە، بەهەچە هەچە و زەختە لێدانی گوێدرێژە بێ تەنگە و پاڵوو کورتانەکەیەوە، دایکێشایە ناو گوند.... ئەوەندەی نەمابوو لە دەرگا زلەکەی ماڵی "خدر خەندان" دا بچێتە ژوورەوە، خێرا خێرا، قەڕاسەکەی توند ڕاکێشایەوە: "هۆش... هۆ هۆ ش ش ش...!" لەنێو پووش و پەڵاش و تەپاڵەکاندا، بەدەم مڵوما کردنەوە، لەسەر هەر چوار پەلی ڕاوەستا. ئەویش قاچە باریک و درێژەکانی، بەملا و بەو لای تەنگەیدا شۆڕ کردبووەوە، تەکە تەکیان بوو، سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی، بەگروشمە سەیری خۆری کرد، کە ئەودەم توێژە هەورێکی سپی ڕوخساری پۆشیبوو، دوای ساتێ لەبێ دەنگی و کڕبوون، بەدەنگێکی بەرز تێی هەڵکردێ:

هێ هێ هێ هێ ێ ێ ێ ێ ی
هەوارە بەرزۆ هێ ی

سەگە قووچڕەوەکەی ماڵی "خدر خەندان" وەک تێزی تفەنگ هات و سەگوەڕێکی بۆ هێنا. دەتوت سەد ساڵە نە کەرسوارێکی دیوە و نە جارێکیش حەپیوە. کەوتە چاوەڕوان کردن و سەیکردن... سەگەکەی وەک پەیکی پێشەنگێ دەهاتەوە بەرچاو... لێی ورد دەبووەوە، ئەویش هات و لێی نزیکتر کەوتەوە، لە حەپە کەوت، بەکلک بادان هات و لەنزیکیا لێی وەرکەوت... هیچ کەسێکی تری بەدواوە نەهات... هەتا تینی تیا بوو کەوتەوە ئاواز چڕین:

هێ ی هێ ی هێ ی — هێ ێ ێ ێ هێ ی
بەرخە گوێ بەلۆ — هێ ی
کورە کەچەلۆ — هێ ێ ی
گاوانە بێ دۆ — هێ ی هێ ی
تالآنە بەرۆ — هێ ی هێ ی هێ ێ ێ ێ



بەدەنگە بەرز و تیژەکەیەوە، هێمنایی گوندی شڵەقاند، وەک باگەرێکی بەرزەفڕ، تەمومژی ترس و ناگەهانی دەڕەواندەوە.

"ئایشە شەل" لەکولانکەی ژوورەوە سەرنجی بۆ ڕانا، بەماتە ماتە چوو لەپشت دەرگای چەپەرەکەیانەوە کەوتە سەیر کردن و گوێ ڕاگرتن. "زادۆ" هەر لەبەردەم ئاگردانە نیوە مرەکەیاندا، بەکووڕە کووڕە هەڵسایەوە، بەزۆرە زۆر بڕبڕەی پشتە لەیەک ترازاوەکانی خۆی قیت کردەوە، سەری خۆی لەدەلاقەکەی ژوورەوە دەرهێنا، بەدەنگێکی بەرز و گرینئامێزەوە هەڵیدایێ: "گاوانە گۆج، ئەگەر لەپێوغامی تۆ تووشی فەتارەتێ نەبووین، بزانە ئەمن کوڕی بابی خۆم نیم...! سەگ بەسەگایەتی خۆی، ئێستا بچی گۆشتی سوورە ماسی لەپێش دابنێی، نە دەیخوا و نە دەشوەڕێ... دە وەرە بزانم ئەتوو زێدە لەهەموو کەس بەو ناوەختە ئەو حەپە حەپەت لەچییە... نەگبەت ئەوڕۆ ڕۆژی ئەو هەڵەپاسییەیە؟؟!...".

"ئایشە شەل" بەدڵێکی پڕ لەترس و لەرز و ئەملاو ئەولا ڕوانینەوە، وەک یەکێ کە گیانی لەسەر دەستی خۆی دانابێ، بەشەلە شەل هات و دوو کودیلەی بەملی یەکترەوە گرێدراوی هێنا و خستیە پاشکۆی: "ونسۆکەکەم، لەئێوارێوە چۆڕی ئاومان نەماوە..." "زادۆ" لەوێ ڕا، بەدەنگی بەرز قریواندی: "پلە ئایش ئەتووش...!! ئەوە گوتمان ئەوە شێتە، بێ ئەقڵە، ئەتوو بۆ...؟!" "ونە" بەهیچ کلۆجێ خۆی شێلو نەکرد، لەبەر ئازارە دەروونییەکانی خۆیەوە، نەهیچ شتێکی دەدی، نەگوێی لەهیچ شتێ دەبوو، ڕووی لەماڵی "خدر خەندان" کردەوە و زاری هەڵپچڕی:

هێ ێ ێ هێ ێ — هێ ێ ێ ی ی
سەقاکێش — ماڵی بێ ئاو
کانییە چاوگەشەکەم — هێ ی

بەدەم چڕینی گۆرانییەکانییەوە، لەشوێن خۆیا وەستابوو... هەر بەملاو

بەولادا دەیڕوانی و چاوی دەگێڕا... دوای چاوەڕوان کردنێکی بێ هوودە، شێوە پەشێو و زوێر و زگار، هەر بەدەم ئاواز و گۆرانییەکانی خۆیەوە، ڕێچکۆڵەی کانی گرتە بەر و ژێهەڵ بۆی داکشایە خوارەوە. توند و تاو گوێدرێژەکەی لێ دەخوڕی، بەدەنگێکی بەرز کەوتە تانە و تەشەرە و سەرکۆنە کردنی: "نازانم بۆ وات بەسەر هاتووە؟ هەر بەیەکجاری دافەتاوی..." تەنگەی دایە بەر پێلەقان، زەختەی تێژەند... "لێم ببی بەکەرە دێزە، بەخوا بەخوا لەسەر ئەو کەڤرە هەڵتدەدێرێنم.". لەگەڵ لێژ و نشێوی ڕێگاکەوە کەوتە سم کوتان و هەلینگدان... وەک چەند جارە دەستی بەڕەوهانییەکەی خۆی کردەوە... هەندێ جار "ونە" دەخزایە سەر ملی، دوایەش بەزۆرە زۆر دەگەڕایەوە سەر پشتی... ئیتر ئەویش وەکو جاران چرپ و چۆپ کەوتەوە گورگە لۆقە: "دە ئەوها، دە ئەوها، گوێدرێژە ژێکەلە و خۆشبەزەکەم، خەفەتخانت کردم... دەچینە سەرکانی، تۆش هەتا کەیفت دێ دەمی خۆتی پێوە نێ... هێ ی هێ هێ یێ یێ هێ هێ یێ...".

شوڕە شوڕی ئاو و دەنگی کودیلە و گۆزە پڕ کردن، لەئاخاوتن و گۆرانییەکانی خۆی پچڕاند، گوێدرێژەکەی سەنگراندەوە، بەدەم گومان و نیگەرانییەوە، کەوتە دڵەڕاوکێ و دۆشدامان "دەنگە دەنگێکم دەکەوێتە بەرگوێ... دەبێ چی بێ...! تۆ بڵێی یەکێکی تر هەبێ پێش من هاتبێتە سەر کانی... نا نا... هیچ شتێ نیە من وا تێگەیشتم... ئەی ئەوە چییە! ئەو تەپە سرپە چییە، مێشکم بۆ وا تەپ بوو، بۆ بەرچاوم وا تاریک دادێ، چاوم ڕەشکە و پێشکە دەکا یا تانەی کەوتۆتە سەر، یا ترسم لێ نیشتووە...! نا نا وانییە... کەی من ترساوم...!" هەنگاوی هێمنانەی هەڵێنایەوە، نەرم نەرم لەپەرژینی کانییەکەوە نزیک کەوتەوە،: "ئەی...!!" پشووی سوار بوو، سنگە کوژێی پێ کەوت، خێرا خێرا لەسەر پشتی گوێدرێژەکەی دابەزی. دوای ساتێ، بەدەنگێکی بەرز و خەندە ئامێزەوە کەوتەوە ئاخاوتن: "هەی دایکم بەقوربانت بێ، ئەوە لێرەی!!... گەرووم دڕا



هەندی هاوار کەم!..."... وەک تاوی باران خۆی کرد بەناو شوورەی کانییەکەوە: "دەمزانی... کە _ گۆمە _ دوای ئەو هەموو حەپە حەپە کەسی بەدواوە نەهات... دڵم خەبەری دا...، چوزانم خۆ دەستی خۆم بۆن نەکردووە...!" بەدەم ئەم قسە پڕ لە حەز و ئارەزووانەوە، زیاتر لێی نزیک کەوتەوە: "کۆچەر، هێشتان بڕوا بەچاوەکانم ناکەم...!"، ئەویش لەم خێراتر کەوتە جوولە و جموجۆڵ... خێرا خێرا کودیلە و گۆزە پڕ ئاوەکانی لادایە لایەک، لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، لەش و لار و جەستە شووشەییەکەی کەوتە بەر تیشکی سەرنجە تێنووەکانی: "گیان گیان! شەکر و شاباتت لێ دەبارێ". کەمەر و سنگی توند شەتەک دابوو، جووتە مەمکەکانی وەک تۆپە ئارمووشێکی پەڕە کراو، لەژێر سوخمەیدا دەرپەڕیبوون... بەدەستە سارد و سڕەکانییەوە توند دەم و دووی گرت، بەهەرچوار دەوری خۆیدا ڕوانی... "ونە"ی پشوو سوار کرد، بەحاڵە حاڵ چەند پرسیارێکی نیگە ئامێزی لەدەم دەرفرتایە دەرەوە:

– بۆ بۆ... کۆچەر... بۆ وام لێ دەکەی! کەسی ترت لەگەڵدایە؟
– و س س س، دەنگت نێ!
– ئم ئم... دە دە. ددەستت لابە، هە ههە ناسەم چوو!
– شێت و شوور کارمامزان لەئاو مەکە!

بەدڵی پڕ لەخورپە و ڕاچەنینەوە، سەری بەسنگی خۆیەوە نا، ئەوەندە بەتوند و تاو ڕایکوشی، پشتی قرچایەوە، خەریک بوو سەرە جومگەکانی بڕبڕەی پشتی هەموو لە خرتکە بچن... دارجووتەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە، بەسەری پەنجەکانی، بەدەم زەردەخەنەیەکی کپ و بێ دەنگەوە، سێ چوار دڵۆپە ئاوی پرووشاندە سەر ڕوخسارە هەڵبزرکاوەکانییەوە، بەئەسپایی دەست و پەنجە تەزیوەکانی ڕەوانەی بنهەنگڵە بۆندرنەکەی کرد... ئیتر ئاوێزانی یەکتر بوون...!

– من لەخۆشی تۆ ئەو کانییەم خۆش دەوێ، گەر گرانەتاشم هەبێ، کە گۆلە ئاوێکم لێی خواردەوە، دەرد و بەلاّم لێ نامێنێ.

– "کۆچەر" زیاتر بەسنگی خۆیەوە نووساند: بۆ خۆشت ناوێ، ئەگەر بێ نمەکی نەکەی، دەبێ قوڕاوەکەشی وەک هەنگوین فڕکەی...! بەزۆری زۆردارەکی لەسەر ئەو کانییە سرت لەسەر شوانێکی کەمەر بەپۆدێن و خەنجەری دەبان هەڵمالّی، کردت بە کچ...!.

– هەینێش هەر کچ بووی، بەلاّم وا خۆت شاردبووەوە کەس نەدەوێرا شان لەشانت بدا.

– ناعەندرای، چەند چاو قایمی... ڕێ بەکونی ماریش دەبەی...!

بەدەم ئەم قسانەوە، لەسەر تاتە بەردەکەوە یەکتریان دەگەوزاند. بایەکی سوو سارد، وەک گیزان دەهات و دەشنایەوە، بەلاّم نەیدەتوانی ئارەقەی جەستەیان لێ وشک بکاتەوە... وەک بلێیی لەسەر سنگ و بەرۆکی یەکتر سەرخەوێکی بۆ بکەن، مات و بێ دەنگ... یادی ئەم ڕۆژەیان دەکردەوە، کە یەکەم جار تاموچێژیان لەیەک وەرگرت: "دەوروبەری کانی، هەموو بەگوڵە مەندیلانە و گیاکەڵە ڕازابووەوە، دەم جۆگە و شوێنە زەنەکەکان پڕ لە کووزەڵە و کوڵیکە نیسان و شیرنشاتەرە ببوون... وەک مافووری کاشان لەهەر لایە بەتەرزێ خۆی دەڕوانی. "ونە" گاڕانی بەرەڵلای ناو ئاقارەکە کردبوو، "کۆچەر"یش کوتە مەڕەکەی لە نەوراییەکەوە، لەنێو قۆپەنە گیایەکی سەوز و تەڕ مۆڵ دابوو... وردە وردە بۆ خۆیان دەلەوەڕان، کاوێژیان دەکردەوە... ئەوانیش بەدوان خەریکی کێلەبەردانێ بوون، پاشان دەستیان بەیاری شندڕ شندڕانێ کرد... "کۆچەر" ناوە ناوە دنەی "ونە"ی دەدا، تووڕەی دەکرد، زوێر و زگاری دەکرد، کە دارەکەی هەڵدا، پرسیارێکی بەپەلەی ئاراستە کرد:

– ها، ئەو جارە کێ بردییەوە؟



– من بردمەوە.

– هەی لەدرۆت!

– چیتر گەمەت لەگەڵ ناکەم، تۆ فێڵم لێ دەکەی.

– توخوا بەتۆش دەڵێن پیاو!؟...

– ئەدی چیم! منیش بگەمە تەمەنی تۆ دەبم بەپیاوێک سەتی وەک خۆت لەعارد دەدەم.

– کڕ بە هێ ی!

لێیان بوو بە دەمەقالّی، پەلاماری یەکتریان دا، ئامێزیان تێک وەرینا، کەوتنە زۆرانبازی.

"ونە" لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا، بەهەموو هێز و توانایەکییەوە دەیویست بەر پێنەی بدا... دوای چەند هەوڵدان و ماندوو بوون، "کۆچەر" خۆی دا بەزەوی، ماوەیەک لەژێرەوە بێدەنگ و هەناسە سوار مایەوە، پاشان کەوتە ئاخ و ئۆف و داکۆکی لەخۆ کردن... بەناز و شەرمە خەتیلکەیەکەوە نەرم نەرم دەنگی خۆی گۆڕی... "ونە" لەگەڵ ئەم ڕەفتارەیدا، وەک سەرخۆشێکی سەرگەرم کەوتە حاڵەتی بێ ئاگایی، بەسەرسوڕماوی خوێنی کەوتە کەف و کوڵ...! پۆدێن و خەنجەر و کیسەی تووتن و دارجووت و کلاشە دڕا دڕاوەکانیان، هەر یەکەی کەوتە کلاوەیەک... ئارەقەی ڕەش و شینیان پێدا دەهاتە خوارەوە... تیشکی خۆر وەک زەرگەتە دەیگەستن، لامل و سنگ و بەرۆکی داماڵراوی هەردووکیانی هەتاو سۆت کرد... خوێنیان زیاتر کەوتە کەف و کوڵ، تەزوویەکی گەرمی لەش ڕچێن لەزین و زێماری دەمارەکانیانەوە هات، جەستەی هەردووکیانی دەرزیئاژن کرد... هەر بەم ئاوایە، تا دەمێ لەحاڵەتی بێ هۆشی و سەرگەرمیدا مانەوە... ئیتر بوون بەئاوری ئاو پێدا کراو، ئارەزووی سەرخەوێک هەردووکیانی کپ و بێ دەنگ کرد...!".

کتوپڕ "ونە" سەری خۆی هەڵبڕی، سەیری لای ئاوایی کرد: "دە هەر ئاوا لەقون ئاگردانا بترشێن. دەڵێی بەفری جەردە جابرتان لێ باریوە، دوور لە هەندێکتان، خوای دەکرد یەکتان بەپێوە نەدەمان...". "کۆچەر" بەتێن و تاو بۆ سەر سنگ و بەرۆکی خۆی ڕاکێشاییەوە، وەک کۆرپەی ساوا باوەشی پیا کردەوە، بەدەمێکی خەندە ئامێزەوە نوقرچەیەکی لەشانی دا، هەر بەدەم یاد و یادگارییەکانی بەهاری پارەوە، پرسیارێکی ئاراستە کرد:

– نازانم بۆ ئەوەندە لەگیاوگوڵ دەترسایت؟

– لەترسی داپیرم.

– پێکەنینێکی بەرزی لە دەم تریقایەوە: هەی کەسێ، کا داپیرت ماوە؟!

– ئێستاش هەر لێی دەترسم.

– ترسان؟!!

– کاتی خۆی هەر بچووبامایە ناو گیاوگوڵ، دەیدامە بەر بەردان، ئەی نەچی مارو مێروو پێتەوە دەدا، ئەی زەرگەتە دەتگەزێ.... جارێ بەگوێم نەکرد، بەدوای ڕەشۆڵەیەکدا چوومە ناو قۆپەنە گیایەک، بەردێکی تێگرتم، گۆزینگی بەخوێن دا هێنام، ئەوەندە ئێش و ئەزیەتم پێ گەیشت، هەزار خۆزگە بەژەهری مار... ئێستاش، ئەوا بیست ساڵ زیاتری بەسەردا ڕابردووە، جێی هەرماوە. لەو ڕۆژیەوە ڕا ڕقم لەگیا و گوڵ و لە بەهاریش بووەوە. هەموو گوڵ و گوڵزار و ڕەشە ڕەیحانەم لێ بوو بەدوژمن.

– ئەی ئێستا؟

لەگەڵ ئەم پرسیارە دا زیاتر بەسنگی خۆیەوە گوشی.

– ئێستا درک و داڵەکەیشیم لەلا وەک پەری تاوسە. بەدەم ئەم قسانەوە سەری خۆی خستەوە سەر سنگە نەرمەکەیەوە، لەگۆشەی چاوا، سەیری چاوە خومارییەکانی "کۆچەر"ی کرد: "گەر بەهار نەبوایە، چۆن ئەو



گەنجینەم بۆ دەدۆزرایەوە!" بەدەم ئەم قسانەوە لێوەکانی خستە سەر کوڵمە ئەسمەر و گۆشتنەکەیەوە، پێکەنینێکی گەپئامێزی لەدەم تریقایەوە: "هەتا ماوی دەبی لەچاکەم دەرنەچی، چونکە من تۆم دەمە زەرد کردەوە".

– قوڕ بەسەر ئەگەر من نەبوومایە، هەر گاوانە گوجە سیس و ڕەنگزەردەکەی ئاوایی دەبووی. دەبوایە هەر لەبن کەندەڵانان دانیشی و خۆڵ بخۆی.

– دەزانم دەزانم...، ئاخر تۆ لەمن ئاقڵتر و باخۆشتری.

– هەی لەوە... شێت و شوور، حەز لێککردن، بەگەورە و گچکەیی نیە.

– دوای نەختێ بێ دەنگی و بیر کردنەوە: گەر منیش نەبوومایە، دەبوایە مەمکەکانت هەر لەناو کورتەک و شەرواڵدا پووت ببنەوە... وەک دوڕی نەسمراو.

"کۆچەر" خێرا خێرا گەشکەیەکی پێ گرت... قسەکەی پێ بڕی، هەتا تینی تیابوو بۆلای خۆی ڕاکێشایەوە. چاوی لەچاوە بچووکەکانی بڕی، جوولەیەکی بۆ کرد، زیاتر خۆی لەسەر زەوییەکەدا مشتوماڵ کرد. بەدەم ماچ کردن و بۆن کردنی سەرو گەردن و بناگوێ چڵکنەکەیەوە، لەساتی بێ هۆشیدا، پەیتا پەیتا جەستە و دەمارەکانی خاو دەبوونەوە... ئاوقای لەش و لارە باریکەکەی بوو، وەک دوو جەستەی تێکئاخنراو، هەردوو کوڵمیان کەوتە سەر دەم و لێوی یەکتر و مڵچەیەکی بەرزی لە ڕوومەتی هەڵسان:

"بەخوا ڕاستە "ونسی" گەلەک قەرداری تۆم" توندتر لەباوەشی خۆی گوشی: "گەر تۆ نەبوای، دەبوایە لەپاشملە هەر پێم بڵێن نێرەمووک" ماچێکی تری لێ کرد: "ئەوانە هەموو بەلایەک، ئەدی جگەرە کێشانەکە...!" تاوێ دەمی لەسەر ڕوخساری دانا: "ئێستا بۆتە دوژمنم". دوای هەڵوەستەیەک: "چاوم دەرێ، بابم گوتی "کۆچەر" بەرخەوانیت کرد، بووی بەشوانیش، خەنجەریشت لەبەر پشتێیە، ئەگەر جغارەش بکێشی

بەیەکجاری دەبیت بەپیاو...!" بەهەردوو دەستەکانی کەوتەوە ئاوێزان و ڕاکوشین "هەر دە خوشکم بمرن، ئەتووم لەهەموو کەس خۆشتر دەوێ." "ونە" وەک کوانووی جۆشدراو، خوێنی کەوتەوە کەف و کوڵ، سەرگەردان و پشوو سوار گوێی خۆی ڕاداشتبوو. "کۆچەر"یش بەداخ و حەسرەت هەڵکێشانەوە گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی:

– گەلێ لەبەختی خۆم دەترسم، ترسێ دەکەم قەت ئۆخەی نەکەم.

– من لەتۆ زیاتر لەسەر ئاو و ئاگرم... دڵ لەدڵ مەدە ئەوەندەمان نەماوە.

– حەیران لەدۆڵە گەرمێ!

– بۆ... بۆ... تۆ بلێیی باوکت لەقسەی ئەم دەربچێ؟!

– هەتا ئەو دەگەڕێتەوە، وەرەم هەڵدێنم،... "شاخۆ"ت نەدیتووە؟!

– بگەڕێمەوە دەچمە ماڵیان.

– بابم و "ساڵح مام شێخ" و چەند کەسانێکی تر بەتەمان دوای چەند ڕۆژێکی تر بەدوایدا بچن. دەستم لەسەر دڵمە، تا ئەو نەگەڕێتەوە ئیشمان پەتەیە. شەو و ڕۆژ بەپەنجە لێک دەکەمەوە، هەر دەڵێم دەبێ ڕۆژی خۆمان بەبووک و زاوا بەندی ببینینەوە!؟... غەوسەکەی ماڵ لە بەغدا وای دەکرد دوو کوڕم پێکەوە دەبوون، ئەوجە هەینێ ئەوی چاوهەڵاتی پێم نایێ، لەعەژمەتان شەقی ببردایە...

– "ونە" خۆی خستە سەر کڵاوەی چۆکی، سەرشێتانە کەوتە گڕوگاڵ: هەنکە، هەر هەنکە... دەچمە ماڵیان... دەڵێم "شاخۆ" ئەمن، ئەمن لەگەڵت دێم، هەر ئەوشۆ، ئەوشۆ، بابت دێنمەوە گوند، ها ا ا ا ا ئاە هەر ئەوشۆ، چ لەوشۆ زووترنییە....! ئێ ئێ باشە دەزانم دەزانم... ئەوجارە با شەیتان بەنەعلەت کا، بەڵکو خەڵکی ئاواییش دادەسەکنێنەوە، ئەمن نازانم ئەو خەڵکە لەچی دەترسن... بۆ وایان بەسەر هاتووە... جارێ "زادۆ" و "ئۆمەر ئاشەوان" لەهەمووکەس زیاتر قەلەزراو بووینە، لەگەڵ خۆیانا



خەڵکەکەشیان سەرگەردان کردووە... من نازانم نازانم بۆ... داپیرە پووری، پلکە ئایش،... ئەوانە قەیناکا، هەروا ترسنۆک و قەلەزراو بووینە، ئەدی ئەوانی تر بۆ...!

– بابم وتەنی، کێ دەوێرێ بڕوا بەخەونی "دێوانە مەمۆ" و بەقسەکانی "بەکراغا" نەکا....!

– ئەوا وتمان "دێوانە" قەیناکا، هەرچۆنێ بێ لەخوێن و گۆشتی خۆمانە. بەڵام سەیرم بە"بەکراغا" دێ، ئەوێ ڕۆژێ بتدیتبوایە چۆن مادەلایی لەبەر خەڵک دەکرد. چەند زمانی شیرین بوو شیرین...!

– کڕ بە قەلەندەر، هەر بزانە گوند چۆل بوو!

– هەڵسایەوە سەر پێیان: زناحم لەگەڵ دایکی خۆم کردبێ، هەتا ڕوح لە بەدەنم مابێ ئێرە بەجێ نایەڵم.

– ڕوحی منیش لەسەر ڕوحی تۆ... ئاخ چ بکەم، هەتا لە ماڵە باوان بم کێوە بچن ناچارم بەگەڵیان کەوم.

– بەدەم ئاوڕدانەوە بەمەلاو بەولادا: ئەوشۆش دێم لەوێ قسەکانمان تەواو دەکەین.

– مێیەجێ ی دوێنێ شەو. نەوەک ببینرێین...

هەستیان بەجوولە جوولی گوند کرد. ئاوایی کەوتەوە جموجۆڵ، دەنگ و زەنا زەنای مناڵ و کاڵیان کەوتە بەرگوێ... خێرا خێرا جێژوانی شەویان دانا... "کۆچەر" بەلایەکا سەرەو هەوراز یووەوە و "ونە"ش بەخۆ بەگوێدرێژ و ڕاویەکەی سەر پشتیەوە، شولق شولق... بەهەورازەکەوە هەڵزنا. دەستی کردەوە بەگۆرانی چڕین و بەیت و بالۆرەکانی خۆیەوە...!

"ئایشە شەل" بەڕاکە ڕاکە بەدوای دەنگیەوە هات، کودیلە ئاوەکانی لێ وەرگرتەوە... هەر بەم ئاوایە هەنگاوی هەڵێنایەوە تا لەناوەڕاستی ئاوایی سەنگرایەوە..." هێ هێ هێ هێ ی... ماڵی بێ ئاو هێ ی..." کۆمەڵی کچە

عازەبەکان بەخۆ بەگۆزەی سەرشانیانەوە تێی وڕووکان، بگرە و بەردە و قیژە قیژیان دەگەیشتە هەمووماڵێک...

- "بەنگین" هەق وانییە ئاوت بدەمێ. بابت گەلەکی جوێن پێ داوم.

- هەی قورڕۆکەت... ئەمن چ بکەم... چیشم بەسەر دایە... "لای لە دەستە خوشکەکانی کردەوە، کچێ کچێ ێ ێ... بابان وێرانینە

- ونە: ئاگات لێ بێ، ئاوەکەت هەموو ڕژاند.

- هەی دایێ... "گۆزەکەی لەدەمی ڕاویەکەوە نزیک کردەوە... دیسان لای لە دەستە خوشکەکانی کردەوە": هی هی تەماشا کەن! "هەموو هەڵوەستەیەکیان بۆ کرد و ئاوڕیان دایەوە" هی هی کێ هات!"

- سەرنجیان بۆ ڕانا": وەیش چاوم دەرێ!

- بەستەزمانەی بوویتە داوە دەزی، کەپووی بگری ڕوحی دەردەچێ.

- بەنگین: سەر شینینە، ئەوەی بەسەر ئەوان هاتووە ڕەبی بەسەر گاور و مسقۆفیش نێ...

- دەزانی بێ بابی چەند ناخۆشە، هی هی چاوی کوو بوویتە گۆمی خوێن؟!

- بەنگین: ئەوەی بابم و "ئۆمەر ئاشەوان" دەگێڕنەوە، کافری حەفت دینانی پێ موسڵمان دەبێ. کچێکی مناڵکاری زیتەڵە، بەدەنگە باریکەکەیەوە، لەناویانەوە بەرز هەڵیدایێ: هەی کەسێ چ قەوماوە، ئەدی هەموو ساڵێ ناچێتە ڕاو؟

- بەنگین: وس کچێ، دایکم کەپووم دەبڕی.

- یەکێکی تر: بابانکوێرینە، ئەوەی ئەمە گوێمان لێ بووە، ئەو بزانێ، هەنکە هەر لێرە پرچی خۆی تیتک تیتک دەکا!

- لە باب کێوە!

- بابانکوێرینە بۆ بەمنیش ناڵێن... دە پێم بڵێن چی بووە؟!



یەکێکیان خۆی لێ نزیک کردەوە، بەدەنگێکی نزم چرپاندییە بن گوێی: خوشکۆڵە، بابی قومری، بەخۆ بەئەسپ و تاژی و توولەوە "دەستی بۆ دەمی خۆی برد، بەئاماژە کردنەوە تا سەر زگی خۆی شۆڕی کردەوە": دێوە باڵدارەکە، هەموویانی

- هەییە ڕ ڕ ڕۆ... ئێ ئێ

- لرف کرد

- دەوجە کڕ بە چیتر لەسەری مەڕۆ، با گاوانە گۆج گوێی لێ نەبێ... ئەو هەڵەپاسە هەموو دنیا تێدەگەینێ...!

- بەنگین: قەلەندەرینە، هەر دوعا بکەن بڵێن خوایە بەسۆدرەمان نەبەی.

"ونە" هەتا هێزی تیابوو هاوارێکی لەسەر کردن: ئەوە چ فسکەفسکتانە... وەرن گۆزە و کودیلەکانتان پڕ کەن، دەنا بەجێتان دێڵم.

وەک پۆلی پەپوولە، هەموو دەورەیان لە "ونە" دایەوە، ئەوەندە ماندوو چەواشەیان کرد، دەستی بەسەری ڕانەدەگەیشت... دمکی ڕاویەکەی لەدەست گرتبوو، گۆزە و کودیلە و کوندەی پڕ ئاو دەکرد، یەکێکی بەڕێ دەکرد، دەی تر ڕیزی دەبەست... "بەنگین" بەهەڵەداوان گۆزەکەی لە "قومری" وەرگرت و بەپڕی بۆی بردەوە.

"ونە" سەری خۆی هەڵبڕی، بەدەنگێکی بەرزەوە هەڵیدایێ:

- "قومری" چیتر مەگەڕێوە، هەنکە بەخۆم ڕاویە ئاوەکتان بۆ دێنم. دێم "شاخۆ"ش دەبینم.

تا دەمە دەمی چێشتەنگاوێکی درەنگ، هەر بەم ئاوایە بەخۆ بەگوێدرێژ و ڕاویە ئاوەوە لەگەڵ کچ و کاڵی ئاواییدا، کردبوویان بەدەنگە دەنگ و هەرایەک نەبێتەوە. "ونە" سەرقاڵ و مژوولی کارەکەی خۆی بوو، کچێ لێی دەتۆرا، یەکێ لێوی لێ دەکرۆشت، یەکێ لە پشتەوەڕا گەشکەی پێ

دەگرت،... یا ئەو، خۆی لەیەکێکیانەوە تووڕە دەکرد، یا سەرکۆنەی دەکرد... بەدەم ئەم کارانەوە، ناوە ناوە ئاوازێکی بەرزە فرێشی بۆ هەڵدەدا...، وەک هەرزەکارێ ڕەفتاری دەکرد، کۆی لەهیچ شتێ نەدەکردەوە، چی بهاتایە سەر زاری، بەئاواز و هەوایەکی خۆشەوە، بەرز بۆی دەچڕی، بەدڵێکی پڕ لە گڕ و ئەوینەوە، دەیچریکاند و دەیخرۆشاند.... ئەمجارە، گوێدرێژەکەی بەپێش خۆی دا و بۆ سەرکانی وەرچەرخایەوە. وچانێکی دا، خۆی لەناو هەوری تەنهایی و تەمومژی خۆزگەکانیدا دەدۆزییەوە. بینای سەرنجەکانی بۆلای ئەشکەوت و جێهەواری ڕاوچی و نۆڕینگەکانەوە ڕانا. لەسەر تاتە بەردی سەرکانییەکەوە تاوێ خۆی گەوزاند. گوێدرێژەکەشی بەخۆ بەڕاویەکەی سەر پشتییەوە، جارجار فووشەیەکی بۆ دەکرد، لاقێکی بەرز دەکردەوە و خێراخێرا، دەیدایەوە بەزەوی... لەگەڵیشیا ئاوی ناو ڕاویەکە وە شولقە شولق دەکەوت. چکچکەی ئاو بەبن تەنگەیدا دەتکایە خوارەوە.

خۆی وەک کەنگرە بێ کەسەیەک، تاک و تەرا، دەهاتەوە بەرچاو... هەر لەو پێودانگەوە، بەناخی خۆیدا قووڵ بووەوە: "کێ دەتوانێ دەغەڵێکی دایک کەڕیلەی خوشک ئیفلیجێکی وەک من بکا بەخاوەن ژن و ماڵ...! باوکی چ کچێ هەیە متمانەم پێ بکا...؟! ئەگەر بێشەم بۆ نەکرێ، نەختی ژن لەکوێ بێنم...؟! بەنانە ڕەقەی ماڵان یا بەفینگە فینگی پڕ و پیرێژنان... هەی هەی هەی هەی لەکیسەتان بەزیاد نەبێ...!"

بەدەم هەمان تاسە و بیر کردنەوەوە، لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، دوای ساتێ وەستان و دۆشدامان، بافرەی هاتێ: "بەخەونیش بیرم لەوە نەدەکردەوە، کە ڕۆژێ دێ لەباوەشی کچێدا دەنووم، سەر بەسنگ و مەمکی دەکەم... ها ها ها..." بەرزتر پێکەنی: "ها ها ها...! سەیرم بەخۆم دێ، قەت نەمدەزانی من ئەو کوڕە لاوەم...!". گەڕایەوە شوێن خۆی، لەسەر تاتە بەردەکە هەڵقونجایەوە: "گرێ کوێرەی من هەر بەو دەکرێتەوە، هەر ئەو دەردم تیمار دەکا... چ لە ئێستاوە زووتر نیە... دەچمە لای ئاوکووف و



برادەرەکانی... هەر لەبنی پێیان هەتا تەوقی سەریان ماچ دەکەم. هەر ئەوڕۆ دەچمە ماڵیان، ئەو ڕاویە ئاوەشیان بۆ دەبەم، هەرچی جەڕە و گۆزە و قەڵەوزێکیان هەیە، هەموویان بۆ پڕ دەکەم... کورە "شاخۆ" هەتا ماوم گا و گۆتاڵتان لەسەر چاوم دادەنێم، شەرتە گاوانی و نانی بەیانییان و شکارتە و مکارتە... هیچ هیچ... هیچم ناوێ لێتان... بەس باوکتم بۆ پەیدا کە!... ئەگەر دەڵێی هەر ئێستا بەگەڵتان دەکەوم، لەعاردان بێ، لەعاسمانان بێ، هەردەبێ بیهێنینەوە، ئەو ئیشەم بۆ جێبەجێ بکا. "مام ساڵح" بەقوربانی داوداوی سەر و ڕدێنە سپییەکەت بم. کاری من کەوتۆتە لای ئێوە، بەنگۆ نەبێ چارەم ناکرێ.

کورە دە بڕۆ ئەولا سیسی گوێ ڕەق، دەڵێی کرمی بن عاردی، تۆ و ژن هێنانیان گوتووە... گەر گەوجێکیش هەبێ لەقسەمان دەرنەچێ، کێ مێردت پێ دەکا...!.

"مام ساڵح" بڕوام پێ بکەن. دەنگۆ بڕۆنە دوێ، دڵی باوکیم بۆ ڕازی کەن، بزانە دەبێ یان نا ؟... ئۆف ئۆف... "مام دێوانە"، ئەتوو، ئەتوو، هەی بەقوربانی ڕشک و ئەسپێی کەزی و پەرچەمت بم، دە ئەتوو قسەیەکی خێرم بۆ بکە،...

دایکە جنۆکە ئەتوو و ژن! ؟... دەڵێی لە تفنکی قوولەشین شایەری ئەجندۆکان پەیدا بووی!...

بەخوا سەیرم پێیان دێ... جارێ خۆ ئەگەر ئەو قسەیە بگاتەوە داپیرە پوورێ لەدین دەردەچێ: ولی، ولی، ولی... گۆجەی قوون خوار، بەو ئاخۆران و باخۆرانە... وا دنیامان بەسەردا کاول دەبی، لەباتی زکرت، تەهلیلەت، شەو نوێژت، بیر لە چ دەکەیتەوە، هەی بەقوربانی نینۆکەکی پێی دێوانە بی...!.

لەشوێن خۆیا، وردە وردە لەگەڵ ئەم خۆ دواندنەدا دەستی کرد بەپێکەنین:

"هەی چاوی چاوم بابی "شاخۆ". ئەگەر بڵێم منی لەتاژییەکانی خۆی خۆشتر دەوێ، درۆ نییە... هەر لەدوور ڕا دێ و بەپێکەنینە بەرزەکەیەوە دەڵێ: گۆجە سەرشێت، دیارە لەبنەوە شتێکت بە شتێ کردووە، هەمووت براندۆتەوە... هەر پرسە خەسوانەکەت بۆ ئێمە هێشتۆتەوە... بۆیە وا دەنگت لەتێری دێ...! بووی بەئاگری بن کا. ئەتوو لە "جب" ئازاتری، یاخوا لەبابی منت کەوی...! ئاورێک لە "سالح مام شێخ" دەداتەوە، پاشان دەڵێ: باوکم، لەسەر ئێمە هەر ئەوەیە کە دڵی باوکیت بۆ ڕازی کەین و هەرێی لێ وەربگرین... بەڵام هی کچە، ئێمە ناتوانین هیچ قسەیەکی لێ بکەین" لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، دوایە بەگوڕ لەجێی خۆی دانیشتەوە: "جا هەر وایە وا قوربان... ئەو قسەیەت لەگەڵ جووتە پێڵاوەکانت بەسەر سەر و بەسەر چاو...!".

هەر بەم شێوەیە، لەگەڵ خۆیا کەوتبووە وەرە ورد و بەخۆدا چوونەوە. سەرنجی بۆلای شاخە دوور و جێ نەزەرگەی مامز و کەڵەکێوییان ڕانایەوە، هەموو ئەو خەم و پەژارە و دڵەڕاوکێیە، بوون بەشەپۆلی ئاوازێک و لەناخی دڵ و دەروونییەوە سەری هەڵدا...

لەپڕ کزە بایەک، دەنگە دەنگ و هەرا و هۆریای خەڵکی چرپاندە بن گوێی. لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، بەدەم هەست ڕاگرتنەوە سەیری لای ئاوایی کرد، گوێی خۆی ڕاداشت: "تۆ بڵێی ئەو نەبێ، هەموو جار کە کەلەشی کەڵە کێوی و مامزان دێنێتەوە، ئاوا مناڵ و کاڵی گوند بەزاک و ماکیانەوە دەورەی لێ دەدەن...!". خێرا خێرا بەرەو ئاوایی سەرکەوتەوە... "بەڵێ هەوە، یاخوا بەخێر بێتەوە، ڕێی دوورت لێ نزیک کردینەوە... بەڵێ دەق خۆیەتی... ئەو هەرا و هۆریایە هەمووی لەلای ماڵی ئەوانەوەیە...،... ها!... سەیرە، سەیرە...!... ئەو هەموو ژن و پیاوە بۆ وا خڕ بوویینەوە... ئەو هەموو خەڵکە دەوریان لە چی داوە... تۆ بڵێی شتێ ڕووی دابێ!؟...".

هەتا لە قەرەباڵغییەکەوە نزیک دەکەوتەوە دەنگە دەنگ و هەراو



هۆریایەکی نائاسایی، تێکەڵ بەجریوە و جووکەی چۆلەکە و نووسکە نووسکی سەگەکان دەبوو... ئەوانەی هەموو دەکەوتنە بەرگوێ... بەهەڵەداوان هەنگاوەکانی هەڵێنایەوە... هەموو وەک پوورەی هەنگ کەڕە سیسەیان کردبوو.

– کورە خۆ لەداری گێلی مەدەن، ماری چی و حاڵی چی؟!...

– "سەیرە دەنگی "زادۆ"م دەکەوێتە بەرگوێ، ئای،...! ئەوە باسی چی دەکا!...".

– بەخوا ئەوەش هەر عەلاماتەکە پێشانمان دەدرێ، ئەدی لەوە ئاشکراتر، لەوە موعجیزەترا!...

وەک تاوی تەورداسی خۆی خستە ناو حەشاماتەکەوە.

– "زادۆ" لەقسەکانی خۆیا هەر بەردەوام بوو: دێوانە بوومە جوو لەسەر دەستت ئیسلام بووم، ئەوە نەکەی، ئەوە کاری نەکردانە... کاری وا لەتوو ناوەشێتەوە!....

– ئەویش شیرەکەی لەکالان دەرهێنابوو، هەڵیدەشەقاند و لەسەرگیندانەکە نزیک دەکەوتەوە، دەیخرۆشاند و دەیچریکاند: "با مار نەبێ، دێوی گەڕ گەڕ بێ،...! کوڕینە لاکەون، ئەوەی لەسەر دوژمن پازدا، دەبێتە برابەشی شەیتان.

هەموو چاویان بڕیبووە کونەکەوە، مارێکی جینجڕی سەرماربردوو، بستێ سەری خۆی لەکونەوە دەرهێنابوو، لەبن ساپیتەی سەرگیندانەکەوە سەری خۆی شۆڕ کردبووەوە، لەبەر فڕە فڕ و هەڵبەز وداپەزی چۆلەکەکان هەر ئەوەتا دەبینرا، هەموو بەجووکە جووک و باڵ هەڵشەقاندنەوە تێی وروکابوون... جەستەی وا سڕ ببوو، بەزۆرە زۆر تەکانی دەدایە خۆی، نەیدەتوانی بەتەواوی بێتە دەرەوە یا بچێتە ژوورەوە... جار جار زمانە دوو فلیقانییەکانی دەردێنا و سەرە نیوە زیندووەکەی دێنا و دەبرد... "ونە" وەک

تیری تەهەمتەن لەشوێن خۆیا تەکانی دا، کلکی دارجووتەکەی گرت و هێرشی بۆ برد. "زادۆ" لەو خێراتر کەوتە جوولە، پەلاماری دا و هەتا هێزی تیا بوو هاوارێکی لەسەر کرد:

"گوجیلە بەراز نەکەی" لەگەڵ ئەم قسەیەدا خۆی پێدا شۆڕ کردەوە، لەپشتەوەڕا توند بەرزەفتی کرد: "ئەو گوو خواردنە بۆ تۆ نەهاتووە،... خۆت لەهەموو شت هەڵمەقورتێنە...!".

"ونە" کەوتە جوولە و خۆ ڕاتەکاندن:

– بەرم دە، ئەدی لەمار کێوە!

– "زادۆ" پرسیارێکی گەپ ئامێز و سەرسوڕماوی ئاراستە کرد: مار!... ئەوە مارە؟...

– ئەدی چییە؟

– ئەوە قوزەلقورتە لەبۆ بن گوێت، لەبۆ بێ ئەقڵی و نەفامیت.

"پوور مێردین" لەشوێن خۆیا چاوەکانی ئەبڵەق ببوون، دەتوت بووراوەتەوە، بەبێ هەست و جوولە لەشوێن خۆیا دامابوو، جێ گۆڕکێیەکی بەقاچە باریک و لەرزۆکەکانی کرد. تووڕە و توند بەچاوێکی پڕ لەڕق و قینەوە لە "ونە"ی ڕوانی. لەبەر خۆیا کەوتە بڵمە بڵم: "ئەرێ وەڵڵا هەی دڵەدەرد، هەی قوزەڵقورت لەخۆت و لەئاجەڕاتت...!". "زادۆ" بەدەنگێکی بەرز دیسان لای لێ کردەوە: "ونە گۆج، کوو دەزانی ئەوە مارە...!؟ مار و بەو وەختەی ساڵ...! کێ دەڵێ پیاوچاکێ نیە، هاتیە ئامۆژگاریمان بکا، ڕێمان پێ نیشان بدا... کێ دەڵێ شتێ نیە... کورە باوکم، کێ دەڵێ..." ڕووی لە "دێوانە مەمۆ" کرد: "کێ دەڵێ بەر قەرەوڵی باڵدارە بۆر نیە، کێ...". "پوور مێردین" بەدەنگە زیقەکەیەوە هەڵیدایێ: "هەی سڵاو لەئەقڵتان، ئەوە هەرچی بێ... مار نیە... ئەوجە بیبڕنەوە".

"دێوانە مەمۆ" وەک گەواڵەی بەهار گرماندی: "شەرعی مار بەدار" بەدەم



ئەم دەنگەوە بەرەو مارەکەوە هەنگاوی نا...

– زادۆ: نا ا ا ا ا. هیزە نەکەی... دێوانە ئەوەیان نا ا ا... بەخولامی خۆت و کەس و کارت بم ئەوە نەکەی. وەرە سەری من پەل دە، واز لەو بێنە...!.

بەڵام ئەو کۆی لێ نەکردەوە، چۆن شیرەکەی بەرز کردبووەوە ئاوا وەشاندی... لەگەڵیا "زادۆ" بەکوڵە گروو سەر و پۆتەڵاک داپڵوسینەوە، کەوتە گڕو گاڵ: "دێوانە ئەوەت نەکردایە، قەت نەمدەزانی پێ لەتەختەی چرووک دەنێی!... هەی چاوەکەم هەی عەزیزەکەم، ئیش وەها نیە... ئەوە دوور و قووڵە دوور و قووڵ...! بڕۆ لە منالەکی ناو لانکان بپرسە و بڵێ، ئەرێ سەبیلۆکە مار لەزستانان لەکون دێتە دەر، سەبیلۆکە بەسارد و سەرما و شەختە و بەندەر قەت مار دەبینرێ، سەبیلۆکە قەت ماری وەها فەقیر حاڵ هەیە، ئەوها بەلاکە لاک بێ و بەرامبەرت ڕاوەستێ، ئەتووش بچی سەری قەل دەی...! یان دێتە دووڕ چاوت...!؟... یەک جلیت لێدەدا و خوێنت پڕ ژەهر دەکا...!؟" بزانە کوو بەگغە گغ دێ، تێت دەگەیەنێ و دەڵێ هەی لەخۆتان بێ ئەقڵ و نەزانێ...! ماری چی و حاڵی چی...؟!!.

"دێوانە مەمۆ" بەبێ گوێدانە قسەکەی ئەم، بێ پەروا، وەک سەرکردەیەکی خەمخۆر و لەخۆبایی، بەئەسپایی لەناو ئاپۆرای قەرەباڵغییەکەوە هاتە دەر، بەتەک "پوور مێردین"دا ڕابورد، نەختێ شانی خۆی بۆ خوار کردەوە، بەڵام "پوور مێردین" ڕق و قین و بێزاری لەچاوەکانیدا دەباری. بەدوودڵیەوە ڕووی خۆی بۆ لاکەی ترەوە وەرچەرخاندەوە، لەبنی چاوە سەوزە کووژەکەیەوە بەتووڕەیی سەرنجی بۆ ڕانا... وەک پیاوکوژێک، تک تک خوێنی بەدەست و باسک و شمشێرەکەیدا وشک بووبێتەوە... ئاوا بەترس و نیگەرانییەوە سەیری دەکرد. بەڵام ئەو لەنزیکیەوە هەڵگیرسایەوە، بەئەسپایی لای لێ کردەوە: نەنێ ئەوە منم من... کوڕی تۆم پێ دەڵێن! لەدێوانە شێتۆ مەترسە، هیچ

کاریّ لەخۆیەوە ناکا...!". "پوور میّردین" بەم قسەیە، زەردەخەنەیەکی تەنک بەسەر دەموچاوە لۆچ لۆچەکانیەوەدا بڵاو بووەوە، بەهەناسە سواری بۆی خوار بووەوە، وەک جاران لاشانی ماچ کرد: "چوزانم، ئەمنیش دەڵێم... دێوانە ناتوانیّ، شتان لەخۆیەوە بکا...!". "زادۆ" دیسان بارەکەی شڵەژاندەوە ئەم جارە دەمی قسەی ئاراستەی "شاخۆ" کرد و بەرز هەڵیدایێ: "ئەمن ئەو قوڕبەسەری و داد و بڕۆیەم بۆ ئێوەیە، ئەوجە پاشان بۆ خۆمان". ئاوڕێکی نیگەئامێزی لە "پوور میّردین" دایەوە، پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "ئەدی ئەوەش هەر نیشانەیەک نیە، هەر عەلامات نیە...؟! بۆ لەو هەموو ماڵە مار دێتە ماڵی ئێوە...!؟ نەگبەت هەر هەندە شانی یەکێکی گرت، ئەوجە خوا هاوار و خوا تۆبە...!

بەخوا بەخوا، هەر سێکی ئورفی قەسەمە، ئەگەر هەتا دە پازدە شەوی دی لەو گوندە بمێنینەوە، هەموو ڕەق دەبینەوە، هەموو کەل و کرۆم دەبین... هەندێکیشمان هەر هیچ، ئەوانەی کە سەر نایەننە بەرو لاساری دەکەن... ئەوانە وەک گەزۆ و مەزۆ لرف دەکرێن... ئەریّ وەڵڵا لرف دەکرێن و دەبن بەسەخوڕ." بەهەنگاوی نەرم نەرم بۆلای "شاخۆ" خزی، دەستی لەسەر شانی دانا، وەک پیری سەدساڵی، بەقوڕگێکی پڕ لەگریانەوە، لە ئاخاوتنەکەی خۆیا بەردەوام بوو: "هەی هاوارتە لە من هەیش... چەند داماو و بێ مرادن...! هەر جاریّ چاوم پێتان دەکەویّ ئاگرم تێبەر دەبیّ...!". "ساڵح مام شێخ" قسەکانی پێ بڕی، بەدەنگێکی گرژ و تووڕەوە، لای لێ کردەوە: "پیاو ئەوەندە لەسەر شتان نەڕوا باشە، بۆ وا لە هیچ و خۆڕایی دڵی خۆت توند دەکەی؟..." "خدر خەندان" :پیاو قەد بەقەرز نەترسیّ... ئەوەی لای خوا هاتووە خۆش هاتووە...!".

تا دەهات کزە با ساردەکە تینی دەسەند، توێژاڵە هەورە سپییەکەی ڕەش هەڵدەگەڕاند و بەری خۆری دەگرت.

پەیتا پەیتا سارد و سەرما بڵاوەی بەئاپۆرای خەڵکەکەوە کرد. ئیتر



هەموو بەدوودڵی و نیگەرانییەوە پەرتەیان لێ کرد و بەرەو ماڵ بوونەوە. ئەو کچانەی هاوتەمەنی "قومری" بوون، سەرنجە نیگایەکی پڕ لەسۆز و نوازشیان ئاراستە دەکرد و جێیان دەهێشت. سەرە ژنەکانیش هەر بەم ئاوایە، بەدەم ماڵئاوایی کردنەوە، لە "دایکی قومری"یەوە جیا دەبوونەوە. هەردوو کەوتبوونە بارێکی تازیە باری، ڕوخسار پەنماو و چاو وەک گۆمی خوێن... گەر لەبەر "شاخۆ و باغۆ" نەبوایە، پیازاویشیان وەسەر نەدەنا، هەر ئاوا لەچوار دەوری ئاگردانێکی سارد و سڕدا دەستە و ئەژنۆ دۆش دادەمان. "پوور میّردین" لەوان سەرگەردان و پەشۆکاوتر بوو، دڵ و دەروون و هزر و بیری ببوون بەپارچەیەک لەگومان و نیگەرانی. دیمەنەکانی بەشێوەی تر دەهاتەوە بەرچاو. کەل و بەندەن و دۆندە سەر بەهەورەکانی... لا ببوو بەدێوێکی ڕمووزنەی شاقەڵ درێژ و چڕنووک ژەهراوی، بزنە مەرەز و چێڵی بازی لێ دەبوون بەپڵنگێکی باڵداری چاوسوور... گیانی پیسی و چەپەڵی و کردەوەی مرۆخۆری بەسەردا باریبوو، هەراسانی لێ هەڵسابوو، بەڵام دەنگی دەفەکەی "دێوانە مەمۆ" فەرامۆشییەکی زۆری دێنایەوە بەر. گەر ئەو نەبوایە ئەویش نەدەبوو...! خرت خرت بەسەر بەنگە چڵێیەکاندا ڕۆیشت و ڕووی لەناو ئاوایی کردەوە. ئەمسەر و ئەوسەرێکی بۆ کرد، هەندیّ جار وەک قومقومۆک سەری خۆی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە، دوایەش بەدەستە چرچ و چەوێڵەکانیەوە ئاماژەی بۆ لایە دەکرد. یا سەرنجە نیگای دەگواستەوە بۆ بنە درەختێکی ڕووت، بن بەردێکی زل و زەبەللاح... دەمیّ لەلایەوە دەوەستا، تاس دەیبردەوە...، لەگۆشەی چاوە چکۆڵەکانیەوە دەکەوتە سەرنجدان و ڕوانین، تەزبیحە درێژەکەی بەملی خۆیدا شۆڕ کردەوە، کەوتە دەست هەڵشەقاندن و بڵمە بڵم: "هەر بەردێکی لەسەر دانیّ، ئەو ئیشانە هی ئێمە و مانان نین، کردەی لەئێمە چاکترن... دێوانە... ئەو ئیشەت بۆ کرد، کێ لەخشتەی بردی،... نازانم بڵێم چی، هەر چەند سەر دێنم و دەبەم چ قسەم بۆ نایێ، ناشتوانم لەتاریکی قسان بکەم...! بڵێم

چی... دێوانه، دەبی پێت گوترابێ!!... نانا... لەخۆیەوە... نا نا... ناتوانێ ناناتوانێ..."... بەم ئاوایە دەڕۆیشت، سەرقاڵ و سەرگەردان هەنگاوی دەنا، دیسان لەژێر دیوارێکا یا لەنزیک سەرەنوێلکێدا هەڵدەگیرسایەوە، هەمان جووله و ڕەفتاری دووپات دەکردەوە... تا سرِ و سەقەم زۆری بۆ نەهێنا ڕووی لەماڵ نەکردەوە.

***

وێڕای سارد و سەرما، پەیتا پەیتا باگەڕ و باهۆز تینی دەسەند و هەورەکەش تیر دەبوو... هەر دوای نوێژی شێوان گوند بوو بەگۆڕستانێکی تاریک و ئەنگوست لەچاو. هەروات دەزانی ئەو مانگە تەبەش پانەی کە دوێنێ پێران ئەم ناوەی کردبوو بەچراخان، کوژاوەتەوە، یا کەوتۆتە خوارەوە و هەپروون بەهەپروون بووە. وەک گلۆڵە موو لەنێو تیپەنە هەورێکی چڵکندا ون ببوو، بەزۆرە زۆریش کەرخەکەیت بۆ نەدەدۆزرایەوە. "دێوانە مەمۆ" لەنێو ئەم تاریکی و بێ دەنگیەدا هەنگاوی دەنا، دەفە و شیرەکەی، هەریەکی بەلاشانەکی خۆیدا شۆڕ کردبووەوە، بەناو گونددا ڕادەبورد:

"دا ا د مەدەد... بەبیە بەبە بەبیە...! ئەوەتە ئەوەتە، تەخت و تاراجی پاشای کەرەمێ... بەبیە ببە... داد مەدەد... حەی ی ی...! ". توند و تەیار بەسەر بستی "هەرمک" کەوت، بەدەفە لێدان... دەتوت سەد سۆفی و مرید حەڵقەی زکریان لەگەڵ بەستاوە. هەموو چاوەکان لەناو تاریکایی ئەم شەوەدا خەوالّۆ ببوو، یا کەوتبووە خەوێکی قووڵەوە، تەنها چاوی "ونە"ی شەیدا و دڵپڕ لە ئەوین نەبێ...!

کە "دێوانە مەمۆ" کەژاوەی تاریکی خستەوە جوولە و لقلقین، ئەویش لەلای خۆیەوە، بەناو کۆڵانە کپ و بێ دەنگەکاندا دزەی بۆ کرد. وەک گورگی باران دیتە بەنێو پەنا و پەسیواندا بەرەو جێژوانی ئەم شەویان ڕۆیشت. وەک کرمی ژێر زەوی، بەسەر چڵ و چێو و کۆتەرە دارەکاندا



دەخزی و هەنگاوی هەڵدێنایەوە... پلووکە بەردێکی ئاودیوی ماڵیان کرد، ئیتر چوو لەژێر کاکوکاندا، لەدوور ماڵەکانەوە، کەوتە چاوەڕوانی... ئەو لەم کپ و بێ دەنگتر بۆی خزی، لەناو تاریکاییەکەدا پەیدا بوو...، سنگیان نا بەسنگی یەکترەوە، وەک شەتڵە لاولاو تێک ئالآن...

دوای ساتێ لە دڵەڕاوکێ و یەکتر کوشین، "کۆچەر" پرسیارێکی ئاوەژۆی چرپاندە بن گوێ:

– چیت کردەوە؟

– هەتا پێش ڕۆژئاوا هەر لەگەڵ "شاخۆ" بووم.

– ئێ...!؟

– تا دوو ڕۆژی تر ئەگەر نەگەڕایەوە، بەدوای سۆراغیدا دەچین.

– هەر ئەتوو و ئەون؟

– نا نا... بابت و "ساڵح مام شێخ" و "سمایل گاگەش"... هەتا "جب" و چەند کەسانێکی تریش خۆیان ئامادە کردووە.

– بۆ ئەو هەموو خەڵکە؟... تۆ بڵێی ئەو قسە و قسەڵۆکەی "ئۆمەر و زادۆ" و مادۆ... ئەسڵی هەبێ.

– نا نا ئەوان ئایرین... بەڵام گەلێ ڕەوە گورگ و دەعبای دی دیتراوە... وایان پێ باشە چەند چەکدارێک پێکەوە بچین...

– من دەڵێم، بریا زووتر بەڕێ کەوتبان.

– منیش دەڵێم، تا ڕۆژێ زووتر بەدوایدا بچین باشترە.

– ئیشاڵڵا، بەمەرگی چ نابێ. زوو دەگەڕێتەوە و ئیشەکەی ئێمەش یەکلا دەکاتەوە.

– بەتەنهاش چووبم، من هەر دەچم!

– جا بۆ هەر ئەتوو... ئێسک گران... ئەدی ئەوانی دی... ئەتوو چوزانی چۆتە کوێ؟...

– چووبێته قوللەی قافیش، هەر دەبێ بیهێنمەوە.

– "زادۆ و ئۆمەر"یش هیچ... باشترە نەزانن.

– ئەوانە هەر ئازان پڕ و پیرەژنان بترسێنن.

– دێوانە سەر بەکوڵکەکەی خۆشمان هەر هیچ...! ئەو هەر...

– هائهوو... ئەو! خوا دایناوە بۆ دەف لێدان و زکر کردن... "دوای نەختێ کڕ بوون و بیر کردنەوە درێژەی بەقسەکانی خۆی دا": باوەڕت هەبێ ئەمن زۆر بێنم پێی دێ.

– جا کێ هەیە "دێوانە"ی خۆش نەوێ!!...

– هەردوو بەجووتە بەدەم ئەم قسانەوە سەرنجیان بۆلای بستی "هەرمک" ڕانا. ئەودەم هەورە چڵکنەکەی بەری ئاسمان، درزی دەکەوتێ و پەیتا پەیتا لەشکری تاریکی هەرەسی دێنا...! "بستی هەرمک" کەوتبووە بەر تاریک و ڕوونی ئاسۆوە. "دێوانە مەمۆ" زۆر بەجوانی دەبینرا، جوولەجوولی دەست و سەربادانی بەدی دەکرا. هەندێ جار سووڕێکی دەدا، بەهەر چوار دەوری خۆیدا خولی دەخواردەوە، دوایەش بەرەو "کەپکی پیر کەرەم" دەکەوتەوە سەر لەقاندن و زکر کردن...! هەندێ جار هەردوو دەستی خۆی بەرز دەکردەوە و دەفەی دەکوتا، کە دەکەوتە بەر ڕووناکی ئاسۆوە، وەک پەیکەرێکی برۆنزی ڕەش ڕەش دەکەوتە بەرچاویان. سارد و سەرمای ئەم شەوە بەترەفە، بەیەکەوەی دووریبوون. لەئامێزی یەکتر، خۆیان بەیەکتر گەرم دەکردەوە. دەست و پەنجە سڕەکانی لەسەر ملی "کۆچەر" کێشایەوە و بۆ گیرفانە قوولەکەی شەرواڵی شۆڕی کردەوە... ئاوێنەیەکی خڕی دەرهێنا: "ئەو جارە ــ جب ــ چی وای لەگەڵ خۆیا نەهێنابوو. نە وەک بەفر ڕێی لێ بگرێ، بەپەلە گەڕابووەوە" بەئەسپایی ئاوێنەکەی لێ وەرگرت، هەندێکی خۆ لێ مشتومالْ کرد، هەر ئەوەتە تارمایی دەموچاوی خۆی دەدی، بەدەم ئاخاوتنەوە ئاوقای بوو:



"خۆت نەینۆکی... پەنا بەخوا دوای چەند مانگێکی تر، بەدوان دەچینە لای کوتاڵی لێ دەکڕین...!". بەدەم ئەم قسە کردنەوە خۆی نەختێ چەماندەوە و ئاوێنەکەی لەسەر گابەردێ دانا. پەیتا پەیتا سەرما و سۆڵاْ بەناو هێسک و پرووسکیان ڕەگاژۆی داوێشت. لەبەر یەکتر کوشین و خۆ لەیەک نزیک خستنەوە، هەر ئەوەتە دەنگی هەناسەیان دەهات. سەری خۆیان بۆ ئاسمان هەڵبڕی، هەورە چڵکنەکە، تا دەهات، زیاتر درزی دەکەوتێ و هەڵدەبزڕکا... لەهیکڕا مانگی چواردە لەبن هەوران دەرکەوت و تیشک و ئاورینگی بەسەردا باراندن، دەوروبەریان بوو بە چراخان... گورزە تیشکێ لەئاوێنەکەوە خرچکەی کرد و لەدوڕ چاوی "دێوانە مەمۆ" بریسکی دایەوە، سەری لەگەڵ تاسا. بەدڵەکوتێ هەڵوەستەیەکی بۆ کرد، سەری خۆی بۆ لای تیشکەکە خوار کردەوە، بەسەرسامی لەپێش خۆیا کەوتە پرسیار کردن: "ئەی...! ئەو شەوقە چ بوو لە چاوم چەقی...؟!"، دیسان دەستی کردەوە بەدەف لێدان، لەبارێکی شڵەژاوو نائاساییدا، دەفەکەی وا دەکوتا کەمێکی مابوو بیدڕێنێ، دوای ماوەیەکی تر دیسان گورزە تیشکێ چاوەکانی پێکا... ئیتر نەیتوانی چیتر ئۆقرە بگرێ... هەتا هێزی تیابوو دەنگی خۆی هەڵبڕی: "ئەهە! ئەوەتە، ئەوەتە...، کافرباب ئەوە لێرەی...؟! بۆ کێ خۆت لەبۆسە ناوە...!!". بەدەم هەراو زەنازەناوە، بەگوڕ بۆی دابەزی، لەگەڵ پێی خۆیا، چەند بەرد و کەستەکی ڕامالْی، بەتاو بەرەو ڕوویان سەر بەرەو خوار بووەوە: "باڵدارە دەم بەخوێنی، پڵنگە باڵداری... هەرچی هەی... دێوی، درنجی عەزیای... هەر چییەک بی؟... بەغەوسی گەیلانی، دەبێ سندمت کەم... دەبێ بەدەردی مارە سڕەت بەرم... دەزانم هاتییە دوای چی؟!...". هەر بەم هاتوهاوارەوە بۆ لایان شۆڕ دەبووەوە، کەمێکی مابوو بیانگاتێ. "ونە" هەر هێندەی پێ کرا. لەدەستی "کۆچەر" ڕووبێ، تەنگەتاو و هەناسەسوار، بەرەو کەندەڵانەکەوە سەر بەرەو خوار ببنەوە و بۆی دەرچن... "دێوانە مەمۆ"، وا بەگوڕ و تاو ڕای دەکرد،

خۆی پێ نەگەڕایەوە... کەمێکی مابوو بەسەر ئەوان و بەسەر تەڵێشە بەرد و دڕک و داڵە وشک هەڵگەڕاوەکانەوە توونا و توون ڕوو بچێ... کە تارمایی ئەوانی کەوتە بەرچاو و لەبەردەمیا کەوتنە ڕاکردن و بازدان، یەکسەر خۆی دا بەزەوی، توند چاوەکانی خۆی گرت، لەشوێن خۆیا کڕ کەوت... زۆر هەوڵی دا بیکا بەهەرا و ژاوە ژاو، بەڵام نەیتوانی دەمی لێک بکاتەوە... بەهەڵەداوان، بەبێ خۆ گیرکردن، هەڵسایەوە و بەڕاکردن گەڕایەوە، ڕک و ڕک بەسەر "بستی هەرمک" کەوتەوە، لەتاو ڕاکە ڕاکە و سەرلێشێواوی خۆیدا بەلاکەی تردا شۆڕ بووەوە، پاشان لەلایەکی ترەوە پیایا هەڵگەڕایەوە... دیسان لەدیوێکی تردا بۆی دابەزییەوە... وا لێی شێوابوو، هەموو هەوێڵ و کەرخەکانی لا تێکەڵ ببوو...

دوای هەوڵ و تەقەلا و ئەملا و ئەولا کردنێکی زۆرەوە، ڕێگای لای ماڵانی گرتەوەبەر... بەهەناسە بڕکێ، چەند هات و هاوارێکی ترس ئامێز و پچڕ پچڕی لە دەم دەرچوو: "کوڕینە، بەچاوی خۆم دیتم، ئەگەر ئازا بوایە هەڵنەدەهات، بزانە کوو ددانەکانیم بەگاز هەڵدەکێشا، پەڕ و باڵیم هەڵدەپاچی...! ترحێو... خەڵکە چاو نەترس و ئازاکان... ماڵتان بەقوڕ بگیرێ، دەبەس فسو هۆڕی خەوتان بێ..." دەنگی خۆی زیاتر هەڵبڕی: "کەند و کەند، کەند وکەند... شاقەلی لە دوو خۆی ڕاکێشا و هەڵات..." هەر بەدەم ئەم هات و هاوارەوە، هەنگاوە لەرزۆکەکانی هەڵدێنایەوە: "ئەرێ وەڵڵا، کەند و کەند، کەند و کەند..." بەناو تاریکی و ترس و تەلەزگەدا دەڕۆیشت... قوتکە سەری کاکۆ و لەودەکانی کەوتە بەر چاو... هاکا دەتدی وەک پەپوولە پایزە، بەرز دەبوونەوە، لەلایەکی ترا دەنیشتنەوە، سەر تیلەی خانوویەکی لێ دەبوو بە لەندەهۆرێک و بەرەو ڕووی دەهات...... سەگێ، وەک گورگێکی دەم بەخوێن لێی گڕ دەبووەوە و لێی دەمڕاند... پەیتا پەیتا، مووچڕکێکی تەزیو و لەشڕچێن، لە بنی پێیەوە هەڵدەسا و لە تەپڵی سەری دەردەچوو... دڵی کەوتە لێدان... لەبەر چرقە



چرقی ددانەکانی، چەند ئاخ و ئۆفێکی لەدەم دەرچوو... بەلەرزە لەرز و دڵە ڕاوکێوە، بلەز خۆی لە ماڵێ کوتایەوە.

ئیتر گوند بوو بەشەوێکی نووستوو گۆڕستانێکی دەیجوور. "پوورمێردین" لەبەردەم ئاگردانەکەوە، نووشتابووەوە بار یەک، لە جیهانا دابڕابوو. هەر سەر لە ئێوارەوە لەگەڵ ئاوازی دەف و حای و حۆ لایە لایە ئامێزەکەی دێوانەدا کەوتبووە خەوێکی قووڵەوە،... دەنگی پرخە پرخی لە دوورەوە دەبیسترا. پشوو تەنگی و هەناسە سواری زۆری بۆ هێنا، کتوپڕ لەشوێن خۆیا ڕاجفری... بێدار بوەوە... هەستی خۆی ڕاگرت، گوێ ی ڕاداشت، شەوێکی کڕ و کپ، ئەنگوستلەچاو، نە ڕمبەرمبی دەفە و نە دەنگی دێوانەی دەکەوتە بەر گوێ. هەراسانی لێ هەڵگیرا... سەراسیما و سورسوڕماو، لەبەردەم ئاگردانەکەوە هەڵسایەوە و گوێ ی خۆی لە دەلاقەکەوە نزیک کردەوە: "خێربێ خوایە... دیوانە، ئەوەمان لەگەڵ نەکەی!..." بەرەو دەرگا ڕۆیشت، بەدەستە لەرزۆکەکانیەوە، خرت خرت پشکەی شمشێرەی لەیەک ترازاند،. کە دەرگای کردەوە، شەوێکی دەیجوور و بەترەف... هەورێکی تاریک و چڵکن دیسان ڕوخسارە گەشەکەی مانگی پۆشیبووەوە... چ ساردی و وەیشوومەیەک هەبوو، هەموو هاشاوڵیان بۆ هێنا: "کەس نەبینێ خوایە!..." شەق دەرگاکەی داخستەوە، تەزبیحە درێژەکەی، کە دەمێ بوو شەوانیش هەر بەملی خۆیدا شۆڕ کردبووەوە، کردی بەسێ چوار قەف و بەسەر سنگ و بەرۆکە پووچەڵەکەی خۆیدا بەری دایەوە: "س س سمیللا، مەمیلە سەر بەگڵوازەکەم نە دەتبینم، نە گوێم لێتە...!". دەستی بۆ گیرفانە قووڵەکەی برد، نووشتوویەکی لە شەمێ و ڕۆن پێچراوی دەرێنا، ئەویشی لەتەک قەفی تەزبیح و دەرزی و کۆترۆکەکاندا بەدەرزیلەیەک، بەیاخەی خۆیدا هەڵیواسی: "چاک و پیری زرێ پۆش هاوار... نەکەن مەمیلەی خۆتان لە بیر کەن... خوا نەکەرانێ، تووشی چ بەڵەت و ئۆلەگانی نەکەن". بەلەرزە لەرز هەڵسایەوە، بۆلای

دەلاقەکەوە هەنگاوی نایەوە، وژە وژ و سرتە سرت، کەڕ و کاسی کرد: "ویسسملا، دێوانە!..." خێرا خێرا لێی دوورکەوتەوە: "ئەدی ئەتوو لە کوێی؟!...، کەس نەبینێ خوایە، مەمیلە سەر شان پڕ لە فریشتەکەم، ئەدی گوند؟... ئەدی منالّی بەر مەمکان، کیژە عازەب و پڕ و پیرێژنی ئاوایی...؟ ئەدی نەنە سەر شێت و قەلەندەرە گجیلانەکەی خۆت...؟ لە کێی هەموت لە بیر کرد...؟! کا زکرت، تەهلیلەت، ڕنگە ڕنگی دەفت...؟! " سەرنجی بۆ دەلاقەکە ڕانایەوە، سەرێکی زل و تووکن، گوێ قیت... ددانەکانی لێ دەسوین، لەگەلّ لێلایی و تەڕاویلکەی چاوەکانیەوە تێکەلّ بەیەک بوون...! "س س میللا، س سمیللا... خوای گەورە، چوار یاری خۆشەویست، شێخ و مەشایەخ.!. بێکەس و پەککەوتان لەبیر نەکەن...". بەلەرزە لەرز هەلّسا، چ پەڕۆ و پاتالّێ هەبوو، هەمووی خستە ناو بوخچەیەکەوە، کردی بەشاپلّتەیەکی توند، بۆلای دەلاقەکە گەڕایەوە: "ئەە، ئەە، ئەە... ئەوها... ئەگەر نەفەس بڕ نەبێ، فایدەی نابێ..." بەناو ژوورەکەدا چاوی گێڕا، لەبەر پێت و بلّێسەی ئاگردانە گەرم و گوڕەکەیەوە، بست بەبستی ژوورەکەی دایە بەر تیشکی سەرنج و تێڕامان. کونە چکۆلانەیەکی بەقەد مێرووستانێ دی، یەکسەر چوو گرمتە خۆلّێکی تێئاخنی و شووبنزری کرد: "ئەمن دەزانم دێوی گەڕ گەڕ، جادووکەریشە، کوو هەنکە خۆی کردووە بەپلّینگەکی بالّدار... سبەی خۆی هەندە گەورە دەکا، هەندە گەورە دەکا... گای چی و ڕەشکەی کای چی... خۆی دەکاتە حووج...! دوایە خۆی ئەوەندە گچکە دەکاتەوە، خۆی دەکا بەمۆرانەیەک، بەکرمەکی با ا ا ا ریک، با ا ا ریک... دەربەستی هیچ شتەک نییە. تەنها بەدەنگی دەفە و زکر کردن قەلّس دەبێ، کە گوێی لێ دەبێ ڕۆژە ڕێیەک لێی دوور دەکەوێتەوە... ئەویش ئەوە نازانم بۆ شێتۆکەی خۆمان بوویتە بەردی بن گۆمێ......!؟". سەری خۆی بۆلای دەفە هەلّواسراوەکەوە هەلّبڕی: "مەمیلەکەم، ئەگەر دەفەکەت شەهید بووە، وەرە ها... ئەوەی من ببە...!" لەجێی خۆی چیتر ئۆقرەی نەگرت، بەبڕست



لێبڕاوییەوە، هەلّسایەوە و دەستی بۆ دەفە بەتۆز و دووکەلّەکەوە درێژ کرد. لە ساتێکی بێ ئاگاییدا، کەوتە زکر کردن و دەف کوتان...! هەتا کازیوەی بەیانی دا، ئەوەندە شپڕزە و نیگەران بوو، خەریک بوو دلّی شەق بەرێ،... بەلاّم بەبالّ هەلّشەقاندن و قووقە قووقی کەلّەشێرەکەیەوە، فەرامۆشییەکی هاتەوە بەر، زانی نوێژی بەیانی نزیک بۆتەوە...

***

بە هەلّەداوان خۆی کۆ کردەوە. ڕووی لەمالّی "دێوانە مەمۆ کرد". هەر کە دەرکەوت، تیشکە سپییەکانی بەفرە تازەکە لەچاوی چەقین. لەگوند ڕاما، لە سەر بستی و نەورایی و سەرەنوێلک و سەر سواندە و لەودە و کاکۆکاندا سەرنجی دا... هەموو وەک زیو سپی دەیانڕوانی. بینای سەرنجە خەوالّووەکانی ئاراستەی سمڕتیک و کێوە بەرزەکان کرد، کرێوە و تۆف لەنێو تەمومژدا ونی کردبوون: "ئەگەر مابێ، داخوا کەوتۆتە بەر چ ڕەنوە بەفرێک، بەگرمە گرم هاتووە و ڕایمالّیوە، بەخۆ بەتاژی و توولە و ئەسپەکەیەوە بووینە گلّۆلّە موو...!... خوا بیکردایە ئەوجارەش بمدیبایتەوە، تا بتبینم کوو زراوت ڕژاوە...! ئەو جارە، لەجیاتی ئەوەی تۆ دەستت ماچ بکرێ، هەر لە دوور ڕا دێی و دەستەکانم لەسەر سەری خۆت دادەنێی، پووڕێ: ئەمن کردم ئەتوو نەکەی...! پوورە بەهەشتییەکەم گەردنم ئازاد کە، لەدەستم چوو... لەقسەت دەرچووم... تۆ لەمن دوعاگۆتری...!". بەدەم ئەم بلّمە بلّم و خۆ دواندنەوە، خۆی لەنزیک چەپەرە شەق و شڕەکەی مالّی "دێوانە" دیتەوە. وەک خەرقە کۆنینەیەکی با بردەلّە، لەگەلّ باگەڕ و باهۆزەکەدا خۆی کرد بەژوورا... هەر لەدوورەوە ئاخ و ئۆفی "دێوانە"ی کەوتە بەرگوێ: "وەی بابە ملم چەند دێشێ، دەلّێی دەستاڕی پێدا شۆڕ کرایتەوە. ئۆف پشتم، تریقەی پشتم بۆ وا دەچریکێنێ... ئاخ بابە سەرم چەند ژان دەکا، وەی باوکەڕۆ بۆ وا دەمارەکانی دەتریوێنێ..." بەپەلە هەنگاوەکانی هەلّێنایەوە، تا زیاتر نزیک دەکەوتەوە دەنگی "دێوانەی"

باشـتـر دەکـەوتە بەر گـوێ: "وای بابە شـانم، باسک و بەلەکم، قـۆڵنجم... نازانم ئەو قورسـاییـیـە چییـە، دەڵێی مێردە جنۆکە بارە خوێیـانێی لەسـەر دەکەن...!" لەنێـو دووکـەڵ و تاریکاییـیـەکەدا، لەناکـاو پەیدا بوو، ڕووی لە ئاگردانەکـە کـرد، لەنزیـک جێ و بالینگانی "دێوانە"دا هەڵـوەسـتـەیەکی بۆ کـرد. بەهەنـاسـەسـواری سـەیرێکـی خـێـزانەکـەی کـرد، بەدەست و بەسـەر هەڵشـەقاندنەوە، پرسـیـارێکـی ئاراسـتـە کـرد: "چ خێریەتی... ئەوە چی لێ قـەومـاوە؟" بەدەم ئەم پرسـیـارەوە چوو لەسـەر سـەری ڕاوەسـتـا: "نـوێژی سبیانێی کردووە!؟".

– "نوێژی چی، بۆ چما دەتوانێ دابنیشێ!...". لەم کـاتەدا باوشکێکی دوور و درێژی هاتێ و سەراپای جەستەی خاو کردەوە، لەگەڵیا چەند جارێ دەستی بەپشمین کرد: "خێر ئیشاڵڵا...!" خۆشییەکی خەندە ئامێز بەسەر ڕوخسـارە چرچ و چەوێڵـەکـەی "پوور مـێـردین"دا بڵاو بـووەوە، بەردەوامی بەقسـەکانی خـۆی دا: "نانا ئەوە خەریکە بەری بدا،... هیچ نیە، سەرمای بووە، هەتا ئێـوارێ بەڵای لێ نامـێنێ...". دەسـتـی چەپەی گـرت: "نـچـە تایەکی هەر مــاوە، چ نیـــە... زوو بەری دەدا..."... هەر دوای تۆزکـــاتێ لەرزێکی کوشندە سەراپای جەسـتـەی داگـرتەوە، ئیـتـر کـەوتەوە ناڵە و ڕاجفرین.

– "س سـمیللا، سمیللا، خوا بەخێری بگێڕێ...، دێوانۆکەکەم ئەوە بۆ، ئەوە بۆ...!!"

– "چاو زەقـەکە، کـەند و کـەند، کەند و کـەند... شـڵـغم بغـڵـم غـڵم... بلـغـاتە، بەغ بەغـغـاڵ، بەغـاڵ بەغـاڵ لێ یدا، غـەل غـەل هە هە ڵات... ئەو چوو، ئەو جارەش چوو، بەسەری توو، غو غوڵتاڵ بوو..."

– "کەس نەبینی خوایە، دێوانە ئەوە چ لوغە لوغتە!"

– "غـو غـغـغ و غـولە ژین، غـولە شین، ئەو جا لەش غت، ئەو جارەش فت...!"



– "وی سمیللا، دێوانە ئەوەمان لەگەڵ نەکەی... چ چاو پیسەک وەها کاری لێ کردی". خێزانەکەی بەقورگێکی پڕ لە گریان و بەچاوی خوێن تێزاوەوە لای لێ کـردەوە: "ئێـسـتـا باشـتـر بوە. ئەو شـۆ، هەمـوو ئەو شـۆ، لەرز و تایەکی پێــوە نووسـابوو، بەئامـان و زەمـان بەری نەدەدا... هەر ئەوها لەبەرەخـۆی قـسـەی هەلەق و بەلەقی دەکـرد...". لەم کـاتەدا نەختـێ باری ئاسـایی بووەوە، پشـتـی خـۆی قـیت کـردەوە، بەمـلا و بەولادا ڕوانی. "پوورمێردین"یش هەموو تیشکی چاوە لێر و وێرەکانی ئاڕاستەی جەستە پڕ لە ئێش و ژان و هەڵسوکەوتەکانی کرد، دەستی لەسەر نێوچەوانی دانا: "دێوانە چ خـێـرتە، ئەوەی مـەرامی بووبێ غـەورت کـا یان دەسـتـت لێ بوەشێنێ، بۆ خۆی گوتووە،... دێوانە... دێوانە، لەگەڵ توومە دە باگۆم دەوە، ئەوە منم من، نەنە پووری وا هاتیـتە لات!..." دوای نەختێ جوولە جوول و کەلەکە گۆڕین، بەرە و جاجمەکەی بەسەر سەری خۆیا هەڵکێشایەوە و کڕ کەوت.

***

لەگـەڵ ئافـەرۆزی بایان دا... دوای خـۆرهەڵات... بەسـەرهاتی "دێوانە مەمۆ"، وەک دەهۆڵ دەنگی دایەوە، گەیشتە هەموو ماڵێک، بووبە وێردی سـەر زاری ورد و درشت، هەریەک بەبارێ باسی دەکـرد، هەر یەک بەشێـوەیەک ڕمـڵی خـۆی لێ دەدا. بریسکەی ئەو چاوە زەقانەی کە لەناو دڵی تاریکییەوە ئاراستەی "دێوانە" کرابوون، ترس و نیگەرانی و مانا و مەبەستی هەمە جۆر و هەمە چەشنی لێ هەڵدەکرێندرا... بوون بەباگەڕ و بارۆڤی پێشهاتی لەنگێزە بەفر و بارانێکی خماوی.

"زادۆ" بەناو ئاوایـیـدا کـەوتەوە، بەدەنگە بەرزەکـەیەوە ڕاست و چەپ، ئەوەی دەیوت نەیدەگـێـڕایەوە: "عـەلامـات هەی عـەلامـات... چەند خـۆم بەراگێـڕی کرد، چەند لێی پاڕامـەوە، چەندی لەبەر ناورامـەوە...، کورە ئەو ئیشە وانییە هەر وەک دەیبینی، دوور و قووڵە... کورە هەی چاوەکەم، ئەوە

مار نیە، بیللا مار نیە، تیللا مار نیە... هەر مابوو سێبەردەی لەپێش فڕێ دەم،... برا بەکێ دەڵێی...!. کێ گوێت لێ دەگرێ، کێ تێت دەگا...!. ئەوە گوندە یا خمخانەی غەزەب و دەرد و بەڵایە!؟... خودا ئێمەی گەلێ خۆش دەوێ، بەبارە بارِ پێمان دەڵێ، تێمان دەگەیەنێ... : هەی بێ مێشک و کەللە شەقینە تاکەی تێناگەن...!؟؟ دەبڕۆن ملی خۆتان بشکێنن، هەر یەک ڕوو لەلایەک بکەن، ئێرە جێ بێڵن..." هەڵوەستەیەکی بۆ کرد. لەنزیک "ونە" و چەند کەسێکی تری ئاوکوفی سەنگرایەوە، بەدەم ئاخاوتنەوە لای لێکردنەوە: "ئەوە لەلای "دێوانە" دێمەوە. بەستەزمانەی لەناو جێ و بالینگانی خۆشیا تۆتکە ناگرێ، دەڵێ ئەو جارەش لەدەستم هەڵات و لەناو تاریکییەکەدا غەور بوو" دوای نەختێ کڕ بوون و بیر کردنەوە، بەدەمێکی بەزەردەخەنەوە، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆیەوە: "دیارە هێشتان لەرز و تا بەری نەداوە، ئەگەر نا کوو قسەی وا دەکا...!... ئەو وا لەدەورمانا دێ و دەسووڕێ، بەسوورە سوور گەفمان لێ دەکا و دەڵێ کەیکەم هەنکاوێ کەم...!... ئەدی لەوە عەلاماتتر لەوە موعجیزەتر...؟!..."

– "ونە" کە ئەم قسەی گوێ لێ بوو، نەختێ لێی چووە پێش و بەتووڕەیی هەڵیدایێ: نە عەلاماتە و نە هیچ!...

– چی چی...! ئەوە چیت گوت؟؟!

– دەڵێم ئەوەی تۆ گوتت وا نییە، هیچیان وا نین.

– هەی لەو دەمڕووتە، کابرا بەچاوی خۆی دیوبەتی چۆن چاوی لێ زەق کردۆتەوە و چۆن خۆی لێ لەبۆسە ناوە، چۆن بۆ ناو کەندەکە هەڵاتووە... جەنابت دەڵێی وا نییە، هیچیان وانین...!!

– نا... نا...! ناڵێم وا... ناڵێم وا...! ئا... ئا... بەڵێ... ڕاستە بۆ کەندەکە شۆڕ بوونەوە.

– "زادۆ" بەبڕست لێبڕاوییەوە قسەکەی پێ بڕی: چی چی...!؟ بۆ



کەندەڵانەکە شۆڕ بوونەوە، ڕاستە... بەڵام دێوە درۆیە، وە نییە...! ها...!... ئەوە مانای چیە، بەخۆشت نازانی چ دەڵێی...! چ گەوجێکی!

– بەداخ و پەژارە و سۆزێکی زۆرەوە، بەدەم داکۆکیکردن لە "دێوانە"... باگۆی دایەوە و وتی: با، بەڵێ... دەشبێ وای هاتبێتە بەرچاو.

– کڕ بە هەی سەر و چار پەلت بەگۆڕی ئەژدادت... بەخۆشت نازانی چ دەڵێی و چ...

– تووڕە و توند لەدەمی دایەوە، نەیهێشت جوێنەکەی تەواو بکا، هاوارێکی لەسەر کرد و وتی: "دەمت تێک نێ" ئیتر دارجووتەکەی لێ ڕاست کردەوە و هێرشی بۆ برد؛ بەڵام چەند کەسێ کەوتنە نێوانیانەوە و ناوبژییان کرد "زادۆ" لەداخانا پشوو سواری و هانکە هانکی پێ کەوت. بەدەنگێکی کەل و شکاوەوە لێیان دوور کەوتەوە: "ئەوە تەواوە! گەوجێکی وا لەبەر دەممان ڕاست بێتەوە... دنیا چی بەسەر هاتووە!... بۆ وا گۆڕاوە...؟!" بەپەشۆکاوی و دڵشکاوییەوە دایکێشایە ناو گوند، تا هێزی تیابوو کەوتەوە ئاخاوتن: "دەبا خەڵک هەموو بچن بەخۆیان "دێوانە" ببینن و گوێی لێ بگرن. ئەوجە با گەوجێکی دەمڕووت هەبێ و بڵێ "دێوانە مەمۆ" ڕاست ناکا، ئەوەی ئەو دیوبەتی و ئەو دەیڵێ، هیچیان وانین...!".

خەڵکی ئاوایی، تیپە تیپەن بەرەو ماڵی "دێوانە مەمۆ" دەڕۆیشتن، "ئایشە شەل" و کۆمەڵە کەسانێکی تریش، هەتا ئێوارەیەکی درەنگ، دوو دوو سێ سێ، دەچوون، سەریان لێ دەدا و دەیان پرسیاریان ئاراستە دەکرد... ئەویش بەگوێرەی خواست و ئارەزووی خۆیەوە، وەڵامی دەدانەوە. کە دەیاندی تەندروستی باشتر بۆتەوە، ترس و نیگەرانییان لا کەم دەبووەوە و گڕ و تینیان دەهاتەوە بەر... "پوور مێردین" لەهەموویان دڵخۆشتر و ورە بەرزتر بوو. هەر لەسووری بەیانییەوەڕا لای سەرینگانی بۆ کەس چۆڵ نەدەکرد. بەدەم وێرد و دوعا خوێندنەوە، جارجار نێوچەوانی دەگوشی، پشتی چەور دەکرد... یا قۆڵنجی دەشێلا...، هەر بەم ئاوایە

ئێشکی بەدیارەوە گرتبوو... بەڵام لەگەڵ داهاتنی تاریکی، دیسان لەرز و تایەکی گەرمی پێوە نووسایەوە، لەشەوی پێشوو گەلێ توندتر و بەتاوتر بوو. لەسەر فەرمایشتی "پوور مێردین"، چ جاجمی دوو لا و بەڕە هەبوو، هەموویان پێدادا... کەچی لەبەر لەرز و تا و چۆقە چۆقی ددانی ئۆقرەی نەمابوو... "پوور مێردین" بەکش و ماتی لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە و ڕووی لەماڵەکەی خۆی کردەوە. شلکێنەیەکی پڕ لەدۆشاو و ڕۆنی بۆ ئامادە کرد. دەستی بۆ سندوقە بچکۆلەکە درێژ کرد، پریاسکەیەکی دەرێنا، پڕی بوو لەخۆڵی سەر مەزاری "پیر کەرەم" و "گۆڕ بزر"... لەگەڵ حەوت جۆرە داو و دەرمانی گیراوە و هاڕدراو، لەگیا و گۆڵی وشکەوە بووی سۆتکە و وەسمە و حاجیلە و زەنجەفیل و زەرەند... دروست کرابوو، بەسەری پەنجە باریکەکانەوە چەند پتێکی لەم دەرمانە تێکرد: "س س سمیللا... هەر نۆشی کەیت شفات بێ!..."... بۆن و بەرامەی شلکێنەی کولاو، بەم ناوەدا بلاو ببووەوە... خێرا خێرا، بەکووڕە کووڕ، دەسکی تاوەڕەش و لەهیس و تەنیمۆک داگەڕاوەکەی گرت و بەرەو ماڵی "دێوانە" گەڕایەوە.

بەدەست و چاوەکانی ئاماژەیەکی بۆ خێزانەکەی کرد، ئەویش چمکی جاجمەکەی لەسەر لادا و دەم و ڕوخساری والا کرد... "ونە" کەمێ پێش گەڕانەوەی "پوور مێردین" هاتبووە لای، گورج لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە و دەستی بەپشتیەوە گرت... ئەویش بەکەوچکە دارینەکەوە شلکێنەکەی، کە هەتا ئەوساش هەر هەڵمە دووکەی لێ هەڵدەسا... نەختێ سەراوبنی کرد و تێکی شێلا، پاشان کەوچکێکی بۆ ناو دەمەکول و پڕ لە پفکە و پۆرگەکەی برد... دوابەدوای ئەمیش چەند کەوچکێکی تریشی دەرخوارد دا. ئیتر هەر بەهەمان ڕەفتار و ئاماژەی جارانەوە، جاجمەکەی بەسەردا هەڵکێشرایەوە... ئەویش کەوتە چاوەڕوان کردن و سەیر کردنی...! دوای ماوەیەک دیسان ئێش و ئازارەکانی سەریان هەڵدایەوە: "وەی بابە ناو دەمم بۆ ئەوەندە تاڵە، دەڵێی ژەهری سیسە مارم قووت داوە... توخوا مەیەڵن ژوور تاریک



دابێ، چرام بۆ داگیرسێنن، ناتوانم چاوەکانم بنووقێنم... چاو چاو...!! باهەر وابن... باهەر زەق بن...!" بەرە بەرە تایەکە لێی توندتر دەکرد، کەوتە جیهانێکی ترەوە، دەستی کردەوە بەلوغە لوغ و ناڵە ناڵ...! "پوور مێردین" نەیتوانی چیتر دان بەخۆیا بگرێ، سەرنجێکی خێرای ئاراستەی "ونە" کرد، بەدەنگێکی نزم بە سەر هەڵشەقاندنەوە لێوەکانی لەیەک ترازا: "بە شەو دەگرێ تا، بەڕۆژ بەر دەدا...!" ماوەیەک بەدەم ئەم قسەیەوە، چاوەکانی خۆی دادەخست و دەیکردەوە و سەری خۆی لەگەڵ دەلەقاندەوە... بەدەستە لەرزۆکەکانی، ئاماژەیەکی بۆ ماڵ و خێزانە هەوێدارەکانی ناو ئاوایی کرد و درێژەی بەپەیڤەکەی خۆی دا: "ماخۆی چار چاو چ دەرمان دەدا...!" "ونە" بەگورجی لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، دەستی دایە دارجووتەکەی و بۆی دەرچوو...!

چەقەلوولانێی سەگان گوندی بێدار کردەوە، لەناو دڵی تاریکیدا، دەنگ و زایەڵەی "ونە" تێکەڵ بەکۆڵە گرووەیەکی قووڵ و گورچکبڕەوە، بەرەو ئاسمانا بەرز بووەوە:

"هۆی شەوتا هۆی شەوتا..."

"پوور مێردین" لەم ساتانەدا کڕ وکپ دانیشتبوو جارجار خەو دەیبردەوە، کە گوێی لەدەنگی بوو، شێوەی دانیشتنەکەی گۆڕی و کەوتە گوێ ڕاگرتن. "ونە" بەدەم بانگکردنی "شەوتا"وە دایکێشایە ناو گوند. هەر بەدەم هەڵدانی ئەم بانگەوازەوە، ڕۆیشت تا لەپێش ماڵی "خدر خەندان" سەنگرایەوە... دوای ماوەیەکی کەم "خدر خەندان" سەری خۆی لەدەرگای چەپەرەکەوە دەرهێنا، بەرز هەڵیدایێ: "گۆشت فرووج، گۆشت فرووج!". "پوور مێردین" لەشوێن خۆیا ڕاجفری، جوولەیەکی بەپەلەی بۆ کرد و بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ: ئەە...! دەمخۆش" لای لەخێزانی "دێوانە" کردەوە: "ئەوە دەرمانی بۆ هات...!" دوای کەمێ چاوەڕوانی کردن، دیسان لای لێ کردەوە: "ژنێ... دە هەڵسە دەی بجووڵێ... گوێت لێ نەبوو؟!..."

لەگەڵ ئەم قسەیەدا ئەویش لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە و ڕووی لەکۆڵیتی مریشکان کرد. "ونە"ش بەدەم هات و هاوار و ڕاکە ڕاکەوە، بەرەو لایان گەڕایەوە: "گۆشت فرووج، گۆشت فرووج..." ئیتر بوو بەقیرە قیڕی پەڕەوڵە خەو زڕاوەکان...!

***

لە شەوە بەفراوییەکەی "هەوارە بەرزە"وە... چ تەم و مژ و کۆتەڵە هەورێ هەبوو، با و باهۆز، هەڵی فڕاند و لەئاسمانە گرینۆک و تنۆک تنۆکەکەی سەر قوتکە شاخ و کەپکی "پیر کەرەم" و "دۆڵەواش"دا... بوون بەکوڵوە بەفری پەڕەکراو. وەک لێشاوی پەپوولە، بەسەر دار و بەرد و لاپاڵەکاندا بارین. هەموو خۆیان لەکونی ئەشکەوتا بەند کردبوو... تا تاریک و لێڵی بەیانی، وەک کیسەڵ سەریان لەقاوغی خۆیان نابووەوە. بەنیگەرانی چاوەڕوانی هەڵبڕینگاندنی ئاسمانیان دەکرد،. کە جیهان بەتەواوی ڕووناک بووەوە، سەری خۆی بەدەرەوە داگرت، ڕووکارێکی دارماڵی لەبەفر و بەستەڵەکی کەوتە بەرچاو. ئەم دەوروبەرە وەک چوڕی شیر سپی دەچووەوە. زەندۆڵ و ڕووکارە چاڵ چاڵەکان، هەموو وەک یەک لووس ببوون. ڕەشاییەکی بەقەد کونە زەردەواڵەیەک ئاسا چییە بەدی نەدەکرا. باگەڕ و باهۆز بەفری سەرچڵە دارەکانی هەڵدەوەران. لەسەر تلۆفکی دارە باگرەکانەوەدا، دەبوو بەگەرداوێک، تۆز و گەردی بەفرە وەریوەکان، بەئاسمانا بەرز دەبووەوە و پەیتا پەیتا لەنواڵە و نەوراییی و شوێنە نەپەنەکاندا دەنیشتنەوە. "ڕەخشان"ی تەنگە و پاڵوو کرد، زین و ڕکێبی لێ بەستا. خۆشی هەتا چۆکان خستە نێو گۆرەوی و بەلەک پێچەوە. بەدەم هزر و ئاخاوتنەوە خۆی توند و تەیار کرد: "دەمێکە گۆشتی کەروێشک و پەلەورم نەخواردووە، ترسێ دەکەم تووشی زگ چوون بێم...!". بەدەم ئەم قسانەوە، لغاوی "ڕەخشان"ی گرتبوو. بەئەسپاییی هەنگاوی دەنایەوە. هەر لەسەر جێ شوێنی ڕێچکۆڵەکەوە بەرەو دۆڵە "واش" دایکێشایە خوارەوە.



بۆ هەر چوار دەوری خۆی، سەرنجی ڕانایەوە: "هەمووی لە بەفر دارماڵ بووە. بەڵام ڕاوی کەروێشک ئاسانە...!" لایەکی لە توولە سپییەکە کردەوە، لەگەڵ تاژییەکاندا لەسەر بەفر و بەستەڵەکەکەدا هەڵبەز و دابەزیان بوو، هەڵمیان لەدەم بەرز دەبووەوە: "مەتان" لەگەڵ تۆمە، گوێت لێم بێ، ئەگەر چاوت بەهەر نێچیرێ کەوت، بچێتە ناو کونە ماریش هەر دەبێ دەری بێنی...!". لەقەد پاڵەکەی بەرامبەریا، کەودەریەکی باڵ سڕ لەڕەوەکەی خۆی دابڕابوو، کردی بەفرە فڕ، تۆزی لەبەفری سەر درەختەکان هەڵسان و چوو لەسەر بەردێ هەڵکورمایەوە. خێرا خێرا لغاوی ئەسپەکەی بەردا، تفەنگەکەی لەسەر شانی خۆی داگرت، لەسەر چۆکان بۆی دانیشت و نیشانەی لێ گرت. لەگەڵ گرمە لێوە هێنانییەوە هەڵێدایە ئاسمان... وەک پەڕە مووچە لەنێو دار و چەولینگی دەم ڕووبارەکەوە کەوتەوە. بۆی سەرەو خوار بووەوە، بەڵام "مەتان" لەو زووتر گەیشتە سەری، لمووزی نا بەشەبەقە برینەکەی سەر سینگییەوە:

"توت، توت... گز گز... نەکەی..."

"مەتان" لێی نەسەنگرایەوە، کەڵەشی مرداری دایە بەر کەڵبە تیژەکانی و خورێنی خۆی پێ شکاند...! "گز، گز... چەند چاو تەنگی بەشی کەسی لێ نادەی" قروسکە قروسکی تاژیەکان قسەیان پێ بڕی، سەرنجیان بۆ لای خۆیان بەکێش کرد: "ئێوە چیتانە... دەی دە بزانم چیتان دیوە؟!...". بەپەلە هەنگاوی هەڵێنایەوە، بۆ لایان ڕۆیشت، لە پڕ گا کێوییەکی قۆچ پەڕ پەڕی لە دوورەوە کەوتە بەر چاو. تاژییەکان بەدەوریدا دەهاتن و دەچوون و لێیی مووڕ دەبوونەوە. دەنگێکی بەرز و بەپەلەی ئاراستە کردن: "بەدووان، بەدوان... دەی دەی، چاوەڕوانی چی دەکەن..." خرچ خرچ بەسەر بەفرەکەدا هەنگاوی نا: "خێراکەن تا لەخەو هەڵنەساوە پەلاماری دەن، دەی، کەی وا دەمسارد بووینە، زوبن تا لەشی گەرم دانەهاتۆتەوە... دەی زووبن دەستوبرد بکەن..."

بەدەم ئەم قسانەوە، ئارامی لێ هەڵسا... ناچار لەسەر چۆک بۆی دابەزی و سێرەی لێ گرت؛ بەڵام هەر لەشوێن خۆیا، بەدەم ئاخاوتن و بیرکردنەوە هەڵوەستەیەکی بۆ کرد: "سەیرە...! کەڵە کێوی و وا فەقیر حاڵ... تۆ بڵێی سڕ بووبێ!..."... لوولەی تفەنگەکەی بەرز کردەوە، لە شوێن خۆیا هەڵسایەوە، هەنگاوی بەپەلەی هەڵێنایەوە، لەسەر سەری ئامادە بوو: "ئەی بەستەزمان...! چ دەعبایەک پەلاماری داویت...!." تەنها سەرکە زل و قۆچە پەڕ پەڕەکانی کەوتە بەرچاو، لەنێو کەلەنە دارەکاندا گیری خواردبوو. زۆری هەوڵ دابوو خۆی ڕزگار کات، قەدی دارەکانی هەموو بریندار کردبوو، جێی سمەکانی هەموو قۆرت قۆرت ببوون،... لە سەریەوە بەرەو خوار، جگە لە هێندێ هێسک و پرووسک و سمە ڕەشەکانی، کە لێرە و لێوە پەرش و بڵاو ببوونەوە و لەگەڵ قوڕ و لیتە و جێڕنۆکی تیژ تیژ تێکەڵ بەیەک ببوون و بەفرە هەڵوەریوەکەی سەر دارەکانیان بەسەردا باری بوو،... هیچی تری نەمابوو...! کەوتە چاو گێڕان لە جێ پێ و پەنجەکان... هەمووی بەبەفر داپۆشرابوو، لەهەندێ شوێنا بەئاستەم جێشوێنیان بەدی دەکرا: "عەلی شوونهەڵگر لەکوێ بێنم، تا ئەو جێ پێیانەم بۆ لەیەک جوێ بکاتەوە!... ئەم چۆڵ و هۆڵییە بەخۆڕایی نییە... چەند ساڵە هاتە هاتی ڕاوچییان گوێی کەڕ و کاس دەکردین...!". لەنزیک سەرکە زلەکەوە هەڵوەستەیەکی بۆ کرد، بەدەم چاوگێڕان و بەدڵێکی پڕ لە گومان و نیگەرانییەوە، کەوتە لێکدانەوە و بیرکردنەوە: "نەخێر بەخۆڕایی نیە...! دەبێ چ دڕندەیەکی بەهێز وا پەلاماری دابێ، برووسکە زەبری خۆی لێ وەشاندبێ...! ئەی دەبێ چەند برسی بووبێ... ئەو گایەی وا کەل و پارچە کردوە...! ". لە قۆچە درێژە پەڕ پەڕەکانی ورد بووەوە، دەستی لەچڵە تیژەکانی دا، هەموو وەک سەرە نێزە درێژ ببوونەوە: "بێ سوودە، مادام لەوەچەی قەلە زراوانن، دەبێ چارەنووستان هەر وابێ... یا دەبن بەخۆراکی دڕندەیەک، یا لەپەنایەکا دەڕزێنەوە...!". کۆڕژنی ئەسپە بۆر هەنگاوی پێ هەڵێنایەوە بەهەمان



هەوێڵی جارانەوە کڕ و کاس، ملی ڕێگایان گرتەوە بەر. لەبەر دەم چەند قۆڵکە و کەندەلانێکدا، هەڵوەستەیەکی بۆ کرد. ئاوڕێکی لە"ئەشکەوتە مراد" دایەوە، بەفر و بەستەڵەکە دارماڵەکە، ئەوەندەی لەبەر چاو نزیک کردبووەوە، هەڵاوەی پشکۆ چاو گەشەکانی بۆ دەهات. :"خۆزگە لیانم لەپێ کردبا" لەگەڵ ئەم قسەیە سەری خۆی بۆ سمە ڕەشەکانی "ڕەخشان" خوار کردەوە: "ئەی تۆ...؟ تۆ بڵێی پەکت بکەوێ...؟" هەتا دەمێ لێی ورد بووەوە: "دەبا هێندێکی تریش بڕۆین، بای پێی خۆمان بدەین، گۆد بووین هەندی دانیشین...!".

قرپ و قۆپ بەسەر ڕووکارە بەفراوییەکەدا ڕۆیشتن. "ڕەخشان" ملی بەملا و بەولادا بادەدا، وەک بڵێی کۆڵە گروویەکی پڕ لەترس و تەلەزگە قوڕگی گرتبێ، ئاوا جار جار لەناکاو، بەهەناسەسواری کۆڕژنێکی لێ هەڵدەسا، پاشان زرم قاچەکانی لەعاردی دەدا، وەک بڵێی لەقەوچەی دەدرایەوە، بەفرەکەی گێرە دەکرد و دەڕەوییەوە...، دوای چەند هەنگاوی تر، دیسان لەڕۆیشتنەکەیا سڵەمییەوە، لەسەر قاچی پشتەوەی سووڕا، نەیتوانی چیتر لەنگەر بگرێ، لغاوی لەدەست ڕاپسکا، بەهەڵەداوان بۆی گەڕایەوە: "عێ ی، عێ ی... ڕەخشۆ ئەوە چییە، ئەوە چییە... چیت بەسەر هاتووە...؟ چ مافەتەیەکە؟... نازانم هەست بە چی دەکەی، دەڵێی پەلامارت دەدەن...؟!" چیتر نەیتوانی بەرزەفتی بکا، هەڵدێرایە ناو کۆندڕە شاخێکەوە، هەتا بن تەنگەی لەناو بەفر ختم بوو....

هەی ماڵەکەم، ئەو هەموو مل بادان و کۆڕە کۆڕەت لە چی بوو، تۆ بڵێی، شتێ خۆی پێ پیشان دابێت و تۆی ڕەواندبێتەوە...!؟" بەدەم چاوگێڕان بەملا و بەولادا: "دەبوایە تێتگەیشتبام، گەلێ بانگت کردم، بەڵام من فریادڕەست نەبووم...". هەردوو گوێچکەکانی مووچ کردبوونەوە، ملی خۆی لەسەر بەفرەکەدا درێژ کرد، هەموو ئەندامی جەستەی ئارەقەی ئێش و ئازاری لێ دەچۆڕایەوە: "ڕەخشان، غەدرێکی گەورەم لێ کردی،

خەتای من بوو... دەزانم گەلێ ئازارت پێ گەیشتووە..." بەپەلە بەفرەکەی دەوروبەری بەملاو بەولادا، فڕێ دایە دەرەوە، خۆی خستە ژێر تەنگەی، دەستی بۆ قاچی دواوەی برد و دەنگی دا... هەتا تینی تیابوو قاچەکانی بڵند کرد... بەپشتیشی هێزی دایە خۆی و بەرزی کردەوە: "دەی، دەی، تۆش تەکان بدەرە خۆت... هێشتان هێشتان، بەرزتر بەرزتر، قاچت بڵند کە... دەی "ڕەخشۆ" تەکان، تەکان...!" بەدەم ئەم دەنگدان و ڕێنماییيانەوە لەقۆرتەکە دەربازیان بوو. ئیتر بەکلکی هەڵکڕاو و لاقی سکەتەوە، بەگیانێکی پڕ لەئێش و ئازارەوە هەناوە کوتەی پێ کەوتبوو... بەحاڵە حاڵ ڕێی گەڕانەوەیان گرتەوە بەر.

ئەمیش وەک ئەم هەستی بەئێش و ئازار دەکرد، هەتا گەیاندیەوە جێگای خۆی، قاچە شکستەکەی هەڵگرت و لەگەڵ ئەودا بەشەلە شەل تا ناو ئەشکەوت هەنگاوی نایەوە. هەوڵی دا لەشوێن خۆیا بیهەسێنێتەوە: "تەس، تەس س..." دەستی بەلامل و بژیدا ماڵی: "تەس س... تەنیشت، تەنیشت...!" وردە وردە ڕووی وەرسووڕاندەوە، بەئەسپایی ئەژنۆکانی نووشتاندەوە و لەزەمینەی ئەشکەوتەکەدا نواندی. "ڕەخشان"ی بڕست لێبڕاو و گیان پڕ لەئەشکەنجە و ئازار...، پەژمووردەیی و بێزارییەکی زۆری پێوە دیار بوو، تووکی وەک گیاکەڵەی ئاو لێبڕاو پووت ببووەوە. وەک مرۆڤێک کە بەرەو پاییزی تەمەنی بڕوا، هەر دەبنێسا و دۆش دەیبردەوە. ئەویش لە بەرامبەریا دانیشتبوو، سات بەسات لە جوولە و ڕەفتاری ورد دەبووەوە.هەر دوو چاوەکانی فرمێسکیان تێ زابوو. جێی زین و تەکەڵتووی شاڵ و ڕنەک دەکرد، بەدەستە زبرەکانییەوە نێو چەوانە قەشەکەی دەخوراند: "غەدرێکی گەورەم لێ کردی!" لەگەڵ ئەم قسەیەدا، دیسان قوڕگی پڕ لە کۆڵە گروویەکی گورچکبڕ بوو: "هەر دڵۆپە فرمێسکێکی لە چاوەکانت دەبینم ، لەسەر دڵم گەلێ لە کەپکە شاخێ قورسترە!". بە دەستەکانی کەوتە شێلانی قاچە بەئازار و شکستەکەی،



بەتەواوی شوێنە شکاوەکەی بەرجەستەکرد... بەبەزی تواوە چەوری کرد...، کە بەپەنجەکانی شوێنە شکستەکەی ڕادەکوشی، لەبەر ئازاری گیانیا، دەکەوتە ڕاچەڵەکین و سەری خۆی بەملا و بەو لادا دەلەقاندەوە. لەتاوان سمەکانی دەدا بەئەرزا. بەقەڵەمبڕەکەی، چەند شووڕکە دارێکی خۆش کرد، سێ چوار قەفی لە پڕدێنەکەی کردەوە و دڕاندی... شووڕکە دارەکانی لە قاچی پێچایەوە و توند شەتەکی دا...! ئەویش لەگەڵ ژان و ئازارەکانی ئەمدا، بەدەم هەمان ئێش و ئازارەوە تلّی دەدایەوە. پارووە نانێ، لەتە گۆشتێ... چیە، نەچووە زاری... هەر سەیری دەکرد و بەدەوریدا دەهات و دەچوو... نزیک بانگی ئێوارە، وردە وردە گوێچکەکانی کەوتنەوە جوولە... نەرم نەرم کرمە کرمی جۆ خواردن و کاوێژ کردنەوەی کەوتە بەر گوێ: "گیان گیان،... دە ئەوها... کزی و مات و مەلوولی لە تۆ ناوەشێتەوە". فەرامۆشییەکی زۆری پێ هاتەوە. دیسان چوو لەبەرامبەریا دانیشتەوە: "خەجاڵەتت کردم، زمان کورت و شەرمەزارم، هەرچەندی تێدەفکرم، نازانم چۆن بتگەینمەوە "هەوارە بەرزە"لەسەر کێشەیەکت دابنێم، لەتەک کەلەشی بزنە کێوییەکانەوە، بەسەر بەفرا ڕاتکێشم... ،! تۆ بڵێی بەتەنها، ئەو کارەم پێ بکرێ؟!... با بڵێین ئەوا توانیم، هەر هەتا "هەواری قۆڕتاسە دۆم" و "گەلی ڕەوەزۆک"...! ئەدی لەوێوە ژێهەڵ...؟! تۆ بڵێی لاقت عارد بگرێ... بەخۆت بتوانی بڕۆی...!" لەم کاتە دا هزر و خەیاڵی بردیەوە بۆ دەراوێکی ترەوە... سەر و کاپێلکی گا کێوییە خوراوەکەی هاتەوە بەر چاو. قۆچە پەڕ پەڕەکانی، برووسکە وێنەی سەدان ترس و تەلەزگە و ڕووداوی پڕ لە کارەساتی هێنایەوە خەیاڵ و وەک تەزووی کارەبا، لەناو مێشکیا چەخماخەی دا...: "نەخێر، نەخێر...، نە ئەوەم پێدەکرێ، نە دەشتوانم جێت بێڵم...!". لایەکی لە تفەنگە بڕنەوەکەی کردەوە: " بەخۆم هەر لێرە دەمێنم، دەزانم هەوارە بەرزەیی، گوێیان قوڵاغە، بیریان هەر لای منە...، هەر لەگەڵ تەقەی یەکەم بەرێ دەکەون و بەدەنگمانەوە دێن...!". تەپە سڕپەکی توندی

پێوە نووسابوو، بەدیار ئاگرەکەوە خۆی لێ مشتوماڵ کرد، گەرەکی بوو پێش ئەوەی شەو ڕابشکێ سەر خەوێکی ئێشکچییانەی بۆ بکات.

وەک مرۆڤێکی تەمەن هەزار ساڵی، ژیانی خۆی لە ڕاو و شکار و دەشت و کێو بەسەر بردبێ... ئەویش بەم ئاوایە، هەموو ئەزموون و خورد و خەیاڵی، هەر لەگەڵ ئاسک و کەڵەکێوی و دڕندان بوو... "جوانووە ئەسپێکی خاڵخاڵ، وەک کوێستانی بەفر و سەهۆڵبەندان، خاڵبەڵەکی تێ کەوتبوو، بەکۆڕە کۆڕ بەرەو ڕووی هات. بەگوڕ و تاو باوەشی خۆی بۆ کردەوە... کاتێ لەشکری کەڵە کێوی و گاقۆچ پەڕ پەڕەکان، وەک خۆڵەسات هاتن و لەدوورەوە چرقە چرقی سمیان دەهات... بەمرقە مرق و بۆڕە بۆڕ بۆی هاتن، خواو ڕاستان، لەژێر بنەدارێکی ئەستوور، هەتا چاوبڕ بکا بەرز و پڕ لە لق و پۆپ بوو، بەخۆ بەجوانوەکەوە پێیدا هەڵگەڕان. لەشکری قۆچ درێژان، لەهەر چوار دەورەیدا داورین، سەیریان دەکردن... چەند هەنگاوێ پاشە و پاش دەگەڕانەوە دواوە، لەسەر قاچی پاشی ڕادەوەستان، دوایەش بەگوڕ دەهاتن و دارەکەیان دەدایە بەر قۆچان. هەندەی پێ نەچوو، ڕەوە گورگێکی دەم بەخوێن و کەڵبە درێژ هاتن، پەرتەیان بەلەشکری کەڵە کێوییان کرد. ئەمجارە ئەوان بەلوورە لوور بەدەوری دارەکەدا جغزەیان بەستا... بەخەنجەرە تیژەکەی، پەنجەیەکی خۆی بڕی، تنۆک تنۆک خوێنی بەسەردا بەردانەوە...، دوای ساتێ ئیتر بەناو یەک کەوتن... پەلاماری یەکتریان دا، کەتنە هەڵدڕانی قوڕگی یەکتر، ئەوەی مرد و ئەوەی کەل و کرۆم بوو، ئەوانی تریش بەشەلە شەل و بە لاتەلۆکی هەڵزڕاوەوە، هەر یەکە ڕووی لەلایە کرد..." قرووسکە قروسکی تاژییەکان بێداریان کردەوە. بەخێرایی جەمەدانییەکەی لەسەر چاوەکانی خۆی لادا. سەرنجێکی خێرای ئاراستەی "ڕەخشان" کرد... "مەتان" لەنزیک دەرگای ئەشکەوتەکەوە، بەجارێ کردبوویە نووسکە نووسک و حەپە حەپێک هەدای نەدەدا. لەسۆنگەی ئەمانەوە، بەپەلە لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، تیشکی سەرنجە



سەرسوڕماوەکانی، ئاراستەی دەرەوە کرد. لەجیهانی سڕ و سەقەم و بەفر و بەستەڵەکەکەدا ڕاما...، ڕووناکییەکی بێ گیان و مەرگئامێزی کەوتە بەرچاو. مێروولە ئاسا بجوولایە دەبینرا... چیای بەفراوی و دۆڵی هەزار بەهەزاری پڕ لەسڕ و سەقەمی دەکەوتنە بەرچاو. خوڕەی ڕووبارە تاک وتەرا و پەشۆکاوەکەی ناو دۆڵەواشی دەکەوتە بەرگوێ، لەبۆشایی شەوێکی ئاوس و فێ لێهاتوودا دەنگی دەدایەوە...! ژانەسەرەکەی هێشتان هەر بەری نەدابوو. بەئەسپایی چوو قۆریە چاکەی پڕ لەبەفر کرد و لەسەر کوچکە ئاگرەکانی دانا. جگەرەیەکی داگیرساند و گەڕایەوە جێگای خۆی. توولە و تاژییەکان وەرکەوتبوونەوە، دەیانویست ببۆرژێن. لەهیکڕا بەکلک بادان هەڵسانەوە سەر پێیان. بەدەم شەویلاک بادان و گوێ مووچ کردنەوەوە، دیسان کەوتنەوە نووسکە نووسک و قرووسکانەوە. "ڕەخشان"یش، سەری خۆی هەڵبڕی و کەوتە کلک کوتان... وەک مرۆڤێکی قوڕگ پڕ لەگریان... لەگەڵ جوولەی هەناسەیدا، هەنسک و گریانی دەبیسترا. لووتەکانی فش ببوونەوە، گوێچکەکانی قولاغ کردبوو... چاوەکانی لێر و وێریان کەوتبوێ و بەملاو بەولادا دەیڕوانی: "نازانم چیتان بەسەر هاتووە، بۆ ئەوەندە ئازارم دەدەن...؟!". بەهەشتاوی دەستی دایە تفەنگەکەی، دیسان هەڵسایەوە، دەستی بەتەوێڵی خۆیەوە نا، دەرەوەی دایەوە بەر تیشکی سەرنجە خەواڵوو و پڕ لەگومانەکانی. بەنیگەرانی ڕووی لەتوولە و تاژییەکان کردەوە: "چیتانە، ئەوە چ ترسێکە، چ ئۆلەگانێکە... نازانم بۆ وا سوختەتتان گۆڕاوە... دەڵێی با و بارشی مەرگتان بەسەردا باریوە...!" دیسان سەرنجی بۆ دەرەوە ڕانایەوە: "ئێ پێم بڵێن، چی بووە؟ تێم بگەیێن چ ڕووی داوە، چیتان دیوە؟!... وا خەریکە هەمووتان لەپێستی خۆتان دەرچن...!". "ڕەخشان" بەجوولە و ڕەفتارە سەیرەکانیەوە، زیاتری وڕووژاند. بەئەسپایی لای لێکردەوە: "یەکەم جارە، لەچاوەکانی تۆدا ترس و نیگەرانی بەدی بکەم...!" هەنگاوی هەڵێنایەوە، خۆی بەسەریدا خوار کردەوە، نێوچەوانە

قەشەکەی ماچ کرد: "نازانم چیمان بەسەر هاتووە، ماوەیەکە من و تۆ لەیەک حاڵی نابین، تۆ بانگم دەکەی من تێتناگەم، من پرسیارت لێ دەکەم و تۆ باگوۆم نادەیتەوە؟!... بەس تۆ چیت بەسەر نێ، هەرچی دەبێ بابێ...!". کرو کپ لەیەکتر ڕادەمان. بەچوار قوشمی لەتەکیا لێی هەڵقونجابوو، دەستی بەباڵ و بژی دادەهێنا... لەدوورەوە غەڵبە غەڵبێکی کەوتە بەر گوێ، وەک بڵێی هەزار ئەسپ سوار یەک ڕکێب بەرەو ئەوانەوە بێن. بەهەڵەداوان لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، دەستی دایە تفەنگەکەی،... تا ئەو کەوتە خۆی، زەوی کەوتە ڕمبە ڕمب و شەپۆلدان. دوای ساتێ دێوار و ساپیتەی ئەشکەوتەکە، چرک و هۆڕ کەوتە لەرزین، قۆربە چایەکە قڵپ بووەوە، پۆل و پشکۆکان کەوتنە کرفە کرف و کوژانەوە... دەورووبەری تاریک داهات. شەپۆلی پڕ لە لەرز و ڕاچڵەکین، یەک دوو تلّی دا و لێیان ڕەت بوو...!.

بەر لەوەی "هەیبەت" دەرگا بکاتەوە، ئەو هەر لەبەردەم ئاگردانەکەوە سنگی خۆی دابووە بەر تینی ئاگرەکەوە. دەست و پێ سەرما بردووەکانی گەرم دەکردەوە. هەر لەشوێن خۆیا سەری هەڵبڕی:

– ئەوە هات، ئەوە هات... کێیە وەها بەو شەوە، بەو ناوەختە!!...

– منم من. زادۆم، زووبە قەسریم!

کە دەرگاکە لەیەک ترازا، وەک چۆلەکەی باڵ تەڕ خۆی لە ژوورەوە کوتا...!

– میراو ئەوە تۆی!...

– ئەدی کێی تر هەیە لەمن زیاتر، ئەنگۆی لەبیر بێ.

– یاخوا بەخێر بێی، دە هەڵکشێ، وەرە هەوراز، وەرە ئێرە، وەرە ئێرە.... ئەو لرفە لرفە چییە، دیارە سەرما زۆری ئەنگاوتی، ماڵەکەت، دەڵێ لەکانی "خومارۆ"یان وەرداوی... خۆ بێ بەڵا بوون...؟



بە لەرزە لەرز خۆی نزیک خستەوە. سنگ و بەرۆکی دایە بەر تینی ئاگرەکەوە. هێشتان تۆێژاڵی کرێوە بەسەر شانەکانیدا سپی دەیڕوانی... بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ:

– ئاش وەستا...!! باشە لەسایەی خواوە سەلامەتن. دڵم هەر لە لاتان بوو... "بەدەم بزە و تێڕامانەوە، ئاماژەی بۆ دەنگ و باسێکی گرنگ کرد، کە بۆی هێناوە... هەر بەم ئاوایەوە درێژەی بەقسەکانی خۆی دا": دیسان گوند قریوەی کەوتێ، ژاوە ژاو و هەرایەکە، کەس بەکەس نییە...

– سەرنجێکی خەندە ئامێزی ئاراستە کرد: ئێ، ئێ... دیارە شتی خۆشت لایە... دەی... ئەوجە...؟ "دوای ساتێ کڕ بوون": خانووە شەق و شڕەکان کوو چرکە چرکیان دەهات؟!...

– هەر باسی ناکرێ، بەزاک و ماکەوە لەماڵ دەرکەوتن... بووبە هەڵڵایەک نەبێتەوە... ئەدی ئێوە...؟

– سەری خۆی بۆ ساپیتەی ژوورەکەوە هەڵبڕی، لە دینگە و دیوارەکانی ڕوانی: ئێمەش هەر پێش پێی تۆ هاتینە ژوورەوە، چەند لەمێژە هەر لەدەرەوە بووین... وتم نەوەک دیسان

– زوو قسەکەی پێ بڕی و هەڵیدایێ: هەی ماڵەکەت...! بەو سەرمایە هەر لەدەرەوە بوون؟!...

– ئەدی چ بکەین...! ئەو کاولەمان بەسەردا برووخابوایە، یەکمان ڕزگار نەدەبووین.

– دوور لەئێوە، گوایە گەلەک چاوت لەدوایتی، کاولە ئاساوێکی وا تەمەن سەد ساڵی؟!

– کورە نەوەڵڵا بۆم ڕێک کەوێ، هەزار بەردی بەدوادا داوێم.

– ئاماژەیەکی بۆلای "میرەدێ" کرد، بەدەمێکی بەپێکەنینەوە هەڵیدایێ: "ئۆمەر" دیارە یەکەکی چاکترت ڕەچاو کردووە، بۆیە وا دەنگت لەتێری دێ!

– ئەی گوایە ئەو ڕیشەم لەبەر هەتاو سپی کردووە!؟... "دوای نەختێ کڕ بوون و بێدەنگی، گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی": ئەوڕۆش قاسیدێکی تری ناردبوو، گەلێ شتی پێ ڕاسپاردبوو،... منیش سەربردەی ماری گۆرین و چاوە زەقەکانی دێوە و "بە دەمی بەپێکەنینەوە، ئەم شتانەی دەژماردن و پەنجەیەکی لەگەڵ دەنووشتاندنەوە":... ئێی بەکاکی خۆم بڵێم، نەخۆش کەوتنی "دێوانە" شێت و شوورەکە و کەڵەک بردنەوە ماڵانەکەی تۆ و...

– ئێ ئێ!...

– ئەوانەم هەمووی بۆ باس کرد. ئەویش هەر ئەودەم بەپەلەپڕووزێ و بەدڵێکی خۆش گەڕایەوە "میرە دێ"... چاک بوو بەخۆت هاتی، سبەی دەمویست بێم مزگێنیت بدەمێ.

– مزگێنی!!

– تۆ لەهەمووومان باشترت بۆ هاتووە. لەخوا بەزیاد بێ، بەخت و نێوچەوانێکی باشت هەیە... "بەکراغە" پێویستی بە"میراو"ێکی تریش هەیە و زۆریش بۆی عەبداڵە... خانووبەرەیەکی خۆشت بۆ ئامادە کراوە لە"میرەدێ"... هەر کەینێی "هەوارە بەرزە"ت جێ هێشت، یەکسەر دەچییە ناو جێ و ڕێی خۆت...!

– پێ دەچێ "بەکراغە" زۆر تەنگاو بووبێ!...

– بەڵێ ناحەزەکانی سەریان لەجەرگی ناوە. بەرە بەرە خۆیان کۆ دەکەنەوە و خەڵک دەورەیان لێ دەدا. ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر دەبن. گوایە دەڵێن بوون بەعەشیرەتێک، وەک خۆڵە ساتن... منداڵەکانیان پێ ڕاگەیشتوون... نەک هەر داوای موڵکەکەی باوک و باپیرانیان دەکەنەوە... گوایە هێسکیشیان لەنێوان شکاوە...! ناچار ئەویش کەوتۆتە خۆی. هەروا خەڵک لەدەوروبەری خۆی کۆ دەکاتەوە... "دەنگی خۆی زیاتر هەڵبڕی":... "میرە دێ" لەوەدا نەماوە، بۆتە شارێک...!



– "زادۆ" لەشوێن خۆیا، بەدەم دۆشدامان و بیر کردنەوەوە کەوتە جوولە و لقلقین، بەدەنگێکی کەل و شکاوەوە کەوتەوە ئاخاوتن:

ئاخر، "ئۆمەر"، دەڵێم... ئەگەر "بەکراغە" دوژمنی وای هەبێ!!...

– ئێ؟!...

– دەڵێم، بۆ ئێمە و مانان چەندی بەچەندی؟!...

– ها ا ا ئەهووووو...! بەقەرز مەترسە مە... ئیمڕۆ ئەوەی بەدەستت کەوت، بیکە بەماڵ، بۆ سبەش خوا کەریمە، "دەستێکی بەشانە شێدارەکانیەوە ماڵی": میراو، میراو... لەگەڵ تۆمە... فەقیرحاڵ مەبە...!

– "زادۆ" بەڕاڕاییەکەوە باگۆی دایەوە: ئاخر دەڵێم... ئەوان ئەوها، ئەو خۆڵە ساتە بن و ئەو هەموو غەدرەشیان لێ کرابێ... "بەکراغە"یش... "دوای نەختێ کڕ بوون و بیر کردنەوە": هەڵبەت ئەویش دەیەوێ وەک ئەوان خۆی بەهێز بکا و عەشیرەتێکی لەوان گەورەتر...

– "ئۆمەر" قسەکەی پێ بڕی: هە ئەهووو... هەمزە لە هەباسی چی و تڕە لەتەورداسی چی!!... ئەوەندە ورد و باریک لێ مەکە... مە... چا نەبوو ئاشەوان نەبووی!... فەلاحە کوێرە خۆش بن... بۆ سەری خۆت بەو شتانەوە دێشێنی!... کلاڵش خوارێکی وەک ئێمە و مانان، چ کارمان بەسەر ئەو شتانەوە هەیە... ئێمە هەر خەریکی کاسبی خۆمان دەبین... فەلاحە کوێرە هەند زۆرن، هەند زۆرن... ئەگەر خۆمان تێهەڵنەقورتێنین، کەس حەقی بەسەر ئێمەوە نابێ...

– "زادۆ" بەدەم بیر کردنەوەوە، بزەی دڵنیایی لەسەر ڕوخسارا بڵاو بووەوە، دوای نەختێ کڕ بوون و قووڵبوونەوە، سەری خۆی هەڵبڕی: زێی بادینان چ هاڕە هاڕە؟...

– دەمخۆش... لێت نەدەم نامبەی.

"دەم و چاو و ڕوخسار و ڕەفتاری "زادۆ"ی بەسەرنجە کڕ و کپەکان

دابێژێت، تا دەمێ سەری خۆی داخست و کەوتە بیر کردنەوە، پاشان سەری خۆی هەڵبڕی، بەئەسپایی لای لێ کردەوە:

"زادۆ" لەسایەی خواوە تۆ گەیشتی بەنانی خۆت... بۆ پێلەقەی لێ دەدەی؟... ئەمن دەمەوێ ئامۆژگارییەکت بکەم، بیکە بەگوارە لەگوێی خۆتی بکە... "بەکراغە" تەبیعاتەکی هەیە، ئەگەر هەرچی وت دەبی، دەستی بۆ لەسنگ بدەی، بەبێ خۆ گیرکردن یەکسەر دەبێ بڵێیی، بەڵێ وایە، ئەوەی جەنابت فەرمووی تەواوە.

– هیچ ئەولا و ئەولا نەکەم...!

– نا نا، هیچ شتێ نەکەی...! "نا" و "نەخێر" و "نابێ" و "نییە" و "ناکرێ" و "بۆ" و "بۆچی"... و ئەو شتانە و چەندی تری لەو بابەتە، هەمووی لەمێشکی خۆتیان لابەرە. لەبیریان کە، زمانی خۆتیان لەسەر ڕامەینە...! ئەگەر گوتی ماست ڕەشە، دەبێ بڵێیی بەڵێ ڕەشە، ئاو سەرەو هەوراز دەڕوا،...! بەڵێ وایە... دەبارێتە سەر ئاسمان. نێر دەدۆشرێ...! بەڵێ زاوزێش دەکا، جمکیش دێنێ...

– "زادۆ" سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقاند و قسەکەی پێ بڕی: یانی لات و جووم نەکەم!

– نا، نا، نا... هیچ هیچ... هەمـــوو هەر واین. منیش هەر وام... ئەوە بەخێر دەچی بۆ "میرە دێ"، دەبێ ئەو شتانە و گەلێ شتی تریش بزانی. "دوای ساتێ لەکڕ بوون و بیر کردنەوە لای لێ کردەوە": دە ڕاوەستە "زادۆ"... چاک بوو بیرم کەوتەوە، هەر ئێستا با بڕەک سەرمەشقت بدەم... بزانم دەبی بە شێر یا ڕێوی؟!...

– یانی چۆن، سەرمەشقی چی؟

– تۆ حەقت بەسەر هیچ شتێکەوە نەبێ، من چیم وت تۆ پشتیوانیم لێ بکەو دەستم بۆ لەسنگ بدە.



– دەی!...

– زادۆ! هۆ ۆ زادۆ...!

– بەڵێ گەورەم.

– ماست ڕەشە.

– بەڵێ سەروەرم، بەهەر سی جزمی قورئان، ڕەشە، دەڵێیی عەبەنووسە

– زادۆ، قیر سپییە.

– هەر سێ تەڵاقم کەوتبێ وایە، لەبەفری "کەلیخان" سپیترە، دەڵێیی کافوورە، دەڵێیی سەدەفە.

– ئەوها، زادۆ، ئەوها... ئافەرین... ئەوە بکە بەگوارە لەگوێی خۆتی بکە "دەنگی خۆی نەختێ نزم کردەوە" یەکێ چاوی لەوە بێ لەختو خۆڕا گەورە بێ، یەکێ بیەوێ بەبێ کاسبی و بێ ئارەقە ڕشتن... دەوڵەمەند بێ...! دەبێ ئەوها بێ، ئەگەرنا خۆڵ لەدۆی خۆی دەکا...!. "بەدەم ئەم قسانەوە ئاوڕی لەلای بنەبانێ دایەوە، لای لەخێزانەکەی کردەوە، دەنگی خۆی هەڵبڕی": هەیبەت، لەکوێی، دە وەرە چامان بۆ تێکە، بەملی شکاوت...

– "زادۆ" بەدەمێکی بەپێکەنینەوە لای لێ کردەوە: ئەوشۆ گەلێ گوراح خۆش و بەهەوەسیت، خوا بەدڵت دا بڕوانێ...

– "ئۆمەر" بەقسەکانی گرژییەوە": لەخوا بەزیاد بێ، دەڵێیی تەمەنم نوێ بوویتەوە. ئەوەی ئێمە و مانان مەرامانە و دەمانەوێ بیگەینێ، هەمووی زۆر بەئاسانی دەڕوا بەڕێوە... ئەوجە بتبینم سبەی چ دکرەک بەگوندی بکەی...

– خوا پشتیوان بێ، دەبێ ڕوحیان هەڵقەنێنم... ها ها ها...

– ها ها ها... بۆ وە ناکەی، باوکم بۆ وە ناکەی، لەچیت کەمە...؟! "دایەوە قاقای پێکەنین"... خانووبەرەیەکی گەورە و لە "میرە دێ"ش... پارچە زەوییەکیشت هەر پێ دەدا... ئێیی "ڕنەی مەندان"یش پڕی ماسییە...!

– ببم بە"میراو"یش... "ئەویش پڕ بەدەمی دایە قاقای پێکەنین".

لەپڕ "ئۆمــەر" پێکەنینی خــۆی قــوت دایەوە، تاوێ بێــدەنگ بـوو، بەڕوویەکی گرژ و تاڵەوە لای لێکردەوە:

زادۆ، زادۆ... سەگباب!

– "زادۆ" بووبە ئاوری ئاو پێـداکـراو، ئەوەی پاشـمـاوەی پێکەنین بێ لەسـەر ڕوخسـاریا نەما. بەسەرسـووڕماوییـەوە لای لێ کردەوە: ئۆمەر!... چیتە، چ دەڵێی؟!...

– زادۆ... هەی کلک شین، نامەرد، هیچ و پووچ

– کورە کـورە... ئۆمـەر...! دەسـتیـان لێ وەشـاندووی، دوور بی بەدەردی "دێوانە" چووی!!!... بۆ وا گۆڕای...!؟

– زادۆ، هۆ زادۆ... سەی لەبابێ سە، قەحبەباب...

– بسـمیللا بسـمیللا، "ئۆمەر، ئۆمـەر"... چیت بەسەر هاتووە؟ ئەو قسە حەلەق و بەلەقانە چییە دەکەی؟!

"بەدەم ئەم قسـانەوە بەرزە پێ لەشوێن خـۆیا هەڵسـایەوە پەنجەکـانی لێ هەڵشـەقـاند" : وەڵڵاهی چیـتـر لێت قـبـووڵ ناکـەم. "لایەکی لە خـێزانی کردەوە": "هەیبەت"... ئەوە پیاویژگەت چی بەسەر هاتووە، بۆ وا گۆڕا...!؟.

– بڵێم چی... دیارە تۆ دەستت لێ وەشاندووە!

– "ئۆمـەر" کـەوتە پڕمـە پڕم و هەنیـسـکی پێکەنین... پاشـان دەسـتی لەسەر دەمی خـۆی لادا و ئیـتر وەک لافـاو زنجیـرەی پێکەنیـنی بەرهەڵدا... کەفەزگ بوو ئەوەندەی پێبکەنێ. بەدەنگێکی بەرز لای لێ کردەوە:

– بێ یەغـبـار دانیـشـەوە، ئەوەش هەر سـەرمـەشـقـێک بوو سەرمەشق... بەدبەخت کێڕا لەبیرت کرد؟!... دەتجەڕبێنم، دەبێ بزانی کاتێ جوێنی وات پێ دەدرێ چۆن ڕەفـتـار بکەی...! بەدبەخت نابێ وا لـێی زیت بیتەوە...!



– ئەە ماڵت، زراوت بردم...!

– خـانە خـراو بۆ زراوت دەچێ...، ئەو جـوێنانە هەرمـێـشـک و ناسکە نانی دوا ڕۆژن...! بەخۆت و بەماڵ و منداڵەوە... پارووتان دەکەوێتە ڕۆن...!

– ئێ دەی دەی... جا چۆن ڕەفتار بکەم؟!...

بەدەم ئەم قسانەوە لەشوێن خۆیا دانیشتەوە.

– نەکەی بەم جوێنانە قەڵس بی و ڕووی خۆت گرژ کەی و پێی سەرگران بی...! یا تووڕەیی و مڕ و مۆچیت پێوە دیار بێ... نەکەی ها!...

– ئەدی چ بکەم؟!

– ئاخر ئەوە پێت دەڵێم، نەکەی خۆت ترش و تاڵ پیشان دەی.

– ئەدی چۆن بم؟... دەی پێم بڵێ.

– دەبێ بەبارتەقای جوێنەکان دڵخۆشی و ڕەزامەندی خۆت پشان دەی.

– یانی چۆن؟ چۆنی پیشان دەم؟...

– دەبێ لەگـەڵیـانا پێ بکەنی و دەموچاوی خـۆت گـەش پیشـان دەی... سەری بۆ بلەقێنی...! ئەوە هەندێ زەحمەتە، هەتا فێری دەبی و لێی ڕادێی کاتێکی دەوێ. بەڵام دەبێ زوو خۆتی لەگەڵ بگونجێنی.

– دەی ئەوجـــارە، ئەو جـــارە، با دەست پێ بکەینەوە، دیســـان بمجەڕبێنەوە، بزانە چۆن دەبم؟!...

– "دوای کەمێ پشوودان و بیر کردنەوە "ئۆمەر" لای لێ کردەوە: زادۆ... سەگباب!

– هە، هە، هە، هە

– نا وانا... گەرمتر گەرمتر، وا سارد و سڕ پێمەکەنە، دەمت بەتەواوی بکەوە

– ها ا ، ها ا، ها ا.

– زادۆ... سەگی لە بابێ سەگ، نامەرد، هیچ و پووچ

– ها ا، ها ا، ها ا...

– نا... بۆ ئەو جوێنە زۆرە ئەوەندە کەمە، هێشتان پێ بکەنە، هێشتان درێژەی پێ بدە.

– ها ا، ها ا، ها ا، ها ا، ها ا...

– زادۆ،... هەی کەری کەر باب، گوو بەتەلاقت، سەر و چوار پەلت بەگۆڕی دایک و داپیرت، سەر و ملت بە...

لەگەڵ بازنەی پێکەنینە بەرزەکەیدا، جوێنە ئەزموونئامێزەکانی "ئۆمەر"ی قووت دایەوە:

– ها اا، ها اا، ها اا، ها اا، ها اا، ها اا، ها اا، ها ها ها ها ااا ی ی... بەڵێ گەورەم، بەڵێ سەروەرم... بەخولامی دەمت بم... "کۆخەیەکی توند، لە زنجیرەی پێکەنینەکەی پچڕاند، دەستی بەسنگی خۆیا ماڵی لای لە "ئۆمەر" کردەوە": وەی بابە هەناسەم چوو، ئەنگە نەفەس بووم...!

– ئافەرین، ئافەرین "زادۆ"

– هێشتان هەر هەناوە کوتە و هەناسە برکێی بوو، پرسیارێکی پچڕ پچڕی ئاراستە کرد: شێر بووم یا ڕێوی؟!

– نا نا... شێریت شێریت... تازە لێت ناترسم، لەسەر بەردیش بژی، نانی خۆت پێ پەیدا دەکرێ...!.

"دوای نەختێ کڕبوون و بێدەنگی دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی": شتێکی تریشت پێ بڵێم، "بەکراغە" زۆر هەوەسی بەدیاری و بە شتی جوان جوان دێ.

– جا لە ماسی جوانتر و بەتامتر هەیە. شەرت بێ دەبێ لە"ڕنەی مەندان"ێ ماسی وای بۆ بگرم، هەر یەکی هەندی لا باڵەک بێ.

– باشە ئەویش خراپ نیە... ماسی بێ، کار مامز بێ، کەوی گۆبندە بێ، باز بێ... تەماشاکە، من چ دیارییەکم بۆی داناوە؟ "بەدەم ئەم



پرسیارەوە لایەکی لە بازە پێ بەشکاربەند( )ەکە کردەوە، بەجووکە جووک و باڵ هەڵشەقاندن کەوتبووە دەنووک ژەندن، وەتراخەکەی( ) ژێری دابوە بەر دەنووکان... بەخۆ بەپاڵتۆ ئارداوییەکەی سەر شانییەوە هەڵسایەوە، سێ چوار جار بازەکەی لەسەر ناو لەپی خۆیدا ڕاگرت و بەرەو هەوراز بەرزی دەکردەوە و نزمی دەکردەوە:

"ئەهە، ئەهە، ئەهە،... دە گەورە، دە گەورە... دەگەورە...." وەک منالی ساوا سەری خۆی لەبەر خوار کردەوە: "جوڕ ڕ ڕ جق... جوڕ ڕ ڕ ڕ جق... قغ قغ..." هەتا توانی بەرزی کردەوە: "هات، هات، نێچیرێکی چەور هات... قغ... قغ... قغ... قەلە، حەبارەیە، کەودەرییە..." هەر بەسەر لەقاندنەوە، دەستی خۆی نەوی کردەوە، ملی خۆی بۆ درێژ کرد: "کوو ککووو ختی... کو کوو ککووو..." بەدەم قاقای پێکەنینێکی بەرزەوە لای لە "زادۆ" کردەوە، بەپەلە و خێرا خێرا بەبێ وەستان کەوتە قسە: "من بەپێش کاروان دەکەوم. کە گەیشتمە "میرە دێ" قوشچییەکەی ئاغە هەر لەدوورەوە بەپیرمانەوە دێ و دیارییەکەم لێ وەردەگرێ ئەمنیش هەر لەدوای ئەو خۆم لە دیوەخان دەکوتم دەزانم بە ساردی بەخێرهاتنم دەکا بەڵام کە قوشچییەکە دێ و بازەکەی لەپێش دادەنێ هەندێ دڵی خۆش دەبێ و سەرێکم بۆ دەلەقێنێ و پێم دەگرژێتەوە وەکی کە منیش هەڵسام و گوتم قوربان ئەمن بەرقەرەوڵی کاروانم کاروان وادێ "هەوارە بەرزە" چۆڵ و هۆڵ بوو..." لەگەڵ ئەم قسەیەدا، قولپی پێکەنین لە دەمی تریقایەوە. ها، ها، ها... "زادۆ"ش بەهەمان خۆشی و قاقای پێکەنینەوە، هاوبەشی لە قسەکانی "ئۆمەر" کرد و لەبنی هەناوییەوە ڕا چەند وشەیەکی کەل و شکاوی دەرکاند: "هەموو، هەموو... ها ها ها... هەموو هاتن بەجەمبوور... ڕانک ڕەشی چەکمە سوور..."

"ئۆمەر" لەگەڵ ئەم قسەیەدا بەرزتر تاو و تەوژمی پێکەنینەکەی بەرهەڵدا: "ها، ها، ها، ها، ها... ئەرێ وەڵڵا هاتن بەجەمبوور،

بەجەمبوور...". پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "ئەوجە، ئاغە لەتەنیشت خۆیم دادەنێ، هەها ئەوها، ئەوها..." نەختێکی تر خۆی مشتوماڵ کرد: "ئەوها ئەوها..." بەدەم ئەم ئاخاوتنانەوە، گەڕایەوە جێگەی خۆی و دانیشتەوە، چۆکی لەچۆکی "زادۆ" نزیک خستەوە: "ئەوها، ئەوها... چۆکم بەچۆکییەوە دەنووسێ، لەلای سەرێ لەتەکیا دادەنیشم...".

"زادۆ" زنجیرە پێکەنینێکی بەرزی لەدەم تریقایەوە، پاشان بەرز هەڵیدایێ: "هەی لەو ڕۆژە، هەی لەو خۆشییە،... دەبێ بەچاو ببینین...؟! دەبێ بیگەینێ...؟!".

– "ئۆمەر" خێرا خێرا قسەکەی لێ وەرگرتەوە و وتی:

بەخوا دەیگەینێ و زیاتریش!... "بە پەنجە هەڵشەقاندنەوە درێژەی بە قسەکانی خۆی دا": وەڵڵاهی وە بیللاهی وە تیللاهی، قیتە سوار نەبێ، چونکە ئەو ئاوی بێ لغاوی خواردۆتەوە... هەوارە بەرزەیی، هەر لە هووردی هەتا درشتی، دەکەم بەئەنگوستیلەیەک و لەپەنجەی خۆمیان هەڵدەکێشم... ئەوان ئەوەندە بەدڕکێب نین، زوو دێنە بن بار... بەڵام چ بکەم قیتە سوار، قیتە سوار...!! "دەستی لە کەمەری خۆی وەرێنا"... کەس دایکی منی نەگاوە قیتە سوار نەبێ...!

– دە تۆش ئەوەندە مێشکی خۆتی پێوە خەریک مەکە، خوا باشی بۆ هێناوین... بەڵکو ئەویش، ئێهـ...! زستانە و بەفرە و... دەعبایەک، ڕەنوە بەفرێک... ئێهـ...!

– ها!!... بەینی خۆمان بێ دڵم گەلێک دەترسێ، ترسێ دەکەم ئەو کابرایە ڕیسمان لێ بکاتەوە بەخوری.

– ئەوێ ڕۆژێ کە "شاخۆ"م دی، وام نەگۆت... بەڵام هەندێ شتم لەبن گوێی ترینگاندەوە، زەندەقم برد...

– ئا... چاکت کرد. با هیچ شتێک لەزمانی ئێمەوە بڵاو نەبێتەوە...



– هەڵبەت، هەڵبەت... کاری وا هەر لەزمانی ژن و کاڵی ئاواییەوە ببیسترێ باشترە. ئێستا لەناو گوندی پەنگاوی داوەتەوە، بەخۆ بەئەسپ و تاژی و توولەکەیەوە خوراون...

– بەڵێ بەڵێ... خوراون هەڵدێراون، ڕەنوە بەفر ڕایماڵیون... هەموو شت دەبێ.

– "شاخۆ و باغۆ" بەخۆ بەدایک و خوشکیانەوە، هەموو چاویان هەڵایساوە، پڕ خوێن و کێم بووە، ئەوەندەی بگرین و بیر بکەنەوە، چاوەڕوانی و نیگەرانی هەمووی بەجارێ کوشتوون.

– چاک هاتووە، ئەو شتانەی کە ڕوویان داوە، تا ئێستا هەمووی لە بەرژەوەندی ئێمە دایە... لەو دوو سێ ڕۆژە ئەگەر لێمان پەیدا نەبێتەوە، "هەوارە بەرزە" لە توورەگەیەک دەکەم و بەدەستێ دەیبەم لەپێش "بەکراغە"ی دادەنێم و بەدەستەکەی تریش "لەم کاتەدا دەستی چەپەی پان کردەوە" ئەوهای لێ دەکەم و دەڵێم قوربان بدە هەقمان.

– دەست خۆش ش ش!

– دەستێکی لەسەر شانی "زادۆ" دانا، لەقوولاییی چاوا لای لێ کردەوە: کۆتر کۆیە هەر ئەوڕۆیە... باش هاتووە ئەگەر لێی بزانین. چ لە سبەی بەیانی زووتر نیە، بڕۆ بەناو گوند بکەوە... دیسان بەدەنگی بەرز بیکە بەدەنگە دەنگ و گێلەوەژە... هەی گەلۆرینە، کار لەعەلامات و مەلاماتدا نەماوە...! "ئاماژەیەکی بۆلای"کەپکی پیر کەرەم" کرد" : بلێ مانگا مرد و دۆ بڕا...! هەر هەموویان قولەپێچ کە، گوندیان پێ جێ بێڵە، ئەوی تر ئاسانە...!

– دوێنێ لەسەر ئەو قسانەوە خەریک بوو لەگەڵ ئەو سوورتکە دەمڕووتە تێک بگیرێین... بێ ئەدەبییەکی زۆری بەرامبەرم کرد.

– کێ؟؟!

– گاوانە گۆج.

– ئەوها! ونە!!... جا تۆ لەکوێ... ئەو ئیسقادارە لەکوێ؟!...

– لەدوای نەخۆش کەوتنی "دێوانە" خەڵکم هەموو ئاگادار کردەوە، خۆت وتەنی کردم بەدەنگە دەنگ و قەرەباڵغییەک... گێلەوەژەیەک... باسی نیشانە و عەلامات و دێوە و گوند چۆلکردنم کرد... دەبینم زێدە لەهەموو کەس، ئەو لەبەردەمم ڕاست دەبێتەوە و دارم لێ هەڵدەشەقێنێ...

– ئەوها ا ا ا...؟ جوێنی بە"بەکراغە" نەدا؟

– نا نا. حەددی چییە گووی وەها دەخوا...!

– بریا جوێنێکی پێ دابوایە.

– جوێن؟ چۆن؟ یانی چۆن جوێنی پێدابوایە؟!

– گەر قسەیەکی پێ وتبا، بگەیشتبایەوە "میرە دێ"، ئەوەندەی بەس بوو... بەخوا جارێکی تر چاوی بەڕووناکی نەدەکەوتەوە. وا گورگانخواردوو دەکرا، هەر پەلێکی لە کەندێ هەڵدەگیرایەوە.! بێ نەوا و بێ کەسێکی وا، بەپەندێکی دەبرد، چاوی سەد کەسی دیشی پێ دەشکاند...!

– خۆ هەر ئەو نیە. ئەو گۆجە پیسە هەبێ چییە نەبێ چییە! گەلێکی تر هەن سەر نایەننە بەر.

– بۆ چما بەدەست خۆیانە؟!

– هەندێکیان بەهیچ کل و بابەتێ بیر لە ماڵ بارکردن ناکەنەوە.

– ملیان بشکێ... جارێ با ئێمە ئەوانەی دڵیان نەرم بووە، ئەوان هەڵقەنێنین، جێ و ڕێیان بۆ بکەینەوە... ئەوانی تر، با هەر لەو هێلانە حاجی لەق لەقە سەرمابردوو و هەتاو سوٚت بن "پێکەنینێکی بەرزی بەرهەڵدا، پاشان سەری خۆی لەبن گوێی "زادۆ" بردە پێش": ئێمە هرس و گورگمان لێ کردن بەدێو و دڕندەی باڵدار... ئەوەمان پێ ناکرێ!



– میرە دێیی خۆش بن، دەتوانین مێشیشیان لێ بکەین بەگامێش... "بەدەم ئەم قسانەوە، زەردەخەنەیەک لەسەر دەموچاویدا بڵاو بۆوە": ئەمن دڵم هەر بەو شێتە دەسووتێ،... نازانم چی لێ قەوماوە...؟ چاوی ڕەشکە و پێشکەی کردووە، یەکێ ترساندوویەتی، یا هەر خۆی ترساوە؟!... وا بەجارێ زەندەقی چووە...! لەرز و تایەکی وای گرتووە... هەر مرد هەندی دۆشاو و ڕۆنی دەرخوارد بدەن، شەوتای بۆ بانگ کەن... ئەگەر "ئەحمەد تەبیب" نزیکە دەست بوایە، لەمێژ بوو بردبوویانە لای... بەستەزمانەی، وڕێنە دەکا، قسەی حەلەق و بەلەق دەکا... ناڵە ناڵیەتی...! فەقیرەی خۆی لەسەر قنگ ناگرێ، چوڕە ئاوێکی بدەنێ، دەبێ وەک مەلۆتکە دەست بەپشتییەوە بگرن، ئەگەرنا

– "ئۆمەر" دەنگی خۆی هەڵبڕی و قسەکەی پێ بڕی: تەپ بەردەبێتەوە... ها ها ها ها... "لەبەر تەوژم و تاوی قاقای پێکەنینیان، ژوورەکەیان پڕ کرد لەدەنگە دەنگ... هەر دوو کەفە زگ بوون ئەوەندەی پێبکەنن...!.

***

"زادۆ" بەناو ئاواییدا دەڕۆیشت. لەم بەیانیە ساردەدا، هەور و هێڵ وا گوێی گەیاندبووە عارد،... هاکا ئاسمانی تنۆک تنۆک کردی بەکرێوە و تۆف.... هەڵاوەی دەم و لووتی، یەکسەر لەسەر سمێڵە سیس و باریکەکەیدا خەست دەبووەوە. ناوە ناوە شتێکی لەدەم دەردەچوو... یا چەند قسەیەکی دەدرکاند، ئیتر لەسەری دەڕۆیشت و دەستی دەکرد بەدرێژ دادڕی...! دوای چەند هەنگاو هەڵێنانەوە یەک بەنێو ئاپۆرەی ماڵەکەدا، لەشوێن خۆیا سەنگرایەوە، سەری خۆی بۆ ئاسمان هەڵبڕی... دەنگێکی کەل و شکاو،... هەڵقولاو لەکرۆکی ترس و سامی ناگەهانەوەی لێ بەرز بووەوە: "خودایە ئەو خۆڵ و دۆیە چییە بەسەرماندا دەبارێنی...؟!" لەبەرامبەر کۆمەڵە ژن و پیاوێکەوە، هەڵوەستەیەکی بۆ کرد: "خزمینە کەس گازاندەم

لێ نەکا، ئیش لەقەوامی ئێمە و ماناندا نەماوە. دوژمنێک ئەوها بێ مەکان و بێ ئەمان بێ، ئەوهاش گڕناگەت لێ دابگرێ... سەرهەدت لەسەر هەڵنەگرێ و هیچیشت لەگەڵی پێ نەکرێ...! پێم بڵێن، ئەدی پیاو چی بکا باشە؟!...".

پەیتا پەیتا جموجۆڵی گوند پەرەی دەسەند، دوو دوو و سێ سێ، لەگەڵ یەکتر ڕادەوەستان و داخاوتن... پرس و ڕای یەکتریان وەردەگرت... دۆش دادەمان، یان دەکەوتنە هزر و بیر کردنەوە، هەموو جوولە و ڕەفتارەکان، گوزارشتیان لەڕاڕایی و نیگەرانییە چارەنووس سازەکان دەکردەوە. هەندێ کەس ڕوویان لەماڵی "دێوانە مەمۆ" دەکرد، هەندێکی تریان دەچوونە لای پیر و دەمڕاستەکان: "ئێمە لەدێو نادوێین، نەبووە و نە هەیە، بەڵام ناشتوانین فێڵ لەچاوی خۆمان بکەین... کەسانێ هەن بابەلباب خەڵکی ئێرەن، ئێستا وا دەیانبینین، لێرە بار دەکەن، گوند جێ دێڵن...! چ ئاڵۆزی و گێرەشێوێنییەکە،... چ پلانێ لەئارادایە و سەری لێ شێواندووین؟ ئارامیان لێ هەڵگرتووین... چۆن شتەکان یەکلا بکەینەوە؟... چۆن داوەکان لەیەک جوێ بکەینەوە... ئەوانەی بەدەردی پیری خەڵەفاون، ئەوە هەر هیچ، هیچ لاریمان لێیان نیە... بەڵام ئەوانی تر بۆ...؟! چ پاساوێک بۆ سەرلێ شێواوییەکەیان بێنینەوە!؟..."

"ئێمە گەلێ سەراو و دەراومان دیوە... بەو شتانە تەنگاو مەبن. پشووی خۆتان درێژ کەن، گەلێ شت پێویستی بەکات و بە ئارامگرتنەوە هەیە..."

"زادۆ" گەیشتە ڕاست بەراستی "پوور مێردین"، وەک ئەوەی کە چووبێتە سەر قسنێک، لەشوێن خۆیا سەنگرایەوە. بەچمکی جەمەدانیەکەی، کەوتە سڕینەوەی چاوە فرمێسک تێزاوەکانی. "پوور مێردین" لەگۆشەی چاوا سەیری کرد. وەک بڵێی لانکێکی لەبەر دەم بێ،... دەستی کرد بەڕاهەژاندنی و چاوی لەچاوەکانی "زادۆ" بڕی:



"تک، تک، تک... دیتت کوو وەک لانک ڕایهەژاند. ؟!".

"زادۆ" ، وەک بڵێی کۆڵە گروویەکی توند قوڕگی گرتبێ، خۆی لێ نزیک کردەوە: "ئەرێ وەڵڵا پوورێ، دیتم و گوێشم لێ بوو زراویشی بردم...!" لەگەڵ ئەم قسەیەدا زیاتر لێی نزیک کەوتەوە، هەردوو دەستە چرچ و چەوێڵەکانی ماچ کرد و لەسەر سەری خۆی دانا. "پوور مێردین" بەهەناسە هەڵکێشانەوە، ئاماژەیەکی بۆ لای ماڵی "دێوانە مەمۆ" کرد، بەدەنگێکی نزم و لەسەرخۆ، هەر ئەوەتە دەبیسترا، لەژێر لێوەکانیەوە کەوتە ئاخاوتن: "هەموو خەتای ئەوە، ئەو...!" دەستەکانی خۆی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە: "دوعای بۆ بکەن خوا زوو شفای بۆ بنێرێ، نەوەک ئەوجارە..."

"زادۆ" وەک فیشەکە شێتە بەڕوویدا تەقییەوە: "ئەو جارەی چی "پوورێ"... تەمای چیت هەیە...؟! دەتەوێ هەر لێرە بمانڕزێنیتەوە...؟!".

"پوور مێردین" وەکو لاڵێک، بەئاماژە کردنەوە، "دەستەکانی خۆی خستە جوولە و گوندی خستە سەر دەستەکانی خۆی، بەرزی کردەوە، هەر بەهەمان ئاماژەی جارانەوە، دێوێکی لەئاسمانا دروست کرد،... هێرشی هێنا... پاشان دەستی خۆی قلۆپ کردەوە و سەرەو خوار وەری گێڕا... گوندی بەردایەوە خوارەوە و هەڵیدێراند...! ئینجا دەستی ڕاستەی تەخت کرد، وەک دار ڕبە، بەسەر زەویدا پایەماڵی کرد و گوندی نغرۆ کرد...!" حەپە حەپی تووتکە سەگەکەی نزیکی لەجوولە و ئاماژە کردنی خست. هەر چوار پەلی لەناو قوڕ و چڵپاو ختم ببوو. "زادۆ" خێرا خێرا دەنگی خۆی بەسەردا هەڵبڕی، بەتووڕەیی چەغەی لێ کرد.... کە لێی دەرچوو کەوتە خۆ ڕاتەکاندن "تووت، تووت، تووت... هەی ماخۆ مردوو، سەگیت چیت...؟" دەستی دایە پلووکە بەردێ. لەوێڕا "پوور مێردین" دەستی بۆ دەمی خۆی برد، پاشان دەنگی خۆی هەڵبڕی: "نەکەی شەرمەزار...، دەست بینە خوارێ، چەند کەمزانی چەند گەلۆری..."

- "بەڵێ گەورەم، بەڵێ سەروەرم... هاها ها"

– "هیپ... ولی ولی ولی لەوڕۆژە و ئەو قسانە...! ئەو پێکەنینە...!... تۆ، تۆ... زادۆیت یان شتێکی تریت...!؟ چیت گوت، لەگەڵ کێ قسان دەکەی، کێ ئەو شتانەی هێنایە سەر زمانت...! لەبەرامبەر کێ ڕاوەستاویت؟! نازانم نازانم... چیت گوت، تێنەگەیشتم... بۆ وا پێکەنی...".

– وەک بڵێیی گەرەکی بێ هەڵەکەی ڕاست کاتەوە، بەرزتر هەڵیدایێ: "بەڵێ پوورم، بەڵێ نەنکم... قوربانی تۆپە لوای سەرت بم...!".

– "دەم دڕاو، بەردەکەی دەستت فڕێ دە... کێ دەڵێ ئەوە تووتکە سەگە...؟! ئەی کێ دەڵێ تۆ زادۆیت...؟!" بەدەم ئەم قسانەوە، بەلەرزە لەرز بەکووڕە کووڕ، لێی دوور کەوتەوە... دەمێ دەوەستا، دەمێ بەئاسمانیدا دەڕوانی،... لە پنچکە گیایەکی وشک هەڵگەڕاو، پارچە کەڤرێ، قۆڵکە و چاڵایی، لەنگ و لۆری ڕێچکۆڵەکان... لاونیو تێی دەڕوانی... پشیلەیێ، گوجیلەیێ، پەڕەوڵێ... کە لێی نزیک بکەوتایەوە، لەشوێن خۆیا دەوەستا...، لەقووڵایی چاوا سەیری ڕۆیشتن و ڕەفتاری دەکرد و لەسەر شێوەی جوولە و بزۆزی ئەودا، پەنجە باریکەکانی دەبزاوت، تا تەواوێ دوور دەکەوتەوە هەر لێی ڕادەما... تا دەبوو بەپنتکێکی ڕەش و لەگەڵ لێڵایی چاویا تێکەل دەبوو... بەم پێیە هەر سەیری دەکرد و هەر لێی ورد دەبووەوە، لە سوێی ئەم حاڵەتانەوە، هەر لە قسەکردن و بڵمە بڵمی خۆیا بەردەوام بوو، تا تەوێڵی نا بەچەپەرەکەی ماڵی "ئایشەشەل"ەوە.... پاشان وچانی دا، سەرە و هەوراز کەوتە ڕوانینی"بستی هەرمک": "چ ودمێکی،... بۆ وات لێ هات؟..". سەرنجەکانی بەرزتر هەڵدا، بۆ ماڵی"جب" بۆ گوێدرێژە ڕەنگ وەک فستق تێر ئاوەکان، چوار پەل قەوی، خۆرت و چاو زیت: "هی، هی، جوولەی گوێیە درێژەکانیان، شەڕ و شەیتانیان لێ دەبارێ، شەڕ و شەیتان.." خێرا خێرا، سەری خۆی داخستەوە... کاکۆ و لەودەکان کەوتنە بەر چاو... : "هەی مەلعونینە، بەڕۆژیش هەر بەدێو دەچن... چەند بەسامن؟!..." دەستەکانی کەوتنە جوولە



و ئاماژە کردن، دڕندەیەکی گەورە و چاوێکی زەق و پڕ لە مەترسی دروست دەکرد... بەجوولەی دەستەکانیەوە کەوتە هێما ڕانان و بەرچڤە کردن: "کە خۆی پیشان دا، چاوەکانی لێ زەق کردنەوە، بۆی هاتە خوار، هێرشی بۆ برد، ئەویش هەڵات، هەڵات، هەڵا اات، هەڵا ا ا ا ات... " زەردەخەنەیەک بەزۆرە زۆر هات و سڕایەوە، لە خەوێکی قووڵ بوو بەڵام هەنگاوەکانی بێداریان دەکردەوە،... بەکوێدا هاتبوو بەوێدا ڕێگاکەی کوتایەوە... دەنگە دەنگی کۆمەڵە پیاوێک ڕایچڵەکاند:

– "هەر بڵێین خوایە نەبێ بەبرا گەورەی گاوریش".

– "پیاوم دەوێ لەقسەی دەرچێ"

– "جۆو جۆبارمان لێ وشک دەکا... ئاومان لەسەر دەبڕی"

– "کەسانی وامان لەسەر دەکا بەکاربەدەست، لە پەڕۆی بن منداڵ بێ بەهاتر بێ...!".

– "پوورمێردین" دەتوت کەوتۆتە ناو کایەی موگناتیسەوە، کە چاوی بەئاپورەی خەڵکەکە کەوت، تەکانێکی نارێک و لاسەنگی دایە خۆی... هەنگاوەکانی گەلێ قورس ببوون، قاچەکانی خوار و خێچتر ببوون... خێرا خێرا لە دەنگەکان دوور کەوتەوە، دەستی کردەوە بەسەر بادان و دەست هەڵشەقاندن، بەپانتایی ئاسمانا ڕوانی... کەوتە وێزەی گۆرانییەکی وڕێنە ئامێزەوە: "لە قووچان قووچی قەزەن...، لە کەندان زەندۆڵی زەرزا..." چاوەکانی خۆی داخستن، پاشان سەری هەڵبڕییەوە، بەدەست ئاماژەی بۆ ئاسمانێکی دوور و دەراز کرد: "سەری تەشوێڵە، کەپکی ناو تەمتەم، قووچی قەزەن..."... هەر بەم ئاوایە، هەنگاوی دەنا، گەلێ جار تارماییەکی سپی بەسەر چاوەکانیا هەڵدەکشا،... ڕێگا و کۆڵان و خانوو بەرە و تەواوی ئاوایی بەهەموو زێد و زێدەوارێکیەوە، لەبەر چاوان دەسڕایەوە... وەک بەر ڕەشەبایەکی هار و هاج کەوتبێ، هەمووی خاپوور

دەبوو...! هەر دەڕۆیی و هەنگاوی دەنا... کتوپڕ قاڕە قاڕی گیسکە مەرەزێک ڕایچڵەکاندەوە،" "یخ خ... یخخ... هەی دایکەکەی دایکتان... دار جووتی لێ هەڵدەشەقاندن و ڕەدوویان دەکەوت، "پوورمێردین" لە پشتەوەڕا توند دارەکەی گرت. لێی نزیکتر کەوتەوە، ئەویش دەستەکانی بەخۆیدا شۆڕ کردەوە و بێ دەنگ وەستا... دەستە لەرزۆکەکانی لەسەر دەمی دانا، بەڕوویەکی گرژ و تاڵەوە سەیری دوڕ چاوی کرد: "شێت و شور بۆ وا خوێن لە چاوت دەبارێ؟!...". بەدەست ئاماژەی بۆ کرد و تێیگەیاند: "دارەکەت فڕێ دە، کاری وا کاری نەکردانە... جارێکی تر ناماقوڵی وا نەکەی..." کزە بایەکی سووسارد و تەزیو، لەش و لارە پەڕپووتەکەی پڕ لە لەرز و ڕاچڵەکین کرد، وەک داهۆڵ لەگەڵیا دەهەژایەوە... بەبڕست لێبڕاوی و شلەژاوییەوە ملی ڕێگای گرتەوە بەر... هەنگاوە خێرایەکانی ڕاستەوخۆ گەیاندییەوە ماڵی "دیوانە مەمۆ"... چوو لە نزیک ئاگردانەکەوە لەلای سەرینگانی دانیشتەوە؛ بەڵام "ونە"ی تووڕە و توند و پڕ هەڵماو، گوندی لەلا ببوو بەگۆڕستانێکی پڕ لە ترس و نیگەرانی، هەموو ساتێ گۆڕە و شار دەدرا... هەر بەهەمان نیگەرانی و گرژی جارانیا، بزن و گیسکە مەرەزەکەی بەپێش خۆی دا، تا گەیاندنیەوە ماڵەوە... پاشان چوو سەرێکی بەماڵی "شاخۆ" داگرت، لەلای ماڵی"ساڵح مام شێخ"یش سەنگرایەوە، تا ئەوساش پرس و خواستەکانی هەر لەناو تابووتی چاوەڕوانیدا، بێ وەڵام مابوونەوە...! ئەمجارە بۆ لای"جب" و گوێدرێژەکانیەوە سەرکەوت، دوایە ژێهەڵ بەرەو"بستی هەرمک" ڕۆیشت... تا چاوی بڕی کرد لە شاخە بەفراوی و لووتکە بەرزەکانی ڕوانی...دیسان سەرنجی بەقسە قوڕس و نیگە ئامێزەکانی"زادۆ"وە لکایەوە... گوێی بۆ ڕاداشت...:

– "خۆڵبارانە خۆڵباران... بەو زستانە، بەو بەفر و بەستەڵەکە،... بەڵێ گەردەلوولە، ڕەشە بایە، ڕۆژ گیرانە ڕۆژگیران...،... تک، تک، تک... ڕاتهەژێن... دەبێ چی بێ ئەوە... لانکە جۆلانەیە..." بەدەم ئەم قسانەوە



ڕووی لە ماڵی خۆیان کردەوە. سووڕێکی بەدەوری خانووە شەق و شڕەکەوە دا... چەند جارێکی تریش بەهەر چوار دەورەیدا خولی خواردەوە و دایە بەر سەرنج و تیشکی چاوە ئاوەژۆکانی... : "توخوا تۆ خانووی یا کۆڵیتە مریشکی... قسەی"ئۆمەر"ە من و ئەو کونە سەیە... تف ف ف...!! خۆزگەم هەر پاش پێی من بەگوندەوە نغرۆ بووبایت...! لە گوندەکانی تر..." بەدەستێکی ئاماژەی بۆ لای"میرەدێ" و گوندە قەرەباڵغەکانەوە ڕانا: "خانووی وا ناکەن بە سەرگیندانیش...!" بەدەم ئەم قسانەوە سەری خۆی بەژوورەوە داگرت، خێزان و منداڵەکانی ئاگادار کردەوە... ئیتر هەرچی نوێن و پڕێسکەیەک هەبوو، هەموویان پێچایەوە، لەگەڵ شتومەکەکانی ترەوە، لەپشتی گوێدرێژەکانیانەوەی شەتەک دا... ئیتر بەناو ئاواییدا سەر بەرەو خوار بوونەوە: "خزمی ئاوایی گەردنم ئازاد کەن، دنیا مەرگ و مردنە، نەوەک چیتر یەکدی نەبینینەوە" "ئایشەشەل" لە ماڵەوە دەرکەوت، بەدوای دەنگە دەنگی"زادۆ" دا هەنگاوی هەڵێنایەوە:

– ئەیەڕ ڕ ڕ ۆ ۆ... کردت بەڕاستی!؟

– پلە ئایش هەتا ئێستا درۆم لەگەڵ کەس کردووە؟

– بەیەکجاری جێمان دێڵی؟!

– لەوێ چاوەڕوانتان دەکەم.

بەدەم ئەم قسانەوە، بەبەردەم ماڵی"شێخاڵ"ەوە ڕابورد. "شاخۆ" و "باغۆ" لەگەڵ "ساڵح مام شێخ" و "خدر خەندان" وەستابوون... لەجێی خۆیەوە هەڵوەستەیەکی بۆ کرد، بەدەم ماڵئاوایی و خواحافیزی لێکردنەوە هەنگاوی هەڵێنایەوە: " گەردنم ئازاد کەن، پشتاو پشت لەگەڵ یەک ژیاوین... حەز ناکەم کەس گازاندەی لێم هەبێ و...!". "ساڵح مام شێخ" ماوەی نەدا قسەی تر بدرکێنێ، بەساردی وەڵامی دایەوە: "ئازادە ئازاد... کەسیش گازاندەی نیە...!". "شاخۆ" دوای دەمێ لە سەیرکردن و بیرکردنەوە، دەمی

ئاخاوتنی لەوانی ترەوە کرد: "تا ئێستا گوێم لێ نەبووە، لەترسی مردن کەس جێ و ڕێی خۆی جێ هێشتبێ...!". "سالّح مامشێخ": "گوایە مردن لەوێ نیە...!... نا نا... ئیشەکە وا نیە... پێ دەچێ لەبن گوێی خوێنرابێ..، ئەگەر وا نەبێ، دەبێ ئەو کابرایە چی ڕەچاو کردبێ، وا لەسەر هیچ و خۆڕایی ئێرە جێ دێڵێ، تۆ بڵێی تا ئەو ڕادەیە تەماح شێتی کردبێ؟!..." "خدر خەندان" تا ئەوساش هەر سەری خۆی داخستبوو، بەڕەنگ و ڕوویەکی هەڵبزڕکاوەوە، هەڵیدایێ: "ئەی ئەوانەی لێرە دەمێنن، چییان ڕەچاو کردووە؟!" "شاخۆ" لەگۆشەی چاوا لایەکی لە "خدر خەندان" کردەوە، گەرەکی بوو قسەیە بدرکێنێ، بەڵام زوو قووتی دایەوە. دوای ساتێ ورد بوونەوە و سەیر کردنی "زادۆ"، کە بەدوای گوێدرێژەکاندا دەڕۆیشت و منالّەکانیشی هەندێ سوار و هەندێ پیادە، لەگەڵ دایکیان ملی ڕێگایان گرتبووە بەر، بەباریکە ڕێگاکەدا، ژێهەل دادەکشانە خوارەوە... هەر بەدەم سەیر کردنیانەوە، کەوتەوە ئاخاوتن:

– دەبوایە پەلە لە ڕۆیشتنەکەی نەکا، هەرنا هەرنا، بیوتبا چەند ڕۆژە خزمێکی ئاوایی دەرکەوتووە، هیچ سەر و سۆراغی نیە، لەساڵێکی وا بەدیۆم و پڕ لە پڕوپاگەندە...!...

– سالّح مام شێخ: دڵ لەدڵ مەدەن، نە تەنهان و نە بەتەنهاش دەمێننەوە "دوای هەڵوەستە کردنێ دەنگی خۆی هەڵبڕی": ئەوەی تەنها بێ هەر "زادۆ"یە. "بەرزتر هەڵیدایێ": "باوەڕ ناکەم کەسی تری بەدواوەدا بچێ...!".

"جب" لەتەک گوێدرێژەکانیەوە ڕاوەستابوو، سەیری خوارەوەی دەکرد، کە ئەم قسەی گوێ لێ بوو، بەدەنگێکی بەرز هەڵیدایێ:

– با با... هەن... هیتریش هەن. "لای لە مالّی "ئایشە شەل" کردەوە": هەیە ئەگەر باریش بکا لەبەر هیچی نیە، هەر لەبەر ئەوەیتی، مێردێکی تریش بکاتەوە.



– دەنگی ئایشە شەل لەناو چەپەرەکەوە بەرز بووەوە: کڕ بەهێیی!

– کڕ بم و کڕ نەبم وایە.

– خێل و خواری دەم دڕاو، خۆشت بەپیاو دادەنێیی... هەر ئازای دەم لەدەمی ژنان بنێیی!

– بەدەست ئامـاژەیەکی بۆ مالّەوەیان کرد و کەوتەوە قسە کردن، : ئەی بۆ مالّی خۆت وا پێچاوەتەوە؟

– نەمردبام خوای گەورە چڕ و چاوی تۆی لەبەر چاوی بزر کردبام... چیترم نەدەویست...!.

– بزر دەبێ، دەبێ... یاڕەبی نۆی تریشت دەکرد.

"ونە" وەک با هات و بەخۆ بەدارجووتەکەی دەستییەوە گەیشتە لایان، کردی بەدەنگە دەنگ و هەرا: "هەر ئێستا دەچم ئەو "زادۆ"یە لەبن داران شەت و پەت دەکەم... چاو دێ چاو کوو ملی خۆی حیز کردۆتەوە..." گەرەکی بوو هەر بەو گوڕ و تینەوە هێرشی بۆ بەرێ، بەڵام "شاخۆ" زوو بەربینگی لێ گرت:

– ئازا بە مەڕۆ، تۆش وەک ئەو مەکە. "ونە" خۆی نووشتاندەوە، دارێکی بەزەوییەکەی بەر دەمی خۆی داماڵی، هەناسە سوار و پەشۆکاو وەڵامی دایەوە:

– ناوەڵڵا ئەگەر ئەنگۆ ئازا و نەترسن، نەک هەر نەڕۆین، با ئێستا، هەر ئێستا بەدوای سۆراغی باوکتدا بچین.

– "سالّح مام شێخ" زەردەخەنەیەکی تەنکی بەسەر ڕوخساریدا بڵاو بووەوە:

هێشتان نەفامی، بارکردن لەکوێ؟ نەهاتنەوەی ئەو لەکوێ...؟!

– ونە: بەخوا دەنا ڕاستیەکەتان پێ بڵێم، ئەو خەڵکە هەموو لەبەر ئەوە، وەها چۆکیان شکاوە!

– "خدر خەندان" زوو قسەکەی پەسند کرد و وتی: وایە. کار وا بڕوا ڕەنگە گەلێ کەسی تریش سەری خۆیان هەڵبگرن...!

– "ساڵح مام شێخ": بۆ خەڵک سەری خۆی هەڵدەگرێ... لەبەر چی...؟

– خۆ من ناڵێم لەترسان، یان لەبەر قسەکانی ئەوێ ڕۆژێی"بەکراغە" کە بڵێم خەڵک تەماحگیر بوون... "دوای نەختێ کڕبوون، بەدەنگێکی کەل و شکاوەوە درێژەی بە قسەکانی خۆی دایەوە":

کە گوند ئەوها چۆل ببێ و هەر بابایە بار بکا و سەری خۆی بۆ لایەک هەڵگرێ... ئەوانی تر چ بکەن لێرە...! کەس هەر شوانی و گاوانیشمان بۆ ناکا.

– "ونە" خۆی لە "خدر خەندان" نزیک خستەوە، کەمێکی مابوو خۆی بخاتە سەر پێڵاوەکانی و دەستەکانی ماچ بکا:

"مام خدر" شەرتی پیاوان بێ، بەرخەوانیشتان بۆ بکەم!

***

شەوێکی پڕ لە هەور و سەرما و سۆڵ... پەیتا پەیتا گوندی پڕ لەشمر و شەیتان و زیلک ڕژاوی نوقمی دەریای تاریکییەکی گورچکبڕەوە دەکرد و لەگەڵیا دڵە کرچ و کاڵ و لاوازەکانی دەخستە نێو وەیشوومەی شەستە بارانی ترس و ڕاچەنین. دڵ و دەروونی "پوور مێردین" و گەلێ کەسی تریش... مۆتەکەی ترس و نیگەرانی، دەبوو بە مسی تواوە، سەدان تارمایی و دێو و درنجی گوێ مووچ گوێ مووچی دێنایەوە بەرچاو...، وەک مێمڵ بەدەم و لێوە دڕکاوییەکانیانەوە، لەخوێن و خیزاوی گەدە و مەمیلەکانیان دەمژی... لەقوولایی هەناوا ژانێکی توند و زەیستانانە، تەپ و تلّی پێ دەدان...!

هەر لەژوور سەری "دێوانە مەمۆ"وە دانیشتبوو و لێی ورد دەبووەوە، ناوە ناوە لەبەر خۆیا دەیترماند: "بەقوربانی دەفە و زەرگی حەوێزیت بم. کەینێ بەسەر پێیان دەکەویتەوە...؟ دێوی گەڕ گەڕ هەروا بەدەورماندا چەرخە دەکا



و دەخولێتەوە...!" لای لە دەفە چلّکنەکە کردەوە: "چ گوێی لەدەنگی دەفەکەی تۆ بێ، چ بەبەر تۆپی کەللە بکەوێ...!" سەری خۆی داخستەوە، لەبنی چاوە کزەکانیەوە لێی ڕادەما و گوێی لەپرخ و هۆڕی ڕاگرتبوو... بەدەم زەردەخەنەیەکی تەنکەوە، ورتە ورتێکی لەدەم دەرچوو: "ئیشاڵڵا چەلاو و گۆشت فڕووجەکەی دوێنێ کاری خۆی کردووە...! دەرمانی ئەو وجاغ کوێرە یەکاو یەکە... لەئاویلکەی مردن بێ، مادام "خدر خەندان" باگۆی شەوتای دایەوە... ئیدی نەخۆشە ئەلەمی لێ نامینێ...!" دوای نەختێ دۆشدامان و بێ دەنگی گەڕایەوە سەر قسەکانی خۆی: "هەتا بەدەف و عەلەمەوە بەسەر بستی هەرمک نەکەوییەوە، دڵم ئۆخەی ناکا...، ئیشاڵڵا، سبەی ئەو وەختە گوێم لە زیکر و لە دەنگی دەفەت دەبێ". تەزوویەکی سارد لەبنی هەناوە بەیەکدا قۆپاوەکەیەوە هەڵسا و باوشکێکی دوور و درێژی هاتێ... لەگەڵیا دەمە چکۆڵانەکەی لەیەک کردەوە، ڕیزە فرمێسکێکی باریک بەملا و بەولای ڕوخسارە چرچ و چەوێڵەکانیدا بازرەقەیان بەستا، پەیتا پەیتا سەرخەوێک جەستەی خاو دەکردەوە...

"هێ ی هێ ی هێ ی، کوڕ گەلۆ، خزمی گوندینۆ هێ ێ ی..."

لەگەڵ ئەم دەنگەدا، لەشوێن خۆیا ڕاچڵەکی: "ویسمیللا...!" لەگۆشەی چاوە خەواڵووەکانیەوە، سەیری خێزانی دێوانەی کرد... ئەویش هەر لەشوێن خۆیا، خەوە کوتکەی دەبردەوە، هەستی بەنیگەرانی "پوور مێردین" کرد... خێرا سەری خۆی هەڵبڕی: "ونە" یە.

– هەیکەسێ، بەو شەوە و "ونە"...؟!

– ئەدی هەر وا نەبووە...! "دوای نەختێ کڕ بوون و بیر کردنەوە"... هەوارە بەرزە، بەدوو کەس ئاوەدانە، یەکیان دێوانەیە و ئەوی دیشیان "ونە"ی گاوانە... "لەگەڵ ئەم قسەیەدا چاوەکانی پڕ لەئاو بوون... کە بەم شێوە پەشێوەیەوە لەجێ و بالینگانی ڕادەما... گەلێ وێنەی یەکتربڕ و شێواوی دێوانەی بەدی دەکرد...!

"پوور مێردین" بلەز هەڵیدایێ: "وا ئهووووو... دێوانە لە کێ ێ ێ و ئەو جکسنە هەڵەپاسە لەکێ ێ...!

هەمان دەنگ و ئاواز قسەکانی پێ بڕی:

لەبن هەوران بریسکە و باسکە
هێی هەورێ من
بەفران بارین بەتیلماسکە
هێی بەفرێ من
ورچان هاتن بەهەلینگدان
هۆ ڕاوچییێ من
گوند بوو بەهێلانەی قەلان
هۆ شەوگەڕێ من...

"پوور مێردین" دەنگی خۆی هەڵبڕی و بەتووڕەیی هەڵیدایێ:

"کێ دەڵێ ئەو شێت و شوورەیە؟!"

بەدەم ئەم قسانەوە، هەر لەشوێن خۆیا لەسۆبەکە ڕادەما. هەندێ جار گڕی لێ بەرز دەبووەوە و دەم و چاویان سوور هەڵدەگەڕا، دوای کپ بوونەوەشی ناو ژوورەکە تاریک دەبووەوە...! بەم پێیە ئەوان و هەموو گوندیش، گوێیان لە ورشە ورشی باو باهۆز و شڵۆڤە و دەنگە زوڵاڵەکەی "ونە" ڕاداشتبوو، تەسکینی دڵی خۆیان پێ دەدایەوە.

"ونە"ش بۆلای "کەپکی پیر کەرەم"ی دەڕوانی و بەنێو ئاواییدا دەڕۆیشت... بەسەر "بستی هەرمک" دەکەوت... و دەهاتە خوارەوە... ڕووی لەلایەکی ترەوە دەکرد... کە گۆرانییەکەی تەواو دەبوو، دیسان تێهەڵدەچووەوە و لەقوڕگێکی پڕ لە گریان و لەدڵێکی پڕ لە جەخارەوە... دووبارە و سێبارە دەیچڕییەوە...!.

نوێژییان... پۆشکۆ و پۆڵووە گەشەکانیش چاویان کەوتە خەو، توێژاڵە



خۆڵە مێشێکی سپی لەگڕ و گڵپەی خستن. پەیتا پەیتا ناو ئەشکەوت سارد هەڵگەڕایەوە، تا ئەوساش "شێخاڵ" کەوتبووە خەوێکی قووڵەوە: "کەڵەکێوییەکی قۆچ پەڕ پەڕ بەدەم گەفکردن و هەڕەشە لێکردنەوە هێرشی دێنا، قۆچەکانی وەک تیری تەهەمتەن ڕادەوەشاند، بەرەوڕووی دەچوو،... ئەویش لەسەر قاچە شکستەکەی سووڕ و داسووڕی بوو"، لەهیکڕا بێدار بووەوە، سەرنجە خەواڵووەکانی بۆلای "ڕەخشان"ەوە ڕانا... وەک پاڵەوانی جەنگەڵستانێ، بەئەو پەڕی لەخۆبایی بوونەوە، خەوێکی قووڵ و سازگار دەمار و ماسولکەکانی جەستەی خاو کردبووەوە: "ئەم سەرە خۆرەیە چی بوو... بۆ وا گەفی لێ دەکردی...؟!" بەدەم ئەم کەڵکەڵەوە، هەنگاوە کپەکانی هەڵێنایەوە، سەری بەدەرەوە داگرت، هەموو کۆندڕ و کەندەڵانەکان، لەبەفر دارماڵ ببوون...: "دیسان بەفرێکی زۆر باریوەتەوە، تۆ بڵێی ڕێگا" زرمەی قاچەکانی "ڕەخشان" قسەکەی پێ بڕی، بەپەلە پڕووزێ سەرنجە کتوپڕەکانی بۆ ناو ئەشکەوتەکەوە ڕانایەوە، وەک جەنگاوەری ناو قەڵا بەقوڵغ و سپێرەکانەوە، چەپۆکی لەزەوی گیر کرد، سەرنجی بۆ دوور ڕانا... یەکسەر بۆلای گەڕایەوە، دەستێکی بەلا مل و باڵ و بژی داهێنا، کەوتە دڵدانەوەی: "دەزانم نیگەرانی چیت، تۆش بیر لە هاوژیانەکەت دەکەیتەوە، مزگێنیت پێ بدەم، ئیمڕۆ سبەیەک جوانووەکی جوان و قشتیلەتان دەبێ... من لەتۆ بەپەلەترم، بەڵام ئەو بەفرەی ئەمشەویشی هاتە سەر، ڕێگای گەڕانەوەی لێ سەختتر کردووین...!...

"ڕەخشۆ" منی تاقە باڵ... بەتەنها تۆم پێ ناگەیەنرێتەوە ماڵان، ئاخ خ خ... خۆزگە بمتوانیبوایە هەتا "هەوارە بەرزە" لەپشتێم کردبای!..." بەدەم ئەم قسانەوە کەوتە ڕاو تەگبیر و دڵەڕاوکێ: "تۆ بڵێی گەر جێتان بێڵم شتێکتان بەسەربێ؟!... دڵنیابن گەلێ گیر نابم..." دوای نەختێ بیر کردنەوە و بەخۆدا چوونەوە: "نا نا نەخێر نا... هەرگیز ناتوانم بێ ئێوە ڕێ داگرم...!" دەستی دایەوە تفەنگەکەی لە ئەشکەوتەکە دەرکەوتەوە: "بەڵام

دەبێ دەستەو سانیش نەوەستم!" بەدەم ئەم قسانەوە، تفەنگەکەی خستە ناو مشتی و باقەنەجمەی هەڵبچڕی، بەرەو "هەوارە بەرزە" لوولەی بەرز کردەوە و گرمەی لێوە هێنا، دوایی ساتێ قەوانەکەی فڕێ دایەوە، دیسان فیشەکێکی تری لێ خوڕیە بەرێ و دەستی پێدا هێنا... ڕووی تفەنگەکەی وەرچەرخاندەوە لای "لاکەچە" و "ژاژیلۆک"، یەک و گوللەی قۆرخانی بەسەردا هاویشتن. ڕەقژنی تەقەکان دۆڵاو دۆڵ دەڕۆیشت و دەنگیان دەدایەوە، قەدپاڵ و ترۆپکە بەفراوییەکانی هەژاندەوە، بەشێوەیەک چین و پاتە بەفرە باریوەکانیش، پەیتا پەیتا لەباریەک دەچوون...! "ڕەخشان" کەوتە پرمە پرم و قاچ کوتان، توولە و تاژییەکانیش بەحەپەساوی کەوتنە نووسکە نووسک و گوێ مووچ کردنەوە... هەموویان وەک کۆمەڵگایەکی ئەشکەوتنشین کەوتنە جوولە و هەڵقوت هەڵقوت...! بەئەسپایی ڕووی لەژوورەوە کردەوە، دەستی دایە کتلیەکە، بۆ دەستنوێژ شوشتن کەوتە خۆ ئامادە کردن. بەڵام بەدەم کارەکەیەوە هەر لە خەمی ئەوەدا بوو کە چۆن "ڕەخشان" لەو بێوڵەتییە ڕزگار بکات: "دەبێ چارەی بکەم، ئەدی خۆ هەروا بەو ئێش و ئازارەوە نامینێتەوە...". دەنگی تەقە دوورەکانی لای "هەوارە بەرزە" لەهزر و بیرەکەی خۆی پچڕاند... زەردەخەنەیەک بەسەر دەموچاویا گۆزەری کرد: "ئەوە بەڕێ کەوتن" دوای دەمێکی تر، دەنگی تەقەی نزیکتری کەوتە بەرگوێ: "بەڵێ، ئەوە لاکەچەیی و ژاژلۆکیش بەڕێ کەوتن..." بەبازنە یەک لە دوایەکەکانی پێکەنینەوە، لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، ڕووی لە "ڕەخشان" کرد: "پاڵەوان...! ئەوە هیمدادمان بۆ هات... وا بەڕێوەن، ئیمڕۆ ئێوارێ لەماڵەوەین...!". هێشتان سەڵاوی نەدابووەوە، هەرەسی کێوەکانی کەوتە بەر گوێ، شاخ و قەدپاڵە پڕ لە بەفرەکان فێیان هاتێ، تۆپەڵ تۆپەڵ چین و توێژی بەفرە باریوەکە لەیەک ترازان... ئیتر بووبە گرمە گرمی ڕەنوە بەفرێکی هارو هاج... لەسەر ترۆپکی "ئاسماندڕە"وە هات و بەرەو "دۆڵەواش" و زێم و زەمەندەرانی دۆڵەکەوە



گلۆر بووەوە...: "خوا بەخێری بگێڕێ، دەبێ کوێندەرێی گرتبێتەوە!... ئەگەر چ دڕندە و دەعبایەک لەبنار شاخ و دارستانەکانی ئەو دەوروبەرەوە هەبووبن، ئێستا یا ڕەنوە بەفر لوولی داون، یا هەڵەتە بووینە...!."

دیسان ڕووی لەدەرەوە کردەوە... کڕێوە و تۆف تێکەڵ بەتەم و مژی ئەم بەیانییەوە ببوو، باگەڕ و باهۆزی ناو دۆڵ و قەدپاڵەکان، ناخی ورووژاندەوە: "لە جیهانێکا دەژی، بێ ناو و نیشان و بێ پێناسەیت، بەئێش و ئازار و بەمەینەتیەکانتا دەناسرێیتەوە...!". سەیری دیمەنی بەفر و قەدپاڵ و تاوێرە شاخەکانی کرد. وەک تابووتێکی جاویدانی، تەرمی سەدان خۆزگە و خەونی چەندان ڕاوچی و هەردەگەڕیان تیا قەتیس مابوو. بەناخی خۆیدا چووبووە خوارەوە، کەوتبووە ناو تەم و مژی ساڵانی تەمەن، تیشکی چاوە بەساڵا چووەکانی لەگەڵ تەڕاویلکەی سەر بەفرەکاندا تێکدەئەنگاوتن و بەلاپەڕە زەرد و ڕزیوەکانی ڕابردووی دا دەهات و دەچووەوە، ڕۆژێ لەرۆژان وەک زادە و فەرزەندەیەکی ئەو شاخ و کێوە، پەپوولەیەکی بەختەوەر ئاسا لەشیلە و شاباتی ئەو مەرز و بوومەی هەڵدەمژت، ئێستاش دووچاری هەڵوێستێک بۆتەوە... جەوری ڕۆژگار وای لێ کردووە کە بیر لە هەموو ئەگەرێک بکاتەوە... سڕ و سەقەم زۆری بۆ هێنا، لەو هزر و بیر و بەخۆدا چوونەوەی پچڕاند. بەناچاری ڕووی لە ئاگردانەکە کردەوە، کۆتەرە داری وشک و گزرە و چڵ و چێوەکانی سەر پشکۆ ئاگرەکان گڕیان گرتەوە. ئەویش چوو وێڕای ئەوانی تر لەسەر جێو بالینگانی خۆیەوە وچانی دا. پەیتا پەیتا لەگەڵ گڕە مەشخەڵەکەوە جەستەی خاو دەبووەوە، ئەوانی تریش لەگەڵ کڕی و بێ دەنگی ناو ئەشکەوتەکە و هەڵگیرسانی ئاگرەکەوە، لەشوێن خۆیانا مۆڵ بوونەوە...!

لەپڕ "ڕەخشان" سەری خۆی هەڵبڕی، بەملا و بەولادا سەرنجی ڕانا، پاشان کەوتە خۆ ڕاوەشاندن و تەکاندان، بەگوڕ هەڵسایەوە، چەپۆکەکانی دا بەئەرزا، کڕ و کپیی ناو ئەشکەوتی ورووژاند... هەتا تینی تیابوو

کۆڕژنێکی بەرزی لێ هەڵسا... تاژی و توولە خەو زڕاوەکان، لەشوێن خۆیانا کەوتنە نووسکە نووسک و مڕاندن... بەهەڵەداوان لەجێی خۆی هەڵسایەوە، دەستی دایە تفەنگەکە و ڕووی لەدەرەوە کرد. کەوتە چاوگێڕان و سەیر کردن:

"بۆ... چما... جێ پێی کەروێشکێ لەسەر بەفرا دەبینرێ،... تەیر و توالێ بەئاسمانەوە دیارە...!" بەدەم ئەم قسانەوە گەڕایەوە لایان، لە "ڕەخشان" ڕاما، تا ئەوساش گوێچکەکانی خۆی مووچ کردبوونەوە، چاوەکانی ئەبلەق ڕاگرتبوون، بەحەپەساوی سەیری دەرەوەی دەکرد. دەتوت سنگە کوژێی پێوە نووساوە بەزۆرە زۆر هەناسەی بۆ دەدرا...! بەدەنگێکی بەرزەوە بەقورگێکی دووکەڵاوییەوە لای لێ کردنەوە:

"ئەو جارە چی بووە... چیتان لێ قەوماوە؟ شتێکتان دیوە برسیتانە؟... خۆزگەم بەزمانی یەکترمان بزانیبوایە، نازانم بۆ ئێستا لەیەک ناگەین...؟!!" بەدەم ئەم قسانەوە توولەگەی کا و جۆی بەسەر دەم و لمووزیدا هەڵکێشا، خەنجەرە دەبانەکەی لەبەر پشتی خۆی ڕاکرد، بەدەستی بەتفەنگیەوە لەئەشکەوت دەرکەوتەوە. بەدڵێکی پڕ لەنیگەرانییەوە خولێکی دا، هەنگاوەکانی هەڵێنایەوە و بەملاو بەولادا گەڕا و سووڕا، دیسان بۆ ناو ئەشکەوتەکەوە گەڕایەوە، لە نێوچەوانە قەشەکەی "ڕەخشان" ڕاما... خرم خرم کاوێژی دەکردەوە، وەک پاڵەوانی زۆرخانەیەک سنگی خۆی دەرپەڕاندبوو. لەقووڵایی چاوا لێی ورد دەبووەوە، دوای وچاندانێکی کورت، دیسان بە پەلەپڕووزێ بۆ دەرەوە هەنگاوی نایەوە. خەم و خەفەت و نیگەرانی خەریک بوو تەپ و تلی پێ دەدا، هەستی بەتەنهاییەکی گورچکبڕ دەکرد. پەیتا پەیتا بازنەی گەردوونی لێ وێک دەهاتەوە. لەگەڵ ئەم هەستە دژوارەدا ناخی کەوتە وروژان: "بەر لەوەی تۆق و زنجیری ڕۆژگارت بخرێتە ئەستۆ...، بەر لەوەی بکەویتە خەوێکی قووڵ و بێ کۆتاییەوە... زووبە فریای خۆت کەوە، نەبادا لە ملەکێوێکی سەخت و



ڕکدا هەڵدێریی...! خێرا کە، نەوەک چاڵە بەفرێ هەڵتلووشێ و هەتا سەر و بەندی هاوین نەدۆزرێیتەوە...!".

چەند هەنگاوێکی تریش لە ئەشکەوتەکەدا دوور کەوتەوە، بەفر و بەستەڵەک لەبن پێیا ڕوو دەچوو، شوێنی پێڵاوەکانی لەسەر جێ دەما. "مەتان" بەکلک بادان هات و لەسەر بەفرەکەدا هەڵبەزییەوە و کەوتە ڕاکە ڕاکە... دوایەش خێرا خێرا بۆ ژوورەوە گەڕایەوە، لەنزیک گڕە مەشخەڵەکەدا هەڵتووتکایەوە، ئەویش هەر بەدەم هاتوچۆکردن و دەست هەڵپشاوتنەوە، هەوڵی دەدا بەرگەی بەیانیە سوو ساردەکە بگرێ...! ئەگەرچی هەوراز و لێژی ڕۆژگار ترسیان لەچاویدا کوشتبوو، بەڵام بەسەرهاتەکەی "ڕەخشان" گەلێ شپرزە و کەوەڕێی کردبوو، وەک فرە کەسێکی تێکئاخنراو ڕەفتاری دەکرد...! لایەکی لە ئەشکەوتەکە کردەوە: "ڕەخشۆ... نازانم بۆ ئارامت لێ هەڵگیراوە، خۆزگە بمتوانیبوایە بەتەنها تا "هەوارە بەرزە"م هەڵگرتبایت..." دوای نەختێ کڕبوون و تێڕامان: "ئارامت بێ... من دڵنیام زوو دەگەنە لامان"، بەدەم ئەم قسانەوە لێیان دوور کەوتەوە، هەنگاوی نیگەرانی و دوودڵی، سەر بەفرەکەی پێ گێرە دەکرد.

"ڕەخشان" بەدەنگێکی پچڕ پچڕ، دیسان کەوتەوە هەنسک و کۆڕژن، هەناسەسوار و پشوو هەڵماو، سەری خۆی بەملاو بەولادا ڕاوەشاند و لەگەڵیا کەوتە ڕاچەنین و تەکاندان... "شێخاڵ" خێرا خێرا چوو توولەگەکەی لەسەر سەری داماڵی: "چی بوو چی بوو...؟! بۆ وا تووڕە و تەنگاو بوویت، دەڵێی زێرووت قووت داوە؟!..."... کەوتە کۆڕژن و پێکۆڵ کردن...! کاتێ لەناو هەڵەمووت و گابەردەکانی لای چەم و چەولینگە دوورەکانەوە، نەڕەیەکی گەورەی کەوتە بەرگوێ... دڵی کەوتە خورپە و ڕاچەنین: "دەنگێکی ئاسایی نیە، نانا نەخێر... نا... نە دەنگی ڕەشەبا وایە، نە بۆڵژنگی ورچ، نە لوورەی گورگ...!" گورج چووە دەرەوە، خۆی خستە ناو کەڵەکە بەردەکەوە، کەوتە چاوگێڕان و هەست ڕاگرتن... ناو ئەشکەوت کپ

و بێ دەنگ بووەوە، توولە و تاژییەکان زیاتر خۆیان ئاخنیە بن باڵی یەکترەوە، بوون بەکۆمەڵێکی بێ گیان، سرت و خورتیان لەبەر بڕا... سەرنجێکی لابەلای بۆیان ڕانا: "بەستەزمانینە...! لەمێژە هەستتان پێ کردووە، گوێ مووچ کردنەوە و کلک بادانتان بەخۆڕایی نەبوو...!". سەیرێکی "رەخشان"ی کرد: "نازانم... تۆ، تۆ... بۆ وا قیت وەستاویت؟ بۆچی خۆت وا ئامادە کردووە...!" هێشتان قسەکانی تەواو نەکردبوو، "رەخشان" بەشەلەشەل لە ئەشکەوتەکەوە دەرکەوت، سەرنجەکانی "شێخاڵ"ی ئاوەژۆتر کرد... سنگی خۆی دەرپەڕاند، سەرکەش و تووڕە بەملاو بەولادا کەوتە چاوگێڕان. ئیتر کەوتە چەپۆک هاوێشتن و کۆڕژن... دیسان لەملاوە نەڕەیەکی گەورە بەرز بووەوە، شەپۆڵ شەپۆڵ ئەم ناوەی پڕ لەترس و تۆقین کرد... بەئەسپایی دەستی بۆ ڕەختی فیشەکەکانی درێژ کرد، قۆپچەیەکی ترازاند، پاکەتە فیشەکێکی دەرهێنا، چەند دانەیەکی لێ داڕنیە ناو عەمباری تفەنگەکەیەوە، بەهێواشی باقە نەجمەکەی هەڵگێڕ وەرگێڕ کرد و فیشەکێکی لێ خوڕییە بەر، هەر لەسەر چۆکان، زیاتر خۆی خزاندە ناو کەڵەکە بەردەکەوە... بەهێز و گوڕی تەمەن چل ساڵییەکی خورت و دنیا دیتەوە، خۆی لێ مشتوماڵ کرد... بەرچاوی خۆی لەبەفر پاک کردەوە، لەدرزی بەردەکانەوە ڕا کەوتە سەیر کردن...!

"رەخشان" زرم و هۆڕ... چەند هەنگاوێکی تریش لە دەرگای ئەشکەوتەکەوە دوور کەوتەوە و وەک سەنگەر نشینێکی زکماک بەرز هەڵێڕوانی... بەدەم چەپۆک هاویشتن و قاچ لە زەوی گیرکردندا، بەدەنگێکی بەرز حیلاندی... وەک بازنەی سیمفۆنیایەک هەموو دەنگە نەشاز و ترسناکەکانی قووت دایەوە... هەر دوابەدوای ئەمدا، نەڕەیەکی گەورەتر لەجارانی پێشوو، ئەو ناوەی شڵەژاندەوە... هەر لەناو سپێرەکەیەوە لای لێ کردەوە: "رەخشۆ... تۆ بکشێوە، بڕۆ ژوورەوە، ئەم مەیدانە مەیدانی تۆ نیە، زووکە خۆت لادە..." بەڵام ئەو زیاتر کەوتە چەپۆک هاوێشتن و گوێ



مووچ کردنەوە...! پەیتا پەیتا، لەگەڵ ئەم دیمەنە ترسناکەدا... با سوو ساردەکە لە وژە وژ دەکەوت، خۆر وەک خەپڵەیەکی مسین، بەبێ تیشک و بێ گەرمایی، بەئاسمانا بەرز دەبووەوە، جارجار لەبن هەورە سپییەکەدا دەردەکەوت. بینای سەرنجەکانی دوورتر ڕانا، داڵان بەداڵانی دەوروبەرەکەی خۆی خستە بەر نیگا ئاوەژۆکانی. لەناو شکێر و تیشە بەرد و پەنا و پەسێوە بەفر نەگرتووەکەدا، هەمان نەڕە نەڕ بەرز بووەوە و ناو دۆڵ و نیهاڵەکانی هەراسان کردەوە. هەر لەگەڵ ئەم دەنگەدا، تارماییەکی زلی کەوتە بەرچاو، لەشوێنێکی بەردەڵاندا لەسەر چەپۆکەکانی هەڵترووشکابوو... ئەم دیمەنە، ڕۆژانی ڕابردووی هێنایەوە بەرچاو، قسەکانی "بەکراغە"، وەک زەنگێکی چارەنووس سازی لەناو گوێدا زرینگایەوە: "دێوی گەڕ گەڕ، بەڵێ دێوی گەڕ گەڕ، بەخەون و بەکتێب گرتنەوەی هەموو دێوانە و زاهید و کۆڵەگەی دینێک... سندمی شکاندووە، گەر فریای خۆتان نەکەون هەمووتان دەکا بەسەخوڕ، گوندتان بەسەردا دەتەپێنێ...!". بەدەم ئەم هزر و بیرەوە، سەیری دیمەنەکەی دەکرد.... بەکلک بادان لەشوێن خۆیا هەڵسایەوە، لەگەڵ جوولەی قاچەکانی بەرد و کولۆوە بەفرێکی زۆری ڕادایە ناو کەندەڵانەکەوە، بەچاوە سوورەکانی سەرنجی بۆلای "ئەشکەوتە مراد" ڕانا. دوور بەدوور "رەخشان" لەبەرامبەریا وەستابوو... چەپۆکەکانی دا بەئەرز و کەوتەوە کۆڕە کۆڕ و کۆڕژن. "شێخاڵ" لەدرزی بەردەکانەوە لای لێ کردەوە: "پارێزم لێ مەپەڕێنە، تۆ بڕۆ ژوورەوە، من وا لێرەم، زووکە بڕۆ ژوورەوە...!" بەڵام ئەو بەبێ پەروا... زیاتر کەوتە سمکۆڵ کردن...! چەند جارێکی تریش حیلاندی... "رەخشان... قەت وا سەرکەش نەبووی!... بۆ وات لێ هاتووە...!" بەدەم ئەم قسانەوە زیاتر خۆی لەناو سەنگەردا مشتومال کرد، نەختێکی تریش لوولەی تفەنگەکەی داگرتە خوارەوە... کەوتە سەیرکردن... دڕندەیەکی چاوسوور، زلەیەکی ترسناک و شەڕاوی، وەک پاشایەکی خوێناوی، چەپۆکی لەتەخت و تاراجی

خۆی گیر کردبوو...! خولیای چاوەڕوانیکردن لە گۆشتێکی تەڕ و تازە، لیکاوی بەلا لغاوەیدا دەتکاندە ژێر چەناگە تووکنەکەیەوە، لەناو پانتاییە ڕەشاییەکەوە، بەکلک بادان ئەو سەر و ئەو سەرێکی بۆ کرد، سەری خۆی شۆڕ کردبووەوە، لمووزی دەنا بەزەوییەکە و ملّومای دەکرد، هەندێ جاریش وەک پشیلە لەسەر زگ خۆی دەخشاند، بەماتەماتە دەیویست لە "ڕەخشان" نزیک بکەوێتەوە. تا نزیکتر دەکەوتەوە، ڕەنگی پێستەکەی ڕوونتر دەکەوتە بەرچاو... تووکنێکی زەردی زرۆقی، وەک کارەبا دەدرەوشایەوە، لەگەڵ خاڵخاڵی سوور دەتوت پشکۆی ئاگرن تازە لەنێو کوورە دەرهێنراون... دەتوت هەناوی وەکول هاتووە، هەلاوەی دەم و کونە لووتی، وەک زوخاڵی دووکەڵکێشەکان دەکەوتە پێچ و لوول.

چاوەڕوانی دەرفەتێکی دەکرد. تا لەشوێنێ لەنگەر بگرێ و ئەمیش برووسکە زەبری خۆی لێ بوەشێنێ: "دەزانم لە "ڕەخشان"ەوە کەوتوویتە فڕ و فێڵ... لەتوخمی نێچیرگر و گۆشت خۆرن... بەڵام هەرگیز ناهێڵم دەستی خۆت پێش خەی... ڕەخشان بەتەنها نیە...!" لای لە "ئەشکەوتە مراد" کردەوە، گیانلەبەرەکانی ناوی، دەتوت سڕ و سەقەم بەستاونی... ببوون بەپارچەیەک لە سەهۆڵ و بەستەڵەک. بەتیلەی چاوەکانی لە "ڕەخشان" ڕامایەوە، بزەیەکی پڕ لەئاخ و ئۆف بەسەر لێوە شین هەڵگەڕاوەکانیدا بڵاو بووەوە: "من وا لێرەم، تۆ بۆ وا سەری مەیدانت گرتووە، نازانم نازانم بۆ تێمناگەی... خۆزگە لەژوورەوە سندمم بکردای!...". سەرنجی بۆ هەوراز... بۆ بەرزترین لووتکە و شوێنە بەفراوییەکانەوە ڕانا: "دەبێ چی لەمە خۆشتر هەبێ، لووتکە شاخێکی وا بەرز، بێتە گلّکۆ و گۆڕخانەم...!؟" لەناخی دەروونییەوە، لەگەڵیا کەوتبووە کێشە و ململانێیەکی وا، هەر دەتوت لە شارە ئاگرینەکانی ناو دۆزەخەوە ڕا، بەسەر لێوار و پەرژینە بلوورییەکان و لەوێوەش بۆ مەڵبەند و گۆزەرگای بەفر و بەستەڵەک و چاخی سەهۆڵبەنداندا باریوەتەوە: "خوا دەیکرد زوو پارێزت بدابوایە، جا بزانە



چۆن پێستت دەکەم بەکاڵەک و پێتاوی منالە پێخواسەکان...!" لەگەڵ هەڵکشانی خۆر و جوولەی کۆتەڵە هەورەکان، ڕەنگی لەبەر چاوان دەگۆڕا، وەک تارمایییەکی ڕەش و کرێت، تێکەڵ بەتەم و مژی یاد و یادوەرییەکانیەوە دەبوو: "دەبێ لەناو مێشکی ئەو خەڵکەت دەربێنم، لە "هەوارە بەرزە" بوویت بەجانەوەرێکی باڵدار و ماڵوێرانکەر، بوویت بەدێوێک، گوند بەهەموو خانووبەرە و دار و بەردییەوە، وەک لانک ڕادەژێنی، مەرگی ڕەشیان پیشان دەدەی... کراوی بەداردەستێکی ستەمکار...! گەر بزانم خۆشم گرفتی دەنێمەوە، وازت لێ نایەنم... ئەی بۆچی هاتووم...! بەوەی باشە بەدەست بەتاڵی نەگەڕێمەوە...! دەبێ ئەم جارەش دەستەوسانیان بکەم، بڕ و بیانۆی گەندە و مەندەکان ببڕم...! هیچ هێزێ ناتوانێ "هەوارە بەرزە"م لێ بسەنێ، هیچ کەس ناتوانێ بمانکات بەبەندە و ڕەندەی خۆی...!". جارجار کزە بایەکی سارد و بێ گیان هەڵی دەکرد، چەند پڕووشکە کڕێوە و شڵۆڤەیەکی بەسەردا هەڵوەراند. سەری خۆی هەڵبڕی، ئاسمانێکی خەم ڕچێن، بەبێ جوولە و ترسناک... ی کەوتە بەرچاو، خۆر وەک گۆمسینەیەکی ژەنگاوی لەبن هەورە تنۆک تنۆکەکەدا هەر هەڵدەکشا و بەرز هەڵدەچوو. تەم و مژی دەم ڕووبارە خوڕەکەی خوارەوەیان، وەک لەشکری قۆزاخە پەیتا پەیتا بەرز دەبووەوە، لەگەڵ قەدپاڵ و سمڕیتکەکاندا ئاوێزانی یەکتر دەبوون. باگەڕ و باهۆز لە هاش و هووش کەوتبوو، وەک بلّێیی دار وبەرد و بەفر و بەستەڵەک و لووتکە شاخ و پیر و پیاوچاک و هەموو مەڵ و مەلّیچکەی ئەم دەوروبەرە... خۆی مەلاس دابێ، هەر یەکە لە هێلانە و هەواری خۆی، چاوی بڕیبێتە گۆڕەپانی جەنگاوەران...! سرت و خورتی نەدەکەوتە بەر گوێ... "ڕەخشان" هەمدیس چەپۆکەکانی خۆی بەرز کردەوە، ئەو گۆمە مەند و خوێناوییەی شڵەقاندەوە، کۆڕژنێکی بەرزی لێ هەڵسا... لەنێو کەڵەکە بەردەکەوە، بەماتەماتە سەرنجێکی بۆ ڕانایەوە، بەدەستەکانی ئاماژەی بۆ کرد و بەدەنگێکی نەرم

لەگەڵیا ئاخاوت: "برۆ ژوورەوە، زووکە ئەم مەیدانە مەیدانی تۆ نیە... ئەوە شەڕە شەڕ...! شەڕی من و ئەوە، یا من یا ئەو... لێم گەڕێ با ئەو هەلەم لەدەست نەچێ! پارێزم لێ مەپەڕێنە..." هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، دیسان کەوتەوە چەپۆک کوتان و کۆڕە کۆڕ... دوای هەناسە وەرگرتنەوەیەکی قووڵ، هەتا هێزی تیابوو پڕ بەقوڕگی هاوارێکی بەرزی لە دەم دەرفرتایە دەرەوە: "رەخشان، بەقوربانت بم...! بۆ وا... گەوجانە ڕەفتار دەکەیت...؟؟! ". بەچاوە سوورەکانیەوە سەرنجی بۆ لای ئەم دەنگ و دیمەنانەوە ڕانا، لەشوێن خۆیا سەنگرایەوە، چاوەکانی زەق کردنەوە، زمانی بەلاشەویلاکەی دادێنا... بیری لە بروسکە زەبرێ دەکردەوە... ئەویش دەیویست نێچیرەکەی خۆی بەتەواوی بەرجەستە بکا و لە یەکەم هێرش بردندا یەکسەر تێک و پێکی بشکێنێ...! ئەمجارە ئەسپە بۆر بەدەنگێکی بەرزەوە حیلاندی... لەگەڵ ئەم دەنگەدا،... ئەم لەمبەرەوە، پاشەڵی خۆی گەیاندە زەوی... بەچاوە سوورەکانی لای لەملا و لەولای خۆی کردەوە... کەوتە خۆ ئامادە کردن... "شێخاڵ" لە درزی بەردەکانەوە، لوولەی تفەنگی ئاڕاستە کرد: "ئەوها بۆم ڕاوەستە" سێرەی لێ گرت: "گەلێ لێمەوە دوور نیت، دەبێ یەکە و گوللە لە پەل و پۆت خەم...!" زیاتر خۆی لێ مشتومالّ کرد، نیشانەی لە تەختی نێوچەوانی گرت، بەپەنجە زبرەکانیەوە نیو پێی بۆ داگرت، دوای هەناسە ڕاگرتن دەستی پیا هێنا...! لەگەڵ دەنگی تەقەکەدا چریکەی لێ هەڵسا، بەدەم و لمووزی خوێناوییەوە خۆی هەڵدا، وەک باڵدار هێرشی هێنا... هەر لەناو سەنگەرەکەی خۆیەوە، بەپەلە پرووزێ و بەدەنگێکی بەرزەوە کردی بەهات و هاوار: "های... ئا ئا... ئای... ڕەخشا ا ن... ڕەخشۆ خۆت لادە، ڕەخشۆ خۆت لادە... لەوێ لاکەوە... ئێستا سارد دەبێتەوە..." خێرا خێرا لوولەی تفەنگی ئاراستە کردەوە، هەر لە هەواوە گوللەیەکی تری نا بەتەنگەیەوە... لەگەڵ تەوژم و تینی تەقەکەوە، سەرە و لێژ لە قەدپاڵەکەوە کەوتەوە سەر زەوی، ئیتر هەر بەگەرم و گوڕی شەبەقە برینەکانیەوە،



هەڵسایەوە سەر قاچەکانی، وەک برووسک هێرشی هێنا... پەلاماری یەکتریان دا، هەر دوو وەک ڕاهۆڵی هەور چەپۆکیان لەیەک گیر کرد... "رەخشان" پاشەو پاش نەختێکی بۆکشایەوە و خۆی خستە سەر قاچی دوایی، خێرا خێرا چەپۆکی بەرز کردەوە و وەک تاوی تەورداس سرەواندییە سەر تەپڵی سەری و بۆی دابەزی... لە ژێرەوە بەتیژ و تاو سەری خۆی وەرگێڕا و دەمی لە یەک کردەوە، کەڵبەکانی لە قوڕگی گیر کرد... "شێخاڵ" بەتەنگاوی، بەدەم هات و هاوارەوە کەوتە خۆی... چیتر نەپڕژایە سەر تفەنگەکەی، جوولە و دیمەنی ڕووداوەکان لە تین و تیشکی چاوی ئەمەوە خێراتر بوون... هەڵیکێشایە خەنجەر، هەڵیکوتایە سەری، هەتا خەنجەر دەگرێ لەبن زگی ختم کرد، بەڵام هێشتان برینەکانی بەتەواوی سارد نەبووبووەوە، بەحاڵە حاڵ چەپۆکی خۆی بەرز کردەوە، لەگەڵ خۆڕاتەکاندندا لا شانەکی "شێخاڵ"ی هێنایە خوارەوە... دەستی لەسەر مشتی خەنجەرەکەی شل بوو، نەیتوانی چیتر بیوەشێنێ و کەوتە سەر زەوی...! لە سوێی "رەخشان" هەستی بەئێش و ئازارەکانی خۆیەوە نەدەکرد... ئەم جەستە توند و تۆڵەی، وەک خەرقە کۆنێکی داڕزیو، بەسەر ئەرزا کەوتبوو، جار جار دوا چرکەکانی ژیانی دەبوون بەلەرزێکی لەشرچێن، ماسوولکە و دەمارەکانی دەخستە جوولە و لقلقین... لەم گۆڕەپانەدا بەفر و خوێن تێکەڵ بەیەک بوون، وەک دوو پاڵەوانی دۆڕاو...چەپۆکی هەر دووکیان، بەخوێنی شەبەقە برینی جەستەیان سوور هەڵگەڕابوو. پەیتا پەیتا لەگەڵ جێبرینی گوللەکانەوە کەوتە ئاوزینگان... لە جوولە و پەل کوتان دەکەوت... برینە قووڵ و دوڕخانەکانی لێ سارد دەبوونەوە...چەند جارێکی تریش کەڵبە و شەویلاکەی لەیەک کردەوە، دەیویست چەپۆکە لەرزۆکەکانی بەرز بکاتەوە، بەڵام بێ هوودە، وەک قاچکە دارێکی دڕکاوی بەسەر یەکدا کەوتن، کەوتە گیانەڵا و کرخە کرخی مردن... لەسەر لا تەنیشتێکی لێی کەوت و خەنجەرە دەبانەکەش هەتا بن دەسکی ختمی ناو ڕیخۆڵە و هەناوی ببوو...!...

هێشتان هەر خوێنێکی گەش و گەرم لە جێ ی برینەکانیەوە فیچقەی دەکرد، هەڵمی لە بەفرەکەوە هەڵدەسان... توولە و تاژییەکان بەبۆنی خوێن و کەلەشی مردارەوە کەوتنە جوولە جوول و قرووسکانەوە... پاشان لەهەر چوار دەوری"شێخاڵ"دا هەڵوەستەیەکیان بۆ کرد و بەدەم و لمووزی بەلیکاوەوە تێیان دەڕوانی... لەناو قوڕ و چڵپاوە خوێناوییەکەدا گەوزێکی دا، سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، وردە وردە کۆتەڵە هەورەکان گرژ هەڵدەگەڕانەوە، ئاسمان دەیپڕوشاند، کڕێوەیەکی ورد بەسەر کەلەشە مردارەکە و"ڕەخشان"و جەستە بێمارەکەی ئەودا دەباری... نووسکە نووسکی توولە و تاژییەکان، نەختێ گڕ و تینی هێنایەوە بەر، لەناو بەفر و لیتەکەوە هەڵسایەوە سەر پێ یان، کە هەنگاوی نا، دەوروبەری لەبەر چاو زەرد هەڵگەڕا، خەریک بوو دڵی تێک بچێ و ببوورێتەوە، یەکسەر لەسەر چینچکان بۆی دانیشتەوە، توولە و تاژییەکانیش بەدەوریدا هەر سووڕ و داسووڕیان بوو... شان و شەپیلک و دەستی چەپەی، لە خوێن سوور هەڵگەڕابوو، بەزۆرە زۆر دەیتوانی بیانجوولێنێ... دەمامکی خۆی کردەوە، بەجەمەدانییەکەی توند جێبرینەکانی پێچایەوە. ئاوەزێنەی فیشەکدانەکەی لەیەک ترازاند و بەپۆدێنەکەی شوێنە زامار و داڕووشاوەکانی تری پێچایەوە...! ئیتر بەلاکە لاک کەوتە هەوڵ و برکی خۆگەیاندنە ناو ئەشکەوتەکەوە. هەندێ جار لەسەر چۆک دەڕۆیشت، هەندێ جاریش بەسەر لایە ساغەکەیەوەدا خۆی دەخشاند، تنۆک تنۆکی خوێنی لەدوای خۆیدا جێ دەهێشت. ئەودەم ئاسمان وەها دایدابوو، کڕێوە و تۆف پشووی پێ سوار کردبوو. هەستی بەتەزینی قاچەکانی دەکرد؛ بەڵام سەری وەک کوورەی ئاگر داغ ببوو، چۆڕاوگەی ئارەقە بەلاملیدا دەهاتە خوارەوە. لەبەردەم ئەشکەوتەکەدا ڕەتێکی برد، لەسەر پشت کەوت، دۆند و لووتکە شاخەکانی کەوتنە بەرچاو، بنەدار و درەختە ڕووتاوەکان و تاوێرە بەردە بەفراوییەکانی دەوروبەری و ئەوانەی کە دەکەوتنە بەر ڕووناکی ئاسۆوە، سەدان دیمەن و



دیمانەیان لەبەر چاوا بەرجەستە دەکرد...!... ڕەوە مامز، مێگەلی شڤر و کەڵەکێوی، ڕەوەی قاز و قولینگان، "ڕەخشان"ی دەم بەکۆڕژن و چەپۆک وەشێن... لەناو تەڕاویلکەی سەرنجە هەڵبزڕکاوەکانیدا دەبوون بەشەبەنگە وێنەی جیاجیا...! بەڵام زوو زوو لەگەڵ ڕەشکە و پێشکەی چاوە لێر و وێرەکانیدا ون دەبوون... وەک تێنوویەکی سەرخۆش و جوان پەرست، ئەوساش هەر لە جوانی و دیمەن و دێمانە ئەرخەوانی و سەرنج ڕاکێشەکاندا تێر نەدەبوو...!. تەکانی دا، خۆی وەرگێڕایەوە، خۆی خستەوە سەر چۆکەکانی... لەگەڵ هەر هەوڵ و تەقەلا و خۆ بزاوتنێکدا، شوێنەکەی ماک ماک دەکرد. بەم دیمەنەیەوە، ئاژەڵەکان پەشێو و پەشۆکاو بوون، وەک بڵێی کۆڵە گروویەکی توند و گورچکبڕیان پێوە نووسابوو... بەنووسکە نووسک و وەڕین، گوزارشتیان لەخەمەکانیان دەکردەوە...!. بە چاوە ماندوو و خەواڵووەکانییەوە لای لە دیمەنە گرینۆکەکەی "ڕەخشان" کردەوە، ناڵە ناڵ و دەنگێکی سحرئامێز لەدۆند و دۆڵەکانەوە وەزایەڵە کەوت، لەناو مێشکی تاساو و پەردەی گوێ کاس و تەپەکانیدا سەدایان دەدایەوە: "بشمریت هەموو شتێکت نامرێ" بەچاوە پڕ لەفرمێسک و تەزیوەکانییەوە، سەرنجێکی زەرد و خەزەڵوەرانەی ئاراستەی ئاژەڵەکان کردەوە... سەرو لمووزی تاژییە دەم چەورەکان و قرووسکە قرووسکیان... کلک بادان و خۆ ڕاپسکاندن و جرت و فرتی توولە تیسکن و جیقە جیق و کرووزانەوەی...!

سەرنجێکی ناو ئەشکەوتەکەی دایەوە، بار و بنەی زین و ڕکێب و ڕست و لغاو و کتلی و ئاگردانە نیوە مرەکە...، ئەوانەی هەموو لەگەڵ تاریکی ناو ئەشکەوتەکەوە لە لا ببوون بەیەک پارچە و تێکەڵ بەڕەشکە و پێشکەی چاوەکانی دەبوون. دیسان لای لە "ڕەخشان" کردەوە، نێوچەوانە سپییەکەشی لەخوێن هەڵاتبوو... بەدەستە لەرزۆکەکەی، ئاماژەیەکی بۆ کرد: "گەردنم ئازاد کە، هاوڕێ و هاودەمە گیانی بەگیانییەکەم!... جەوری ڕۆژگار لەیەکی کردین نەک قورسایی ساڵانی تەمەن...!" هەتا ئەوساش

"ڕەخشان" جاربەجار جوولەیەکی کتوپڕی بۆ دەکرد، قاچی دەجوولاند، چاوە نیوەمرەکانی دەکردەوە... یا لەرزێکی لەشرچێن سەراپای جەستەی دادەگرت... بەڵام سڕ و سەقەم پەیتا پەیتا تینی دەسەند و دواکڵپەی ژیانی لەناو دەمار و شانەکانی جەستەیدا دەکوژاندەوە...! لەدوا چرکەی ژیانیدا لەرزێکی کوشندە لە سمی قاچەکانییەوە ڕا هات، بەناو دواتڵپی خوێن و دەمارەکانیدا گەڕا، پاشان لەرزەکە وەک مارە زێو لەناو دەمارەکانی ئەژنۆیدا تەنییەوە، لێوەکانی وە تەتڵە خست، دوای ساتێ چاوەکانی بەرامبەر "ئەشکەوتە مراد" لە مۆلەق وەستان، بریسکەی زیوینی شەختە و بەندەر و بەفری سەر کەڵیان لێ تیشک دەدایەوە...!

لەگەڵ برین و ناسۆری ئازارەکانییەوە، لەناخی دڵییەوە بۆی کەوتە قوڵپی گریان:

"ڕەخشانەکەم هێشتان تەمەن بەبەرییەوە مابوو... بۆ وا زوو چاوەکانت وەک ڕۆژی گەش لێم ئاوا بوون...؟ بۆ...؟ باوەڕت بێ تا بەیان نەداتەوە من چاو لێک نانێم، نایەڵم مردن خەونەکانم زیندە بەچاڵ بکات..." لەگەڵ سارد و سەرمای ئەو ڕۆژە شوومەدا، فرمێسکی گەرمی بۆ باراند... هەموو ویست و خەونە خۆشەکانی لێ بوون بەسووتمانی دۆزەخ و لەناو سەهۆڵبەندانی چاوەکانی ئەودا قەتیس کردن، بەگفت و زارێکی پڕ لە ناسۆر و گرینەوە بۆی هاتەوە گۆ: "نا نا... سەردەمی قارەمانیەتی هێشتان بەسەر نەچووە، پاڵەوانە نەمرەکان وجاخیان ڕوونە...!"

لەگەڵ دوا ساتی ماڵئاواییدا، بەڕێز و نوازشەوە تینی دایە خۆی و بۆی هەڵسایەوە، هاوارێکی گریان ئامێزی لە دەما بەرز بووەوە:

"هاشا لەو گۆڕەی ناڵەی نایە... هاشا لەو گۆڕە!".

کۆتایی